# کاروچالاکییەکانی:

# وەزارەتی وەرزش و لاوان

لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

ئامادەکردنی: بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان
٢٠٠٩

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی وەرزش و لاوان

**کتێب**: کاروچالاکییەکانی وەزارەتی وەرزش و لاوان

لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

**ئامادە کردنی**: بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان

**دەرهێنانی هونەری ناوەوە و بەرگ**: حەمید ئازمودە

**چاپی یەکەم**: هەولێر ٢٠٠٩

**چاپخانە**: ئاراس

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە ٨٣٦ ی ساڵی ٢٠٠٩ ی دراوەتێ

**دەتوانن لەسەر سایتی www.mosy-krg.org بیخوێنیتەوە.**

# ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| راز ونیازێک لەگەڵ خوێنەری بەڕێز | ٦ |
| هەیکەلی کارگێری وەزارەتی وەررزش و لاوان | ١٠ |
| پێکهاتەی وەزارەت | ١٢ |
| یاسای وەزارەتی وەررزش و لاوانی هەرێمی کوردستان - عێراق | ١٣ |
| راپۆرتی کاری وەزارەتی وەررزش و لاوان ساڵی ٢٠٠٦ | ١٩ |
| راپۆرتی کاری وەزارەتی وەررزش و لاوان ساڵی ٢٠٠٧ | ٣٢ |
| چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی فێرکاری | ٣٣ |
| فەرهەنگخانەکانی وەزارەت | ٤٠ |
| کاروچالاکی فەرهەنگخانەکان | ٤٣ |
| چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن و پەیوەندییەکان | ٥٤ |
| چالاکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەررزش و یارییە میللییەکان | ٨٠ |
| چالاکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەررزش و لاوان - سلێمانی | ٩١ |
| چالاکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەررزش و لاوان - هەولێر | ٩٧ |

١١٢ | ڕاپۆرتی کاری وەزارەتی وەرزش و لاوان ساڵی ٢٠٠٨- ٢٠٠٩
١١٣ | پڕۆژەی ژێرخانی وەزارەت
١٢٧ | چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان
١٧٥ | چاپکراوەکانی وەزارەت
١٨٤ | چالاکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و یارییە مىللییەکان
٢٠٨ | چالاکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوان - سلێمانی
٢١٢ | چالاکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوان - هەولێر
٢٢١ | چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی فێرکاری
٢٢٥ | کاروچالاکی فەرهەنگخانەکان
٢٤١ | پوختەی کار و چالاکییەکانی وەزارەتی وەرزش و لاوان
٢٤٢ | لاوان
٢٤٦ | وەرزش
٢٤٨ | ئەنجامە وەرزشییە بەدەستهاتووەکانی یانەکانی کوردستان

## ڕازۆنیازێک لەگەڵ خوێنەری بەڕێز

ئەم پەرتووکەی بەردەستتان بەرهەمی کاری سێ ساڵەی وەزارەتی وەرزش و لاوانە. لەم ماوەیەدا بۆ ئەوەی بتوانین لەئاست چاوەڕوانیی خەڵکی کوردستان بین هەورازونشێوی زۆرمان بڕیوە. دامەزراندنی وەزارەتێکی نوێ بەو ژێرخانە بیروکراسیە حکومەتییە و بەو ڕابردوەی گەلی کوردستان هەیەتی بەتایبەتی نەبوونی فەرهەنگێکی حکومەتی و پاشخانی تاڵی ناوخۆ، کارێکی ئاسان نەبوو. بەڕێوەبردنیشی لەلایەن کەسێکی دوورە وڵات سەختی هەبوو.

وەک دەزانن کوردستان دامەزراوی حکومەتیی چەسپاوی، بەو مانایەی دەبا هەبێت، نییە. بەرپرسایەتی دوو توێژی وەرزشی و لاوی کە پانتاییەکی فرەوانی هەیە لە کوردستاندا کارێکی دژوارە.

پرسیاری گرنگ زۆر بوون، چاوەڕوانی لەم بەرپرسایەتییە هەم لەناوەوە و هەم لەدەرەوەی کوردستان گەورەبوون، کادری کارامەی حکومەتی بۆ هەڵسووڕانی ئەرکی پێویست دەگمەنە. سەنترالیزمی کار لەبەر هۆی ئاشکرا، وابەستەیی بودجە بە بەغدا، سنووردارییی بودجەی وەزارەت، فرەکوێخایەتی و نەبوونی ویستی تیمکاری، سێبەری شەڕی ناوخۆیی ساڵانی ڕابردوو... هەر هەمووی کۆسپی سەختی دەخستە بەردەم ئەم کارە. لەوەش بترازێت، لەتەمەنی زیاتر لە٣ ساڵی کابینە دووجار وەزارەتی وەرزش و لاوان کەوتەبەر پرۆسەی کەمکردنەوەی وەزارەتەکان.

لەهەلومەرجی وەهادا، بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرک و ئەنجامدانی کاری دامەزراوەیی سەرکەوتوو، لە کوێوە دەست پێ بکەم باشە؟ بەشێک لەو باسانە بۆ کاتێکی گونجاوتر بەجێ دەهێڵم و بەشێکیان وەک ئەرکێکی خۆم بە کراوەیی دەخەمە بەر دەستی خوێنەرانی بەڕێز، هەم بۆ زانینی خۆیان و هەم بۆ تۆماری مێژوو.

دەربارەی پرسی لاوان توانیمان نەخشەڕێیەکی دیموکراتیک بەبەشداری لایەنەکانی پەیوەندیداری لاوان دابڕێژین و لە ٢١-١-٢٠٠٩ ببێتە بەشێک لە پرۆگرامی حکومەتی کوردستان. ڕۆژی ١٨-٦-٢٠٠٩ ڕێگە بۆ پیادەکردنی نەخشەڕێ، هەم لەسەر ئاستی پارێزگەو هەم لەسەر ئاستی هەرێم هاتە دیاری کردن. ماوەتەوەتەرخانکردنی بودجە، بڕیاری سیاسی و کارگێڕی پێویست، فەرماندان بەلایەنی پەیوەندیدار، دۆزینەوەی کادری کارامە لە کوردستانیانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات بۆ ئەوەی پێشمەرگە ئاسا جڵەوی کار بگرنە دەست.

ئەمە جاری یەکەمە کە پرسی لاو بخرێتە بەرنامەیەکی دامەزراوەییەوە هەم لاوان لەسەری ڕێکبن و هەمیش حکومەت. لەسەردانێکی فەرمیمدا بۆ شاری عەممان بۆ کۆبوونەوەی هاوبەش لەگەڵ شاندی وەزارەتی لاوان و وەرزشی عێراقی فێدراڵ لەگەڵ UNFPA ئاستی بەرزی وەزارەتی وەرزش و لاوان زۆر بەچاکی هەستی پێ دەکرا.

پرسی وەرزش خرایە شێوەیەکی دامەزراوەیی. لەڕێی وەزارەتەوە دەرگەی دەرەوەبەڕووی وەرزشی کوردستاندا کرایەوە. بۆ جاری یەکەم لەمێژوودا بەئاڵای کوردستانەوە بەشداری لە کێبەرکێی نیونەتەوەییدا کرا. یادداشتی لەیەک تێگەییشتن لەگەڵ هەرێمی وێلز لە بەریتانیا و ڕێکەوتن لەگەڵ فێدێراسیۆنی وەرزشی ئافرەتانی موسڵمان و هەروەها لەگەڵ ئۆستانی ئازەربایجانی ڕۆژئاوای ئێران نموونەی دانووستانی جیهانیی وەزارەتنبۆ فەراهەمکردنی پەیوەندیی نێونەتەوەیی وەرزشییانە. گەر بواری دارایی گونجاوتر با، چەندین تیمی کوردستان ئەمساڵ بەشداری کێبەرکێی دەکرد لەدەرەوەی وڵات.

هێژا سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەنگی تایبەتی داوەتەسەرخستنی وەرزشی کوردستان بۆ ئاستێکی جیهانی. لە یەکەمین کۆنفەڕانسی وەرزشی دوای ئازادیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ لە ژێر ناوی کۆنفەرانسی «وەرزشی هەرێمی و بەشداریی نێونەتەوەیی» - هەولێری پایتەخت ٢٧ و ٢٨ ی ٤ ی ٢٠٠٩ - سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر پێشکەوتنی وەرزشی کوردستان فەرموو.

لەسەر ئاستی حکومەتی فێدراڵ و وەزارەتی وەرزش و لاوان یاداشتێکی لەیەک تێگەییشتن واژوو کردووە. حکومەتی هەرێم ڕەزامەندی لەسەر دەربڕیوە و چاوەڕوانی حکومەتی فێدرالین بۆ ئەوەی کارەکانمان لەم ئاستەشدا بخرێنە قاڵبێکی دامەزراوییەوە.

دڵنیام گەر ئەم شێوازەی کارکردنی دامەزراوەیی بەئاڕاستەی وەها بەرژەوەندبین درێژەپێی بدرێت کوردستان لەماوەی دەیەکی تر گۆڕانکاریەکی زۆر گەورە بەخۆیەوە دەبینێت. گۆڕانکاری لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی وەرزشی و بەڕێوەبەرایەتی و ناوەندەکانی وەرزشی پێویستییەکی پەلەیە. پرۆسەی تواناسازیی وەرزشی و لاوی لە کۆمەڵگەیەکی گەنجی وەکو کوردستاندا کاردانەوەیەکی یەکجار گەورەی دەبێت، هەر لەبەر ئەوەشە بڕیارماندا هەڵمەتی تواناسازیی میللی لەسەر ئاستی هەرێم بۆ ماوەی چوار ساڵی دیکەش درێژ بکرێتەوەو پێمان وایەئەم پرۆسەیە دەبێت بەردەوام بێت تا ئەو کاتەی باڵانس دروست دەبێت لەتواناکاندا و لەم هەژاریەی توانای مرۆڤی ڕزگار دەبین. پرۆسەی تواناسازی لەگەڵ خێرایی گۆڕانکاری تەکنۆلۆژی، ئابووری، ژینگەیی و جڤاکی وەک پێویستییەکی بەردەوام دەبێت جێگیر بێت.

سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەئاست وەزارەتی وەرزش و لاوان دا کەمترخەمییەکی زۆری نواند. لەگەڵ ئەوەی چەندین جار بەفەرمی لەساڵی ٢٠٠٧ دا داوای دەرفەتم کرد سیاسەت و کاروباری وەزارەتی تێدا ڕوون بکەوە، بەڵام وەڵامیان نەدایەوە. هەموو نووسراوەکانی وەزارەتیان بەرەسمی پشتگوێ خست.

ئەزموونی ماوەی کارم وەک وەزیری وەرزش و لاوان، بەشداریی پسپۆرانی دایسپورا لەڕوەتی کاری ئێمەدا پێشانی دەدات چ توانا و بەهرەیەکمان لە دەرەوەی وڵات هەیە، چ سوود و بەرهەمیان دەبێت بۆ پێشخستنی کوردستان گەر بەشێوەیەکی پوختی بەرپرسانە، بەپێوەری دروست و بەرنامەی ژیرانەهەڵسەوکەوتی لەگەڵ بکرێت. مێشکی کوردستانیانی دیاسپۆرا لەجێ و کات و پێگەی خۆیدا هێزێکی گۆشدەر (کەتەلیست) ی سنووربەدەرە.

لاوانی کوردستان شایستەی خزمەتن و ئەویش بە هزر و کار نوێ. سوپاسی هەموو ئەو کات و ساتانەتان دەکەم کە دوور لەکامیراکانی میدیا لە نزیکەوە لەگەڵ یەک دادەنیشتین و هەموو پرسەکانمان باس دەکرد بەتایبەتی لە خولەکانی لاوی پێشەنگ و ڕێبەری وەرزشی.


سوپاسی هەموو ئەو هاوکارانەم دەکەم ماندوونەناسانەکاریان کردووە. بەبێ ئێوە ئەرکی سەرشانم زۆر قورستر دەبوو.

سوپاسی تایبەتی ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی کوردستان دەکەم، لەکاتی تەنگانەدا، کاتێکی هەموو دەرگەیەک بەڕووی وەزارەتدا داخرا، هاتەهانامان و هاوکاری کردین. ستایشی ڕۆڵی کاریزمایی سەرۆکوەزیران دەکەم، گەر ئەو نەبایە کارەکان زۆر قورستر دەبوون.

**تەها بەرواری**
**وەزیری وەرزش و لاوان**

# هەیکەلی کارگێڕی وەزارەتی وەرزش و لاوان

## هەیکەلی کارگێری وەزارەتی وەرزش و لاوان



# پێکهاتەی وەزارەت

وەزارەت بەم شێوەیە پێک هاتووە:

وەزیر: بەڕێز تەها بەرواری

ڕۆژی دامەزراندن: ٧-٥-٢٠٠٦

ڕۆژی سەلماندنی یاسای وەزارەت لە پەرلەمانی کوردستاندا: ١١-٤-٢٠٠٧

پێکهاتەی وەزارەت

- بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارگێری و دارایی
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و یارییە میللییەکان
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان (کارا نەبووە)
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوانی پارێزگاکان (هەولێر- دهۆک- سلێمانی) (کارا نەبووینە)

# یاسای وەزارەتی وەرزش و لاوانی هەرێمی کوردستان- عێراق

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی هەرێم
سەرۆک

بەناوی گەلەوە
بڕیار
ژمارە (٧) ساڵی ٢٠٠٧
یاسای وەزارەت وەرزش و لاوانی هەرێمی کوردستان- عێراق

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان- عێراق)ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوە و بەپاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق لە دانیشتنی ژمارە (٧)ی ڕۆژی (٢٠٠٧/٤/١١)ی خۆیدا کردوویەتی بڕیارماندا بەدەرکردنی:
یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٧
یاسای وەزارەتی وەرزش و لاوانی هەرێمی کوردستان- عێراق

**ماددەی یەکەم:**
مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە:
یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان - عێراق.
دووەم: وەزارەت: وەزارەتی وەرزش و لاوانی هەرێم.
سێیەم: وەزیر: وەزیری وەرزش و لاوانی هەرێم.
چوارەم: بریکاری وەزارەتی وەرزش و لاوانی هەرێم.
پێنجەم: لاوان: ئەو توێژەیە کە تەمەنیان لە نێوان ١٤-٣٠ ساڵە.

## کار و ئەرکەکانی وەزارەت

**ماددەی دووەم:**

وەزارەت هێنانەدی ئەم ئەرک و ئامانجانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

یەکەم: بڵاوکردنەوەی چەمک و پرێنسیپە باشەکانی بزووتنەوەی ئۆڵۆمپی و وەرزشی لە کۆمەڵگەدا.

دووەم: بەرزکردنەوەی گرنگی بزووتنەوەی وەرزشی، چالاکییەکانی بەجۆرێک کە رێک بکەوێ لەگەڵ ئامانجەکانی گەلەکەمان لە کوردستاندا.

سێیەم: بنیاتنانی مرۆڤ لەرووی جەستەیی و پیشەیی و سایکۆلۆژی و پەروەردەیی و تاکو ببێتە ئاندامی باش لە کۆمەڵدا لە رێگەی هاوئاهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتەکان و لایەنە پەیوەندارەکان لە هەرێمدا.

چوارەم: هاوئاهەنگی و هاوکاری کردن لەگەڵ وەزارەتی لاوان و وەرزش لە حکومەتی فیدراڵی بەمەبەستی خزمەتکردنی بزووتنەوەی وەرزش و لاوان لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا.

پێنجەم: هاوئاهەنگی هاوکاری کردن لەگەڵ ئەنجومەنی ئۆڵۆمپی کوردستان لەپێناوی پەرەپێدانی واقعی وەرزش لە کوردستانی عێراقدا.

شەشەم: دانانی بەرنامە و پرۆگرامی پێویست بۆ خولقاندنی راپەڕینێکی وەرزشی لە هەموو کەرتەکانی وەرزش و لاوان لە هەرێمدا.

حەفتەم: کارکردن لەپێناوی فەراهەمکردنی پێداویستییەکانی بزووتنەوەی وەرزشی هەر لە یاریگە و هۆڵ و بینایە و هەرچی بەشداریبکات لە پەرەپێدانی بزووتنەوەی وەرزشی.

هەشتەم: بایەخدان بەلاوانی خاوەن پێداویستی تایبەت و دەستگرتنیان و بەرزکردنەوەی ئاستی هونەرییان.

نۆیەم: پشتگیری کردنی یانە و یەکێتیهیە وەرزشییەکان و تیپە میللییە وەرزشییەکان لەڕووی ماددی و مەعنەوی بەڕادەیەکی وا ببنە مایەی پەرەپێدانی ئاستەکانیان.

دەیەم: چاودێری کردنی وەرزشوانان و بەهرەدار و بەتواناکان و پاڵەوانەکان و رەخساندنی بار و رێگەی گونجاو بۆ بەردەوام بوونیان لەسەر بەخششەکانیان لەو بوارەدا.

یازدەم: ئامادەکردنی کادری هونەریی لەبواری وەرزشی و رێکخستنی شارەزاییان بەتازەترین بەدوا کارە نوێکان و زانیاری زانستی تازە.

دوازدە: بووژاندنەوە و هاندانی وەرزش و یارییە میللییە کەلەپوورییەکانیکوردستان و رێکخستنیان.

سێزدە: کارکردن لەپێناوی درێژکردنەوەی پەیوەندیی دۆستایەتی و هاریکاری لەنێوان لاوانی هەرێم و لاوانی دیکەی عێراق، لە رێگەی بنیاتنان و بەهێزکردنی پەیوەندیی وەرزشی لەگەڵ رێکخراو و لێژنە دەوڵەتییە پەیوەندارەکان و کارکردن لەپێناوی پتەوکردنی هاوکارییان لەگەل وەرزشوان لاوانی کوردستان لە ناوەوە و دەرەوەی هەرێمدا.

چواردەم: رواندنی چەمکیدیموکراسی و رێزلێنان لە مافی مرۆڤ و چەسپاندنی گیانی ئینتیما لەنێوان لاوان و پەروەردەکردنیان لەسەر خۆشەویستنی نیشتمان.

پازدەم: گرنگیدان بە وەرزشی ئافرەتان و هاندان و کارکردن لەپێناوی فراوانکردنی و پەرەپێدانی

ئاستەکانی و ڕەخساندنی دەرفەتی بەشداریی کردنی لە بەڕێوەبردنی کاروباری وەرزش لە هەرێمدا.
شازدەم: ڕەخساندنی چاودێریی تەندروستی وەرزشوانان و دۆزینەوەی کەلوپەلی پێویست بۆیان.
حەڤدەم: گرنگیدان بە باس و لێکۆڵینەوەی پەروەردەیی و وەرزشی و سوود وەرگرتن لە ئەنجامەکانی بۆ پەرەپێدانی سیستەمی وەرزشی و بەرزکردنەوەی تواناکەی.
هەژدەم: سەرپەرشتی کردنی یانە و قوتابخانە وەرزشی و لاوان و پەیمانگە ئەهلییەکان و ئاراستەکردنیان بەپێی سیاسەتێکی پەسندکراو لەلایەن وەزارەتەوە.
نۆزدەم: بەربەرەکانی کردنی بەکارهێنانی مادده گورجگەرەکان و ئەو شێوازانەی کە لە ئاستی نێودەوڵەتییەوە قەدەغەن.
بیستەم: ئاراستەکردنی بەپیشەکردنی وەرزش بەشێوەیەکی وا کە لەگەڵ بۆچوونی حکومەتی هەرێمی هەرێمی کوردستاندا بگونجێ، بۆ پەرەپێدانی بزووتنەوەی وەرزشی.
بیست و یەکەم: بەشداری کردن لە پەرەپێدانی هۆیەکانی ڕاگەیاندنی وەرزشی لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی وەزارەت.
بیست و دووەم: کارکردن لەپێناوی دابینکردنی بەشداریی کردنی هەرێمی کوردستانی عێراق لە کۆنگرە و بەیەکگەیشتنی وەرزشی و لاوان لەسەر ئاستیهەرێمی و قارەی و نێو دەوڵەتیی و بەشداری کردن لە چالاکییەکانیاندا.
بیست و سێیەم: مۆڵەتدان بە یانە و قوتابخانە و پەیمانگە و یاریگە و هۆڵەکانی وەرزشییئەهلیی دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی ناوەخۆ و بۆی هەیە بەپێی یاسا لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات.
بیست و چوارەم: هاندانی کەرتی تایبەت لە بواری وەرزشدا بەپێی یاسا.
بیست و پێنجەم: هاوکاری و هاوئاهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەدا بۆ پشتگیری لە چالاکییەکانی وەرزشوانان و لاواندا.
بیست و شەشەم: بڵاوکردنەوەی بەهای مرۆڤایەتی و گیانی کارکردن بە کۆمەڵ لەنێو وەرزشوان و لاواندا.
بیست و حەوتەم: کارکردن لەپێناو پتەوکردنی بیری کارکردنی خۆبەخشی لەلای وەرزشوان و لاواندا.
بیست و هەشتەم: ڕوواندن و ڕەخساندنی دەرفەت لەبەردەم بەهرەی زانستی و ڕۆشنبیریی و هونەریی لەلای لاوان لەپێناوی شیاندنی توێژێکی باوەڕ بەخۆی ڕۆشنبیر و داهێنەر.
بیست و نۆیەم: کارکردن لەپێناوی ڕێکخستنی بزووتنەوەی لاوانی هوشیار و زیندوو.

## پێکهاتەکانی وەزارەت

**ماددەی سێیەم:**

وەزارەت لەم پێکهاتانەی خوارەوە پێک دێ:

یەکەم: وەزیر سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی کارەکانیدا و چاودێری کردنی چالاکییەکان و لەوەوە بڕیار و فەرمان و ڕێنماییانە دەردەچن کە پەیوەندییان بەئەرکەکانی وەزارەت و پێکهاتەکانی و دەستەڵات و هەمووکاروبارە هونەری و کارگێریی و ڕێکوپێکی بەپێی حوکمەکانی

یاساوە هەیە و لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیران بەرپرسە بەو ناوەی کە ئەندامێکی هاوکارە لەو ئەنجومەنەدا و بۆی هەیە هەندێک لە دەسەڵاتەکانی بدات بەو کەسە کە لە وەزارەتدا بە گونجاوی دەزانێ.
دووەم: بریکاری وەزارەت: یارمەتی وەزیر دەدات لە ئاڕاستەکردنی کاروباری وەزارەت و سەرپەرشتی کردنی کارەکانی لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەی کە وەزیر پێی دەدات و دەبێ بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی و کارامەیی بێت.
سێیەم: ڕاوێژکاران: وەزیر ڕاوێژکاری دەبێت و نابێت ژمارەیان لە چوار پتر بێت و یارمەتی وەزیر دەدەن لە بەڕێوەبردنی کاروباری وەزارەت و جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی ئەمەش بەپێشکەشکردنی ڕاوێژ و پێشنیازی پێویست بۆی و وەزیر بەپێی پێویستی وەزارەت لە کەسایەتی خاوەن پسپۆری جیاجیا هەڵیاندەبژێری و ڕاستەوخۆ بەوەزیرەوە بەستراوەتەوە.
چوارەم: نووسینگەی وەزیر: فەرمانبەرێک بەپلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و چەند فەرمانبەرێک یاریدەی دەدەن.
پێنجەم: نووسینگەی بریکاری وەزارەت: فەرمانبەرێک بەپلەی بەڕێوەبەر سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و چەند فەرمانبەرێک یاریدەی دەدەن.
شەشەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن پەیوەندییەکان: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی کارامەیی بێت بۆ ماوەیەک لە (١٠) دە ساڵ کەمتر نەبێ.
حەوتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندان و بەدواداچوون: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات، کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی کارامەیی بێت.
هەشتەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارگێری و دارایی: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی کارامەیی بێت بۆ ماوەیەک لە (١٠) دە ساڵ کەمتر نەبێ.
نۆیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و یارییە میللییەکان: بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی کارامەیی بێت بۆ ماوەیەک لە (١٠) دە ساڵ کەمتر نەبێ.
دەیەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لە پارێزگاکانی هەرێمدا: هەر یەکەیان بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و خاوەن شارەزایی کارامەیی بێت بۆ ماوەیەک کە لە (١٠) دە ساڵ کەمتر نەبێ.

**ماددەی چوارەم:**

وەزارەت ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری دەبێت و لەمانە پێک دێت:
یەکەم: وەزیر: سەرۆکە
دووەم: وەکیل وەزیر: ئەندامە و لەکاتی ئامادەبوونی سەرۆک سەرۆکایەتی ئەنجوومەن دەکات.
سێیەم: ڕاوێژکارەکان: ئەندامن.

چوارەم: بەرێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەت: ئەندامن.
پێنجەم: هەر شارەزاییەکی پسپۆڕی لێوەشاوە لەناو وەزارەت یا لە دەرەوەیدا وەزیر هەڵی دەبژێری ئەندامە
شەشەم: نوێنەری وەزارەتە پەیوەندارەکان لەسەر بانگێشتی وەزیر ئەندامن.

**ماددەی پێنجەم:**
وەزارەت بۆی هەیە پەیڕەوێکی تایبەت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری یانە و یەکێتییە وەرزشییەکان دابنێ، بەجۆرێکی وا کە لەگەڵ بۆچوونە دیموکراتییەکانی حکومەتی هەرێمدا بگونجێ بەمەبەستی ڕێکخستن و پەرەپێدانیان.

**ماددەی شەشەم:**
وەزارەت بۆی هەیە گرێبەست لەگەڵ کەسی سروشتی و مەعنەوی خاوەن شارەزایی و پسپۆری لەناو هەرێم یا دەرەوەیدا بکات، تاکو ئەو ئەرک و کارانەی کە پێیان دەسپێردرێ لەو ماوەیەی کە بە گونجاوی دەزانێ ئەنجام بدەن لەپێناوی بەجێگەیاندنی ئامانجەکانی وەزارەت و ماف و ئەرکەکانیان لەلایەن وەزیرەوە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران دەسنیشان دەکردێ.

**ماددی حەوتەم:**
یەکەم: ئەرک و تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەکانی وەزارەت و ئتختیلالاتیان بە پێڕەوێک دەسنیشان دەکرێن.
دووەم: وەزیر بۆی هەیە بەڕێوەبەرایەتی یان تازە یا بەش یا هۆبەکان لەناووەزارەت دابنێ و یان لێکیان بدات یاخود هەڵیان وەشێنێتەوە بەپێی پێویستەکانی کار لە کاتی پێویستیدا.
سێیەم: وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی هەشتەم:**
وەزیر بۆی هەیە نوێنەرێکی خۆی وەک ئەندامێکی کارا لە لێژنەی ئۆلۆمپی دەستنیشان بکات و نوێنەرێکیش بۆ بەشداری کردن لە (کۆنفدراسیۆن)ی وەرزش و لاوان دابنێ.

**ماددەی نۆیەم:**
وەزارەت بۆی هەیە سالآنە یارمەتی ماددی بە ڕێکخراوی وەرزش و لاوان بەپێی چالاکییەکانی هەریەک لەوانە و ڕێکخراوەکانیش پێویستە سالآنە پرۆژە وەرزشی و لاوانەکانیان بەپێی ڕێنمایی تایبەت بە وەزارەت پێشکەش بکەن بە جۆرێک کە لەگەڵ چەمکی دیموکراسی بگونجێ.

**ماددەی دەیەم:**

مۆڵکایەتی هەموو دەزگە و یاریگە وەرزشییەکانی سەر بە حکومەتی ناوەندی پێشوو لە هەرێم دەبنە موڵکی وەزارەتی وەرزش و لاوان.

**ماددەی یازدەم:**

کار بە هیچ یاسایەک یا بریارێک ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆک بێ.

**ماددەی دوازدەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجی بکەن.

**ماددەی سێزدەم:**

ئەم یاسایە لەو ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**

سەرۆکی هەرێمی کوردستان

**هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاساییە**

سەبارەت لەو فراوانبوونەیکەرتی وەرزش و لاوان و چاودێری زانستی لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بەخۆیەوە دەبینێ و لەپێناوی رەخساندنی چاودێری و ئاراستەکردنی پێویستی ئەم کەرتە تاکو دەوری پێویستی خۆی ببینێ و ئەم وەزارەتەش لایەنی باڵایە لە کرداری پەرەپێدانی کۆمەڵگە لە لایەنی وەرزش و لاوان و بۆ رۆیشتنی لەگەڵ ئارەزووی حکومەتی هەرێم بۆ رەخساندنی رێگەی پشتگیریی کردنی پێویست بۆ کەرتی وەرزش و لاوان، ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

# ڕاپۆرتی کاری وەزارەتی وەرزش و لاوان
# ساڵی ٢٠٠٦

# لیستی چالاكییەكانی ساڵی ٢٠٠٦ وەزارەتی وەرزش و لاوان

١- سایتێكی مۆدێرن بۆ وەزارەت ئامادەكراوە بەناونیشانی: www.mosy-krg.org لە ڕێی ئەم سایتەوە هەموو ئاگاداری و زانیارییە پێویست بەدونیادا بڵاو دەكرێتەوە.




**سایتی وەزارەتی وەرزش و لاوان**

٢- ڕەشنووسی یاسایی وەزارەتی وەرزش و لاوان بەهەردوو زمانی كوردی و عەرەبی ئامادەكراوە و ڕۆژی ٢٠٠٦/٩/١٣ نێردراوە بۆ لێژنەی تایبەتی لەبواری یاسادا تاكو پرۆسەی یاسایی كۆتایی پێ بێت.

٣- فەلسەفەی وەزارەت لەبواری وەرزش و لاواندا لەگەڵ پلانێك بۆ كار، ڕووەو ئامانجی كورت و مامناوەند و درێژخایەن، داڕێژراوە ئەم كارە پاش گفتوگۆ لەگەڵ كۆمەڵە و ڕێكخراوی جۆراوجۆری وەرزش و لاواندا و هەروەها وردبوونە لە سیستەمی چەند وڵاتێك ئەنجام دراوە.

٤- دارشتنی بنەمای تۆڕێكی پەیوەندی نێونەتەوەیی باش كەوتۆتە كار.

٥- لیستێك بەناوی ڕێكخراوەكانی لاوان و سەنتەرەكان ئامادەكراوە بۆ ئەوەی وەزارەت بتوانێت پلانی پرۆسەی هاوكاری و هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون دابڕێژێت.

٦- دیداری لاوان زنجیرەیەك دیدارە لەگەڵ سازمەنگەلی مەدەنی NGO لە شاروشارۆچكەكانی كوردستان مەبەست لەم دیدارانە هەم ڕوونكردنەوەی سیاسەتی وەزارەتە هەم بیستنی دید و سەرنجی لاوان و وەرزشكارانە. زنجیرەی دیدار بەپێی ڕۆژانی دیدارەكە: ڕانیە، كەندەكەوە، هەڵەبجە، حاجیاوە، بەحركە، قەڵادزێ، سەنگەسەر، دهۆك، مەخموور، كەركووك ، سلێمانی، چۆمان، خانەقین، زانكۆیی

سەلاحەدین، هەولێر، مێرگەسوور، شاوێس و کەسنەزان. ئەم کارە لەساڵی ٢٠٠٧ دا بەردەوامە.
٧- لە رۆژی ٢٠٠٦/٩/١١ بەنامەیەکی رەسمی وەزارەتی وەرزش و لاوان داوای لە پەرلەمانی کوردستان کردووە لێژنەیەک بۆ کاروباری لاوان دابمەزرێت، ئامانج لە پێشنیارکردنی دامەزراندی ئەم لێژنەیە هاوئاهەنگکردنی کاروباری حکومەتە و هەروەها کۆکردنەوەی هێز و ئەزموونی لاوانە بەمەبەستی دیاری کردن کێشەکانیان و دۆزینەوەی چارەی لەبار.
٨- لیستی یانەکانی وەرزش بەپێی یەکەی کارگێری ئامادە کراوە و لەسایتی وەزارەتدا بلاّو کراوەتەوە.
٩- وەزیری وەرزش و لاوان، بە پشتیوانی ٢٣ رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی کوردستان و هەندەران، یەکەم بانگەوازی پێشکەش بەکۆمەڵگەی نێونەتەوەیی کرد. لەوێدا جەخت کرایەوە لەسەر پێداویستییەکانی وەرزش و لاوانی کوردستان و ئاماژەی روونیشکراوە بەوەی ناکرێ ئارامی و پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان بکرێتە هۆکارێک بۆ چاوپۆشی لە پێداویستییەکانی ئەم بوارانە. چاوەڕێمان وایە لەماوەیەکی نێزیکدا بەرهەمی بەرچاوی هەبێت.
١٠- فەندێکی تایبەتی وەزارەت بەپشتگیری راستەوخۆی سەرەک وەزیران بۆ هاوکاری وردە پرۆژەی لاوانی هەژاری داهێنەر، هاتە دامەزراندن.
١١- یەکخستنەوەی هەردوو ئۆرگانی وەرزشی کوردستان لە ٢٠٠٦/٧/٢٩ یەکیان گرتووە ولە ٢٠٠٦/١١/٤ دا کۆمیتەی کاتیی بۆ دانرا.

## وتاری بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان لە مەراسیمی یەکگرتنەوەی هەردوو ئۆرگانی وەرزشی:

رێزدار کاک نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکوەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان
بەڕێزان وەزیران و پەرلەمانتاران و نوێنەرانی حکومەت، پارزگاری هەولێر و حیزبە کوردستانییەکان
بەڕێزان نوێنەرانی وەرزش و لاوانی عێراق
بەڕێزان دەستەی کاتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان
ئامادەبووانی بەڕێز...

مایەی شادی و شانازییە ئەمڕۆ بەشداری پرۆسەی یەکگرتنەوەی دوو باڵی وەرزشی کوردستان بم. ئەم یەکگرتەنەوەیە سەنگی تایبەتی هەیە لەبەرئەوەی دەبێتە هێمای کۆکردنەوەی هێزی توانای کوردستان. وەزارەتی وەرزش و لاوان هەم چاوەڕێی ئەم پرۆسەیە بوو هەم کاری جیددی بۆ ڕاستاندنی ئەم پرۆسەیە دەکرد. ئەم یەکگرتنەوەیە دەبێتە خاڵی وەرچەرخان و دەستپێکی کۆکردنەوەی هێزی خۆمان بۆ پەرەسەندن و ڕاهێزانی توانای گشتی وەرزشی کوردستان بۆ بەشداری لە کێبرکێی ئۆلۆمپی و نێونەتەوەییدا.
کوردستان لە سەرەتای گەشەسەندنێکی مێژووکرد دایە. ئەمڕۆ دەرفەتی دەستووریی ڕەخساوە لە دەرفەتی وەهادا بەشداربین، زووتر لێمان گیرابوو.
ئامانجی وەزارەتی وەرزش و لاوان ئەوەیە وەرزش لە کوردستاندا جێگیر بێت. زەمینەی وەرزشی

هەمەجۆر ساز بکات، بۆ هەمووان بێت، بێ جیاوازیی زایەند، نەتەوەیی، باری جڤاکی و تەندروستی.
بزاڤێکی بەهێز و چالاکی وەرزشیی کوردستان دەبێتە دەستەبەرێک بۆ وەدیهێنانی ئامانجی وەزارەت کە بریتییە لە نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستان لەبواری هەمەجۆری وەرزشی نێونەتەوەییدا.
لەم یەکگرتنەوەیەدا وێنای هەم حکومەتی هەرێمی کورستان و هەم وەزارەتی وەرزشی و لاوان بەهێزتر دەبێت. بواری کاری وەزارەتی وەرزش و لاوان فرەڕەنگ و مەودایە. وەرزش لە کوردستاندا دەبێت سەنگینتر بێت. گرنگییەکی زۆرتر بە یانەکان و پەروەردەی وەرزشی دەدەین. وەرزش دوای دامەزراندنی وەزارەت پێویستە ببێتە بوارێکی دادپەروەر و خاوەن پێوانەی ئۆبژێکتیڤ. بۆ هەمووان بێت. دوور بێت لە دەستتێوەردانی حیزبی. کار بۆ دەستپاکی و دیموکراتی بکات.
وەزارەت مێکانیزمی تایبەت دادەنێت بۆ ئەوەی بزووتنەوەیەکی دیموکراتیکی وەرزشی لە ئاست چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستان و بەگوێرەی سیاسەت و پلانی وەزارەتی وەرزش و بەرنامەی کابینەی پێنجەم گەشە بکات. هاوئاهەنگیی پێویست دەکەین لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە بۆ باشترکردنی وەرزش لە قوتابخانەکانی کوردستاندا.
هیوادارم وەزارەت بەهاوکاریی یەکگرتنەوەی دوو باڵی وەرزشی کوردستان، بگاتە ئامانجەکانی خۆی بۆ پتەوکردنی بزاڤی وەرزش بەمەبەستی ڕاهێزانی کۆمەڵگەی مەدەنی.
سەنگی وەرزشی خانمانی کوردستان لەم بوارەدا باسێکی گرنگە. وەزارەت ئاگایانە پلانسازی دەکات و هەنگاو بۆ گەشەسەندنی ئەم لایەنە دەنێت.
هونەرێکی سەرکەوتووی وەرزش لە کوردستاندا دەبێتە دەستەبەرێک بۆ ڕاستاندنی وێنای بەشداربوونی کوردستان لەبواری نێونەتەوەییدا.
ئەم یەکگرتنەوەیەیدوو باڵی وەرزشی کوردستان دڵنیام دەکات لەوەی هەموو ئەو کار و هەوڵدانەی ئێمە لەم بوارەدا بەرهەمدار بوو. چاوەڕوانی ئەوەمان هەیە کە ئەم دەستەکاتییە کارێکی جیددی بکات بۆ ئەوەی هەرچی زووترە لە ڕێگەی هەڵبژاردنێکی دیموکراتیک، دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی ئۆلۆمپی بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵبژێردرێت و گرنگە تا ئەو کاتە بەڕێگەی ئەو دەستپێشخەرییەی وەزارەتی وەرزش و لاوان هەموومان چالاکانە کار بکەین بۆ ئەوەی لە دەستەی تازەدا نوێنەرانی وەرزشی خانمان شوێنی سروشتی خۆیان هەبێت.
بەڕێزان:
ڕێزدار، سەرەکوەزیرانی کوردستان، کاک نێچیرڤان بارزانی لەم پرۆسەی یەکگرتنەوەیەدا نەخشی تایبەتی هەبووە. ئێمەش سوپاسی دەکەین و هیواداریین هەنگاوی وەها گەش ببێتە ڕێنوێنی کاری هەمووان.

**شاد و سەرفراز بن و سوپاس بۆ گوێ گرتنتان**

١٢- بە دەستپێشخەری وەزارەتی وەرزش و لاوان کۆمیتەیەکی کار لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە سازکراوە بەمەبەستی پەرەدان بە چالاکی وەرزشی لە قوتابخانەکاندا. ئەم کۆمیتەیە هەتا ئێستا چەندین راسپاردەی دەربارەی ئەو بوارانە ئامادە کردووە.
١٣- فێستیڤاڵی ڕۆژی جیهانی لاوان رۆژی ١٢ی ئۆکتۆبەر، یادی ساڵڕۆژی جیهانی لاوان لە کوردستان بۆ یەکەم جار بەرز راگیرا لەم فێستیڤاڵەدا چەندین چالاکی فەرهەنگی و هونەری هەمەرەنگ لەلایەن بەشداربووانی فێستیڤاڵەکە پێشکەش کران.
١٤- پرۆژەی راهێزانی رێکخستنی لاوان - خولی تایبەتە دەربارەی هونەری خۆرێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵە. هەنگاوی یەکەمی لە گوندی کەندەکەوەی رۆژئاوای سلێمانی بوو بەپشتیوانی وەزارەتی وەرزش و لاوان و هاوکاری رێکخراوی کۆمەک، لاوانی کەندەکەوە کۆمەڵەی لاوانی کەندەکەوەیان سازکردوو لەم ماوەدا چالاکی گەشیان دەبێت بۆ خزمەتی خۆیان و ژینگەی ناوچەکەی خۆیان. ئەم پرۆژەیە لە هەموو دەڤەرەکانی کوردستاندا پیادە دەکرێت.
١٥- پرۆژەی رادیۆی لاوان - رادیۆیەکی ئازادی لاوانە بەهاوکاری وەزارەت دادەمەزرێت و لەلایەن (کۆمەڵەی رادیۆی لاوانی رانیە)وە بەڕێوە دەبرێت بەشەکانی ئەم پرۆژەیە بریتین لە خولی تایبەت بەسازمەنگەری و رادیۆی و تەکنیک پاشان دامەزراندنی کۆمەڵەی رێبەر و ستۆدیۆی رادیۆیە. ئینجا هەنگاوی پەخشی کۆمەڵەکانە هەنگاوی یەکەمی ئەم پرۆژەیە لە مانگی سێپتێمبەری ٢٠٠٦ دا بەیارمەتی دەستەی هاوکاری رانیە و رێکخراوی کۆمەک لە شاری رانیە دامەزرا. رۆژی ٢٠٠٦/١٠/٢٢ کەوتە سەر پەخشی ئەزموونی. رۆژی ٢٠٠٦/١٢/١٨ پەخشی رۆژانەی زیندوویی دەست پێ کرد.
١٦- پرۆژەی دووچەرخەی لاوان لە سەنتەری فێرکاریدا بەدەم خوێندنەوە مانگانە دەیان پاسکیلی دەستکردی خۆیان بەرهەم دێنن. جگە لە فێربوونی هونەری تەکنیکی، ئەم پرۆژەیە داهاتی ئابووریشی بۆ لاوانی ئەم بنکەیە دەبێت هەڵبەتە سوودی ژینگەپارێزی و گەشەی تەندروستیشی دەبێت سەرەتا شاری خانەقین بۆ مەڵبەندی ئەم پرۆژەیە دیاری کرا، بەڵام قایمقامیەتی خانەقین نەیتوانی جێگەی لەبار بۆ پرۆژەکە دابین بکات لەبەر ئەوە بڕیاری گواستنەوەی درا بۆ جێگەیەکی تری گونجاو.
١٧- پرۆژەی خانەی فێرکاری لاوانی هەڵەبجە - خانەیەکی فێرکاری ئازادە، مەبەست لێی ڕەخساندنی دەرفەتی زانست و هونەر و وەرزش و بۆ لاوانی هەڵەبجە.
١٨- کەرنەڤاڵی ماف: ئەم شانۆگەرییە بۆ رێگە گرتنە لە توندوتیژی بەرامبەر خانمان. رێکخراوی ئاسوودە بەپشتیوانی وەزارەت شانۆگەری (کەرنەڤاڵی ماف)ی لە حەوت دەڤەری جیاواز پێشکەش کرد.
١٩- خانەی میکانیکی کەندەکەوە: هەنگاوی یەکەمی خانەکە دروستکردنی پاشکۆیی لۆریەکە بۆ کۆکردنەوەی خاشاکی شار. تیمی کار بە ئوستادی وەستا سەباحی کەندەکەوە کەوتە کار. دامەزراندنی خانەیەکی میکانیکی بۆ لاوانی کەندەکەوە بەهاوکاری فیدراسۆنی لاوانی کەندەکەوە. فیدراسیۆنی لاوانی کەندەکەوە بریتیە لە سێ کۆمەڵەی لاوانی کەندەکەوە: کۆمەڵەی فەرهەنگی، وەرزشی و ژینگە پارێزی کەندەکەوە.




نوێنەرانی ڕێکخراوی پەیوەندیدار بەلاوانەوە لە وڵاتی کۆریا

٢٠- سەردانی کۆریای باشوور: تیمێکی ٢٠ کەسی لە نوێنەرانی ڕێکخراوی پەیوەندیدار بەلاوانەوە سەردانێکی دوو هەفتەیی کۆریایان کرد. ئەم پرۆژەیە بەهاوکاری تیپی زەیتون ئەنجام درا.

٢١- پشتیوانی لە فەندی سپۆرتی سەڵاح کە لە بەریتانیاوە هاوکاری کوردستان دەکات.

٢٢- وەزارەت پشتیوان بوو لە دامەزراندی یانەی وەرزشی ئافرەتانی کوردستان بۆ کۆکردنەوەی بزاڤی وەرزشی ئافرەتان لەژێر یەک چەتری هەمەگیریدا بۆ ئەم مەبەستە دەستەیەکی کاتی ١١ کەسی هاتە دیاری کردن و ئەو دەستەیە ئەرکی بەڕێوەبردن و پەرەسەندنی چالاکییەکانی خۆیان لە دەڤەری هەموو جۆردا بڵاو دەکرێتە ئەستۆ.

٢٣- هەڵمەتی کوردستانی خاوێن keep Kurdistan clean - kkc ڕۆژی شەممەی ٢٨ ئۆکتۆبەری (تشرینی یەکەم) بەسەرپەرشتی وەزارەتی وەرزش و لاوان پیادەکرا. ئامانجی ئەم هەڵمەتە هاوکاریی هەموو لایەنێکی پەیوەندیداری حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنییە بۆ پاککردنەوەی کوردستان و پەرەدان بەهۆشیاری ژینگەپارێزی و بەتایبەتی ڕۆژەی ٢١ کە پەیماننامەیەکی وڵاتە یەکگرتووەکانی دەربارەی ژینگەپارێزی.

٢٤- توێژینەوەی زانستی: لەم پرۆژەیەدا پشتیوانی لە زانستنامەی ٣٩ بواری هەمەجۆری خوێندکارانی زانکۆکانی کوردستان دەکرێت. مامۆستا و خوێندکارانی کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری زانکۆی سەلاحەدین لەسەر داخوازی خۆیان یەکەم هەنگاوی ئەم هاوکارییە دەخەنە ئەزموونەوە.

٢٥- خولی ڕاهێنان بۆ خوێندکارانی زانکۆ: خولی تایبەتە بەزمانی ئینگلیزی بۆ خوێندکارانی زانکۆ. لە مانگی نۆڤەمبەری ٢٠٠٦ەوە لە زانکۆیی سەلاحەدین کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری ئەم خولە بۆ



وەزیری وەرزش و لاوان لە هەڵمەتی ژینگەپارێزیدا

نزیکەی ١٢٠ خوێندکار کراوەتەوە.

٢٦- خانەی فەرهەنگی چۆمان: دامەزراندنی خانەیەکی فەرهەنگییە بەکتێبخانە و سینەمایەکی لاوانەوە بۆ لاوانی چۆمان. جێگای پێویست بۆ خانەکە دابینکراوە ژووری کتێبخانە ئامادەیە. سەرەتایی ٢٠٠٧ سینەماکەش دەکەوێتە کار.

٢٧- شرۆڤەی ماددەی ٥٥ی دەستور لە ڕوانگەی لاوانەوە پشتیوانی لە سێ سازمانی کۆمەڵگەی مەدەنی کوردستان. ڕێکخراوی تواناسازی لاوان و ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤی کورد و ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی بەمەبەستی ڕێکخستنی کۆنفرانسێکی بەرفراوان بۆ شرۆڤەی مادەی ٥٥ دەستوری کوردستان لە ڕوانگەی لاوانەوە.

### وتاری وەزیری وەرزش و لاوان لە کۆنفرانسی دەستوور لە ڕوانگەی لاوانەوە

لاوانی هێژا!

کۆڕ، کۆڕی ئێوەیە و من لێی میوانم، بە گەرمی سڵاو و ڕێزی خۆم پێشکەش بەئێوە و بە هەموو کارێکی بنیاتنەری جیددی دەکەم.

کوردستان بە ڕۆژگارێکی مێژووکردا دەڕوات، سەرگەمی داڕشتنی دەستوورێکی هاوچەرخی وەهایە ببێتە دەستەبەری ژینێکی شاد و گەش، بە گشتی بۆ هەمووان و بە تایبەتی بۆ لاوان.

ماددەی (٥٥) لەم بوارەدا پێشنیازێکە و خراوەتە بەردەم پەرلەمانی کوردستان. ئەرکی هەر هەموومانە ئەم پێشنیازە بە وردی هەڵسەنگێنین. چ ئەوەی دەیڵێت، چ ئەوەی دەبا بیڵێت و فەرامۆشە بەلامانەوە جێی سەرنجە. هەڵبژاردنی وشەی، داڕشتنی ڕستەی، ئاستی زمانی، ناوەڕۆکی، پەیامی تا چ ڕادەیەک

سەرکەوتوون. تا چ ڕادەیەک بۆ لاوانە و بەرژەوەندیان دەخوێنێتەوە؟
ئەمانە و چەندین پرسی دیکە لە چەندین لایەنی جوداوە بوونەتە بابەتی توێژینەوە. ئەم پرۆژەیەی ئێوەش لەم بوارەدا دەستڕەنگینە. سێ ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان: تواناسازیی لاوان، چاودێری مافی مرۆڤی کورد و ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی هاوکارانە لە ماددی ٥٥ وردبوونەتەوە و ئەمڕۆ لەم کۆڕەدا ئەنجامی کاری خۆیان کۆدەکەنەوە. چییان کردووە و چۆنیان کردووە باسی خۆیانە، ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە وەزارەتی وەرزش و لاوان دەرفەت بۆ پرۆژەی وەها هەموار بکات ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕوانگەی لاوانەوە کار لەسەر دونیای خۆیان بکەن.
جڤاتێکی دیموکرات بیری ورد و کاری جیددی دەوێت. من لە دیداری لاوانی هەولێردا، ڕۆژی ٢٦-١٢-٢٠٠٦ بە ئامادەیی هەم سەرۆکوەزیران، ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی، کە بەرزترین ئاستی حکومەتە و هەم نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، زۆر بە ڕاشکاوی گوتم:

- دەسەڵات کەموکووڕی هەبووە بەرامبەر لاو
- لاو مافی خۆیەتی چاوەڕوانیی هەبێت
- بەڵام لاویش نابێت تەنها چاوەڕوانی حکومەت بێت.

بەدیدی ئێمە ئەرکی حکومەتە زەمینەسازی و دەرفەتسازی بۆ لاوان بکات. ئەرکی لاوە سوود لەو زەمینە و دەرفەتە وەربگرێت بۆ پێشکەوتن و گەشە کردن، چ بۆ خۆی بێت چ بۆ دەورووبەر.
بۆ ئەوەی بگەینە ڕۆژگارێک تێدا هەم دەسەڵات و هەم لاوان دوو تای ئەرک و ماف بەشێوازێکی دروست ڕابگرن دەبێت هەر لە ئێستەوە کار بۆ دارشتنی دەستوورێکی بەرز بکەین.
وەزارەتی وەرزش و لاوان لە دارشتنی سیاسەتی خۆیدا، لە ئاستێکی بەرزدا، هزرێکی دیموکراتیانەی کردۆتە چرای ڕێنوێن، نووسیومانە:

پەرەسەندنی جڤاتێکی دیموکرات بۆ هەموو هاووڵاتیان، بێ گوێدانە زایەند، تەمەن، ئایین، ڕەچەڵک و پاشخانی جڤاکی و ئابووری.

کار دەکەین بۆ ئافراندنی توێژێکی لاوانی ئازادی، سەربەخۆی، داهێنەری، چالاکی، خوێندووی و بەختەوەر.

ئافراندنی بزاڤێکی دیموکراتی، سەرامەدی، دەستڕۆ و بەشدار.

پێم وایە ڕەنگدانەوەی دیدێکی وەها لە دەستووری کوردستاندا کارێکی گەش دەبێت.
لێرەدا سەکۆی گوتار بۆ ئێوەی لاو، ئێوەی خوێندووی، چالاکی، دڵگەرمی ژیر بەجێ دەهێڵم.

**هەر شاد و سەرفراز بن**

٢٨- دواناوەندی کوێستانی کەرکووک: وەزارەت بەپشتیوانی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان رێزدار نێچیرڤان بارزانی لە ڕێگای ڕێکخراوی کۆمەکەوە فێرگەی دواناوەندی کوێستانی کەرکووکی ئاوەدان کردەوە بیست هەزار دۆلار تەرخان کرا بۆ کڕینی کەلوپەلی پێویست بۆ خوێندکارانی دواناوەندی کوێستان.
٢٩- ساڵڕۆژی جیهانی ژنپارێزی: بەپشتیوانی وەزارەت هەردوو رێکخراوی ئاسوودە و وادی بۆ

یادکردنەوەی ساڵرۆژی جیهانی ژنپارێزی چەندین بەرنامەی بەرچاویان پیادەکرد.
٣٠- رادیۆی لاوانی کەرکووک: مۆدێلی رانیە لە شاری کەرکووک بە هاوکاری رێکخراوی کۆمەک دووبارە دەکەینەوە رادیۆیەکی ئازادە بۆ لاوانی شاری کەرکووک. هەموو سازمانێکی مەدەنی لە شارەکەدا بۆ هەیە کاتی پەخشی خۆی هەبێت. لە ناوەراستی مانگی دیسەمبەری ٢٠٠٦ دا هەنگاوی یەکەم بۆ



کردنەوەی خولی زەیتوون

٣١- دامەزراندنی یەکێتی تایکواندۆی کوردستان: وەزارەت زەمینەسازی کردووە بۆ دامەزراندنی یەکێتی تایکواندۆی کوردستان. ئەم کارە بە هاوکاری تیپی زەیتوون ساز بووە.
٣٢- خولی راهێزانی لاوانی مێرگەسوور: خولی سەوادی، زمان و کۆمپیوتەر لە چەند ناوچەیەکی سەر بە مێرگەسوور بۆ لاوانی ئەم دەڤەرە کارایە. ئەم پرۆژەیە لە سەرەتایی دیسێمبەری ٢٠٠٦ەوە کەوتۆتە کار.
٣٣- هاوکاری سەنتەری چاکسازی نەوجەوان و ئافرەتان: پرۆژەیەکی فرەلایەنە (رێکخراوی پەری) لایەنی قانونی دەگرێتە ئەستۆ (دەستەی مەستورە) پۆلێک خوێندکاری کۆلێژی وێژەیین لە زانکۆیی سەلاحەدین خولی هەمەرەنگ بۆ لاوانی سەنتەرەکە ساز دەکەن.
٣٤- رێکخراوی UN ناسی: لە چوارچێوەی بەرنامەی راهێزانی سازمانی لاواندا، وەزارەت هاوکاری لاوان دەکات بۆ سازکردنی رێکخراوی تایبەت بەناسینی سازمانی UN و پەیماننامەکانی ئەم رێکخراوە. ئەم پرۆژەیە بەهاوکاری ریکخراوی UN ناسی سوێدی ترووکا. هەنگاوی یەکەم لە کەرکووک لە کەرکووک بوو لە داوناوەندی کوێستانی کچان، دووەم هەنگاو لە زانکۆیی سەلاحەدین بوو.
٣٥- راگەیاندی خەڵاتی هەمەجۆر بۆ ساڵی ٢٠٠٧: بۆ نموونە خەڵاتی لاوی ساڵ بۆ لاوانی بەهرەدار لە چەندین بواردا. خەڵاتی ژنپارێزی بۆ باشترین چالاکی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەبواری پاراستنی مافی ژنان. خەڵاتی وەرزشوانی ساڵ، خەڵاتی رووداوی مێژووکرد.


٣٦- شرۆڤەی راپۆرتی (ISG بیکەر- هاملتۆن) نۆ سەعات بەرنامەی رادیۆی نەوا و هەروەها سیمینارێک لە زانکۆی سەلاحەدین رۆژی ٢٠٠٦/١٢/١٥ بەبەشداری مامۆستایانی زانکۆی کوردستان زانکۆی سەلاحەددین، بۆ شروفەی ئەو راپۆرتە تەرخان کرا.

٣٧- بانگەوازی دووەمی وەزارەت ئاراستەی چڤاتی نێونەتەوەیی کرا: ئەمیان دەربارەی تواناسازی لاوانە جەخت دەکاتە سەر چەند بابەتێکی گرنگی وەک نزمی ئاستی فێرکاری بەتایبەتی لەبواری زمانزانی و داتاکاریدا.

٣٨- دوو کتێبی (دەربارەی کۆمەڵگەی مەدەنی) و (دەربارەی کاری رێکخراوی) چاپ و بڵاوکرانەوە. ئەم دوو بەرهەمە زانیاری و ئاگاداریەکی زۆرباش دەربارەی شێوازی دیموکراتیانەی کاری کۆمەڵە و رێکخراو پێشکەش دەکەن. بەدیدی ئێمە ئەم کارە دەبێتە سەرچاوەیەکی رێنوێن لە بواری خۆیدا.

ئەم دوو کتێبە لە دیدارێکی تایبەتدا بە سەرپەرشتی وەزیر و میوانداری سەرۆکوەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆژی ٢٠٠٦/١٢/٢٦ لە شاری هەولێر هۆڵی دەزگای ئاراس پێشکەش بەنوێنەرانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کرا. وەزیر لەم دیدارەدا، بەراشکاوی ئاماژەی بەکێشەکانی لاوان و سیستەمی وەزارەت کرد بۆ چارەسەریان. سەرۆکوەزیرانیش دیدی حکومەتی کوردستانی دەربارەی رۆڵی لاوان روونکردەوە و پشتیوانی تەواوی خۆیان بۆ لاوان و خەباتی وەزارەت راگەیاند.

لۆگۆی لاوی ساڵ




لۆگۆی ژنپارێزی

لۆگۆی رۆژنامەنووسی ساڵ




**وەزیری وەرزش و لاوان لە مەراسیمی ڕاگەیاندنی کەمپێنی تواناسازی لاوان**

## وتاری بەڕێز وەزیری وەرزش و لاوان بۆ ڕاگەیاندنی کەمپێنی تواناسازی لاوان

ڕێزدار جەنابی سەرۆکوەزیرانی کوردستان، کاک نێچیرڤان بارزانی

بەڕێزان لاوانی خۆشەویست و میوانە بەڕێزەکان

شەرەفێکی گەورەیە بۆ ئێمە کە ئەمڕۆ سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم چاڤتە گرنگەدا ئامادە بووە. بەشداری بەڕێزیان سەنگێکی تایبەت دەدات بەپرسی لاوان و وەزارەت کە ئەمەش هاوئاهەنگە لەگەڵ بەرنامە دیموکراتییەکەی کابینەی پێنجەم کە لەڕێگەی وەزارەتەکانی پسپۆڕەوە پێویستە پیادە بکرێت. هەر لەو سۆنگەیەوە کە هەنگاو بە هەنگاو وەزارەتی وەرزش و لاوان بەگوێرەی پلانێکی زانستی داڕێژراوی خۆی هەنگاوەکانی خۆی دەهاوێژێت.

ڕێگەم پێ بدەن بەناوی ئێوەی بەڕێز و بەناوی ستافی وەزارەت و خۆمەوە سوپاسێکی گەرمی بەڕێزیان بکەین.

زۆر بە ڕاشکاوی دەنگ بەرز دەکەینەوە و دەڵێین:

- دەسەڵات کەموکوڕی هەبووە بەرامبەر لاوان
- لاوان مافی خۆیانە چاوەڕوانییان هەبێت
- هەڵەیە لاوان هەموو شت لە حکومەت بخوازن

وەزارەتی وەرزش و لاوان لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە لە هەوڵ و کۆششێکی بێوچان دایە بۆ داڕشتنی پلانێکی باش و دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکان. دەتوانم بڵێم بەشێکی گرنگ لە کەموکوڕییەکانمان دەستنیشانکردووە و پێشنیاری سازندەشمان هەیە بۆ چارەسەر کردنیان. لە ١٢-٨-٢٠٠٦ وەزارەت بە بەرفرەوانی پلانی خۆی بە ئامادەبوونی میدیا خستە ڕوو.

ئەگەر لەسەر چەند پرسێکی سەرەکی دەربارەی لاوان ڕاوەستین ئەوا دەتوانین بڵێین:

- لاوی هەژارمان هەیە
- لاوی بێئومێدمان هەیە
- لاومان هەیە چاوی لە کۆچی هەندەرانە
- لاوی بێکارمان زۆرە
- لاومان زۆرە خوێندنی نزمە
- بایەخی تەواو نەدراوە بە لاوانی خاوەی پێداویستیی تایبەت

- کۆمەڵگەیەکی داخراومان هەیە ڕێ لە تێکەڵاوبوونی سروشتیی هەردوو زایەند دەگرێت.
- ژێرخانی لاوان وەک خانووی فەرهەنگی، سەنتەری فێرکاری، سینەما، کافێتریا، شانۆ و پەرتوکخانەمان زۆر لاوازە.
لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە لاو هەیە بەرامبەر بە داهاتووی خۆی بێئومێدە. پێمان وایە ڕابردووی ئێمە لە کوردستانی عێراق نەخشێکی زۆر گەورەی هەبووە.
وەزارەت لە وەڵامی گونجاو گەڕاوە و بە هەندێک هەنگاوی کۆنکرێتی چارەسەر هاتووتە مەیدانەوە.
خۆشحاڵم بڵێم کە لەم هەنگاوانەدا سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی جەنابی سەرۆکوەزیران کاک نێچیرڤان بارزانی هاوکار و پشتیوانی ئێمەیە و ئامادەبوونیشی بۆ بەرجەستەکردنی ئەو پشتیوانییەیە:
لە ١٢-٨-٢٠٠٦ فەندێکمان بۆ دانانی وردە - پرۆژەی ئابووری بۆ لاوان ڕاگەیاندووە.
تواناسازیی لاومان لە پرۆژەکەنماندا گۆنجاندووە و پێمان وایە بە هەبوونی ئامرازی زانستی باش لاوی هەژاریش کەمتر دەبێت.
کۆمیتەیەکی هاوئاهەنگی لەسەر پێشنیاری وەزارەتی وەرزش و لاوان لە ٩ وەزارەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهاتووە کە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی لەسەر دەربڕیوە.
بەنامەیەکی تایبەت داوامان لە پەرلەمانی کوردستان کردووە لیژنەیەکی لاوان لە پەرلەمانی کوردستان پێک بێت.
لە پلانمان دا هەیە ژێرخانی گونجاو بۆ لاوان دروست بکەین.
بۆ گەشەدان بەتواناکانی لاوانی کوردستان لە پلانماندا هەیە زانستخانە (مەرکەزی رعایەی عیلمی) دروست بکەین بۆ ئەوەی هاوکار بین لە گەشەپێدانی تواناکانی لاوانمان.
لاوی ساڵ هەڵدەبژێرین بۆ ئەوەی هەموو لایەک بزانیت کە حکومەت گرنگییەکی تایبەت دەداتە توناکانی لاوانی کوردستان.
خەڵاتێکی ساڵانەمان ڕاگەیاندووە بۆ ئەوەی بەدەنگێکی بەرزەوە و بە ئامادەبوونی سەرۆکوەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیێنین: بەڵێ بۆ یەکسانی! نا بۆ کوشتنی نامووس کە دیاردەیەکی نامرۆڤانە و ناشارستانیانەیە.
خانەی فێرکاری دروست دەکەین بۆ تواناسازی لاوان
هەوڵ دەدەین سەربەخۆیی ناوچەیی هەبێت لەبواری دابینکردنی پێداویستییەکانی بەتایبەتی لاواندا بۆئەوەی ڕێگە لە کۆچی لادێ بۆ شار بگرین کە پرۆسەیەکی وێرانکارە.
هەوڵی پرۆگرامی سەردان بۆ وڵاتانی دیکە دەدەین و زەمالەی خوێندن بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکەی پەیوەندیداری حکومەت بۆ ئەوەی لاوانمان ڕێگەی کۆچی مەترسیدار نەگرنەبەر.
هانی دامەزراندنی کۆمەڵەکانی سەر بە UN دەدات بۆ هۆشیارکردنی لاوی کوردستان بەرامبەر ئۆرگانەکانی نێونەتەوەیی و کردنەوەی پەنجەرەیەکی تر بەرەو ڕووی پەیوەندییەکانی لاواندا.
هەڵمەتی کوردستانێکی خاوێن دەکەین بۆ ئەوە بەهەموو هاووڵاتییەک بڵێین کە ڕەفتاری ئێستامان بەرامبەر ژینگە ڕەفتارێکی ژینگەدۆست و پێشەڕۆژ- دۆست نییە.

حکومەت لە هەوڵی بێوچان دایە بۆ ئەوەی پلانی خوێندن باشتر بکات بۆ ئەوەی ئاستی ئاکادیمی خوێندکارنی کوردستان لە ئاستێکی بەرزدا بێت.
خەریکی ئامادەکردنی پێشنیاری یاساییێکی پاراستنی داهێنانین بۆ ئەوەی بەرهەمی بەتایبەتی لاوان بپارێزین لە ناوخۆی هەرێم و عێراق و ئاستی نێونەتەوەییدا.
کەمپی هاوینە بۆ ساڵی ٢٠٠٧ ڕاگەیێنراوە بۆ دروستکردنی ئەو پردە بەهێزەی کە وەزارەت بەپلانێکی زۆر گرنگی دەزانێت.
کێبڕکێیەکی مێژووناسی بۆ ئەمڕۆ بۆ ڕۆژی ١٢-٨-٢٠٠٧ ڕادەگەیێن بۆ ئەوەی بەدەنگێکی بەرزەوە بڵێین لاوی ئێمە مێژووی خۆی دەناسێت و تەنها دەرفەتی گەرەکە.
ئامادەبووانی بەڕێز!
ئەم بەرنامەی سەرەوە زادەی خەیاڵ نین، پرۆگرامێکی مومکینە بەڵام کاتی دەوێت و بەشداری و پشتگیریی هەمووانی دەوێت. زۆر ڕاشکاوانە دەڵێم وەزارەت بە وردی گوێبیستی گرفتەکانی لاوان بووە. کاتی ئەوە هاتووە گوێمان لە پێشنیاری ڕیالستیانە بیت بۆ چارەسەری پرسەکان.
شادمان بووم بەوەی لە کاتی کردنەوەی یەکەم ڕادیۆی لاواندا، کە بەرهەمی وەزارەتی وەرزش و لاوانە لە ڕانیە، ڕۆژنامەوان کاک خەلیل عەلی پرسیاری کرد: هەستت چۆنە کە پێش ئێستا لاو لە دەسەڵات تۆرە بوو کەچی ئێستا لە پرۆژەیەکی وەهادا یەکیان گرتووە و حکومەت ئامرازی داوەتە دەست لاو بۆ ئەوەی بێبەرامبەر بەکاری بهێنێت و ڕۆڵی خۆی لە ڕاهێزانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا ببینێت و بەو پێیەش بەشدار بێت لە پرۆسەی بڕیاری سیاسیدا؟
لە کۆتاییدا دەڵێم پرسی لاو پرسی تەنها یەک وەزارەت نییە. پرسی لاوە، پرسی خێزانە، پرسی قوتابخانەیە، پرسی کەرتی تایبەتە، پرسی زانستگەیە، پرسی بازاڕە، پرسی ڕێکخراوەکانی لاوانە، پرسی پارتە سیاسییەکانە، پرسی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە، پرسی میدیایە و بە کورتی و کوردی پرسی هەموومانە و هەروەک دروشمیشمان ئەوەی سەلماندووە:
بە تەنها دڵۆپێکین و پێکەوە ئۆقیانۆسێکین.

**سوپاس بۆ گوێگرتنتان**

# ڕاپۆرتی کاری وەزارەتی وەرزش و لاوان
# ساڵی ٢٠٠٧

## چالاكییەكانی بەڕێوەبەرایەتی فێركاری

بەرنامەی كاری

لەبواری لاواندا، كاری بەڕێوەبەرایەتی فێركاری لە دوو ئاستدایە:

**١- ئاستی حكومەت**: كۆمیتەی هاوبەشی لاوان، نوێنەرانی وەزارەتەكان بۆ شرۆڤەی كێشەی لاوان تێیدا راوێژ دەكەن و بڕیار دەدەن، ئەم كۆمیتەیە بەگشتیی مانگی دووجار كۆدەبێتەوە و هەموو كۆبوونەوەكانیش پرۆتۆكۆلنووس كراوەن و نموونەیان رەوانەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەنی وەزیران كراوە.

**٢- ئاستی میللی**: فەرهەنگخانەی لاوان لە دەڤەری جۆراوجۆر لەنێو لاواندا كار دەكات. ئەمەش لیستی فەرهەنگخانەكانە، بەشێكیان تەواو كاران و بەشێكیان لە دەستپێكدان:

**دهۆك:**
١- دهۆك
٢- زاخۆ
٣- شاریا
٤- باتوفا
٥- ئامێدی
٦- شێخان
٧- شیلادزێ

**هەولێر:**
٨- چۆمان
٩- حاجی ئۆمەران
١٠- قەسرێ
١١- سۆران
١٢- خەلیفان
١٣- مێرگەسۆر و بارزان
١٤- مەخموور
١٥- كۆیە

**سلێمانی:**
١٦- سلێمانی
١٧- قەلادزێ
١٨- سەنگەسەر
١٩- ژاراوە
٢٠- رانیە
٢١- حاجیاوە
٢٢- شەم (سەید سادق)
٢٣- رێبەندان (باریكە)
٢٤- شارەزوور
٢٥- هەڵەبجە

**دەڤەری گەرمیان:**
٢٦- كەركووك
٢٧- چەمچەمال
٢٨- شۆڕش
٢٩- خانەقین
٣٠- رزگاری
٣١- كەلار
٣٢- كفری
٣٣- پێباز (باوەنوور)

پرۆژەی بەرهەمهێن:

١- بنكەی ئاسنگەری - مەخموور

فەرهەنگخانەی مەخموور لە هاوینی ٢٠٠٧دا بنكەیەكی ئاسنگەری دامەزراند، لاوان لەبەر دەستی مامۆستای كارەمەدا فێری ئاسنگەری بوون، پاشان هەزار ستڵی خاشاكیان دروستكرد. ئەم بەرهەمە خۆماڵییە جگە لەوەی داهاتێك بوو بۆ لاوانی بەشداربووی پرۆژەكە، بەرهەمێكی ژینگەپارێزی فۆرماڵی بوو هەم باشتر و هەم



**بنكەی ئاسنگەری- چالاكی فەرهەنگخانەكان**



بنکەی مافورچنین- چالاکی فەرهەنگخانەکان

هەرزانتر لەوەی هاوردەی دەرەوەیە، هەر لە مەخموور لە سەرەتای ٢٠٠٨دا بە هەمان ڕێباز بنکەی دارتاشی دێتە دامەزراندن، یەکەم بەرهەمی ئەم بنکەیە مێزی کۆمپیوتەر دەبێت.

١- بنکەی دوورمان:

-رزگاری: بەهاری ٢٠٠٧ کەوتە کار: نزیکەی ٤٠ خانمی ناحیەی رزگاری فێرە دوورمان بوون و ئێستا پۆشاکی وەرزشی بەرهەم دهێنن.

- خانەقین: هاوینی ٢٠٠٧ کەوتە کار: نزیکەی ٢٠ خانمی خانقین کار تێدا دەکەن، پۆشاکی وەرزشی بەرهەم دەهێنن.

- باشیک: پایزی ٢٠٠٧ کەوتە کار نزیکی ٢٠ خانمی باشیک فێرە دوورمان بوون، ئێستا پۆشاکی وەرزشی و هاوپۆشی فێرگە بەرهەم دەهێنن.

- شۆڕش: پایزی ٢٠٠٧ کەوتە کار: نزیکەی ٤٠ خانمی ناحیەی شۆڕش کاری تێدا دەکەن.

٣- مافوورچنین:

- بەحرکە: بنکەی مافوری بەحرکە سەر بە وەزارەتی رۆشنبیرییە. وەزارەتی وەرزش و لاوان لە پرۆژەیەکی هاوبەشدا ئەم بنکەیەی نۆژەن کردەوە، بۆ ئەوەی ژینگەی کاری خانمانی مافورچن رێکوپێک بێت.



بنکەی دورمان- چالاکی فەرهەنگخانەکان

- هەڵەبجە: لە فەرهەنگخانەی هەڵەبجە بنکەیەکی مافورچنین لە دێسێمبەری ٢٠٠٧ کراوەتەوە، لەم بنکەیەدا نزیکەی ٢٠ خانمی هەڵەبجەیی سەرگەرمی چنین، تاوەکو هاوینی ٢٠٠٨ یەکەم بەرهەمی ئەم بنکەیە ئامادە دەبێت.

٤- دووچەرخە: هەردوو فەرهەنگخانەی سۆران و خانەقین سەدان دووچەرخەیان بۆ چووە، لەم بەهارە دەیبەستن و بازاڕی پێ دەرازێننەوە.

٥- پیتچنینی نێو زیندان:

- مەبەست لەم پرۆژەیە هاوکاری لاوانی نێو زیندانییەکانی کوردستانە فێری هونەری پیتچنین ببن، ئینجا کاری پیتچنین بۆ بازاڕ بکەن، چ لەنێو زیندانەوە چ لەپاش ئازادبوونیان لە زیندان. لەم پرۆژەیەدا جگە لەوەی داتاکاری و پیتچنین دەبێتە سەرچاوەیەکی ماددی بۆ فێرخوازان، ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەی کاری لەسەر دەکەن دەبێتە سەرچاوەیەکی زانیاری سوودبەخش.

- دهۆک: لە دێسێمبەری ٢٠٠٧دا لە بنکەی چاکسازی نێوجەوان و ئافرەتان و هەروەها لە زیندانی دهۆک دەستبەکارە.

- هەولێر: لە دێسێمبەری ٢٠٠٧دا لە بنکەی چاکسازی نێوجەوان و ئافرەتان و هەروەها لە زیندانی مەحەتە دەستبەکارە.

- سلێمانی: لە دێسێمبەری ٢٠٠٧دا لە زیندانی سلێمانی دەستبەکارە.

**پرۆژەی فەرهەنگی**

وەزارەتی وەرزش و لاوان چەندین پرۆەی هەمەڕەنگی هەیە بۆ فراژووتنی فەرهەنگی لاوان، هەر بۆ نموونە:



**چالاکی فەرهەنگخانەکان**

١- بڵاوكردنەوەی زانیاری و هونەر: چاپی كتێب، نەخشە، سیدی....هتد.
٢- خولی راهێزان: زمان، داتاكاری، بەرنامەی خوێندن.
٣- سینەمای فەرهەنگخانە.
٤- رادیۆی لاوان.
٥- كۆڕی هەمەڕەنگ.
٦- فێستیڤاڵ و ئاهەنگی هەمەجۆر بۆ خەڵاتكردنی لاوانی بەهرەمەند.
٧- پتەوكردنی پردی پەیوەندی نێوان كوردستان و هەندەران.
٨- ژینگەی فێرگە- هاوكاری فێرگەكان بۆ خۆشكردنی ژینگەی خوێندن.
٩- ژینگەی دەوروبەر- هاوكاری شارەوانی بۆ پاراستنی ژینگە.
١٠- وەشانخانەی لاوان: بۆ تەرجەمەی شا بەرهەمی جیهانی جۆراوجۆر، بۆ نموونە تەرجەمەی ٦٠ كتێبی هەڵبژاردە لە زنجیرەی (Very Short Introductiol- VSI)ی وەشانخانەی ئۆكسفۆرد، بڕوانە بەستەری: www.oup.co.uk/general/vsi



**چالاكی فەرهەنگخانەكان**

**کەمپی هاوینە**

وەزارەتی وەرزش و لاوان لە رێکەوتی ٢٠٠٧/٧/١٥ کەمپێکی هاوینەی لە ناوچەی شیلادزی لە نزیک ئامیدی لە دەڤەری بادینان کردەوە، کەم کەمپە بەبەشداری چەندین لاوی کوردستان و فەرهەنگخانەکانی کوردستان تێدا بەشدار بوون لەم کەمپە چەندین خول و سیمینار و کۆر و یاری و ئاهەنگی تێدا ساز کرا.



**لایەنێک لە کەمپی هاوینە - ٢٠٠٨**

**لەرۆژی دەستپێکی کەمپ پرۆگرامەکانی کەمپ دەستی پێکرد.**

بەیانیان لاوان هەڵدەستان بۆ وەرزشی بەیانیان، هەموو رۆژ سێ جەمە نانیان بۆ ئامادە دەکرا نانی بەیانیان کاتژمێر (٩) نانی نیوەرۆ کاتژمێر (٢) نانی ئێوارە (٩)ی ئێوارە ئامادە دەکرا لەلایەن ستافێکی تایبەتەوە کە پێکهاتبوو لە (١٣) کەس کە لەلایەن گرووپی پێشوو ئامادەکرابوو.

**پرۆگرامەکانی کەمپ لە چەند بەشێک پێک هاتبوو ئەمانەنە بوون:**

١. کۆرو سمینار
٢. خولەکان
٣. دەرچوون
٤. چوون بۆ شاخ
٥. چالاکی فەرهەنگخانەکان
٦. ئاهەنگ



ستافی رۆژنامەنووسان لە کەمپی دێرەلوک

**کۆڕ و سمینار:**

ئەم بەڕێزانەی کە بەشداربوون تیایدا

بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان

بەڕێز مامۆستا شەماڵ لە وەزارەتی ژینگە

بەڕێز محەمەد موحسین بەرپرسی لقی(١٨)

بەڕێز بەرپرسی مەڵبەندی ئامێدی

بەڕێز د.ڕێواس ئەحمەد

بەڕێز تیشکە محەمەد پور

بەڕێز ئاسۆس شەفیق

بەڕێزان هەڵگورد و ئاری خوێندکار لە زانکۆی سلێمانی

بەڕێز هاشمی ئەحمەد زادە

بەڕێز مامۆستا قەرەنی بۆ ڕاگەیاندن

- وەزارەتی تەندروستی بۆ ئامۆژگاری تەندروستی
- دەزگای مین هەڵگرتنەوە
- وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، هەروەها هاتنی هەمان وەزارەت بۆ دابینکردنی کار بۆ لاوان.

**خولەکان:**

خولی وەرزشی پێک هاتبوو لەمانە

- وەرزشی بەیانیان
- یاری تێنس
- یاری تۆپی پێ
- یاری بەلەمەوانی بۆ یەکەم جار لە کوردستان
- یاری ڕیشە
- یاری شەترەنج
- خولی فێربوونی ئوتۆمبیل
- خولی فێر بوون و بەکارهێنانی چەک
- خولی کۆمپیوتەر
- خولی ئینگلیزی

**دەرچوونەکان:**

دەرچوونەکان بۆ شارەکانی کوردستان بوو.

شاندی ئامێدی و هیتوت و بارزان و چەند گەنجێکی بیانی کە لە پۆلەندا هاتبوون گەشتێکیان بۆ ساز کرا بۆ شاری سلێمانی لە بەرواری جیاوازدا کە شارەزاییان نەبوو لەم شارەدا بە شار و شوێنە گشتییەکان و مێژووییەکاندا ئاشنا بوون کە هەر شاندە و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ ماونەتەوە لەم شارەدا.

سەردانی شاندی سلێمانی و ڕانیە و قەڵادزێ و سەنگەسەر و ژاراوا بۆ شاری دهۆک و ئامێدی و دەڤەرەکە بەبەردەوامی لەبەرواری جیاوازدا.

سەردانی شاندی هەولێر بۆ شاری سلێمانی و لەوێش بۆ ناوچەی هەورامان شارەزا بوونیان بەم شوێنە خۆشانەی کوردستان.

**چوون بۆ شاخ :**

بەسەرپەرشتی بەڕێز کاروان عارف دەرچوون بۆ شاخ بەڕێوە دەچوو هەموو پێداویستییەکانیان بۆ ئامادە دەکرا لەلایەن کۆگای کەمپەوە هەر جارە و گروپێکی (٤٠) کەسی دەردەچوون بۆ شاخەکانی ئەم دەڤەرە وەک وەرزشی شاخەوانی.

**چالاکی فەرهەنگخانەکان لە کەمپەکە:**

زۆربەی فەرهەنگخانەکان بەچالاکی جیاواز بەشداریان تیایدا کرد. شاندی هەولێر بەرنامەیەکی پێشکەش کرد بەناوی (کەناڵی ئاسمانی زانکۆی سەلاحەدین) ئەم بەرنامەیە لە چەند بەشێک پێک هاتبوو.

فەرهەنگخانەی ڕانیە بەچەند بەرنامەی جیاواز بەشداریان تیایدا کرد، فەرهەنگخانەی چۆمان و شاندی ئامێدی و شاندی سلێمانی شاندەکانی تریش هەموویان بەبەرنامەی جوان بەشداریان تیایدا کرد.

## فەرهەنگخانەکانی وەزارەت

**پاشخان**

یەکەم هەنگاوی کاری ئەم وەزارەتە بریتی بوو لە نەخشاندنی تابلۆیی دووتای تەرازوو:

- تایەک بۆ شرۆڤەی داکەوت (واقیع) دیاریکردنی کێشە، دۆزینەوەی چارەسەر پیادەکردنی و ئەوجا هەڵسەنگاندنی ئەو چارەسەرە.
- تایەک بۆ دیاری کردنی وێنای دوورە دەست و ئامانجی نزیک.

تەرازوو، جگە لە دوو تا، ستوون، باسک، ڕایەڵ و کێشی هاوسەنگی هەیە. کۆی ئەم ئامرازە لە Logical Framework Approach - LFA دا کۆکراوەتەوە، ئەمیان شیکارییە لەبواری بەرنامەڕێژیدا لەسەر ئاستی جیهانی برەوی هەیە.

وەزارەت هات و شادۆزی لاوانی دیاری کرد: (لاوانی کوردستان لە بەستێنی دەسەڵاتدا پەراوێز خراوان، لە پرۆسەی بڕیارداندا جێیان ناکرێتەوە و نەخشیان نییە). وێنای هەرە بەرزی وەزارەت دەڵێت: (ئافراندنی جڤاتێکە لاوان تێیدا ئازاد، سەرفراز، داهێنەر، دەرفەتدار و خوێندوو بن) ئامانجی نێزیکیشی (پێکهێنانی بزاڤێکی لاوانە، دیموکرات، دەستەڕۆ و بەشدار بێت) بزاڤێکە دۆزی ئەرک و مافی کەسەکی و میللی، زایەند (جەندەر)، ژینگە و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت (پەککەوتە) هۆشیارانە بگرێتە ئەستۆ.



وەزیری وەرزش و لاوان لە کەمپێنی لاواندا

**له بیردۆزەوە بۆ کار**

بەم جۆرە شاهێڵی تابلۆی سیاسەتی وەزارەت ڕەنگڕێژ کرا: فەرهەنگخانە دەبێتە خانەیەکی ئازاد تێیدا لاوان هۆش و گۆشی خۆیان بۆ سوود و کامرانیی خۆیان دەخەنە کار. حکومەت دەرفەتساز و جەوانان چارەساز. وەزارەتی وەرزش و لاوان پشتیوان و فەرهەنگخانە بنکەی بڕیار و کار. کاری چوست و گورج دەبێت لە ڕۆتینی ئاڵۆز و داهێز ڕەها بێت. فەرهەنگخانە بە بڕیاری وەزیری وەرزش و لاوان کرایە بەرنامەیەکی ئاوتۆنۆم و ڕاستەوخۆ بەبەشی فێرکاری نێو دیوانی وەزارەتەوە گرێ درا.

**دەستەی ڕێبەر**

لە فەرهەنگخانەدا جەوانی ئەم یان ئەو دەڤەر دەستەی ڕێبەر دیاری پێک دێنن:

١. سەرۆک: بۆ ڕێبەرایەتی و هاوئاهەنگی.

٢. سکرتێر: خامەدارە، پرۆتۆکۆڵی جڤین و ئەرشیڤی فەرهەنگخانەی لە ئەستۆیە.

٣. ژمێریار: داهات و خەرجی لە دەستە.

٤. بەرپرسی چالاکی: دیاری کردنی کێشە و دۆزینەوەی چارەسەر پێویستی بەکارە بەرپرسیاریەتی لە ڕەوتی کار و ڕێکخستنی وەردەکارییەکەی لێرەدا کۆدەبێتەوە.

٥. هاوکار: جێگەی هەر کەسێکە لەوانەی سەرەوە گەر پێویست بێت.

ئەوجا دوو کەس بۆ چاودێری: ئەم دوو کەسە چاودێری سەر لەبەری ئابووری و کاری فەرهەنگخانەکە دەگرنە ئەستۆ. ڕاپۆرتی ساڵانەی ئەم دوو چاودێرە دۆکیومێنتیکی گرنگە بۆ وەزارەت. دەستەی ڕێبەر مانگانە کۆدەبێتەوە، سەرۆک بەر لە کۆبونەوە ڕۆژەڤی کۆبوونەوە ئامادە دەکات و لە کۆبونەوەکەدا دەبێتە سەرۆکی کۆبونەوەکە. سکرتێر پرۆتۆکۆڵی ئەو جڤینە دەنووسێتەوە. ئەم پرۆتۆکۆڵە بەواژووی سکرتێر و سەرۆکی فەرهەنگخانە دەبێتە نووسیاری سەرچاوە هەم بۆ وەزارەت و هەم بۆ میللەت. لێرەدا مێژووی فەرهەنگخانەکە تۆمار دەکرێت. هەر چالاکییەک پیادە بکرێت دەبێت لە جڤینی دەستەی ڕێبەردا بڕیاری دیموکراتیانەی لەسەر درابێت و پرۆتۆکۆڵی جڤینەکە تۆمار کرابێت. ئەمە ئامرازێکە بۆ ڕێگرتن لە بڕیاری ئارەزوومەندانەی تاکڕەوانەی نا دیموکرات. کۆنترۆڵی ئەم زنجیرەی: ڕاوێژی نێو دەستەی ڕێبەر، بڕیاری دیموکراتیانە و تۆماری نێو پروتۆکۆڵ دەکەوێتە ئەستۆی چاودێران .

## ڕۆڵی وەزارەت و ڕۆڵی فەرهەنگخانە:

وەزارەت جگە لە بودجەی پرۆژە، کەلوپەل و ئامێری پێوست بۆ فەرهەنگخانە تەرخان دەکات هۆڵی وەرزش، ستۆدیۆی ڕادیۆ، هۆڵی فێرکاری و داتاکاری (کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت) کتێبخانە، سینەما، کارگەیی بەرهەمهێنی وەک دروومان، ئاسنگەری و دارتاشی. ئەوەی دەمێنێت کە دەکاتەوە سەر لەبەری بڕیاردانی کار و بەڕێوەبردنی پرۆژەکان لە ئەستۆی دەستەی ڕێبەردایە. فەرهەنگخانەی ئەم یان ئەو شار و شارۆچکەیە بۆخۆی باشتر شەرەدەری لە کێشە و پێداوستیی خۆی دەکات، بڕیاریش هەر لای خۆی بێت باشترە.

بەم سیاسەتە جەوانی کوردستان توانای بەرزتر و نەخشی گەشتر دەبێت. ڕۆڵی حکومەت دەچێتەوە چێوەی ڕەوای خۆی کە تواناسازی و دەرفەتسازییە. میللەت، لێرەدا لاوان، کارا و توانا، بەشدار و

ڕێزلێگیراون. فەرهەنگی سستی، کەمتەرخەمی، گۆشەگیری، گەدایی و مفتخۆری کە میراتی سیستەمی گشتگیری فاشیستانەی کۆن بوو لە فەرهەنگخانەی لاواندا دەگۆڕدرێ بەفەرهەنگێکی چوست و دڵگەرم، باوەڕ بەخۆ و بەپێشەڕۆژ، دڵسۆز و نازۆ. لەم سەروبەندەدا ڕۆڵی خانمان ڕۆڵی تایبەت و بەرچاویان دەبێت.

نموونەی بەرهەمی گشت لەم فەرهەنگخانانەدا:

- ڕادیۆی ئازادی لاوان، بنکەی درومان و کاری دەست، بنکەی ئاسنگەری و دارتاشی، هۆڵی وەرزشی، سینەمای لاوان، کۆڕ و سیمیناری هەمە بابەت بە مەبەستی فرەواندنی ئاسۆی هزر و گەشەی فەرهەنگ، خولی فێرکاری: زمان، داتاکاری، مۆسیقا و بابەتی دیکە، ژینگەپارێزی، ژنپارێزی، چالاکی جڤاکی وەک نۆژەن کردنەوەی فێرگە و بەسەر کردنەوەی پێداویستی دەوروبەر.

**پوختەی باس**

فەرهەنگخانە مۆدێلێکی نوێی کارکردنە، دەرفەتێکە بۆ جەوانی کوردستان بەشێوەیەکی دڵخواز (خۆبەخش) سیاسەتێکی گەنجانە لە دەڤەری خۆیاندا بۆ بەرژەوەندی خۆیان، بەپشتیوانی وەزارەتی وەرزش و لاوان، پیادە بکەن.

لێرەدا هەم جەوانی کوردستان ئازاد و لێسەمێندراو، بەشدار و دەسترۆ ویستی خۆیان دەچەرخێنن، هەم حکومەت ئەرکی خۆی دێنێتە دی کە ڕاهزانی لاوان و جڤاتێکی مەدەنی دیموکراتە.



**چالاکی فەرهەنگخانەکان**

# کاروچالاکی فەرهەنگخانەکان

**فەرهەنگخانەی سلێمانی**

١. کۆرسی زمانی ئینگلیزی (دایەلۆگ) بۆ خوێندکارانی زانکۆ.
٢. داتاکاری کۆرسی سێ هەفتەیی فێرکاری بەرنامەکانی دیزاین و فۆتۆ شۆپ.
٣. کۆرسی فۆتۆگرافی و هونەری وێنە گرتن دوو هەفتە.
٤. بەرەو زانکۆ... کۆرسێکی دە ڕۆژی بۆ ١٥٠ لە خوێندکارانی دەرچووی پۆلەکانی شەشەمی ئامادەیی، تا خوێندکاران ئاشنا بکرێن بە ژیان و شێوەی نوێ خوێندن لە زانکۆکاندا.
٥. کۆنسێرتێکی (Rappe musik) بۆ نزیکەی ٤٠٠ لە گەنجانی سلێمانی.
٦. سینەمای ئێواران نیشاندانی فیلمی تەرجەمەکراوی کوردی بۆ گەنجانی فەرهەنگخانە.
٧. سازدانی سێ بەرنامەی ڕاستەوخۆ لە ڕادیۆیی نەوا، لەمەڕ کاروچالاکی فەرهەنگخانەکان و دیدوبۆچوونی وەزارەت دەربارەی کێشەی گەنجان ..هتد.
٨. سازدانی خۆپیشاندان دژ بە سیاسەتی تورکیا و هەڕەشەی لەشکرکێشییەکانی.
٩. سیمیناری ئاگایی لەمەڕ تەندروستی ددان و چۆنیەتی پاکراگرتنی دەم ودان، بۆ زیندانانی بەشی چاکسازی زیندانی سلێمانی. فلّچە و دەرمانیش بەسەر زیندانییەکاندا دابەشکراوە.
١٠. کۆرسێکی زمانی ئینگلیزی یەک هەفتەیی بۆ منداڵانی گەرەکی بەرانان. هاوکات ڕۆژێکیش خولێکی تایبەت بە ئاگایی ددان و چۆنیەتی بەکارهێنانی فلّچە و دەرمان بۆ منداڵەکان کرایەوە. فەلّچە و دەرمانیش بەسەر منداڵەکاندا دابەش کراوە.
١١. خولێکی شەش مانگی فێربوونی کەمانچە بۆ ١٠ کوڕ و کچی گەنجی سلێمانی.
١٢. خولی داتاکاری بۆ نزیکەی ٢٠٠ زیندانی چاکسازی سلێمانی. دابینکردنی ١٠ کۆمپیوتەر و مامۆستای داتا بۆ زیندانیەکان مەبەست و ئامانجی پڕۆژەکە بریتییە لە دروستکردنی تایپیستی شارەزا بۆ نووسینەوە و پیتچنینی پەرتووکی هەمەجۆر.
١٣. دابەشکردنی بۆ زۆربەی دامودەزگا حکومی و ئیدارییەکانی دەڤەری سلێمانی.
١٤. خولی تەندروستی و ئاگایی زانیاری ددان بۆ پەیمانگەی کۆمەلایەتی هانا. هانا کۆمەڵەیەکی کەم ئەندامانی کەڕولاڵن. فلّچەی و دەرمانی ددان بەسەر بەشداربووواندا دابەشکرا و بەڤیدیۆشۆ فیلم و ڕێنمایەکانیان بۆ نمایش کرا.
١٥. دابەشکردنی سێتی وەرزشی بۆ تیپی تۆپی پێی زیندانی چاکسازی سلێمانی.
١٦. دابەشکردنی خەڵاتی وەزیر بۆ بەشداربووانی کۆرسی کاراتی ئاسایشی هەڵەبجەی شەهید.
١٧. کڕینی ئامێرەکانی دەنگ و میکسەر بۆ ڕادیۆی پەروانەی شارۆچکەی سەید سادق. فەرهەنگخانەی شەم هاوکاری سەرەکی ڕادیۆی پەروانەیە.
١٨. پاککردنەوەی گوندی (کەنەکەوە) لە ڕۆژی ژینگە کوردستاندا. بەشداری چالاکانە لە ئاگایی ژینگەپارێزی بۆ کەناڵەکانی میدیا و ڕوونکردنەوەی دیدی جیهانبینینی وەزارەت بۆ ژینگە و پاکڕاگرتنی ژینگەی کوردستان.

١٩. بەشداری و سەرپەرشتی خۆپیشاندانی فەرهەنگخانەکانی کوردستان، لە هەولێر لە دژی لەشکرکێشی تورکیا بۆ ناو سنووری کوردستان.
٢٠. بەشداری چالاکانە بەئەنجام گەیاندانی پرۆژەی وەشانخانەی گەنجان ( تەرجەمەکردنی ٦٠ کتێبی ئۆکسفۆرد) بۆ زمانی کوردی.
٢١. هاوکاری و هەماهەنگی و کارئاسانی بۆ فەرهەنگخانەکانی (چەمچەماڵ، کەرکووک، قەڵادزێ، شۆرش، شارەزوور، سەیدسادق، هەڵەبجە، باوەنوور، کەلار، ڕزگاری، خانەقین، کفری) دابینکردنی هێڵی ئینتەرنێت، کەلوپەلی فێرکاری و لە هەندێک شوێنی وەرزشی... هتد.
٢٢. دابینکردنی پێداویستی وەرزشی (سێتی وەرزشی) بۆ هەردوو تیپی حەمرین و وەزگێڵ لە شارۆچەکەی هەڵەبجەی شەهید.
٢٣. خولێکی یەک ڕۆژە بۆ خاتوو چۆمان بۆ گەنجانی شارۆچکەی سەیدسادق دەربارەی (دەسەڵای زمان لە نووسین و شیعردا) بەهاوکاری ڕادیۆی پەروانە.
٢٤. خولی دووەمی زمانی ئینگلیزی بۆ خوێندکارانی ساڵی یەکەم لە زانکۆی سلێمانی.
٢٥. ڕۆژی ٢٠٠٧/١١/٢ گەنجانی فەرهەنگخانەی سلێمانی بەهاوکاری گەنجانی گوندی (کەنەکەوە) دەستیان کرد بە پاککردنەوەی پارکی ئازادی. ئەوەی جێگای دەستخۆشی و پێزانینی هەمووان بوو، بەشداری وەستا سەباحی دەسترەنگین بوو، بەو ئامێری خاشاک کۆکردنەوەی کە لە بەرهەمی دەست و توانای وزەی زێدە پڕ بایەخی خۆیی بوو.

**فەرهەنگخانەی سەنگەسەر**

**بواری ژینگە**

١. بەشداری کردن لە هەڵمەتی پاککردنەوەی شاری مەخمور لە مانگی ٦ ی ٢٠٠٧.
٢. نۆژەنکردنەوە و ڕەنگکردنی پارکی گشتی سەنگەسەر لە ٢٠٠٧/٧/١٣.
٣. دانانی سەتڵی خاشاک لە شەقامی گشتی سەنگەسەر لە مانگی ٨ ی ٢٠٠٧، هاوکات بۆ ئامادەیی سەنگەسەر و ناوەندیی پێشەوا.
٤. دانانی سەتڵی خاشاکی کارگەی لاوانی مەخمور لە شەقامی گشتی سەنگەسەر و ناو بازاڕ.
٥. لە ڕۆژی ژینگەی جیهانی ڕێکەوتی ٢٠٠٧/١٠/٢٦ هەڵمەتێکی خاوێنکردنەوەی شار ئەنجام درا کە هەموو جادەکانی شار خاوێنکرانەوە و شۆردران بەهاوکاری لەگەڵ شارەوانی سەنگەسەر کە نزیکەی ٥٠٠ نەمام چێندران.

**بواری خانمان**

فەرهەنگخانەی سەنگەسەر بایەخێکی تەواوی بەم بوارە داوە لە دەڤەرەکەدا، بەتایبەتی لە ڕێگەی سازدانی کۆڕ و کردنەوەی خول.
١. کردنەوەی خولێکی دورمان بۆ خانمانی گوندی قادراوا کە نزیکەی ٤٠ فێرخواز تێدا بەشداربوون، لە ڕێو ڕەسمێکدا بەبەشداری بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان پێشانگەیەک لە بەرهەمەکانی خولەکە نمایش کرا.

٢. سازدانی کۆڕێکی ڕۆشنبیری بۆ خاتو (تیشکە محەمەد پوور) لەژێر ناونیشانی (فیمێنێزم) کە بەکۆمەڵێک ڕا و سەرنجی بەشداربووان دەوڵەمەند کرا.

٣. کردنەوەی خولێکی دورمانی لە گوندی (بەستەستێن) بۆ خانمانی ناوچەکە کە تیایدا ٤٠ فێرخواز بەشداربوون. لەکۆتایی خولەکەدا بڕوانامەی و دیاری بەسەر فێرخوازاندا دابەش کرا.

٤. بەدواداچوونێک لەسەر مەسەلەی ژن و توندوتیژی بەرامبەر بەخانمان بۆ خاتو مینۆکە لێکۆڵینەوەیەک بوو لەسەر توندوتیژی خانمان.

٥. سازدانی کۆڕێکی ڕۆشنبیری بۆ خاتو سەمیرە محەمەد بەناونیشانی ڕۆڵی کچ لە کۆمەڵگەی نێرینەدا.

**بواری فەرهەنگی**

لەپێناو برەودان بەبواری فەرهەنگی و هۆشیارکردنەوەی لاوان فەرهەنگخانەی سەنگەسەر چەندین کاروچالاکی بەئەنجام گەیاندووە لەوانە:

١. سازدانی کۆڕێکی ئەدەبی بۆ (د.هاشم ئەحمەد زادە) ڕۆژی ٢٠٠٧/٧/٣٠ لە هۆڵی ڕێنمای سەنگەسەر لەژێر ناونیشانی ڕەخنەی ئەدەبی، کە بەکۆمەڵێک بۆچوون و پێشنیار لەلایەن ئامادەبووانەوە کۆڕەکە دەوڵەمەند کرا.

٢. سازدانی وۆرک شۆپێک بۆ خاتوو (د.چۆمان هەردی) لەسەر زمان و دەربڕینی شیعری کە کۆمەڵێک لە لاوانی شیعردۆست بەدەربڕینی ڕا و سەرنجی خۆیان بەشداربوون.

٣. کردنەوەی خولێکی نووسین و ڕۆژنامەوانی بۆ نزیکەی ١٥ فێرخواز بەسەرپەرشتی (م.شوان ئەحمەد).

**بواری پەروەردە**

١. سازدانی پرۆژەی پۆلی هاوچەرخ لە سەنگەسەر بە هاوکاری ڕێکخراوی کۆمەک.

٢. سازدانی خولێکی ڕاهێزان بۆ وانەی عەرەبی بۆ ٢٠ خوێندکاری ئامادەیی لە ٢٠٠٧/٧/١٥ دا.

٣. سازدانی ڕاهێزان بۆ وانەی بیرکاری بۆ ٥٠ قوتابی پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە ٢٠٠٧/٧/٢٠ دا.

٤. پێداچونەوەی وانەی ئینگلیزی بەسەرپەرشتی (مامۆستا توانا حەمە ڕەسول) بۆ ٢٠ قوتابی شەشەمی سەرەتایی لە ٢٠٠٧/٨/٢ دا.

٥. نمایشکردنی فلیم کارتۆنی زانستی بەسینەما ڤیژن بۆ قوتابیانی قوتابخانەی گوندی زەنگلان لە ٢٠٠٧/١١/٢٠ دا.

٦. کردنەوەی خولێکی ڕاهێزان بۆ خوێندکارانی ئامادەیی کە ٢٥ خوێندکاری تێیدا بەشداربوون بەسەرپەرشتی (مامۆستا توانا) لە ٢٠٠٧/٩/٥ دا.

**بواری وەرزش**

١. بەشداری کردن لە دروستکردنی یاریگەیەک بۆ وەرزشوانانی گەڕەکی ٥ ئازادی بەدابینکردنی گۆڵی ئاسنین و یارمەتی دانیان.

٢. کردنەوە و سەرپەرشتی کردنی خولێکی تۆپی پێ لە سەنگەسەر کە ١٨ تیپ بەشداری تیایدا کرد.

٣. پێکهێنانی تیپێکی وەرزشی باڵەی خانمان لە ئامادەیی سەنگەسەر.

**چالاکی دیکە**

- سازدانی ڕێپێوانێک لەسەنگەسەر دژ بەتۆپبارانکردنی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لە ٢٠٠٧/٩/٢٩ دا.
- بەشداری کردن لە پێشانگەی ڕێکخراوی توانسازی لاوان لە هەولێر دەربارەی ئەندامییەتی گەنج لە پەرلەماندا.
- بەشداری کردنی لە هەڵمەتی هەڵوێست وەرگرتن لە بڕیاری پەرلەمانی تورکیا بە پەلامارداني هەرێمی کوردستان. ئەم هەڵمەتە لە هەولێر ئەنجامدرا و زۆربەی فەرهەنگخانەکان تێیدا بەشداربوون.
- دەرکردنی بەیاننامە لەگەڵ فەرهەنگخانەکان و سازادنی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی لە ڕادیۆی لاوانی ڕانیە بۆ دەربڕینی نارەزاییی بەرامبەر بڕیاری لەشکرکێشی دەوڵەتی تورکیا بۆ ناو هەرێمی کوردستان.
- هەڵوێست وەرگرتن دژی لەشکرکێشی تورکیا لە دەربەندی سەنگەسەر بەچالاکی بەلەمەوانی ئاگرین وەک هێمایەک بۆ ویستی بەرگری لاوانی کوردستان.
- بەبۆنەی سەری ساڵی تازە پێشەنگەیەکی شێوەکاری بۆ بەڕێز (مامۆستا کەریم حەمەساڵح) سازکرا.

**فەرهەنگخانەی مەخموور**

**ئاسنگەری مەخموور**

١. لە ڕێکەوتی ٢٠٠٧/٩/١ دەست بەکار کرا.
٢. ١٠ گەنج کاری تێدا دەکەن ئەم گەنجانە سەرەتا خولیان بۆ کراوەتەوە دواتر دەست بەکار بوونە.
٣. ڕۆژانە ٨ کاتژمێر کار دەکرا جگە لە ڕۆژانی هەینی پشوو بوو بۆ ماوەی ٢ مانگ ١٠٠٠ دانە سەبەتەی خاشاک دروست کرا بۆ فڕێدانی پاشماوەکان.
٤. تێچوونی یەک دانە سەبەتەی خۆڵ ٣٠٠٠٠ هەزار دیناری تێدەچێت ٢٠٠٠٠ هەزار دیناری بۆ کەرەستەی سەرەتایی ١٠٠٠٠ هەزار دیناریش بۆ ئەو گەنجانەی کاری تێدەکەن بۆ زانیاری نرخی سەبەتەی خۆڵی جۆری تورکی و ئێرانی لە بازاڕ ٨٠٠٠٠ هەزار دینار ٥٠٠٠٠ هەزار دینار بۆ هەر دانەیەک دەگەڕێتەوە خەزێنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
٥. خاڵی گەش

دانانی کارگەی ئاسنی لاوانی مەخموور پاشەڕۆژێکی باشی دەبێت بۆ لاوانی مەخموور و بنبڕکردنی ئەم خاڵانە.

- نەهێشتنی بێکاری لاوان.
- پێشکەوتنی کاری ئاسنگەری و جۆشکردن لە ناوچەکە وهەرێمی کوردستان.
- بیرنەکردنەوەی لاوان بۆ دەرەوەی وڵات.
- فراوانبوونی بیری گەنجان بۆ کارکردن.
- پێشکەوتنی باری ئابووری لە هەرێمی کوردستان.
- دروستکردنی پەیوەندیەکی بەتین لەنێوان گەنج و دەسەڵات.

**فەرهەنگخانەی رانیە**

فەرهەنگخانەی رانیە لە ٢٠٠٧/٣/٥ەوە دامەزراوە لەلایەن وەزارەتی وەرزش و لاوان، سەرەتا چەندین کوڕ و کچ بەشداریان لە پێکهێناندنیدا کردووە و تا ئێستا کارەکانی بەسەرکەوتوویی ئەنجام دەدات و چەندین بەش لەخۆ دەگرێت وەک:

١- کتێبخانە

٢- بەشی وەرگێران لە زمانی فارسییەوە بۆ زمانی کوردی

٣- بەشی سینەما

٤- بەشی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر

٥- رادیۆی لاوانی رانیە

چالاکییەکانی فەرهەنگخانە:

١- پێشوازی لە چەندین شاندی بیانی کراوە لە فەرهەنگخانە.

٢- رێکخستنی سیمینارێک بۆ رێکخراوی قەندیلی سوێدی بۆ کۆمەڵێ کوڕ و کچی رانیە.

٣- کردنەوەی خولی ئینتەرنێت و دروستکردنی ویب سایت بۆ ١٥ کوڕ و کچی رانیە.

٤- کردنەوەی خولی فێربوونی زمانی ئینگلیزی بۆ پرۆگرامی ئینتەرنێت بەبەشداری ١٥٠ کوڕ و کچ بەڵام دوایی تاقیکردنەوەی پێشوەخت ١٢٠ کاتژمێر بوو لە کۆتایشدا بەشداربووان بڕوانامەکەیان پێبەخشرا.

٦- وەرگێرانی چەندین کتێبی فارسی بۆ سەر زمانی کوردی و ئامادەکردنیان بۆ چاپ.

٧- سازدانی چەندین گرووپی کوڕ و کچ بۆ بەشداریکردن لە کەمپی دێرەلوک.

٨- سازدانی کۆڕێک بۆ د.چۆمان هەردی لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان.

٩- سازدانی وۆرک شۆپێک بۆ د.چۆمان هەردی لە پەیمانگەی مامۆستاسانی رانیە- بەشی کوردی.

١٠- سازدانی کۆڕێک بۆ خاتو تیشکە محەمەد پور بۆ بابەتی چێندەر لە پەیمانگەی مامۆستایانی رانیە.

١١- سازدانی کۆڕێک بۆ د. هاشم لە پەیمانگەی مامۆستاسانی رانیە بۆ بابەتی فیکری رۆژئاوا.

١٢- دروستکردنی پارکێک بۆ گەنجانی رانیە.

١٣- هاوکاریکردنی فەرهەنگخانەی قەڵادزێ بەمەبەستی نۆژەنکردنەوەی.

١٤- هەڵمەتی پاککردنەوەی ناو شار و دارستانی رانیە بەهاوکاری شارەوانی و قایمقام.

١٥- بەرنامەکانی رادیۆی لاوانی رانیە لە چەندین بەرنامە پێک دێت کە ١٣ بەرنامەیە لە یەک هەفتەدا و چوار رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی بەرنامەیان هەیە و رۆژانە ١٣ کاتژمێر رادیۆ کراوەیە لە کاتژمێر ٧:٣٠ی بەیانیەوە تا ٨:٣٠ی شەو بۆ بەرنامەی رازی شەو کە راستەوخۆ بیسەران پەیوەندی دەگرن بە رادیۆ. رادیۆی رانیە لە ٢٠٠٧/١٠/٢٢ کراوەتەوە.

**فەرهەنگخانەی کەرکووک**

١. لە رێکەوتی ٢٠٠٧/١/١ رادیۆی لاوانی کەرکووک دامەزرا، پەخشی ئەزمونی رادیۆ تا رێکەوتی ٢٠٠٧/٧/١٦ بەردەوام بوو، پاشان رادیۆکە کەوتە بەر شاڵاوی تیرۆرستان و تا ماوەیەکی زۆر لە کارو چالاکییەکانی راوەستا تا رێکەوتی ٢٠٠٧/٩/١ دووبارە لە شوێنێکی تردا رادیۆکە دەست بەکاربووەوە لە رێکەوتی ٢٠٠٧/١٠/٢٢ .

٢. له ڕێكەوتی ٢٠٠٧/١/١٥ سازدانی سیمینارێک بۆ خاتو (نالین) لەژێر ناونیشانی دیموكراسی و كۆمەڵگەی مەدەنی لەناو بارەگای تەلەفزیۆنی كەركووک.
٣. له ڕێكەوتی ٢٠٠٧/١/١٩ وۆرک شۆپێک بۆ خاتو (دلڤین) لەژێر ناونیشانی (UN)ناسی، بۆ كۆمەڵێک قوتابی كۆلێژی یاسای كەركووک و پەیمانگای هونەرە جوانەكان و قۆناغی ئامادەیی بۆ هەردوو ڕەگەز، بۆ ماوەی دوو ڕۆژ.
٤. له ڕێكەوتی ٢٠٠٧/١/٢٥ ئامادەكردنی دابینكردنی سەرجەم پێداویستییەكانی قوتابخانەی (دواناوەندی كوێستانی كچان)، ئەمەش لەسەر ئەو بڕە پارەیەی كە لەلایەن بەڕێز سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان ڕێزدار (نێچیرڤان بارزانی)یەوە بۆی تەرخان كرابوو.
٥. سازدانی گەشتێک بۆ زانكۆی سلێمانی بۆ قوتابیانی قۆناغی (پێنج و شەشی) دواناوەندی قوتابخانەی كوێستانی كچان.
٦. بەسەركردنەوەی ئەو ماڵانەی كە ئاوارەنو نیشتەجێی یاریگەی نێودەوڵەتی كەركووكن، كاركردن بۆ گواستنەوەیان بۆ شوێنێكی گونجاوتر، بەرزكردنەوەی ڕاپۆرت بۆ وەزارەتی وەرزشو لاوان و پەرلەمانی عێراقی فیدراڵ.
٧. بەشداریكردن لە كەمپی هاوینەی (ئامێدی)ی وەزارەتی وەرزشو لاوان.
٨. دابینكردنی كەلوپەلی وەرزشی بۆ دوو تیپی ئاوارەكانی یاریگەی كەركووک.
٩. دابینكردنی كەلوپەلی وەرزشی بۆ دواناوەندی ١١ی ئازاری كچان.
١٠. دابینكردنی هێلی ئینتەرنێت بۆ دواناوەندی هەورامانی كچان.
١١. دابینكردنی هێلی ئینتەرنێت بۆ دواناوەندی ١١ی ئازاری كچان.
١٢. دروستكردنی هۆڵێكی كۆمپیوتەر بۆ دواناوەندی پێشكەوتنی كچان.
١٣. بەشداریكردنی ڕێپێوانێک كە لە پاركی شەهید (سامی عەبدورەحمان) لە شاری هەولێری پایتەخت ئەنجامدرا بۆ بەرپەچدانەوەی هێرشەكانی توركیا بۆ سەر خاكی كوردستان.
١٤. دامەزراندی تەكنیخانەی كەركووک لە ڕێكەوتی ٢٠٠٧/١٠/٢٢.
١٥. دامەزراندنی هۆڵی وەرزشی لاوان بۆ یاری لەشجوانی بۆ هەردوو ڕەگەز لە ڕێكەوتی ٢٠٠٧/١٠/٢٢.
١٦. لە ڕۆژی پاككردنەوەی جیهانی تەكنیكخانەی كەركووک هەستا بە هەڵمەتی پاككردنەوەی چەند گەڕەكێكی شاری كەركووک.
١٧. بەشداری كردن لە كردنەوەی هەردوو فەرهەنگخانەی سلێمانی و چەمچەماڵ.
١٨. ئامادەكردنی فلیمێكی دوكیۆمێنتی دەربارەی هەموو فەرهەنخانەكانی سەر بە وەزارەتی وەرزش و لاوان.
١٩. ئامادەكردنی فلیمێكی دوكیۆمێنتی بەناوی (كلیل یان تراویلكە) لەسەر ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق.
٢٠. سازدانی سیمینارێک بۆ بەڕێز (د.چۆمان هەردی) لەژێر ناونیشانی زمانی شیعری كوردی و دەسەلات.
٢١. ئەنجامدانی سیمینارێک بۆ بەڕێز (ئاسۆس شەفیق) لەژێر ناونیشانی شێوازی ئەكادیمی بۆ نووسینەوەی ڕاپۆرت.

٢٢. سازدانی وۆرک شۆپێک بۆ فەرمانبەرانی شارەوانی ناحیەی شوان بۆ هەردوو بەڕێز (مامۆستا عەزیز و شێرزاد) لەژێر ناونیشانی ڕۆڵی ڕێکخراو لەنێو کۆمەڵگەدا.

**فەرهەنگی چۆمان**

خانەی فەرهەنگی چۆمان یەکێکە لە پرۆژە نایاب و سەرکەوتوو و کاراکانی وەزارەتی وەرزش و لاوان کە بەشێوەیەکی فراوان لە بوارە جۆربەجۆرەکانی رۆشنبیری، فکری و فەرهەنگی و خزمەت بە لاوانی دەڤەری باڵەکایەتی دەکات.

لە چەندین بەش و خزمەتگوزاری جیاجیا پێکهاتووە، بەشی وەرزش، بەشی کتێبخانە، بەشی سینەما و کافتریایەکی سەردەمی کە هەموویان لە سەرەتای کارکردندان و جێگەی دڵخۆشی خەڵک و گەنجانی ئێمەن، ئەوەی جێگای ئاماژەیە هەموو ئەم بەشانەی لە خانەی فەرهەنگی چۆمان دا هەن بۆ یەکەمجارە لە چۆمان دابمەزرێن بۆیە: لاوانی چۆمان هەمیشە سوپاسگوزاری لە وەزارەتی وەرزش و لاوان دەکەن، زۆر خۆشحاڵن بەهەبوونی نوێنەری راستەقینەی گەنجان لە دەسەڵات، ئەمیش ئەو وەچەرخانە گرنگەیە کە ئەمرۆ کوردستان بەخۆیەوە بینیوە کەدواتریش وەزارەتی وەرزش و لاوانی لێ کەوتۆتەوە کە بەم فراوانیە خزمەتی توێژی لاوان و گەنجان دەکات لەپێناو هێنانە کایەی خواست و ئاواتەکانیان.

خانەی فەرهەنگی چۆمان کە لە رێکەوتی ٢٠٠٧/٣/٦ کراوەتەوە تا رێکەوتی کرانەوەی بۆ ماوەی ٤ مانگ بەشێوەیەکی خۆبەخشی کاری لەسەر کراوە لەلایەن چەندین مامۆستا و قوتابی و خەڵکی رۆشنبیری باڵەکایەتی، کە دوای کرانەوەشی هەر بەردەوام بوونە لە کارکردن لەپێناو پێشخستن و برەو پێدانی.

لەمیانی سەردانەکەیدا بەرێز وەزیری وەرزش و لاوان سەردانی زۆربەی دەزگا حکومی و حزبیەکانیان کرد لەگەڵ بەسەرکردنەوەی چەندین شوێنەواری مێژوویی لە دەڤەری باڵەکایەتی کەخانەی فەرهەنگی چۆمان بەم فراوانییە خزمەت بە فەرهەنگی باڵەکایەتی دەکات رۆژانە لە کاتژمێر ٤ی دوای نیوەرۆ بۆ ٨ی ئێوارە کراوەیە، ئەمە جگە لەو رۆژانەی کەوا چالاکی تایبەتی وەک وۆرک شۆپ تیایدا ئەنجام دەدرێ کە لە بەیانیانیش کراوە دەبێت، بەردەوامیش خولی فێربوونی کۆمپیوتەر و زمانیش تیایدا بەرێوە دەچێ.

خۆپیشاندانێک لەسەر شێوەیی کۆبوونەوەی شار بۆدەربڕینی هەستی نارەزایی خەڵک بۆ تۆپبارانکردنی سنوورەکانی باڵەکایەتی و کوردستان:

لە رێکەوتی ٢٠٠٧/٩/٣ خۆپیشاندانێکی هێمنانە لە سەنتەری شار بۆ دەربڕینی نارەزایی لە بەرامبەر ئەو تۆپبارانە نامرۆڤانەیەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران ماوەی ٢٠ رۆژ لە دەڤەرە سەر سنوورییەکانی ناوچەکەی پێ شێواندوە، لەژێر ناووناتۆرەی بێسەروبەر کە بۆتە مایەی بێزاری خەڵکی دەڤەری باڵەکایەتی و گوندنشینان و مەرداران...هتد، سەرەڕای دروستکردنی ترس و دڵەراوکێی بۆ منداڵە چاو گەشەکانمان و پیرو پەککەوتە و گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان. ئەمە لە کاتێکدایە کە بەپێی رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان و جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ دەبێت هەر وڵاتێک سەروەری سنووری هاوسێکانی بپارێزێت.

بۆ هەڵوێست وەرگرتن دژی ئەم کردارە دزێوەی کۆماری ئیسلامی ئیران بە دەیان کەس ئامادەی ئەم خۆپیشاندانە بوون کە بۆ یەکەم جارە لە هەموو کوردستان و ناوچەکە خۆپیشاندانی لەم شێوەیە ئەنجام بدرێ.

جێگەی ئاماژەیە ئەم خۆپیشاندانە نارەزایی نیشاندەرە بە هەماهەنگی هەموو دەزگا حکومیو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەرێوە چوو. لە کۆتایشدا یاداشتنامەیەک درا بەبەرێز قایمقامی قەزانی چۆمان.

وۆرک شۆپی لاوانی سەرکردە

٢٠٠٧/٥/١٧ سازدانی وۆرک شۆپێکی تایبەت بە لاوانی سەرکردە بە هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوی رۆشنبیری یاسایی چۆمان کە تیایدا بەرێز (فاروق محەمەد سەعید) ، بەرپرسی رێکخراوی هەنگاو بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی زانستی باسی لە رۆلی گەنج لە سەرپەرشتی کردنی پرۆژەکان و هەروەها تایبەتمەندی گەنجی سەرکردە کرد بەشداربووانی ئەم وۆرک شۆپە: پۆلێک زیاتر لە ٢٠ کورِ و کچی لاوی چۆمان و باڵەکایەتی بوون.

**فەرهەنگخانەی چەمچەماڵ**

١. کردنەوەی خولی فێربوونی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت بۆ لاوانی چەمچەماڵ کە هەر خولی ١٥ رۆژ دەخایەنێت، تیایدا ٣٠ کەس بەشداری دەکات.

٢. کردنەوەی خولی فێربوونی زمانی ئینگلیزی کە تیایدا ٤٠ لاو بەشداری کردووە بۆ ماوەی مانگێک بەردەوامە.

٣. کردنەوەی خولی وەرزشی کچان بۆ ئەو ئافرەتانەی ئارەزووی دابەزاندنی کێشیان هەیە.

٤. کردنەوەی خولی وێنەکێشان و کاری دەستی.

٥. سازدانی سیمینارێک بۆ رۆژنامەنووس (لەتیف فاتیح فەرەج) لەسەر هوشیارکردنەوەی لاوان سەبارەت بە لەشکرکێشی تورکیا بۆ ناو خاکی کوردستان.

٦. دانانی تەنەکەی خۆڵ بۆ ناو شاری چەمچەماڵ.

٧. بەشداری کردنی ستافی فەرهەنگخانە لە هەڵمەتی پاککردنەوەی شاری چەمچەماڵ لە رۆژی ٢٠٠٧/١٠/٢٦.

٨. بەشداری کردنی ستافی فەرهەنگخانە لە رێپێوانی فەرهەنگخانەکان لە پارکی هەولێر لە رۆژی ٢٠٠٧/١٠/٢٠ لە دژی هەرەشەکانی تورکیا بۆ سەر خاکی کوردستان.

٩. دابەشکردنی نەخشەی کوردستان بەسەر ژمارەیەکی لەخوێندنگە و قوتابخانەکانی شاری چەمچەماڵ.

**فەرهەنگخانەی شەم – قەزای سید سادق**

- دەسەڵاتی زمان لە شیعر و نووسیندا، ناوونیشانی ئەو سیمینارە بوو بۆ خاتو د.چۆمان هەردی سازکرا بۆ گەنجانی ئەدەب دۆستی شاری سەید سادق، بەشداربووانی بە را و تێبینی و سەرنجەکانیان بەشداری چالاکانەیان تیادا کرد و سمینارەکەیان دەوڵەمەند کرد.

- خزمەتگوزاری ئینتەرنێت کە لە ماوەی دوو مانگدا ١٠٠٠ کەس بەکاریان هێناوە، خزمەتگوزاری

ئینتەرنێتی فەرهەنگخانەی شەم، ڕۆژانە بەردەوام کراوەیە هەموو کەس بەبێ جیاوازی و بێ بەرامبەر بەکاری دەهێنێت، کە تیایدا گەنجان و خوێندکاران و ڕۆژنامەنووسان و مامۆستایان لێی سوودمەندبوون.

- خولی کۆمپیوتەر بۆ ڕادیۆی پەروانە ڕۆژی ٢٠٠٧/١١/١٥ خولێکی کۆمپیوتەری بۆ ڕادیۆی پەروانە کردەوە.

- لەسەر داوای فێرخوازان فەرهەنگخانەی شەم خولێکی کۆمپیوتەری بۆ ٦٠ فێرخواز کردەوە، خولەکە لە شێوەی چوار گروپدا ڕێکخرابوو، گروپەکانیش بە پێی تەمەن ڕێکخرابوون، ئەم خولە لەلایەن دوو مامۆستای تایبەتەوە دەوترانەوە لە دوو کاتی جیاوازدا بەیانیان کاتژمێر ١٠، ئێواران کاتژمێر ٤، خولەکە بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ بەردەوام بوو.

- پێشانگەیەک بۆ ڕێبوارانی ناو ئۆتۆمۆبێل، لەژێر ناوی (سووتان لەپێناوی ژیاندا) پێشانگەیەکی سیرامیکی بۆ هونەرمەند (توانا شارەزووری) کردەوە، کە تیایدا سەرجەم ئەندامانی جەستەی مرۆڤ نمایشکرا کە بەشێوەیەکی هونەری دروستکرابوون، ئەم پێشانگەیە لە ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠٠٧/١١/٢٢ لە کاتژمێر ٩ی بەیانییەوە لەلایەن ملازمی هاتوچۆی قەزای سەید سادقەوە لەسەر شەقامی سەرەکی هەڵەبجە سەید سادقەوە کرایەوە تاکو ئێوارە بەردەوام بوو شتێکی نوێ بوو بۆ کوردستان و بە تایبەتیش شارەزوور، هەموو ڕێبوارانی ناو ئۆتۆمۆبێل دەیانتوانی ببنە بینەری پێشانگەکە.

- سیمینارێکی دەروونی دەربارەی ئامانج، بە دروشمی (ئامانج گەورەترین فانۆسی دەریایی ژیانی مرۆڤ) لە هۆڵی فەرهەنگخانە سیمینارێکی دەروونی دەربارەی (ئامانج) بۆ (شاهۆ شێخ لەتیف) ڕێکخست، هەر لەم سیمینارە مەلزەمەی وەرگێردراوی مەکتەبی کەمال کە لەلایەن شاهۆ لەتیفەوە وەرگێردرابوو پێشکەشی ئامادەبووان کرا تاکو هەر کەسەو ئامانجی خۆی لا روو نبێت، ژمارەیەک لە کوڕانو کچانو ڕۆشنبیرانی قەزای سەید سادق ئامادەبوون، سیمینارەکەش هاوشێوەی سیمینارەکانی مەحمودی مەعزەمی بوو کە وەک دەروونناسێکی دیاری فارس کە نووسینگەی سەرەکی لە کەنەدایە، سەبارەت بە ئێوارە وۆرشۆپێکی بەڕێز (شاهۆ لەتیف) بۆمان دوا و وتی: ویستم لە ڕێگای ئەو کۆڕەوە بە گەنجانی وڵاتەکەم بڵێم کە خۆتان خۆش بوێت و هەوڵ بدەن کۆمەکی ئەوانی تر بکەن کە زیاتر خۆیان خۆش بوێت، ویستم ئەوەیان پێ ڕابگەیەنم کە ئەوان دەتوانن هەموو کارێکی باش بکەن.

- کردنەوەی دووەم پێشانگەی تایبەتی کاریکاتێری بۆ هونەرمەند (شەماڵ ڕەشید) کردەوە لە ڕۆژی چوارشەممە ٢٠٠٧/١١/٧ کە نزیکەی ٥٠ وێنەی کاریکاتێری جۆراوجۆری لەخۆگرتبوو، ئەم پێشانگەیە لەدوو کاتی جیادا لە دوو شوێنی جیادا نمایشکرا، کاتژمێر ٩ی بەیانی لە هۆڵی فەرهەنگخانە بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری دامو دەزگا حکومییەکان و ژمارەیەکی زۆر لەگەنجان و ڕۆشنبیرانی شار و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن قایمقامی قەزای سەید سادقەوە پێشانگەکە کرایەوە.

کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆ هەمان پێشانگە لەسەر شەقامی گشتی سەید سادق لە دیواری دەرەوەی ناوەندی مەتین نمایش کرا.

- نمایشی هەفتەیی فیلمی فەرهەنگخانە لە ڕۆژانی جەژندا بە ئامێری سکرین (سلایدشۆ) فیلمی سینەمایی نمایش کرد، جگە لەوەش بۆ لاکردنەوە و لەو لایەنە هونەریە کە فەرامۆش کراوە و بۆ زیاتر ئاشنابوون بەو هونەرە هەفتانە فیلمی نوێ نمایش دەکات و خوێندنەوەی بۆ فیلمەکان دەکرێت.

هاوكاريكردنى فەرهەنگخانە بۆ:
- تيپى وەرزشى زانكۆ، بە شداريكردن لە خولى تۆپى پێى فەرهەنگخانەى باريكە
- هاوكاريكردنى تيپى وەرزشى زانكۆ بۆ بەشداريكردن لە خولى تۆپى پێى فەرهەنگخانەى باريكە.
- هاوكاريكردنى راديۆى پەروانە
١- ئامادەكردنى هۆڵ و كۆرِس بۆ ئاهەنگى راستەوخۆى سەرى ساڵ.
٢- ئامادەكردن و پێدانى هۆڵ و كۆرِس بۆ كۆرِى شيعرى.
٣- ئامادەكردن و پێدانى هۆڵ و كۆرِس بۆ سيميناره راستەوخۆكانى راديۆ.
فەرهەنگخانەى شەم بەشداريكرد لە كۆبونەوەى فەرهەنگخانەكان لە پاركى هەولێر، وەک پێشاندانى شێوازێكى مۆدێرنى دەربارەى ئينتيما نەتەوەييەكان.

**فەرهەنگخانەى باشك:**

**١. خولى زمانى كوردى:**

لە رِێكەوتى ٢٠٠٧/٩/٢٦ فەرهەنگخانەى باشک خولێكى زمانى كوردى لە دەڤەرى باشک كردەوە(٤٦) قوتابى تيايدا بەشدار بوو.
لەم خولەدا ئەم بابەتانە خوێندراوە.
- پيتى كوردى.
- چۆنيەتى نووسينى كوردى.
- رِێزمانى زمانى كوردى.
- چۆنييەتى قسەكردن بەزمانى كوردى.
- گفتوگۆكردن لە نێوان قوتابييەكان.
- مێژووى كوردى.
ئەم خولە (٣٠) رِۆژى خاياند لەگەڵ (٣) تاقيكردنەوە و تاقيكردنەوەيەكى كۆتايى.
شايانى باسە كە خەڵكى ئەم دەڤەرە لە دەيان ساڵ هەر بە زمانى عەرەبى قسە دەكەن و ئێستا فەرهەنگخانە خەريكە خەڵكى باشک فێرى زمانى كوردى بكات.
٢. فەرهەنگخانەى باشک قوتابخانەيەكى نۆژەنكردەوە بەناوى قوتابخانەى بحزانى سەرەتايى كە زۆر پێويستى بە يارمەتى بوو، چونكە قوتابييەكانى ئەم قوتابخانەيە زۆر كێشەيان هەبوو بەيارمەتى فەرهەنگخانە چارەسەركرا.
٣. كردنەوەى كتێبخانە لە فەرهەنگخانەكە گەنجان بۆ خوێندنەوە رِووى تێدەكەن.
٤. كردنەوەى كارگەى دورمانى باشک و لەرِۆژى ٢٠٠٧/١٠/١٠ خولێكى فێركردنى دورمان كرايەوە بۆ ئافرەتانى ئەم دەڤەرە بۆ فێركردنى كارى دورمان بەتايبەتى كچە گەنجەكان.
٥. كردنەوەى خولى فێركردنى كۆمپيوتەر.
لە رِێكەوتى ٢٠٠٧/١٠/١٠ دوو خولى فێركردنى كۆمپيوتەر كرايەوە، ژمارەى بەشدار بوو لە هەر خولێک (١٥) قوتابى بوون، ئەم خولەش بۆ ماوەى (٢٥) رِۆژ بەردەوام بوو.

٦- له ڕۆژی ٢٠٠٧/١٠/١٦ خۆپیشاندانی دژی تورکیا سازکرد داوا له پەرلەمانی تورکیا کرا بەشێوەیەکی دیموکراسیانه چارەسەری کێشەکان بکات.

٧ -له ڕێکەوتی٢٠٠٧/١٠/٢٦ فەرهەنگخانەی باشک لەگەڵ کۆمەڵێک گەنج بە هاوکاری شارەوانی باشک دەستیان کرد بە هەڵمەتی پاککردنەوەی ناوچەکە.

**فەرهەنگخانا شاریا**

١- ژ ڕێکەفتی ٧تا ٢٠٠٧/١٠/٩ ورک شوپەکا سێ رۆژی هاته ئەنجامدان ل دور (هەمەرەنگیا چڤاکی- الجندر) ڕێکخراوا نەرویجی (ان.پی.ای) کو هاتبوو ڕێکخستن ژبال فەرهەنگخانا شاریا ڤە ب هەفکاری دگەل بنگەهێ لالش یێ رەوشنبیری و کومەلایەتی تایێ شاریا و هەژیە بێژین کو (٢٠) کور و کچێن کومەلگەهێ بشداری دڤێ ورک شوپێ دا کربو و ل بارگایێ فەرهەنخانا شاریا هاتبو گێران بو ماوێ هەر سێ رۆژا.

٢- گەنجێن کۆمەلگەها شاریا ئامادەنا خو گوریکرنا کوردستانێ ل رۆژا دووشەمبیێ رێکەفتی ٢٠٠٧/١٠/١٥ دەمژمێر (٤) هێڤاری فەرهەنگخانا شاریا ب هەڤکاری دگەل بنگەهێ لالش یێ رەوشنبیری و کۆمەلایەتی تایێشاریا رابوو ب ئەنجامدانا چالاکییەکێ ل بارەگایێ فرهنکێ ل دوور (هەلویستێ ئەڤرۆ یێ تورکیا ژ بۆ گەڤێن هێرشکرنا وێ بو سەر سنورێن هەریما کوردستانێ) و دڤێ رۆنشتنا ڤەکریدا مامۆستایێ مێژوناس بەڕێز (خیرو سایمان علو) بتیرۆتەسلی روناهی بەردا سەر پەرین دیروکا گەلی کورد و تیدا دیارکر کۆ نەتەوا کورد دشوفێنیا نەتەوێن دەوروبەردا سوتیا تا نهو مافێن خۆ یێن رەوا بدەست ڤەنئینانه و دڤێ رونشتنێدا بەحسا روشا ئەڤرۆ ل هەریما کوردستانێ روودەدات هاته کرن لبن مەترسیا ترکیادا و بارێ عێراقێ یێ نەسروشتی، و باش گەنگەشە دکەل کۆمەکا گەنجێن کۆمەلگەهێ هاتەکرن، و دوماهیا سمینارێدا ئامەدابووا هەلویستی خوو دیارکر بەرامبەر ڤان کەفێن ئەڤرۆ تورکیا لەسەر سنورێ هەریما کوردستانێ دەئینه کرن دیارکەر و دەلسۆزیا خو دیارکر بوو خاکا خو یا بیرۆز و دەئامەدنا بو خو گوریکرنا کوردستانێ.

٣- ل ڕێکەفتی ٢٠٠٧/١٠/١٨ دەستەکا سەرپەرشتیار فەرهەنگێ دگەل کومەکا گەنجێن کومەلگەها شاریا بشداری کر دخو پیشاندانەکا تایبەت ل سەنترێ باژێرێ دهۆکێ و هەلویستی خو دەربەری دگەل جەماوەرێ دهۆکێ دژی سنوربەزینا تورکیا بۆ ئاخا کوردستانی.

٤- بشاندەکی تایبەت فەرهەنخانا شاریا ل ڕێکەفتێ ٢٠٠٧/١٠/٢٠ ل هولێرا پایتەخت ل پارکا سامی عبدلرحمان بشکداری دخوپێشاندانەکا تایبەت دگەل هەموو فەرهەنخانانێن کوردستانێ دژی هەلویستی لێشکەرێ تورکیا بو سنوربەزینا هەرێما کوردستانێ.

٥- بو جارا دووێ و هەر ژ ڕێکەفتی ٢٣تا ٢٠٠٧/١٠/٢٥ ورک شوپەکا سێ رۆژی هاته ئەنجامدان ل دور (هەمەرەنگیا چڤاکیی) ڕێکخراوا نەرویجی (ان.پی. ای) کو هاتبوو ڕێکخستن ژبال فەرهەنگخانا شاریا ڤە بهەفکاری دگەل بنگەهێ لالش یێ رەوشنبیری و کومەلایەتی تایێ شاریا و هەژیە بێژین کو (٢٠) کور و کجێن کەمەلگەهێ بشداری دڤێ ورک شوپێدا کربو و ل بارگایێ فەرهەنگخانا شاریا هاتبو گێران بو ماوێ هەر سێ رۆژا.

٦- خۆلەکا ئێک هەیڤی بو فێرکرنا زمانێ ئینگلیزی بو بیست کور و کجێن کۆمەلگەها شاریا.

# چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن و پەیوەندییەکان

**رۆژی ڤەلانتاین**

وەزارەتی وەرزش و لاوان بۆ بەرز راگرتنی رۆژی خۆشەویستی (ڤالانتاین) لە ٢٠٠٧/٢/١٤ ئەم رۆژە و بۆ بە بیرهێنانەوەی لاوانی کوردستان ئاهەنگێکی جەماوەری لە پارکی منارە لە شاری هەولێر ساز کرد کە تیایدا لاوانی کوردستان بەشدار بوون و تا ماوەی چەند کاتژمێرێک ئاهەنگەکە بەردەوام بوو، لە ئاهەنگەکەشدا وەزارەت گوڵی سووری بەسەر لاوان دابەش کرد.



سایتی وەزارەتی وەرزش و لاوان

**فێستیڤاڵی لاوی ساڵ**

وەزارەتی وەرزش و لاوان بڕیاری سازکردنی فیستیڤاڵێکی تایبەت بە لاوی دا، لە فێستیڤاڵەش لە چەندین بواری جیاجیا لاو خەڵات بکات، کە ئەم بوارانەی لەخۆ گرتبوو:

- خاوەن پێداویستی تایبەت، ئەدەب، زانست، هونەر، خوێندن، داهێنان، وەرگێڕان لە زمانی یەکەمەوە، چالاکی لەپێناو یەکسانی، چالاکی رووەو بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی.

**مەرج و پێوەرەکانی بەشداربووانی ئەم فێستیڤاڵە بەم شێوەیە بوو:**

١- کەسی ناوزەدکراو کوردستانی بێت، چ لەنێو هەرێم چ لە دەرەوەی هەرێم.

٢- کەسی ناوزەدکراو لەبواری خۆیدا نەخش و بەرهەمی نایاب بێت.

٣- تەمەنی کەسی ناوزەدکراو لەنێوان ١٤-٣٠ ساڵ بێت.

٤- زانیاری تەواوی دەربارەی ئەو کەسە بە دۆکیومێنت ئامادەبێت.

٥- لایەنێکی سەلمێنداراو ئەو بەرهەمەی بە دۆکیومێنت نرخاندبێت.

٦- بەرهەمی دیاری کراو لە دەرفەتی دیکەدا خەڵات نەکرابێت.
٧- ناوی تەواو، ئەدرێس و ژمارەی تەلەفۆنی کەسی ناوزەدکراو ئاشکرا بێت.
٨- لەهەر بوارێک کەسێک خەڵات دەکرێت.
٩- دیاریکردنی دیوانی وەزارەت و سایتی وەزارەت و ئیمێلێکی تایبەت بەم فێستیڤاڵە.

لە شەوەی ٢٠-٢٠٠٧/٣/٢١ لە ئاهەنگێکی گەورەی جەماوەریدا لە هۆڵی های ستی لە شاری هەولێر خەڵاتەکان دابەشکران کە تیایدا ئەم بەڕێزانە وەک لاوی ساڵ دەرچوون.

محەمەد جەعفەر لەبواری خاوەن پێداویستی تایبەت.
رەگەز رەشید لەبواری ئەدەب.
بەختیار رەزا لەبواری زانست.
ئومێد شێخ محەمەد لە بواری هونەر.
مەهاباد سەعدی لەبواری خوێندن.
نەریمان ئەنوەر لەبواری داهێنان.
سیروان جەبار لەبواری وەرگێڕان لە زمانی یەکەمەوە.
هێمن باقر لەبواری چالاکی لەپێناو یەکسانی.
کاروان مەهدی لەبواری چالاکی رووەو بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی.



لایەنێک لە ئاهەنگی فێستیڤاڵی لاوی ساڵ

**یادکرنەوەی ئەنفال**

بە هاوکاری وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوەکان لە یادی ئەنفالی کوردستان وەزارەتی وەرزش و لاوان لە رۆژی ٢٠٠٧/٤/١٤ لە هۆڵی گەلەری سەنتەری ئالاّ پێشانگەیەکی وێنەی دیکیۆمێنتی ئەنفالی بۆ هونەرمەند (رەهێل رەشید) و وێنەی فۆتۆی بۆ هونەرمەند (پشکۆ نەجمەدین) کردەوە کە تیادا چەندین وێنەی دیکیۆمێنتی و وێنەی سەرنج راکێشیان پیشاندابوو، هەر هەمان رۆژ لە هۆڵی سەنتەر کۆڕێکی بۆ خاتوو چۆمان هەردی سازکرد لەسەر ئەنفال.

**وتاری بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان لە یادی ئەنفال**

دۆستانی هێژا،

ئەمرۆ ساڵڕۆژی ئەنفالە. ئەنفال ستەمێکی فرە ڕەهەندی دوژمنێکی دڕ و نەسەلمێنە بەرامبەر میللەتێکی ئازادیخواز. یادێکی پڕ زام و ژانە لە ویژدان و گیانی تاکە تاکەی مرۆڤی ئەم کوردستانەدا.

ئەنفال جگە لە زام و کێشەی سەدان هەزار خێزان، دۆزێکی قانوونی و سیاسیی میللیە و چاوەڕێی وەڵامێکی دادپەروەرانەیە. ئەم دۆزە پێویستی بە کاری سیستەمبەند و ئەکادیمی هەیە، پێویستی بە کۆکردنەوەی زانیاریی دروست، بە شیکاری و دەربڕینی هەمەشێوە و هەمەڕەنگ هەیە. ئەمەش ئەرکێکی میللییە و نابێ لێی خەمسارد بین. لێرەدا دەستخۆشی لە خاتوو چۆمان هەردی و هەموو ئەو دڵسۆزانە دەکەین کە لەم کاروانەدا نەخشی بەرچاویان هەیە.

حکوومەتی عێراقی ئەو دەمە پلانێکی دۆژمنکارانەی وردی بەرامبەر گوندنشینی کوردستان دارشت. ئامانجی ئەو پلانە وێرانکردنی گوند و شارۆچەکەکانی ئەم نیشتیمانە بوو، شێواندنی شیرازەی جڤاکی، ئابووری و فەرهەنگیمان بوو، خامۆشکردنی گیانی ئازادیخوازانەی کوردستان بوو. فەرمان دەرچوو، لە هەشت باڵەوە لەشکر و جاش بە فڕۆکە و چەکی کیمیاییەوە، پەلاماری کوردستانیان دا.

سەدان هەزار مرۆڤ کەوتنە بەرشاڵاوی ژەهراویی کوشتن و دیلی. بەشێکی بەرفرەوانی کوردستان وێران کرا. دەستدرێژی لە گیان و لەشی میللیمان کرا. چ تاکەکەس و چ کۆمەڵگە هەتا ئەمڕۆش گیرۆدەی کێشەی هەمەجۆری سەختن.

ڕاستە بەرپرسایەتیی ئەو هەموو تاوانە لە ئەستۆی ڕژێمی کۆن و هاوکاریانیەتی، بەڵام چارەسەری کێشە سەختەکانی ئەمڕۆی کەسانی پاشماوەی ئەنفال بەرپرسایەتی هەموومانە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، UN و کۆمەڵگەی جیهانی و هەروەها ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

وەزارەتی وەرزش و لاوان لەبواری بەرپرسایەتیی خۆیدا، لە بەرنامەی ئەمساڵی ٢٠٠٧ دا جەخت لەسەر لاوانی پاشماوەی ئەنفال دەکات. وەڵامێکی ژیارمەند و کارای هەیە لێرەدا چەند نموونەیەکی دەخەینە ڕوو:

١- دامەزراندنی خانەی فێرکاریی تایبەت بە زمان و داتاکاری لە دەڤەرەکانی بادینان، هەولێر، کەرکووک، سلێمانی و گەرمیان. لەڕێی زمان و ئینتەرنیتەوە دەرفەتی دانووستانی جیهانی بەرووی لاوانی کوردستاندا دەکرێتەوە.

٢- دامەزراندنی تەکنیکخانە و زانستخانە بەمەبەستی پەرەدانبەبەهرەی زانستیی لاوان. لێرەدا کار

لەگەڵ وزە، ژینگە، میکانیک و ئەلەکترۆنیک دەکرێت.
٣- دامەزراندنی فەرهەنگخانەی تایبەت بە لاوان لە شارۆچکە دوورەدەستەکان. لە فەرهەنگخانەدا لاوان دەبنە خاوەن سینەمای گەڕۆک، کتێبخانە، کافیتیریا و هۆڵی وەرزش. توانا هەبێت ستۆدیۆی دەنگ و ڕەنگیش جێی دەبێتەوە. هەڵەبجە و چۆمان یەکەم وێستگەی ئەم پرۆژەیە بوون.
٤- وەرزش بەتایبەتی لە دەڤەرەکانی بەر ئەنفالدا جەختی تایبەتی لەسەر دەکرێت، لەسەر داوای سەرۆکوەزیران، کاک نێچیرڤان بارزانی، دەستپێکی کار ئۆردوگای ڕزاگارییە لە گەرمیان.
٥- لەبواری سیاسەت و قانووندا وەزارەتی وەرزش و لاوان لەسەر چەندین ئاست وردەکاری دەکات بۆ چاکسازی و گەشەکردن. هەر بۆ نموونە: دوو برگەی سزا هەبوو لە قانووندا لاساریی لاوانی زۆر سەخت سزا دەدا، ئەم دوو برگەیە میراتی سەردەمی بەعس بوون، لەسەر داوای وەزارەت و ڕێکخراوی پەری، بە فەرمانی سەرۆکوەزیران لە کار خران.
کاری وەزارەتی وەرزش و لاوان تواناسازی و زەمینەسازییە، ڕاهێزانی لاوانی کوردستانە ڕووەو ڕۆژگارێکی گەشتر. زانست، هونەر و خۆتەیار کردن باشترین دەستەبەرەن بۆ بەر گرتن لە دووبارەبوونەوەی هەژەندی وەک ئەنفال و هەروەها جوانترین وەڵامە لە ئێمەوە بەرامبەر ستەم.
سەروەری بۆ شەهیدانی ئەنفال و زۆر سوپاس بۆ بەشداربوونتان

**خەڵاتکردنی رۆژنامەنووسانی ساڵ**

وەزارەتی وەرزش و لاوان لە یادی ١٠٩ ساڵەی رۆژنامەگەری کوردیدا ١٥ رۆژنامەنووسی لاوی لەبواری جیاجیا دا بە ئامادەبوونی رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە




**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مەراسیمی خەڵاتکردنی رۆژنامەنووسانی ساڵ**

ڕێورەسمێکی شیاودا خەڵات کرد. مەبەست لەم خەڵاتەش ڕێزلێنان بوو لە قەڵەمی لاوان بۆ ئەوەی زیاتر برەو بە کاری ڕۆژنامەنووسی بدەن لە کوردستاندا، هەڵبژاردنی ئەم لاوانەش لەلایەن لیژنەیەک بوو لەناو وەزارەتی وەرزش و لاوان، ڕۆژنامەنووسە خەڵاتکراوەکانیش ئەم بەڕێزانەی خوارەوە بوون:

ئاریان محەمەد خدر، ڕەنج ڕەزا سەعید، راویژ عوبێد مەجید، سەمیرە محەمەد ئیسماعیل، محەمەد فخرەدین محەمەد ، فازیل نەجیب ڕەشید، هۆزان فردیدون عەبدورەحمان، عەبدولعەزیز موحسین عەبدورەحیم، سارا قادر محەمەد، نیاز عەبدوڵڵا قادر، ئەرسەلان عەبدوڵڵا عەزیز، سامان سلێمان سادق هوگر محەمەدتاهیر موسا، هیوا محەمەد قادر، کارزان کانبی ئیبراهیم.

**وتاری ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی خەڵاتکردنی ڕۆژنامەنووسانی لاو:**




**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مەراسیمی خەڵاتکردنی ڕۆژنامەنووسانی لاو**

میوانە بەڕێزەکان

ئێوارەتان باش... هەموو لایەکتان بەخێربێن بەسەرچاو

خۆشحاڵم لەڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ لەگەڵ ئێوەی ئازیز بەشداری لەم ڕێورەسمەدا دەکەم. بێگومان خەڵاتکردنی هەرتاک و گرووپێک زۆر واتا دەبەخشێت جگە لەوەی کە پاداشتکردنێکی شارستانییە لە هەمان کاتدا هاندەرێکی کاریگەرە بۆ داهێنان. دیارە هەر ڕۆژە و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام ڕۆژانێک هەن لە دیرۆکی گەلان کە زۆر پێویستە بە بەرز ڕابگیرێن، بۆیە بەستنەوەی خەڵاتکردنی کەسانێکی لێهاتوو بە یادەوەرییەکی گرنگ گرێدانی چەند مەبەستێکە بەیەکەوە. ئێمەی گەلی کوردستان شانازی بەمێژووی پڕ سەروەریی خۆمان دەکەین. ئەمڕۆش لەسایەی ئازادی و سەقامگیری کوردستان یادی ١٠٩ هەمین ساڵوەگەری ڕۆژنامەگەری کوردی دەکەینەوە. وەک ڕۆژێکی پرشنگدار لە مێژووی خۆماندا تۆماری دەکەین. نەک تەنیا لەبەر یادی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لەم ڕۆژەدا، بەڵکو لەبەر ئەوەی وەک گەلێک زۆر دەمێکە ئێمە هەستمان بەپێویستی و بایەخی ڕۆژنامەوانی کردووە، بۆ گەیاندنی پەیامی بۆ دەرەوە سەرفرازم کە بانگهێشت کراوم بۆ بەشداریکردن لەم بۆنەیەدا سوپاسی وەزارەتی وەرزش و لاوان دەکەم بۆ ئەم دەستپێشخەرییە بۆ ڕێکخستنی ئەم ڕێورەسمە. هەر لێرەدا دەمەوێ سوپاسی تایبەتیم دەنێرم بۆکۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت کە بەشدارییان کردبوو لە چاودێریی مەراسیم و بەخشینی خەڵاتەکان. ئەمەش نیشانەیەکی دیکەیەکە کۆمەڵگەکەمان خەریکە بەهەنگاوێکی دروست پێ دەنێتە قۆناغێکی ترەوە. گرنگی بەشداری کۆمپانیا تەنیا لایەنی ماددی نییە،

بەڵکو لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە کاریگەریی ئیجابی دەبێت. مەبەست لە یادکردنەوەی ڕۆژە گرنگەکانی مێژوو ئەوە نییە کە تەنیا ببن بەڕۆژی پشوو، بەڵکو زیاتر مەبەست هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و ئاشناکردنیانە بە ڕووداوی گرنگ و مێژوویی گەلەکەمان. مەبەست بەرز ڕاگرتنی ڕۆژەکان و پاراستنی دابونەریت و کەلەپووری نیشتیمانییە. گرنگە نەوەکانی تازە بەجۆرێک پەروەردە بکەین کە سوود لە ڕابردوو و مێژووی باوباپیران وەربگرن و ڕابردوو و ئایندەمان پێکەوە گرێ بدەن. دیارە حکومەت بە تەنیا ناتوانێ کۆمەڵگە بەرەو مەدەنیەت و نوێبوونەوە ببات. چاومان لە ڕێکخراوەکانی مەدەنییە بۆ دەستپێشخەری کردنیان لەمبارەیەوە، کەرتی تایبەت دەتوانێ ڕۆڵێکی زۆر کاریگەر ببینێت لەم ڕووەوە و هاندانی پەرەپێدان و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی شارستانی و هاوچەرخ بدات. دەستخۆشی لە وەزارەتی وەرزش و لاوان دەکەم بۆ دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی ئەم کۆمەڵە لاوە بۆ ڕۆڵی بەر چاویان. خۆشحاڵم کەوا دەبینم لایەنی یەکسانی لە ڕووی تەمەن و ڕەگەز ڕەچاو کراوە. گرنگە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەردەم لاوان و ئافرەتان بەشێوەیەکی یەکسان مامەڵە بکرێن و مافی نوێنەرایەتی کردنیان پێ ببەخشرێت. ئەزموونیش سەلماندوویەتی بەبوونی هەردوو ئەم چینە هێزێکی کاریگەرمان دەبێت بۆ گۆڕانکاری. بەبێ بەشداربوونیان دەرفەتێکی بەرەوپێشچوونی کەمتر مسۆگەر دەکرێت. ئەو ڕۆژنامەنووسە گەنجانەی ئەمڕۆ خەڵات دەکرێن ڕۆڵێکی دیار دەبینن لە پێشکەوتنی کوردستان لە ئایندە. وەکو حکومەتێکی مۆدێرن بەرپرسیارەتیمان لەسەر شانە بۆ ڕێزگرتن لە ئازادییەکان و هاندانی ئازادی ڕا دەربڕین و ئازادی ڕۆژنامەوانی. هەربۆیەش ئەمڕۆ لەگەڵتان بەشداری دەکەین. ئازادیی ڕۆژنامەوانی یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی ئازاد. پێویستە لەسەرمان ئەو ئازادییانە بپارێزین بەهەمان گیانی خەباتکردن لەپێناوی ئازادی دژی دکتاتۆریەت. کاتێک باس لە ئازادی ڕۆژنامەوانی دەکەین مانای ئەوە نییە کە هیچ سنوور و بەرپرسیاریەتی لەگەڵدا نەبێت، بەپێچەوانەوە ڕۆژنامەوانی ئازادیش بەرپرسیاریەتی هەیە. هەموومان بەرپرسیاریەتیمان لەسەر شانە بەرامبەر بەمیللەت کە ڕاستیەکانیان پێ بگەیەنین، نەک چەواشەیان بکەین. دەبێ کار بکەین لەپێناو خزمەتکردنی میللەت وەک دەسەڵات لە خزمەتی ڕاستی و شەفافیەتدا بین. پێویستە زۆر وریا بن لە ڕاپۆرتەکانیان بۆ مسۆگەرکردنی ڕاستگۆیی و متمانەی گەیاندنی پەیامەکانیان. ئەوکاتە ئەم دەسەڵاتە دەبێتە هێزێکی بزوێنەر بۆ چاکسازی، دەبێ هەمووولایەکمان هۆشیار بین و دوو مەسەلە بەیەکتر تێکەڵ نەکەین ئەوانیش ئازادی ڕۆژنامەوانی و ڕیگادان بە ناوزڕاندن. ڕوژنامەنووسان دەبێ هەردەم ئەو ڕاستیانەیان لەیاد بێت کە پێویستە بەرژەوەندی گشتی و بەرژەوەندی تەواوی کۆمەڵگە لەبەر چاو بگیرێت لەسەرووی بەرژەوەندی تاکەکەسی بێت. لەبەرئەوەی زۆرجار ئاسایشی نەتەوەییمان دەکەوێتە مەترسییەوە ئەگەر بەبێ بایەخ سەیری مەسەلەکان بکەین. ڕۆژنامەنووسە گەنجەکانمان دەرفەتی وایان لەبەردەمدایە کە هاوتاکانیان لە نەوەکانی پێشوو خەونیشیان پێوە نەبینیوە. ئەرکی سەر شانتانە ئەم دەرفەتەی کە هەتانە بە باشترین شێوە بەکاری بهێنن. ئەرکی حکومەتە کە کەشوهەوایەکی گونجاو دروست بکات بۆ ئەوەی یارمەتیتان بدات لە هەوڵەکانتان بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاریەکان لەناو کۆمەڵگەدا. پێویستە ئەوەش بزانین ئازادی ڕۆژنامەوانی و کۆمەڵگەیەکی شارستانی کە ئومێدی هەموومانە بە شەو و ڕۆژێک نایەتە دی، بەڵکو ماوەیەکی پێدەوێت و دەبێ کاری بۆ بکرێت. دیارە لەو

پرۆسە سروشتییەی هەوڵدان بۆ گۆڕان و ریفۆرم هەندێ جار کۆمەڵگە دەبێتە قوربانی هەندێک مەبەستی تایبەتی ئەو کەسانەی کە بەکاری دەهێنن. هەندێ کەناڵ و دەزگا متمانەی خەڵک بەکار دەهێنن بەپێویستی خۆیان و بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان، بەڵام دڵنیام کۆمەڵگەی هۆشیار و پێگەیشتوو لە هەڵەکانی خۆیان فێر دەبن. دامەزراوی رۆژنامەوانی بەم پرۆسەیە پەرەدەسێنێ و بەهێزتر و کاریگەرتر دەبن. لە کۆمەڵگەیەکی ئازاددا ئەو دەزگایەی کاری رۆژنامەگەری رێک دەخات، ئاژانسێکی سەر بە حکومەت نییە، بەڵکو بازاڕی خۆیی هەیە، بۆیە ئێمە ترسی ئەوەمان نییە ئەو پرۆسەیە کەوا ئاکامەکەی لە خزمەتی راستی دەبێت رۆژێکیش دادێ ئەو بۆچوونانە بەسەر دەکەون کە پڕ بەها و سوودبەخش دەبن بۆ کۆمەڵگەکەمان. ئەوانەی رۆڵی خۆیان دەگێڕن لە پەروەردەکردنی نەوەیەکی بناتنەر و بەرهەمهێنەر نەک ئەو بۆچوونانەی کە پڕن لە ناوزڕاندن و بەمەبەستی و روژاندنی هەندێ بابەت و مەسەلەی تایبەت. خۆشحاڵین کە خەڵاتکردن لە کوردستان بێتە نەریتێک کەسی لێهاتوو و کارامە پاداشت بکرێن و ببنە مایەی هاندانی گیانی کێبڕکێ لەنێوان چین و توێژەکاندا. رۆژنامەنووسی باش تەنیا ئەو کەسە نییە چاودێریی مەسەلەکان بکات و لێیان تێبگات، بەڵکو بتوانێ راستییە بنەڕەتییەکان بگوازێتوە بەشێوەیەک کە بوار برەخسێت بۆ لایەنی بەرامبەر کە خۆیان دەرەنجامەکانیان دەربهێنن. ئێمە ناڵێین ئەو ئەزموونەمان لە هەموو رووێکەوە بێ کەموکوڕییە، بەڵام نامانەوێ بەوەندە بووەستین. دەمانەوێ هەوڵ بدەین سوود لەم دەرفەتە وەربگرین ئەزموونی دیموکراسیان دەوڵەمەندتر بکەین ئازادی تاک و کۆمەڵیش مسۆگەر بکەین، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن بنیات بنێین کە بڕوای بەیەکسانی و پێکەوە ژیان و لێبوردەیی هەبێت. بڕوای بەئازادییە بنەرەتییەکان هەبێت. مێژوو زوڵمی زۆری لێکردووین، شەڕی ئێمە لەگەڵ ڕژێم لەسەرمان و نەمان بووە وەک نەتەوە، بەڵکو خۆڕاگیری گەلەکەمان وای کردووە کە کەلتوورو زمانی خۆمان پاراستووە بەهەمووشێوەیەک. ئێمە لەم رۆژەدا پێویستە بەشکۆداری یادی یەکەم رۆژنامەی کوردی (کوردستان) بکەینەوە کە بەر لە ١٠٩ساڵ دەرچوو بۆ خزمەتکردنی وشەی رەسەنی کوردی. پیرۆزبایی ئەم رۆژە لە سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەم، دەبێ ئەوەش بزانین هەردەم ئەم یادکردنەوەیە گرێدراوە بەیادی بنەماڵەی بەدرخانیەکان کە رۆڵی کاریگەریان بینیوە لەم بوارەدا. گەلی کوردستان بەهەموو پێکهاتەکانیانەوە شایستەی ژیانێکی باشتر و ئایندەیەکی گەشترە پێویستە لەسەر هەموومان ئەم ئامانجە دەستەبەر بکەین زەمینە خۆش بکەین بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵگە بەڵام دەبێ هەوڵی جدی بدەین کە ڕای گشتی کوردستان زۆر هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ رووداوەکان بکات. ئەمڕۆ ئێمە لەبەردەم ئەزموونێکی سەخت داین. هاوکێشە سیاسییەکان هێشتا بەنادیاری ماونەتەوە لە ئەنجامی ئەو ڕەوشە نالەبارەی کە لە عێراقدا هەیە. ئێمەش بەشێکین لەم هاوکێشەیە و بێبەش نین لەو ململانێیەی نێوان بەرەی ئاشتیخوازی دیموکرات لەگەڵ بەرەی شەرانگێز و تیرۆرستان لەعێڕاقدا. شانازی بەگەلی خۆمان دەکەین کە هەردەم پێشەنگ بووە لە خزمەتکردنی ئاشتی و کارکردن بۆ سەقامگیری و بەهێزکردنی بنەماکانی دیموکراتیەت و گیانی لێبوردەیی لە خاکی خۆیدا. با هەموومان لەم یادەدا کاربکەین لەپێناو بەهێزکردنی قەڵەمە بوێرەکان هەموو هەوڵێکیشمان لەپێناو خزمەتکردنی بەرژەوەندی باڵای کوردستان بێت. دەبێ وەک دورگەیەک بێت بۆ دیموکراسی و پاراستنی مافی مرۆڤ و مەدەنیەت کە رۆژنامەوانی ئازاد بنیادنەری بێت. دووبارە سوپاسی هەموو

ڕێکخەرانی ئەم بۆنەیە دەکەم و دەستخۆشیان لێ دەکەم، ئەمەش دەرفەتێکە بۆ ئەوەی بە گیانێکی پڕ لەخۆبوردەیی ئەنجامی پێشبڕکێکان قبوڵ بکەین. دیارە ئەوانەی لە بواری جیاجیادا هەڵبژێردراون، لە بواری گشتی و وەرزش. هیوادارم ئەم بۆنەیە ببێتە قۆناغێکی گرنگ لە مێژووی ژیان و ساڵانە بە داهێنانی تازەوە بێنەوە مەیدانی خزمەت کردن، لە ساڵیادی ڕۆژنامەگەری کوردیدا ڕێز و سوپاس بۆ هەموو ڕۆژنامەنووس و نووسەر و ڕووناکبیرانە دەنێرم کە بە پێنوس و وشەکانیان بەردەوام بوونە لە خزمەتکردنی مێژوو و خەباتی گەلەکەمان و هەندێکیشیان هەر لەم پێناوەدا گیانی خۆیان کردۆتە قوربانی. سەری ڕێز و نەوازش بۆ ئەوانیش دادەنوێنین. ئومێدەوارم هەوڵ بدەین بوار بڕەخسێنین بۆ پرەنسیپی پێشبڕکێ بۆ ئەوەی هانی هەموو لایەک بدەین بۆ خۆماندووکردن و گەڕان بەدوای ئاکامی باش. پیرۆزبایی لەو کۆمەڵە گەنجە دەکەم کە هەڵبژێردراون ئومێدی سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم. بەرز و پیرۆز بێت یادی ڕۆژنامەگەری کوردی و سەروەری بۆ شەهیدانی قسەی ڕاست و  خاوەن هەڵوێست. دیسانەوە زۆر سوپاستان دەکەم و بەخێربێن سەرچاومان.

**سیمیناری دژ بە توندوتیژی**

وەزارەتی وەرزش و لاوان بەهاوکاری هەردوو ڕێکخراوی ڕاسان و ڕێکخراوی پەری ڕۆژی دووشەممەی ڕێکەوتی ٢٠٠٧/٥/٧ سیمینارێکی لەژێر ناونیشانی (توندوتیژی دژ بە ئافرەت لەنێوان حوکمی ئایین و بیری خێڵەکی و تێڕوانینی واقیعیانە لەسەر کێشەی کوشتنی دوعا) گێڕا.

سیمینارەکە تایبەت بوو بە کوشتنی کچە لاوی یەزیدی دوعا کە لەلایەن کۆمەڵە گێرشێوێنێک بەردباران کرا، لەم سیمینارە چەندین وەزیر و ئەندام پەرلەمان و کەسایەتی ئایینی و کۆمەڵایەتی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، بۆ تێڕوانین لەسەر کوشتن و توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە کوردستان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم توندوتیژییە دژ بە ئافرەتان ئامادەبوون.

**خولی ڕۆژنامەنووسی وەرزشی**

لەژێر دروشمی بەرەو ئەکتیڤکردنی ڕۆژنامەنووسی وەرزشی، وەزارەتی وەرزش و لاوان ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٧/٧/١ لە سەنتەری ئالا لە هەولێر خولێکی ڕۆژنامەنووسی وەرزشی بۆ سەرجەم ڕۆژنامەنووسە وەرزشییەکانی شارەکانی کەرکووکی و هەولێر سازکرد.

٥٨ ڕۆژنامەنووسی وەرزشی شارەکانی کەرکووک و هەولێر بەشداری ئەم خولە بووین خولەکە ماوەی سێ ڕۆژی خایاند، مامۆستایانی خولەکە پێکهاتبوون لە بەڕێزان دکتۆر عەبدولئەمیر ئەلفەیسەل جێگری ڕاگری کۆلێژی ڕاگەیاندن لە زانکۆی بەغدا و دکتۆر عەبدولباست سەلمان مامۆستا لە کۆلێژی ڕاگەیاندن لە زانکۆی بەغدا هەروەها مەحی ڕەوای نوێنەری یەکێتی ڕۆژنامەنووسی وەرزشی عێراقی فیدراڵ.

ئەم خولە بۆماوەی سێ ڕۆژ لە شاری سلێمانی سازکرا و سێ ڕۆژیش لە شاری دهۆک ساز کرا کە بووە جێگەی سەرنجی ڕۆژنامەنووسە وەرزشییەکانی کوردستان.

**کۆنسێرتی موزیکی کلاسیک**

لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی شەهید سەعد عەبدوڵلا لە شاری هەولێر وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێوارەی رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٢٠٠٧/٧/٢ ئێوارە کۆنسێرتێکی بۆ تیپی ژێداری کورد ساز کرد.

(تیپی ژێداری کورد) وەک تیپێکی سەربەخۆی موزیکی کلاسیک کە ماوەی تەنیا دوو مانگ بوو بە پاڵپشتی وەزارەتی وەرزش و لاوان بوونی خۆیان راگەیاندبوو و لەخۆ ئامادەکردن بوون بۆ بەشداریکردنیان لە فێستیڤاڵێکی جیهانی هەرە مەزن، ئەویش فێستیڤاڵی جیهانی بۆ موزیکی گەلان لە ڤییەننای پایتەختی ولاتی نەمسا لەسەر ئاستێکی نێودەوڵەتی لەژێر ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئالای پیرۆزی کوردستان بەپاڵپشتی وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم نێوەندە نێونەتەوەییە بەرفراوانە و پڕ بایەخە بەشداری ئەم فێستیڤاڵە جیهانییە ببن.



**تیپی ژێداری کورد لە فێستیڤاڵی جیهانی بۆ موزیکی گەلان لە نەمسا**


**فێستیڤاڵی جیهانی بۆ موزیکی گەلان لە نەمسا**

تیپی ژێداری کورد ئەو تیپە بوو کە لە ناوەڕاستی مانگی مایسی ٢٠٠٧ دروست بوو بە مەبەستی بەشداری کردنیان لە فێستیڤاڵی موزیکی کلاسیکی لاوان لە ڤییەننا کە پاڵپشتی وەزارەتی وەرزش و لاوان دروست بوو، ئەم فێستیڤاڵە بۆ یەکەم ساڵە لە ولاتی نەمسا ئەنجام دەدرێت کە تیایدا ١٠٠ ولاتی جیهانی داوای بەشداری کردنیان تیادا کردبوو، بەلام دواجار تەنیا ١٢ ولات مانەوە گروپی کوردستان لەم فێستیڤاڵە توانی پلەی دووەم بەدەست بهێنێ.

تیپی ژێداری کورد تاکە تیپ بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشداری ئەم فێستیڤاڵەی کردبوو، کە چەندین جاریش ناوی گروپی کوردستان تەنیا بە حکومەتی هەرێمی کوردستان و تیپی کورد بانگ دەکرا، واتە کوردیش شانبەشانی وڵاتانی تر وەک دەوڵەت بەشدار بوو.

شاندی وەزارەت لە ڕێکەوتی ٢٠٠٧/٧/٤ لە فرۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی بەرەو ڤییەنای پایتەختی نەمسا بەڕێکەوت، بۆئەوەی بەشداری لە فێستیڤاڵی جیهانی لاوان بەبەشداری دەیان وڵاتی تری دونیا بکات.

گروپی کوردستان توانی لەم فێستیڤاڵەدا پلەی دووەم بە ئەنجامی زۆر باش لە تیپە بچووکەکان دوای وڵاتی ئەڵمانیا بەدەست بهێنێت.



**سەرۆکی کوردستان پێشوازی لە شاندی کوردستان دەکات**

**سەرۆکی کوردستان پیشوازی لە شاندی کوردستان دەکات**

دوای گەڕانەوەی شاندی کوردستان لە وڵاتی نەمسا، لەلایەن ڕێزدار مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان پێشوازی لە شاندەکە کرا و سەرۆکی کوردستان دەستخۆشی لە تیپی ژێداری کورد کرد و بەم سەرکەوتنە گرنگەی کە لەم فێستیڤاڵە بە دەستیان هێناوە.



**سەرۆکی کوردستان پێشوازی لە شاندی کوردستان دەکات**

**رۆژی جیهانی لاوان**

ڕێکەوتی ٢٠٠٧/٨/١٢ وەزارەتی وەرزش و لاوان لە رۆژی جیهانی لاوان لە پارکی سامی عەبدورەحمان لە هەولێر ئاهەنگێکی جەماوەری ساز کرد و تیایدا چەندین هونەرمەندی لاوی کوردستان تیایدا بەشداربوون کە لەم هونەرمەندانە پێکهاتبوون (باخان، هەڵدێر، هەڤاڵ ئیبراهیم، هێمن حوسێن).
ئاهەنگەکە راستەوخۆ لە کەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی کوردستان دەگوازرایەوە، لاوێکی زۆر ئامادەی ئاهەنگەکە بوون و بووە جێگەی دلخۆشی لاوان.



لایەنێک لە رۆژی جیهانی لاوان

**وتاری وەزیری وەرزش و لاوان لە ئاهەنگی جەماوەری وەزارەتی وەرزش و لاوان بەبۆنەی رۆژی جیهانی لاوانەوە**

رۆژی جیهانی لاوان لە گشت لاوانی کوردستان پیرۆز دەکەم.
سالێک لەمەوبەر وەزارەتێک بەناوی وەزارەتی وەرزش و لاوان بۆ یەکەم جار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا. سالێکیش دەرباز دەبێت بەسەر ڕاگەیاندنی پلانی کاری وەزارەت.
لەماوەی سالێکدا بەگشتی دەتوانم کاری وەزارەت دابەش بکەم بەسەر ئەم تەوەرانەی خوارەوە:
پێکهێنانی وەزارەت، ئامادەکردنی یاسای وەزارەت، دارشتنی فەلسەفە و پلانی کاری وەزارەت، ئامادەکردنی بودجەیەک بۆ پرۆژەکانی وەزارەت، پیادەکردنی مۆدێلەکانی کاری وەزارەت لەبواری لاواندا و هەروەها پیادەکردنی سیاسەتی وەرزشی هەرێمی کوردستان.
پێکهێنانی وەزارەتێکی نوێ بەندە بە یاسایەکی تازە. یاسا دوای ئەوەی لە ١٣-٩-٢٠٠٦ پێشکەش بە لێژنەی تایبەتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کرا سەرەنجام لە ١١-٤-٢٠٠٧ پەسەند کرا.

وەزارەت وێڕای ئەوەی پلانی تایبەتی خۆی هەیە پابەندبوونی خۆی بە ئامانجەکانی هەزارەی سێیەمی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاگەیاندووە. وەزارەت هەروەها پەیڕەوی لە پرۆگرامی جیهانی کارکردن بۆ لاوان دەکات سەبارەت بەبەشداریکردن لە بڕیاردا بەڕێگەی جۆراوجۆر وەکو:

١. بەدەستخستنی زیاتری زانیاری بۆ تواناسازی لاوان بۆ ئەوەی هەلی باشتری بۆ بڕەخسێنێ بۆ بەشداریکردنی زیاتر لە بڕیاردا.

٢. پەرەپێدان و بەهێزکردنی هەلەکان بۆ لاوان بۆ ئەوەی زیاتر لەمافەکانی خۆیان ئاگاداربن.

٣. هاندان و هاوکاریکردنی ڕێکخراوەکانی لاوان بە ڕێگەی جۆراوجۆر.

٤. هاندان و هەماهەنگی زیاتری لاوان بەڕێگەی پرۆگرامی جۆراوجۆر لە ئاستە جیاوازەکاندا.

فەرهەنگخانەکان و دانانی دەستەی خۆبەخش، تەکنیکخانەکان و زانستخانەکان و پرۆژە ڕێچکەشکێنەکان:

١- چاپکردنی دوو پەرتووک لەسەر کاری ڕێکخراوەیی ٢- لاوی ساڵ ٣- ڕۆژنامەوانی ساڵ. ٤- وەرزشوانی ساڵ . ٥- ناردنی ئۆرکێسترای ژێداری کوردستان بۆ نەمسا. ٦- سۆپیرکەمپ. ٧- ڕۆژی ٢٦-١١-٢٠٠٦ خەلاتێک لەبواری باشترین کار لەبواری بەربەرەکانی کردنی توندوتیژی دژی ئافرەتان کە بڕیارە ٢٥-١١-٢٠٠٧ سێرمۆنییەکی زۆر باش بۆی ڕێک بخرێت. ٨- مۆرکردنی پرۆتۆکۆلێک لەگەڵ زانکۆی ئۆکسفۆرد بۆ وەرگێرانی ٦٠ بەرهەمی جۆراوجۆر کە بەشێکە لە پرۆگرامی تواناسازی لاوان کە وەزارەت ڕایگەیاندوە بۆ ساڵانی ٢٠٠٧-٢٠١٠. ٩- داوا لە ڕێکخراوەکانی لاوان کراوە بۆ دامەزراندنی لێژنەیەکی ڕاوێژکاری کە تا ئێستا چاوەڕوانین و مەبەستمان زیاتر بەشداریکردنی لاوانە بەخوێندکار و قوتابی و لاوەوە لە هەردوو ڕەگەز بۆ زیاتر بەرەو پیرچوونی حکومەتە بۆ بەشداری لاوان لە پرۆسەی بڕیاردا.

٤. لەبواری وەرزش:

دارشتنی سیاسەتێکی وەرزشی زانستی، بەرپاکردنی کۆنفرانسێکی وەرزشی سەرتاسەری لە ١٣، ٥/١٤-٢٠٠٧ و دانانی لێژنەیەکی بەدواچوونەوەی ڕاسپاردەکانی کۆنفرانس.

لێژنەی هەماهەنگی وەزارەتەکان بەسەرپەرشتی وەزارەتی وەرزش و لاوان لە ١٣ وەزارەت پێکهاتووە بۆ هەماهەنگکردنی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبواری لاواندا.

مۆرکردنی پرۆتۆکۆلێکە لەنێوان وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزارەتی لاوان و وەرزشی عێراق لە ١٢-٧-٢٠٠٧ و هەروەها بەیاننامەیەکی هاوبەشە لە ٢-٥-٢٠٠٧ بۆ ئەوەی بودجەی تایبەت و لە ڕێگەی دەوڵەتەکانی کەمەکبەخشەکان پشتگیری پرۆژەی ژێرخانی وەرزش و لاوان بکرێت.

٥. لە بواری پەیوەندی دەرەوەدا:

مەکینەیەکی چالاک خراوەتە کار، شکاندنی گۆشەگیری لەسەر لاوان، بەدەستخستنی کۆمەڵی هاوکاری بەتایبەتی لە دۆستە کۆرییەکان.

هەوڵدان بۆ گەیشتن بە لاوانی کورد لە هەندەران کە سەرمایەیەکی میللی گەورەن هەوڵەکان بەردەوامن.

بەڕێزان!
دوای ساڵێک کارکردن لەگەڵ هەموو بەربەستەکانی کە هەبوون و هەن دەتوانم بە ئەمانەتەوە بەبەڕێزتان ڕابگەیێنم کە پێشکەوتن بەدەست هاتووە.
لە کۆتاییدا دەمەوێت جەخت بکەمە سەر گرنگی یەکخستن و هەماهەنگکردنی تواناکانی ڕێکخراوەکانی لاوان (سیاسی و دیموکراتی و NGO وناوخۆیی و ناونەتەوەییەکان)، پارتە سیاسییەکان، حکومەت، بازاڕ و میدیا بۆ ئەوەی لە پیادەکردنی ئەو ستراتیژەی کە حکومەت دایڕشتووە و سەرکەوتنی باش بە دەست بێنین.
جارێکی تر ٨/١٢ ڕۆژی جیهانی لاوان لە هەموو لاوانی کوردستان پیرۆز بێت! سوپاس بۆ گوێگرتنتان.



وەزیری وەرزش و لاوان لە فێستیڤاڵی هونەری شێوەکاری لاوان

**فێستیڤاڵی هونەری شێوەکاری لاوان**

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٧/٨/١٣ بەئامادەبوونی بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان و چەندین هونەرمەند و هونەردۆستی شاری سلێمانی و هەولێر و دهۆک و کەرکووک و زاخۆ و ڕانیە و قەڵادزە و کۆیە و کەلار و هەڵەبجە یەکەمین فێستیڤاڵی هونەری شێوەکاری لاوان بەبەشداری ١٠٣ هونەرمەند و ٧٠٠ تابلۆ و پەیکەر و سیرامیک لە دوو هۆڵی ئەمنە سوورەکە لە شاری سلێمانی کرایەوە.

**نوێنەرانی وەزارەت بەشداری کۆڕ و کۆنفراس و خولی وڵاتانی جیهان دەبن**

لە ١-٢٠٠٧/٨/٣ نوێنەری وەزارەتی وەرزش و لاوان بەشداری لە کۆنگرەی لاوان قسە دەکەن و ئێمە گوێیان لێ دەگرین لە وڵاتی میسر بەشداربووە، لەم کۆنگرەی کە لە شەرەمشێخی وڵاتی میسر ئەنجامدرا لەژێر چاودێری ڕاستەوخۆی خاتوونی یەکەمی میسر سوزان موبارەک کە لەگەڵ چەندین ڕێکخراوی گەورەی نێونەتەوەیی و بانکی نێودەوڵەتی ئەنجامدرا. هەروەها نوێنەری وەزارەت لە



نوێنەری وەزارەتی وەرزش و لاوان لە کۆنگرەی لاوان - قاهیرە



کۆڕی وەرزشی

٢٠٠٧/٨/١٩ لە وڵاتی ئەردەن لە عەمانی پایتەخت بەشداری خولی (پەرەپێدانی ستراتیژییەکانی پەیوەندیگرتنی نیشتمانی) بەشدار بوو، کە لە عەمانی پایتەختی ئەردەن بەڕێوەچوو ئەم خولە لەلایەن ڕێکخراوی یونسیفی جیهانی کرابووەوە بۆ لاوانی عێراق.

### کۆڕی وەرزشی

بۆ یەکەمین جار لە کوردستان ڕاگەیاندنی وەرزشی وەزارەت کۆڕێکی وەرزشی گرنگی بۆ مامۆستا هیوا شێخ بزێنی مامۆستای کۆلیژی پەروەردی وەرزشیی لە زانکۆی سەلاحەدین سازکرد لەژێر ناوونیشانی (ڕۆڵی ئەکادیمی لەپێشخستنی وەرزش لە کوردستاندا). کۆڕەکە چەندین مامۆستا و قوتابی و وەرزشوانان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئامادەبوون.



**گەشتی رۆژنامەنووس و لاوانی کوردستان - لوبنان**

**گەشتی رۆژنامەنووس و لاوانی کوردستان بۆ وڵاتی لوبنان**

رۆژی هەینی رێکەوتی ٢٠٠٧/٨/١٧ بۆ یەکەمین جار وەزارەتی وەرزش و لاوان شاندێکی بەرەو وڵاتی لوبنان بەرێ کرد، شاندەکە پێکهاتبوو لە رۆژنامەنووسە لاوەکان و لاوەکانی ساڵ، لەم گەشتەدا چەندین چالاکیی جۆراوجۆر ئەنجامدران و شاندەکەش سەردانی چەند شوێنێکی بەیرووتی پایتەختیان کرد و چەندین چاوپێکەوتنی فەرمیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی حکومەتی لوبنانی ئەنجامدا.

ئەم شاندە رۆژی سێشەممە رێکەوتی ٢٠٠٧/٨/٢١ چاوی کەوت بە بەڕێز ئەحمەد فەتفەتی وەزیری لاوان و وەرزشی لوبنان کە بەڕێزیان پێشوازییەکی گەرمی لە شاندی وەزارەتی وەرزش و لاوان کرد و نامەیەکی بەڕێز تەها بەروارییان گەیاندە دەستی بەڕێزیان، لەم نامەیەدا بەڕێزیان داوای سەردانی فەتفەتی کردبوو بۆ هەرێمی کوردستان. فەتفەتیش لەبەردەم راگەیاندنەکانی لوبنان و کوردستان خۆشحاڵی خۆی پیشاندا بەم داوەتنامەیەی بەڕێز وەزیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کوردستان و گوتی لە دەرفەتێکی نزیکدا وەڵامی بەڕێزیان دەدەمەوە. هەر لەمیانەی ئەم گەشتەدا رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٢٠٠٧/٨/٢٢ شاندی کوردستان کە سەرجەم شاندەکە سەردانی زانکۆی



**شاندی وەزارەت لەگەڵ وەزیری ڕاگەیاندنی لوبنان**

ئەمریکیان کرد لە بەیرووت بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لە رەوشی خوێندنی ئەو زانکۆیە ئاگەداربینەوە کە تیایدا بووە جێگەی خۆشحاڵی سەرجەم ئەندامانی شاندەکە.

هەر هەمان رۆژ شاندەکە سەردانی رێکخراوی لاوانی موستقبەلی کرد کە لەلایەن بەڕێز نادر نەقیبی سکرتێری رێکخراوەکە پێشوازیان لێکرا و تیایدا باس لە رەوشی لاوانی هەردوولا کرایەوە.

رۆژی پێنجشەممە رێکەوتی ٢٠٠٧/٨/٢٣ شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن بەڕێز حەسەن سەبعی وەزیری ناوەخۆ و شارەوانی لوبنانی پێشوازییان لێکرا.

هەر هەمان رۆژ شاندەکە سەردانی وەزارەتی راگەیاندنی لوبنانیان کرد و لەلایەن بەڕێز غازی عرییزی وەزیری راگەیاندنی لوبنان پێشوازییان لێکرا.

**رۆژی پاککردنەوەی کوردستان**

وەزارەتی وەرزش و لاوان بە هاوکاری وەزارەتی شارەوانی و ژینگە و پەروەردە و خوێندنی باڵا و پارێزگاکانی کوردستانی رۆژی هەینی رێکەوتی ٢٠٠٧ /١٠/٢٦ هەڵمەتی پاککردنەوەی کوردستانی دەست پێکرد. ئەم هەڵمەتە سەرجەم شاروشارۆچکەکانی کوردستانی گرتەوە، ئەم هەڵمەتە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە گرنگییەکی زۆری پێدرا و سەرجەم خەڵکی کوردستان بەشداریان تێدا کرد بۆئەوەی ژینگەیەکی پاک بۆ کوردستان دروست ببێت.

**خەڵاتی ژنپارێزی**

لە ساڵ رۆژی جیهانی ژنپارێزیدا رۆژی ٢٠٠٧/١١/٢٥ وەزارەتی وەرزش و لاوان، بەئامادەبوونی رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، رێوڕەسمی خەڵاتی ژنپارێزی دەستپێکرد کە تیایدا باڵوێزی فەرەنسا و سوید و ژمارەیەک لە بەرپرسانی حوکمی و حزبی و ناوەندەکانی چالاک لەبواری ژنپارێزی و رێکخراوەکانی NGO ئامادەی بوون.



هەردوو شانۆکاران نیشتی و ئوێز

مەراسیمەکە بەکردنەوەی پێشانگەیەکی شێوەکاری لەلایەن پێنج خانمی قوتابی شێوەکاری کۆلێژی هونەرە جوانەکان دەستی پێکرد کە هەریەکێکیان بەچەند تابلۆیەکی تایبەت بەم رۆژە بەشداریان کردبوو، خانمە شێوەکارەکانیش (پۆشیا و ناز و دڵپاک و رووبار و شنۆ ) بوون.

رێوڕەسمەکەش لەلایەن هەردوو شانۆکاران (نیشتی و ئوێز) بەڕێوەچوو، لە مەراسیمەکەدا لەلایەن تیپی ژێداری کوردستان چەند پارچە موزیکێک پێشکەش کرا و لەلایەن هەریەک لە هونەرمەندا بڵند ئیبراهیم و هەڵدێر و میرە چەند گۆرانییەک پێشکەش کرا و هونەرمەندی گۆرانیبێژ (باخان)یش بۆ رۆژی ژنپارێزی گۆرانییەکی تایبەتی ئامادەکردە و کلیپ کردبوو و لە مەراسیمەکەدا نمایش کرا




**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتی بەخشینی خەڵاتی ژنپارێزی**

و لە هەمانکاتدا هونەرمەندی موزیکژەن و (زاهید بریفکانی) پارچە موزیکێکی پێشکەش کرد.
کۆمیتەی دادوەریش بۆ دیاریکردنی خەڵاتی ژنپارێزی ئەوەی راگەیاند کە دیاریکردنی خەڵاتەکە بۆ ئەو بەرهەمە بەشداربووانەی کە پێیان گەیشتووە پشتی بە (٣) خاڵ بەستووە کە ئەوانیش ئەمانەن:

١- بەرهەمەکەی لەساڵی ٢٠٠٧ ئەنجام درا بێت.

٢- بچێتە خانەی ژنپارێزییەوە.

٣- کارەکە باوەڕبوونی گروپ و کەس و رێکخراوەکەی.

بەپرەنسیپەکانی پێوە دیار بێت، نەک هەر راپەراندنی کار و ئەرکێک بێت.

هەروەها باس لە دوو بەرهەمی دیکە کرا کە پلەی دووەم و سێیەمیان بە دەستهێنا بێ ئەوەی خەڵاتیان بۆ دیار بکرێت، بەرهەمی (هیوا فریادرەس)بوو کە بریتی بوو لە پێشانگایەک لەناو بازاڕ سازی دابوو، هەروەها بەرنامەیکی تایبەتی کەناڵی ئاسمانی کوردستان تیڤی بەناوی (فرمێسکەکانی حەوا) لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی کامەران عومەر.

بەڵام خەڵاتی یەکەم بەرهەمی سەرکەوتوو بەخاتوو (خەندان حەمە جەزا)ی لە دایک بووی ١٩٧١ درا کە خاوەن کتێبی بڵاوکراوەی بەناوی (ئۆقیانووسێک لە تاوان) کە توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتییە لەسەر لەشفرۆشی و بەقوربانی بوونی ئافرەت کە تیایدا چاوپێکەوتنی لەگەڵ (٢٩٦) لەشفرۆش سازداوە و بەوردی باسی لە توێژینەوەکە کردووە و خەڵاتەکە وێرای سومبولێک (١٠) هەزار دۆلار بوو، کۆمیتەی دادوەری بەرهەمەکەی بەسەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو ناساند، پاشان خاتوو خەندان هاتە سەر شانۆ و لەلایەن سەرۆکی حکومەت و وەزیری وەرزش و لاوان خەڵات کرا.

**وتاری ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مەراسیمی خەڵاتی ژنپارێزی:**

میوانە بەڕێزەکان. ئامادەبووانی خۆشەویست ئێوارەتان باش هەموو لایەکتان لەهەر کوێیەک هاتبن بەخێربێن.

مایەی خۆشحاڵی و سەرفرازیە ئەمڕۆ لێرە لەگەڵ ئێوەی بەڕێز بەشداری دەکەم، کە لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات هاتوون بۆ ئەم مەراسیمە تایبەتە.

بەخێرهاتنی جەنابی باڵوێزی فەرەنسی و سوید لە عێراق و نوێنەرانی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان دەکەم هەموو لایەکتان بەخێربێن بەسەر چاو. سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەم بۆ بەشداری کردنتان و بۆ ئەو ئەرکە گرنکەی ئەنجامی دەدەن لە کوردستان.

لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوو هەرێمی کوردستانی عێراق پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە.



سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
لە مەراسیمی خەڵاتی ژنپارێزی

پارتە سیاسییەکانی هەرێمەکەمان بەیەکەوە حکومەتێکی یەکگرتوویان پێکهێنا بۆ خزمەتکردنی گەلەکەمان. کەرتی ئابووریمان گەشەسەندنی خێرا بەخۆیەوە دەبینێت لە سایەی ئەو سیاسەتەی کە دامانرشتووە.

حکومەتی هەرێم کاردەکات بۆ مسۆگەرکردنی بارودۆخێکی گونجاو، کە تیایدا کۆمپانیای ناخۆیی و بیانی هەست بە ئاسایش و ئارامی بکەن، تاکو دەست بەچالاکی بازرگانی بکەن و بەشداری بکەن لە بەهێزکردنی ئابووریمان. ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان تاکە ناوچەی عێراقە کە بەم شێوەیە کاردەکات.

بەڵام بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دروست بەهێز و خۆشگوزەران بین نابێت تەنها بایەخ بە کەرتی ئابووری بدەین. پێویستە لەسەرمان بایەخ بە خەسڵەت و دیاریدەکانی کۆمەڵگەی خۆشمان بدەین.

پێویستە هەڵوێستە کەلتوری و کۆمەڵایەتییەکانیشمان گەشە بسێنێت کاتێک ئێمە پەرە بەبوارەکانی تری ژیان دەدەین.

خەڵکانێک هەن پێیان وایە کە نابێت حکومەت و کۆمەڵگە ئەم جۆرە بابەتانە بەشێوەیەکی کراوە باس بکات. من بەتوندی دژی ئەو بۆچوونەم. ئێمە کۆمەڵگەیەکی دیموکراتین کە دەتوانێت خۆی ڕابگرێت لە بەردەم باسکردنی ئەم جۆرە بابەتانە بەشێوەیەکی زۆر کراوە.

پێویستە ڕووبەڕووی کێشەکانمان ببینەوە و لە ئاستی بەرپرسیارێتی دابین. پێویستە ڕاستگۆ و کراوە بین لەگەڵ خۆمان و دەوروبەرمان. هەموو لایەک دەزانن ژنان و ئافرەتان لە هەندێک بواردا پێشکەوتنی دیاریان بەدەست هێناوە.

لە کابینەی حکومەت چالاکانە بەشداری لەبواری ڕاپەڕاندنی کارەکان دەکەن. لە پەرلەمان لەبواری یاسادانان ڕۆڵێکی باش دەگێڕن لەڕووی داکۆکی کردن لەمافەکانی ژنان و ئافرەتان. لەگەڵ هەموو ئەو پێشکەوتنانەشدا هێشتا پێویستە پێشکەوتنی زیاتر لە هەندێک بواری تر بەدەست بهێندرێت بەتایبەتی لەبواری پیادەکردنی یاسا و جێبەجێکردن و بەدواداچوونەوەدا. ئێمە هەر بەو هەولانە نەوەستاوین بەڵکو لێژنەیەکی باڵامان پێکهێناوە لەسەر ئاستی حکومەت بۆ بەدواداچوونەوەی ئەو بابەتە و لێژنەکە بەردەوامیش دەبێت لە کارەکانی دا.

من لێرە چەند خاڵێک دەخەمە ڕوو:

یەکەم: پێویستە پەرە بەو کەلتورانە بدەین کە هانی ڕێزگرتن لە ڕۆڵ و بەشداری ئافرەتان و ژنان بدات لەناو کۆمەڵگە و لەناو خێزان و قوتابخانە و شوێنەکانی تر.

ئەگەر کۆمەڵگەیەک ڕێز لە هەموو دانشتوان و پێکهاتەکانی خۆی نەگرێت، ناکرێت پێشبینی پێشکەوتنی لێ بکەیت. بۆیە ناتوانین تەنها بەنیوەی کۆمەڵگە لە ڕووی دانشتوان و توانا و بەهرەوە پێشکەوتنی تەواو بەدەست بهێنین هەموومان پێکەوە لە کۆمەڵگە دەتوانین هەنگاوی دروست بهاوێین بۆ سەرکەوتن.

دووەم: پێویستە لەسەرمان چارەسەری پرسی توندوتیژی دەرهەق بە ژنان و تاوانەکانی بەناو ناموسپەرستی بکەین. من پێم باشترە ناوی لێ بنێم کوشتنی ئابڕووبەر و تاوانی بە ئەنقەست کە دژی ژنان دەکرێت. چونکە ئەم جۆرە کردەوانە لە خەم و شەرمەزاری هیچی تر پێشکەش ناکات.

ڕێگەم بدەن زۆر بەکراوەیی قسەبکەم. من هیچ ناموسپەرستییەک نابینم لەم تاوانانە. ئەو کردەوانە لە شەرمەزاری و لەکەدارکردنی ناوی گەلەکەمان هیچی تر نابەخشێت.

بۆیە ئەم جۆرە کردەوانە لە تاوانی کوشتنی بەئەنقەست زیاتر شتێکی تر نییە کە ئەمەش لەهیچ ئایینێک نییە. بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستەوئەژنۆ ناوەستێت بەرامبەر بەم کردەوانە و نابێتە تەماشاکەرێکی بێ دەسەڵات بەرامبەر بەو کردەوە دڕندانە.

پەرلەمانی کوردستان یاسایی دەرکردووە بۆ بەرەنگاربوونەوە و نەهێشتنی تاوانی بەناو ناموسپەرستی.

بەڵام یاسا بەتەنها کاریگەر نابێت ئەگەر بەشێوەیەکی کاریگەر جێبەجێ نەکرێت. هاوشان لەگەڵ گۆڕینی یاسا پێویستە بەرنامەی هۆشیارکردنەوە هەبێت لە هەموو ئاستەکان و لە تەواوی بوارەکانی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و پەروەردەیی و دادپەروەری. ئێمە دەزانین دادگاکانمان کار لەسەر هەموو ئەم چۆرە تاوانانە دەکەن کە دێتە بەر دەستیان. دەزانم دادوەرەکانمان کەسانی تێگەیشتوو لێهاتوون و ئەوانیش وەکو ئێمە بێزارن بەرامبەر بەو مەسەلەیە.

بۆیە بەرپرسیارێتیی دادگا و دامەزراوەکانیشمانە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم حاڵەتانە بەپێی پێویست لە ئاستی بەرپرسیارەتی نیشتیمانی و کۆمەڵایەتی دەبێت ببێت. دادگایی کردنەکەش دەبێت بەپێی بەڵگەی شیاو بێ و قورسترین سزاش بەسەر ئەنجامدەرانی ئەم تاوانانە بدەن.

بەڵام بەداخەوە زۆر جار ئەم تاوانانە ناگەنە بەردەم دادگا. وادیارە بۆچوونێک هەیە کەوا تاوانی بەناو ناموسپەرستی مەسەلەیەکی خێزانییە هەردەبێ لە چوارچێوەی خودی خێزاندا بمێنێتەوە. ئەم بیرکردنەوەیە راست نییە و پێویستە ئەم هەڵوێستە بگۆردرێت.

ئالێرەدا ئێوە خەڵکی هەرێمی کوردستان بەگشتی دەتوانن رۆڵێکی زۆر بگێرن. ئێوە دەتوانن ئەم تاوانانە بهێننە بەردەم دادگا و دەسەڵات. ئێوە دەبێت لەسەر بنەمایەکی سەردەمییانە تەماشا بکەن و بریار بدەن کە ئایا چی راستە و چی هەڵەیە و پێویستە چی بکرێت. دەبێ بەئازایی و بەبێ ترس رووبەرووی ئەوانە ببینەوە کە لەناو کۆمەڵگە پاڵپشتی لەم کردەوە نەویستراوە دەکەن.

من بەئاشکرا دەیڵێم ئەو کەسانەی کە پاڵپشتی لەم جۆرە تاوانانە دەکەن و هانی ئەم جۆرە تاوانانە دەدەن بە هیچ شێوەیەک پێشەنگ نین و ئەوانەی مایەی شەرمەزارین بۆ گەلەکەمان. مامۆستایانی ئایینی بەرێز دەتوانن رۆڵی پێشەنگ ببینن لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و یارمەتی دانی جێبەجێکردنی یاسا. بەپێویستی دەزانم سوپاسی مامۆستایانی ئایینی بەرێز و بەتایبەتی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بکەم کە زۆر بەجدی بەدەم بانگەوازی حکومەتی هەرێم هاتن لەم رووەوە.

مامۆستایانی ئایینی رۆڵێکی کاریگەریان هەبووە لەم مەسەلەدا و لە وتارەکانی هەینی دا زۆر بەبایەخەوە باسیان لەم کێشەیە کردووە و هیوادارم مامۆستایانی ئایینی بەردەوام بن لەم کارەیاندا.

پەروەردە و فێربوون هۆکارێکی تەواوە بۆ تێگەیشتنی ئەو راستیەی کەوا بۆچی خراپی مامەڵەکردنی ژنان و کوشتنی ئافرەتان بەبیانوویی ناموسپەرستی شتێکی وا نەویستراو و نەخواستراوە. حکومەتی هەرێم کاردەکات بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی کە پیاوان و ئافرەتانمان و کور و کچەکانمان و نەوەی تازە بەباشی پەروەردە بکرێن لەسەر ئەو بابەتە. بەڵام فێرکردن و فێربوون تەنها لە خوێندگا و قوتابخانە نییە. بەڵکو کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی لاو و گەنجەکانمان پەروەردە دەکات و پێویستە لەم رووەوە کۆمەڵگەش کارێکی باشتر و زیاتر بکات.

سێیەم: بروام وایە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و NGOکان دەتوانن رۆڵێکی مەزن ببینن لەم پرسەدا. لە راستیدا ئاگادارم کە هەندێکیان کاری زۆر جیدی و باش دەکەن لەم رووەوە. ئەم رێکخراوانە لەنێو خەڵکن هەموو رۆژێک، ئەو شێوازی کارکردن و مامەڵەکردنە رۆژانەی لەگەڵ کۆمەڵگە دەتوانێ گۆرانی گەورە بەدەست بهێنێت. پێم وایە بەهاوکاری و هەماهەنگی زیاتری رێکخراوەکان و حکومەت دەتوانن ئاکامی باش بۆ هەوڵەکانیان مسۆگەر بکەن.

پێویستە کارمەندانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و تایبەتمەندانی ئەم بوارە رۆژانە جەخت لەسەر رێزگرتنی ئافرەتان بکەنەوە. بەوەی کە رێکخراوەکان ببن بە پێشەنگ و نموونە بۆ دووپاتکردنەوەی ئەو پەیامە لە هەموو کارەکانیاندا، چونکە بەم شێوەیە رێکخراوەکان دەتوانن بۆچوونی کۆمەڵگە بگۆرن.

چوارەم: پێویستە لەسەر راگەیاندن کە ئەویش رۆڵێکی باش بگێرێت لەو مەسەلەیەدا. پێویستە میدیاکان ئەو کارە گرنگ و باشانە نیشان بدەن کە ژنان و لە هەموو بوارێک ئەنجامی دەدەن لە کۆمەڵگەکەمان بێگومان پێویستە راگەیاندن ئافرەت نیشان بدات وەکو خاڵی بنەرەتی و چەقی خێزان. بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە رۆڵی پر بەهای ژنان پیشان بدات لە بواری پیشەیی و شوێنی کار کردنیان.

پێویستە لەسەر دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و ئێزگەکانی ڕادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، زیاتر بایەخ بەو بابەتە بدەن. بوێری توانای زیاتر بخەنە گەڕ بۆ ئامادەکردنی بەرنامەی تایبەت، و پەیامی پێویست بۆ پشتگیری کردنی ئافرەتان و بەرچاوخستنی ڕۆڵی دیار و کەم وێنەیان لەناو کۆمەڵدا.

پێنجەم: لەگەڵ باسکردنی بابەتی ژنان لە شوێنی کارکردن رووم دەکەمە بازرگانان و خاوەن کار و ڕێکخراو و پارتە سیاسییەکان کە لێپرسراوێتی زیاتر بدەنە ئافرەتان. زۆر جار دەبینم کە ژنانی بەتوانا و لێهاتوو هەن کە لە ژیانی کارکردنیان ئەرکی لەخوار ئاستی لێهاتووی خۆیان دراوەتێ. من دڵنیام کە ئەم ئافرەتانە ئامادەیی و توانایان هەیە کە پێگەی بەرپرسیارێتی وەربگرن. پێویستە لەسەر هەموومان ئەو دەرفەتەیان بۆ دەستەبەر بکەین تاکو بەتوانا و شارەزایی و لێهاتووی خۆیان بتوانن خۆیان بسەلمێنن لەبواری کارکردندا.

ئێمە هەوڵ دەدەین لەناو حکومەت و هەروەها پارتە سیاسییەکان کە دەرفەتی یەکسان دابین بکرێت و هانی بەشداری کارای ژنان بدرێت. داوا لە هەموو لایەنە پەیوەندارەکان دەکەم لە هەرێمەکەمان کە ئەم مەسەلەیە بکەن بەبەرنامەی کاری خۆیان. پێویستە هەلی یەکسان و مامەڵەی یەکسان و پشتگیری یەکسان دابین بکەین بۆ هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە.

لە کاتێکدا کە ئافرەتان ڕۆلێکی گرنگ دەگێڕن لە بواری کارکردنیاندا نابێ ڕۆڵی بنەرەتی ئەوان لەناو خێزانیش فەرامۆش بکرێت یان بە کەم بژمێردرێت. بۆیە پێویستە ڕیز لە کات و کار و ماندووبوونی ژنان بگیرێت لەناو خێزان و لە دەرەوەشدا.

لە کۆتایدا، داوا لە ژنان و ئافرەتان خۆیان دەکەم کە خۆشیان دەنگ هەڵبڕن بەدەم داواکاریەکانیانەوە بێن. دەنگ هەڵبڕن و قسە بکەن لەسەر مەسەلە پەیوەندارەکان کە جێگای بایەخی ئێوەیە، وەکو ئافرەتان پێویستە لەسەرتان ڕۆڵێکی بنەڕەتی ببینن لە هاندان و گۆڕینی هەڵویستی کۆمەڵگە بەرەو باشی، گۆڕانی درێژخایەن و جێگر ناسەپێندرێت بەڵکو لەناوخۆوە هەڵدەقووڵێ. حکومەتی هەرێم ئامادەیە بۆ پشتگیری و هەماهەنگی لەپێناو چارەسەرکردنی ئەم کێشانە و بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی یەکسان.

ئێوە لەنێو خۆتان هێز و ئازایی پێویسستتان هەیە بۆ هێنانەکایەوەی گۆڕانکاری. من داواتان لێدەکەم کە تواناکانی خۆتان بەکار بهێنن بۆ گۆڕانکاری ئێجابی. ئازادکردنی ئافرەت خەباتێکە و سبەی بەدی نایەت، بەڵکو ئەرک و ماندووبونی جدی و کاتی دەوێت.

ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتگیریتان دەکەین لە هەوڵەکانتان لەم پێناوەدا.

ئێمە قەت نابینە کۆمەڵگەیەکی گونجاو و لێک گەیشتوو و کە بەدڵنیایی و متمانەوە ڕووبەرووی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ببێتەوە ئەگەر نەتوانین ئەو تارماییە ڕەشەی بەر دەرگەمان لابدەین .

بۆ هاندانی ئافرەتان کە بێنە پێشەوە و قسە لەسەر مەسەلەکانی تایبەت بەخۆیان بکەن، لێرەوە ڕایدەگەیەنم کە حکومەتی هەرێمی کوردستان کار لەسەر بەرنامەیەکی پوخت دەکات بۆ یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانی ژنان کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان ڕاگەیەندراوە لە ڕۆژی ٨ ئاداری هەموو ساڵێک. هەر بەم بۆنەیەوە داوا لە بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ژنان و ئافرەتان دەکەم بۆ پێکهێنانی تیمێکی کارکردن بۆ دارشتنی چالاکییەکانی ئەو ڕۆژە جیهانییە. وەکو بەشێک لەم بەرنامەیە داوا لە ئەنجوومەنی

نیشتیمانی کوردستان دەکەم کە دانیشتنێکی تایبەت ئەنجام بدەن لەسەر بارودۆخی ژنان لەناو کۆمەڵگە.
ڕۆژی جیهانی ئافرەتانیش لە ٨ی ئادار بکەنە ڕۆژی پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی خۆیان کە لە چ بوارێک دەتوانین پێشکەوتن بەدەست بهێنین لەبواری مافەکانی ژنان. خۆشحاڵم بەو دەسکەوتانەی کە تاکو ئێستا بەدی هاتوون لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بەیارمەتی و پشتیوانی گەلەکەمان. لێرەدا بە پێویستی دەزانم کە سوپاسی هەوڵ و تێکۆشانی وەزارەتی ناوخۆ بەتایبەتی وەزیری ناوخۆ بکەم بۆ کارکردن و بەدواداچوونیان بۆ ئەو مەسەلەیە. من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە وەزارەتی ناوخۆی هەولێر و سلێمانی هێشتا یەکی نەگرتۆتەوە بەڵام هەردوولا لە سلێمانی و هەولێر هەوڵیان داوە کە ئەو دیاردەیە بنبڕبکرێت و دەستخۆشی و سوپاسیان لێ دەکەم.
ئەو خەڵات و ڕێزلێنانەی ئەمڕۆ نیشانەی ڕێز گرتنە لە هەوڵی دڵسۆزانەی هەموو ئەو کەسانەی کە بە جیدی کار دەکەن لەم بوارەدا بۆیە لێرەدا پیرۆزباییتان لێ دەکەم بۆ ئەم ڕۆڵە مەزنەتان و ئەو دەسکەوتەتان.
ڕێزلێنانی ژمارەیەکی دیاریکراوی ئافرەت مانای ئەوە نییە کە کەسی تر بەجدی لەم بوارە کاریان نەکردووە، بۆیە بەپێویستی دەزانم کە سوپاس و ڕێزی تایبەتیم بۆ هەموو ئەو کەسایەتی و ڕێکخراوانەش بنێرم کە زۆر بەجدی و دڵسۆزانە داکۆکی لەو مەسەلانە دەکەن. دڵنیام کە ئافرەتانی هەرێمی کوردستان ئەوانیش ڕێزو سوپاسی زۆریان بۆ هەوڵ وکۆششتان.
بۆ ئەوەی بتوانین ئەو بەرنامەیەش جێبەجێ بکەین پێویستمان بە هاوکاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وڵاتانی دۆست و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە پسپۆر وشارەزاکان هەیە کە هاوکاریمان بکەن.
لێرەدا سوپاس و دەست خۆشی تایبەتی لە وەزارەتی وەرزش و لاوان و جەنابی وەزیر دەکەم بۆ ئەرک و ماندووبوونیان و بەسوپاسەوە بەردەوام بایەخ بەو بابەتە هەستیارانە دەدەن و بە ڕۆحیەتێکی شارستانیانە مامەڵە لەگەڵ ئەم مەسەلانە دەکەن.
دووبارە زۆر سوپاس بۆ هەموو لایەک و هەر شاد و سەرکەوتووبن و بەخێربێن بەسەرچاو زۆر سوپاس.

### وتاری وەزیری وەرزش و لاوان لە ڕێورەسمی خەڵاتی ژنپارێزی



وەزیری وەرزش و لاوان لە ڕێورەسمی خەڵاتی ژنپارێزی

ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
میوانە بەڕێزەکان بە خێر هاتن.
بەشداریتان لەم ڕێوڕەسمە گرنگەدا بایەخدانە بەساڵڕۆژیی جیهانیی ژنپارێزی - ساڵڕۆژی جیهانیی بنەبرکردنی توندوتیژی بەرانبەر ژنان - بەناوی وەزارەتی وەرزش و لاوانەوە سوپاستان دەکەم.

ئەمڕۆ تیشک دەخەینە سەر دیاردەی توندوتیژی کە مەخابن ڕۆژانە ڕوو لە هەزاران خانمی ئەم جڤاتەمان دەکات. ئەمڕۆ ڕۆژی ئەوەیە وێنای داکەوتبین (واقیعی - ڕیالیستیک) بێتە کایەوە و هەوڵەکانمان هاوئاهەنگ بێت بەمەبەستی سەرخستنی مافی خانمان و دۆزینەوەی شاڕێی وەها کە هەلومەرجی یەکسان لە گشت ئاستەکانی جڤاتدا فەراهەم بکات. ئەوجا ڕۆژێکیشە بۆ ئاماژەدان بەو کەس و سازمانگەلەی لەم ساڵەدا کاریان بۆ پتەوکردنی مافی خانمان کردووە. مێژووی ساڵڕۆژیی جیهانیی ژنپارێزی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٩ کە ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری دا ٢٥ ـەمی نۆڤەمبەر دیاری بکات بە ڕۆژی خەبات دژی هەموو توندوتیژییەک بەرانبەر بە خانمان. داوا لە حکوومەت، سازمانی جیهانی و هەروەها ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە سەرانسەری دونیادا دەکرێت بکەونە خۆ بۆ هۆشیار کردنەوەی میللی و ڕاوێژ بۆ دارشتنی پلانی کاری داهاتوو.

توندوتیژی بەرانبەر خانمان کۆسپێکی ئاشکرایە لە بەردەم گەیشتن بە جڤاتێکی یەکسان، ئاشتەوا و پێشکەوتوو. دیاردەیەکە ستەم لە ئازادی و مافە هەرە بنگەییەکانی هەموو خانمێک دەکات. ناشێ هیچ نەریت، فەرهەنگ، دین یان سیستەمێکی سیاسی ڕەوایەتی بداتە ئەم دەستدرێژییە.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاو دەنێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و کەم کردنەوەی توندوتیژی بەرانبەر خانمان. ئەمەش بەشێکە لە سیاسەتێکی درێژخایەن ڕووەو ئافراندنی جڤاتێکی یەکسان و سنگفرەوان.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە ڕوونی بەرپرسایەتیی خۆی ڕایگەیاندووە بەرانبەر پاراستنی خانمان لە شوێنی هەم تاکەکەسی و هەم گشتیدا. هەروەها دابین کردنی پاراستنی یاسایی بۆ هەموو وەڵاتیانی خۆی و جگە لەوەش بەردەوام هەموو ڕیفۆرمێکی پیادەکراو بخاتە بەردەست ئاژانسی بێلایەنەوە بۆ هەڵسەنگاندن.

خاڵێکی گرنگی دیکە ئەوەیە هەموو ڕیفۆرمەکانی حکوومەت لەگەڵ بەرنامەیەکی فێرکاریی «جەندەر- بین» تێهەڵکێش بکرێت بۆ گشت ئەوانەی کار لەم بوارەدا دەکەن، تەنانەت ئەفسەرانی یاساسەپێن، نوێنەرانی دادگە، کارمەندانی جڤاکی و هەروەها فەرمانبەرانی بەرپرس لە پیادە کردنی سیاسەت. هەروەها خانمان پێویستە دەستیان بە خانەی ژنپارێز و پشتیوانیی دەروونی بگات، زۆریش گرنگە ئامرازی وەها بخرێتە بەر دەست خانمان ژیانی خۆیان پێ بگۆڕن بۆ نموونە خوێندن و دەرفەتی کار. گرنگە لە بیر نەکەین کە بوونە قوربانی نابێتە مایەی ڕاهێزان.

ئافراندنی جڤاتێکی لاشەڕی دوور لە توندوتیژی بەرپرسایەتیی تەنها حکوومەت نییە بەڵکو بەرپرسایەتیی هەموانە. گۆڕانکاریی لە دەست خۆماندایە.

بوار هەیە لە تێڕوانین و بەهای مرۆڤدا جێگیرن، ڕیفۆرمی قانوونی و ئامرازی پاراستن نایگەنێ. لەم دیدەوە دەڵێم هەر هەمووومان دەتوانین لەم بوارەدا کاریگەربین، داکۆکی لە مافی مرۆڤ بەرپرسایەتیی هەموومانە. ئەم ئەرکە دەشێ دانەخستنی پەنجەرە بێت بە ڕووی هاواری دراوسێیەکدا لە تاو بێدادی. دەشێ وەدەنگ هاتن بێت کاتێک کیژێک، خوشکێک، دایکێک یان دۆستێک ستەمی لێ دەکرێت.

یەکسانی جێندەر و جیاوازیی نەکردن دوو کۆڵەکەی سەرەکیین لە جاری گەردوونی مافی مرۆڤدا کە نەتەوە یەک گرتووەکان بڵاوی کردۆتەوە و وەڵاتانی جیهان سەلماندوویانە. لەوێوە هەر کۆمەڵگەیەک

بەرنامەی خۆی دادەڕژێت تێیدا مافی دەستووریی و پشتیوانی لەو دامەزراوو ڕێکخراوانەی کار بۆ یەکسانی جێندەر دەکەن، دیاری کراوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی و بزاڤی خانمان دەکات لە هەوڵدانیاندا بۆ تیشک خستنە سەر سروشت، سەختی و گەورەیی کێشەکە. هیوادارین هاوکاریمان لەم بوارەدا ڕوو لە زیادبوون بێت.

وەزارەتی وەرزش و لاوان هەموو ساڵێک لەم ڕۆژەدا خەڵاتێک دەبەخشێت بەو کەس و ڕێکخراوانەی کاریان بۆ بنەبڕ کردنی توندوتیژی دژی خانمان کردووە. هەرچەندە تەنها یەک کەس خەڵات دەکرێت بەڵام ئەم خەڵاتە تەرخان کراوە بۆ هەموو ئەو هەوڵە گەشانەی بێوچان، دڵگەرم و ئازا لە جڤاتی کوردستاندا کار بۆ مافی خانمان دەکەن.

**وتاری بەڕێز نیکلاس ترۆڤی باڵوێزی سوێد بەبۆنەی ڕێورەسمی خەڵاتی ژنپارێزی**



باڵوێزی سوێد لە ڕێورەسمی خەڵاتی ژنپارێزی

ڕێزدار سەرۆکی حکومەت، ڕێزدار وەزیری وەرزش و لاوان، بەڕێزان میوانای بەڕێز دۆستانی ئازیز.

شانازم بەوەی بانگهێشت کراوم بۆ ئەم ڕێورەسمە گرنگە و دەرفەتیشم دراوەتێ وتار پێشکەش بکەم. هەر جار دێمە هەرێمە جوانەکەی کوردستان بەگەرمی و میواندۆستانە پێشوازیم لێ دەکرێ. پەیوەندیی نێوان خەڵکی سوێد و کورد بەهێزن. لە هەولێر وا هەست دەکەم لەنێو دۆستانی خۆم. ڕێم بدەن بە گەرمی سوپاسی ڕێزدار تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان و سوپاسی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەم بۆ دەرفەتی بەشداربوونم لەم ڕێورەسمەدا و هەروەها بۆ ئەم دەستپێشخەریە نایابەش کە تێیدا کاری ژنپارێزی خەڵات دەکرێت.

ئەمە بابەتێکە لای هەمووان گرنگە، بە ژن و پیاو، پیر و جەوان، ڕەبەن و خێزاندار سنووربەست نییە. ئەمە پرسی ڕیزگرتنە لە مافی یەکسانیی هەموو مرۆڤ. باشترین دەربڕینیش لەم مافە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤە کە نیزیکەی پەنجا ساڵ لەمەوبەر لەلایەن هەموو نەتەوەکان دارێژراوە.

هەموو مرۆڤێک بەسەربەستی لە دایک دەبێ و خاوەن سەروەریی و مافی یەکسانە. هەموو مرۆڤێک مافی ژیان، ئازادی و ئاسایشی کەسەکی هەیە.

ئەم پەیمانەی گشت نەتەوەکان لە دەستوری نوێی کۆماری عێراقدا بەم شێوەیە ڕەنگ دەداتەوە:

هەموو مرۆڤێک مافی ژیان و ئاسایش و ئازادیی هەیە. زەوت کردن یان سنوردارکردنی ئەو مرۆڤانە قەدەغەیە.

توندوتیژی و ستەم پەیوەند نییە بە نیشتمانەوە. دروستە نەریت، دین و قانوون لە ولاتان جیاوازن، بەلام ئەوە باسێکی دیکەیە. زەبر و هەڕەشە، ژانی بۆ هەمووانە، بۆ پیاو و ژن، کورد و سوێدی. کریستان و موسلمان وەک یەکە، چونکە ئێمە هەموومان مرۆڤین. لەبەرئەوە نابێ نەریت بکرێتە پاشا و بۆ پێشێلکردنی مافی کەسی دیکە. دەبێ میهر و هاوسۆزی جێی توندوتیژی بگرێتەوە. توندوتیژی هەڵەیە، توندوتیژی تاوانە.

چ لە هەرێمی کوردستان و چ لە عێراق بە گشتی و لە راستیدا لە سوێدی ولاتەکەی خۆشم رۆژانە خانمان دووچاری توندوتیژی دەبن. زۆرجار هەڕەشە و توندوتیژی لە خێزان و لەنێو هاوسەراندا روو دەدەن. جار هەیە کێشەکە دەچێتە بەردەم پۆلیس و دەخرێتە پرۆسەی دادگەرییەوە، بەلام کێشەش هەیە سەرپۆش دەکرێت و نایەتە بەرباس.

ئەمیان دەبێتە هۆی دووپاتبوونەوەی تاوان و بەردەوامبوونی ئازار و لەوانەیشە بگاتە خۆکوشتن. منداڵ جگە لەوەی خۆیشی دەکەوێتە بەر شالاوی توندوتیژی، بەسەرهاتی زەبروزەنگ نێو خێزان بۆ نموونە دژ بە خوشک و دایکان، هەتا هەتایە ناخیان داغان دەکات. بۆ هەموو ئێمەی لە هەوڵداین بۆ ئافراندنی پێشەڕۆژێکی باشتر بۆ منداڵانی خۆمان گوتەی دێرینی "توندوتیژی، تەندوتیژی لێ دەزێتەوە" ئاماژەیەکی گرنگە.

هەفتەی رابردوو حکومەتی سوێدی پلانێکی گشتگیری دەربارەی ژنپارێزی دارشت. ئەم پلانە بریتییە لە ٥٦ خاڵی بەرجەستە بۆ پیادەکردن و بڕی ٨٠٠ ملیۆن کرۆنی سوێدی بۆ تەرخان کراوە و بۆ سەرلەبەری حکومەتی سوێد پێشەمی دراوەتێ. رێ بدەن چەند خاڵێکی باس بکەم:

پێداچوونەوەی یاسا و رێسای پەیوەست بە ژنپارێزییەوە و دابینکردنی دەرفەتی زانیاری و فێرکاری بۆ پۆلیس.

رێ گرتن لە هاوسەرگیریی سەپێنراو، هاوسەرگیرییەک بەدڵی هەردوولا نەبێت.

فرەواندنی پاراستن و هاوکاریی ئەو خانمانەی دەکەونە بەر توندوتیژی.

کردنەوەی سایتی تایبەت بە لاوان بۆ گۆڕینەوەی زانیاری، راوێژ و دیالۆگ.

کار بۆ باشتر رۆشناکردنەوەی لا رێی و جادەکان. دابینکردنی گواستنەوەی گشتیی ئاسوودە بۆ خانمان.

فرەواندنی دەرفەت و توانا بۆ بەرنامەی فێرکاری و تۆژینەوەی بواری ژنپارێزی و هەروەها بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی پەیوەست بە نامووسەوە.

ئەم ستراتیژە گشتگیرە ئاماژەیە بە گرنگیی ئەم باسە لای حکومەتی سوێدی. کار بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، مامەڵەت جودایی و ستەم بەرامبەر خانمان بەرەیەکی بەرفرەوانی گەل و سیایەتمەدارانی لەپشتە. رای گشتی و میدیا ئەم دۆزە بە هەند دەگرن، بەتایبەتی کە دەگاتە ئەو دۆزانەی گۆیا پەیوەستی نامووسن. لە سوێد پەژارەیی و هاوسۆزیی لەنێو خەڵکی سوێددا دەورووژێنێت و دەبێتە مایەی داگیرسانی گفتوگۆیەکی گەرمی گەلێر. دەزانم کوشتنی نامووسپارێزی لە هەرێمی کوردستانیش گفتوگۆی هەڵگیرساندووە. پێم وایە هەموو کۆکین لەسەر ئەوەی هەرچی "نامووس" هەبێت لە کوشتن و ئازاردانی خانماندا بێت نییە!.

بەگشتی کۆمەڵگەی جیهانیی تێبینی گەش بوو دەربارەی ئەو هەنگاوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەموو جۆرە توندوتیژییەک بەرامبەر بە خانمانی جڤاتی ئێمە نادات. هیچ پیاوێک مافی نییە هیچ خانمێک ئازار بدات. خانمان بە نەخش و بەرهەمیان جێی ڕێز و شانازین بۆ خێزان، بۆ جڤات و بۆ هەرێمی کوردستان.

وتاری سەرۆک وەزیران لەم دۆزەدا وەک ئاکارێکی ڕێبەرانە سەنگی هەیە. پێشانی هەموو پیاوێکی کەمەڵگەی دەدات چی ناپەسەند و ناڕەوایە. هەروەها هیوابەخشە بەو خانمانەی دووچاری توندوتیژی دەبن کە ژینێکی گەشتر چاوەڕێیە و لەسەر هەمووشەوە هەرێمی کوردستانی هاوچەرخ رادەهێزێت.

لە کۆتادا ڕێگەم بدەن پیرۆزبایی لە براوەی خەڵاتی ژنپارێزیی ئەمساڵ بکەم هیوادارم دەستپێشخەریی وەها زیادتربن و توندوتیژیش بنەبڕ بێت. لەم بوارەشدا چاوەڕێم هاوکاریی نێوان سوێد و هەرێمی کوردستان بەردەوام بێت. سوپاس



**وەزیری وەرزش و لاوان و بەرپرسی لقی دوو (پ. د. ک) لە کردنەوەی پێشانگەی کوردستان بۆ کتێب**

**پێشانگەی کوردستان بۆ کتێب لە هەولێر**

لەژێر چاودێری حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەهەماهەنگی وەزارەتی وەرزش و لاوان شەشەمین (پێشانگەی کوردستان بۆ کتێب) لە هۆڵی زەرد لە هەولێری پایتەختی کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠٠٧/١٢/٥ کرایەوە، پێشانگەکە بە بەشداری نزیکەی٣٥ دەزگا و کۆمپانیای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی و بیانی زیاتر لە پێنج هەزار ناونیشانی جیاوازی کتێب، بە هەریەک لە زمانەکانی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی) نمایش کرابوو.

وەزیری وەرزش و لاوان لە لێدوانێکدا بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەستخۆشی لە ڕێکخرانی ئەم پێشانگەیە کرد و هیوای خواست قوتابیان و لاوان بتوانن سوود لەم کتێبانە ببین.

# چالاکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و یارییە میللییەکان

**پرۆژەی وەرزشی و یاریگەکانی هەرێم**

- هاندان و یارمەتی کەرتی تایبەت بۆ جێ بەجێ کردنی پرۆژەی وەرزشی لە شارەکانی هەرێم.
- هاندانی کەرتی تایبەت بۆ دامەزراندنی یانەی ئەو یاریانەی کە لەمەوپێش لە هەرێم چالاکییان نەبووە وەک یانەی فرۆکەوانی-یانەی پێشبرکێی ئوتۆمبیل و یانەی ئەسپسواری.
- دارشتنی فۆرمی کۆکردنەوەی ئامار و چالاکییەکانی وەرزشی لە هەرێمی کوردستان.
- ئاشکراکردنی یاریگاکان و هۆڵەکان و جێگەکانی وەرزشی لە هەرێمی کوردستان.
- پێشنیاری جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی پێویست لە هەرێم لە بودجەی تایبەت و یارمەتی وڵاتە بەخشێنەرەکان (دول مانحە) و بەرزکردنەوەی بۆ بەڕێز د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح جێگری سەرەک وەزیران و هەروەها جاسم محەمەد جەعفەر وەزیری لاوان و وەرزشی حکومەتی فیدراڵ لە (٢٠٠٧/٧/١١).



بەڕێوەبەری گشتی وەرزش و یارییە میللییەکان لە فێستیڤاڵی وەرزشی گەرمیان

دەقی پێشنیارەکە:

**وەزیری وەرزش و لاوان دۆسیەک لەسەر پێداویستییەکانی وەرزش و لاوانی هەرێمی کوردستان ئاراستەی بەڕێز د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقی فیدراڵ دەکات**

لە چوارچێوەی سەردانی بەڕێز بەرهەم ساڵح جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراقی فیدراڵ و بەیاوەری چەند وەزیری حکومەتی عێراق لەوانە وەیزری لاوان و وەرزشی عێراق بەڕێز جاسم محەمەد جەعفەر

و شاندی هاوبەشی هەردوو وەزارەت بەشێوەیەکی دوو قۆڵی کۆبوونەوە و پرۆتۆکولێکی هاوبەشیان ئیمزا کرد.

هەر لە هەمان سەرداندا وەزیری وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان چاوی بەبەڕێز د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح جێگری سەرۆک وەزیرانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ کەوت و دۆسیەک لە پێویستییەکانی بواری وەرزش و لاوانی پێشکەشکرد کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- ئاشکرایە کە ژێرخانی وەرزشی و لاوان لاوازییەکی تەواو بەخۆیەوە دەبینێ، بۆیە داواکرا بە دابینکردنی پارە بۆ پرۆژەکانی وەرزش و لاوانی هەرێم لەو بەشە جیایەی کە لە بودجەی فیدراڵی و بەشی وڵاتە کۆمەک بەخشەکان دێت.

٢- چارەسەرکردنی کێشەی ٣٤٥ خێزانی ئاوارەی نێو یاریگەی کەرکووک.

٣- دروستکردنی یاریگەیەکی نێودەوڵەتی هاوپێچ لەگەڵ شوێنەکانی نیشتەجێ و خزمەتگوزاری کە بتوانێت سەرجەم تیپەکانی ناوچە جیاجیاکانی عێراق لەخۆ بگرێت و بۆی هەبێت سەربازگەی مەشق و کێبڕکێ نێودەوڵەتییەکانی بگرێتە خۆ.

٤- دروستکردنی ٣ کۆمەڵگەی وەرزشی لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک.

٥- دروستکردنی ٣ مەلەوانگەی ئۆلۆمپیی کراوە لە شارە ناوبراوەکان.

٦- دروستکردنی ٣٠ یاریگەی تۆپی پێ لە قەزا و ناوچەکانی ٣ شارە ناوبراوەکە و دابەشکردنی بە شێوەیەکی دادوەریيانە بە تایبەتی بۆ ناوچە فەرامۆشکراوەکان.

٧- دروستکردنی ١٠٠ یاریگەی هەمەجۆر بۆ یارییە میللییە جیاجیکان بۆ هاندانی هاووڵاتیان بۆ ئەنجامدانی وەرزشە جیاجیاکان، بەمەش ئامانجەکان وەزارەت دەگەیەنێ کە وەرزش بۆ هەمووانە.

لەگەڵ چەند خاڵێکی تر.

- بەشداری لەگەڵ شاندی مستر جورج لە ئەڵمانیا بۆ دەستنیشانکردنی جێگە بۆ سەنتەری مەشق و دیدەوانی لە هەرێمی کوردستان (١٤ جێگا) مانگی ٤ /٢٠٠٧.

- دەرکردنی دوو جار (بیان مشترک) لەگەڵ وەزارەتی لاوان و وەرزش حکومەتی فیدراڵ.

ئەوەی خوارەوەش بەیاننامەی وەزارەتی وەرزش و لاوانە لەگەڵ وەزارەتی لاوان و وەرزشی عێراقی فیدراڵ.

**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**بەیاننامەی هاوبەش لەنێوان وەزارەتی لاوان و وەرزشی حکومەتی عێراق و**

**وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

بەپێی داوەتنامەی بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەبۆنەی فێستیڤاڵی هەفتەی بەهاری برایەتی کە وەزارەتی لاوان و وەرزشی حکومەتی عێراق ئەنجامی دا، گەشتی جاسم محەمەد جەعفەر وەزیری لاوان و وەرزشی حکومەتی عێراق و شاندی یاوەری سەردانی شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانی خۆشەویست و دواتر بەشداریکردن لە چالاکییەکانی هەفتەی بەهاری برایەتی لاوانی عێراق کرا کە لە سلێمانی لە ماوەی ١ و ٢ی مایسی ساڵی

٢٠٠٧ بەڕێوەچوو. لە چەند کۆبوونەوەیەکی هاوبەشدا بیروڕا لەنێوان هەردوولا گۆڕانەوە و هەوڵی ئەوە درا میکانزمێک بۆ بەرەوپێشبردنی ڕەوتی وەرزش لە عێراق بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی دابندرێت.
لە کۆبوونەوەکەدا ڕۆحی تەبایی و برایەتی و سووربوون بۆ ئەکتیڤکردنی پەیوەندییەکان لەنێوان هەردوولادا بەدی دەکرا و هەستکردن بەناسکیی بارودۆخ لە دانانی بەردی تەئکیدکردن لەسەر گرنگیی ڕۆڵی وەرزش و ئاماژەپێدانی کاریگەریی وەرزش لە یەکێتیی نیشتمانی و هۆیەکەیش بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و کۆمەڵایەتی لە عێراقی خۆشەویست. لەم سۆنگەیەوەش ڕێککەوتن مۆرکرا بۆ کارکردن، بەوپەڕی گیانی هاوکاری، بەشێوەیەک بگونجێ بۆ کارکردن لەگەڵ لاوان بە گیانێکی کراوە لە هەموو بوارەکانی ڕۆشنبیری و هونەری و تەکنیکی و زانستی و وەرزشی، لەوانەش ڕێکخستنی چالاکیی وەرزشی و لاوان لە هەرێمی کوردستان، بەسوود وەرگرتن لەو بارە هێمنی و ئارامییەی کە هەیە.
هەروەها هاندانێکیش بۆ گەشتوگوزار کە بەشێکی گرنگە لە نیشتمانەکەمان، هەردوولا بەڵێنیاندا هاوکاریی یەکتر بکەن لە پشتیوانیکردنی ژێرخان و پێشخستنیان لە هەرێمی کوردستان، کە بتوانرێ خزمەت بە تەواوی بزاڤی لاوان و وەرزش بدرێت، چ بۆ لاوانی هەرێم یان لاوانی عێراق بەشێوەیەکی گشتی و لەخۆگراتنی یانە و هەڵبژاردەکانی عێراق.
هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر هەوڵدان لەپێناو دابینکردنی پشتیوانیی گونجاو لەسەر هەوڵدان لەپێناو دابینکردنی پشتیوانی گونجاو لەپێناو پیشتیوانیی وڵاتان و ڕێکخراوە بەخشکەرەکان بۆ ئەم مەبەستە.
هەروەها بەڕێز وەزیری لاوان و وەرزشی عێراقی سووربوونی خۆی دەربڕی لە بەرزکردنەوەی ئاستی




**وەزیری وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری لاوان و وەرزشی عێراق**

لاوانی کوردستان و وەرزشوانەکانی بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی وەرزش و لاوانی هەرێمی کوردستان.
هەروەها لە بەشدارکردنی نێودەوڵەتییەکان کە پەیوەست بن بە وەرزش و لاوان و لە چالاکی قوڵکردنەوەی گیانی برایەتی و لەپێناو دەرکەوتنی شارەزایی و پێشخستنی، کە ئەمەش لەگەڵ دەستوری عێراقیدا و بگونجێت و هێنانەوەی بنەمای فیدراڵی لە کاری هاوبەش، لەلایەکی دیکەوە هەردوولا دووپاتیان کردەوە کە هەماهەنگی یەکتر بکەن لەنێپناو سازدانی چالاکی وەرزشی و لاوان لە شاری کەرکووک کە ببێتە نموونەیەک بۆ فرە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی و پێکەوە ژیان لەم شارەدا.
بیروبۆچوونی هەردوولا هاوبۆچوون بوو لە بارەی پێویستی بەهێزکردنی قیەمی فیدراڵی و تێگەیشتنی لەسەر بنەمای زانست ئەویش لەمیانی مەشق و پێدان و پێشخستنی کادیرانی هەردوو وەزارەت و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی سەرکەوتوو لە وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان، کە لەگەڵ تایبەتمەندێتی ئەزموونی عێراق بگونجێ، بەڕێز وەزیری وەرزش و لاوانی هەرێمی کوردستان خۆشحاڵی خۆی بەبیرۆکەی سازدانی مونتەدای لاوانی عەرەبی لە ساڵی ٢٠٠٨ لە هەرێمی کوردستان دەربڕی، باوەڕبوونی وەزارەتی وەک پێویستییەکی بەردەوام بوون لەگەڵ هەرێمایەتی عەرەبی و ڕاگەیاندنی بەشداری کردن بەرکردار و ئارەزووی پێکەوە کارکردرن لەپێناو ناوی عێراق لە ئاهەنگ و بۆنە نێودەوڵەتییەکان و پێشکەشکردنی پلەی بەرزی دیموکراتی بۆ جیهان، لە کۆتایشدا هەردوولا ئەو دیدار و چاوپێکەوتنانەیان بەرز نرخاند، چونکە ئامانجە سەرەکییەکانی پێکا و بەڵێنی جێبەجێ کردنی هەموو برگەکانیان دا کە لە بەیاننامەکەدا هاتووە.

**ئەم بەیاننامەیە بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە شاری سلێمانی نووسراوە لە ٢ ئایاری ٢٠٠٧.**




**کۆنفرانسی وەرزشی وەزارەتی وەرزش و لاوان**



**چالاکی وەرزش بۆ هەمووان**

کۆنفرانس و فێستیڤاڵ و کۆبوونەوە و چاوپێکەوتن و سەردان و بەشداری

- جێبەجێ کردنی کاروباری فێستیڤالی وەرزشوانانی ساڵ.
- فێستیڤاڵی ناوەندییەکانی وەرزش و لاوانی گەرمیان.
- کۆبوونەوە لەگەڵ یەکێتی شاخەوانی و هاندانیان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم وەرزشە لە کوردستان بە تایبەت بە شێوەی وەرزش بۆ هەمووان.
- کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندازیارانی شارەزا بە ژێرخانی وەرزش بۆ پرۆژەکانی پێویستی وەرزش.
- بەشداری لە کۆبوونەوەی لیژنەی ئەنجومەنی شاری کەرکووک ٢٠٠٧/٤/١٥
- کۆبونەوە لەگەڵ بەڕێز بەهمەنی قوبادی دەرهێنەری فیلمی سینما بۆ دروستکردنی فیلمێکی وەرزشی لە کوردستان.
- کۆبوونەوە لەگەڵ کۆمپانیای ئیتالی (د.لوقمان) بۆ دروستکردنی یاریگە لە کوردستان لە ڕێکەوتی ٢٠٠٧/٣/٢٩
- کۆبوونەوە لەگەڵ د. حەسەن قوربانی ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی و جێگری سەرۆک و ئەمینداری گشتی و ئەندامانی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان.
- کۆبونەوە لەگەڵ شاندی وەرزشی جۆرجیا ٢٠٠٧/٤/٢٢
- کۆبوونەوە لەگەڵ یاریزانان و پسپۆرانی ئێرانی لە یاری سەوڵ لێدان و شاخەوانی بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم یاریانە لە هەرێمی کوردستان.
- ناردنی پرۆیژەکانی پێویست بۆ دروستکردنی لەلایەن تیپی زەیتونی کۆریا.

- بەشداری لە کۆنفرانسی خانەقین لە شاری خانەقین.
- کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەری لیژنەی ڕێبەرانی وەرزش نێودەوڵەتی (sport leadership network) بۆ بەڕێوەبردنی خولی یاری جۆراوجۆر لە کوردستان.
- بەڕێوەبردنی کۆنفرانسی وەرزش لە ڕۆژانی ١٣ و ١٤ /٢٠٠٧/٥

لە ڕۆژانی ١٣-٢٠٠٧/٥/١٤ لەژێر دروشمی (بەرەو کۆمەڵگەیەکی وەرزشی پێشکەوتوو) یەکەمین کۆنفرانسی وەرزشی هەرێمی کوردستان پێک هێنرا. لەم کۆنفراسەدا ١٨٤ ئەندام کە نوێنەرایەتی (یانە وەرزشییەکان - ناوەندییەکانی وەرزش و لاوان، لیژنەی ئۆلۆمپی، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی خوێندنی باڵا و ڕۆژنامەوانانی وەرزشی) بەشداریان کرد.

لەم کۆنفرانسە به سێ دانیشتن سەبارەت بەم تەوەرانەی خوارەوە وتووێژ کرا:

**١- تەوەری هەڵسەنگاندنی یانە وەرزشییەکان**

**٢- تەوەری ڕەشنووسی یاسای یانەکان**

**٣- تەوەری وەرزشی ئافرەتان**

**٤- تەوەری ژێرخانی وەرزش**

**٥- تەوەری ڕۆڵی ڕاگەیاندن**

**٦- تەوەری وەرزشی قوتابخانەکان**

**٧- تەوەری وەرزشی بنکەکانی وەرزش و لاوان**

**٨- تەوەری یارمەتیدانی دارایی یانە وەرزشییەکان**

**٩- تەوری ڕێزلێنان لە وەرزشوانان**



**کۆنفرانسی وەرزشی وەزارەتی وەرزش و لاوان**

**راسپاردەکانی یەکەمین کۆنفرانسی وەرزش**

**یەکەم**: تەوەری هەڵسەنگاندنی یانە وەرزشییەکان

١- سەرلەنوێ پێداچوونەوە بە مۆڵەتی یانەکانی وەرزشی و سوود وەرگرتن لە توێژینە زانستی پێشکەشکراو.

٢- راسپاردن بۆ جێبەجێکردنی توێژینەوەی هەڵسەنگاندن بۆ دامودەزگای تری وەرزش وەکو بنکەکانی وەرزش و لاوان و وەرزشی قوتابخانەکان و کۆلێژەکان.

٣- راسپاردن بۆ ئەوەی ئەو توێژینەوە لە یانەکانی سەر بە پارێزگای کەرکووکیش ئەنجام بدرێت.

٤- کردنەوەی خولی پێگەیاندن بۆ دەستەی کارگێری یانەکان.

٥- بۆ چالاککردنی رۆڵی یانەکان لە ژینگەی خۆیان دەبێت لەناو یانەکان لایەنی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بایەخی پێ بدرێت.

٦- دروستکردنی میکانزمێک بۆ ئەوەی (شەفافیەتی) پێویست هەبێت لەلایەنی دارایی یانەکان.

٧- کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی لە وەزارەتی وەرزش و لاوان.

**دووەم**: تەوەری رەشنووسی یاسای یانەکان

١- راسپاردن بۆ وەزارەتی وەرزش و لاوان بۆ ئەوەی رەشنووسەکە بداتە پەرلەمان لەرێی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، لەدوای ئەو راستکردنانەی کۆنفرانس لەسەر رەشنووسەکەیان کرد بۆ کردنی بە یاسا.

٢- راستکردنەوە و دروستکردنی پەیڕەو و رێنماییەکانی یانەکان بەپێی ئەو یاسایە.

**سێیەم**: تەوەرەی وەرزشی ئافرەتان

١- دانانی یانەی ئافرەتان لە گشت قەزا و سەنتەری پارێزگاکانی کوردستان و دابینکردنی بنایەی تایبەت بە یارییەکان و هەروەها پێداویستییەکانی وەرزشی بەسەر یانەکانی ئافرەتان.

٢- دانانی کۆنفرانسێکی تایبەت بە وەرزشی ئافرەتان.

٣- دانانی هاندەر (حوافز)ی باشتر بۆ ئافرەتان و یانەکانی ئافرەتان بۆ هاندانیان بۆ ئەوەی بێنە ناو بزاڤی وەرزش.

٤- دانانی ئەندامی ئافرەت لە یەکێتییەکان و یانە وەرزشییەکانی کە یاری ئا فرەتی تێدا بێت.

٥- هەبوونی پرۆگرامێکی تێروتەسەل بۆ چالاکی وەرزشی ئافرەتان و هەوڵدان بۆ ئەوەی رێکخستنی چالاکییەکان وەرزش ئافرەتان لە هەموو شارەکان بێت بۆ سەرنجراکێشانی ئافرەتان و دەرخستنی وەرزشوانە ئافرەتەکان لە رووی راگەیاندنەوە.

٦- زیادکردنی راژەی ئافرەتان لە خولی راهێنان و ناوبژیوان و کارگێری وەرزشی.

٧- یارمەتیدانی وەرزشوانە دێرینەکانی ئافرەتان رەچاوی تەمەنیان لە (٣٠ساڵ) کەمتر نەبێت.

**چوارەم**: تەوەری وەرزشی قوتابخانەکان

١- دانانی پرۆگرام بۆ وانەی وەرزش لە گشت قۆناغەکانی خوێندن و چاپکردنی پەرتووکی وانەی وەرزش.

٢- زیادکردنی وانەکانی وەرزش و رێگرتن بە دانی وانەی پەروەردەی وەرزش بە وانەیەکی تر.

٣- دروستکردنی هۆڵی وەرزشی داخراو لە ناو قوتابخانەکان بەدیزاینی ئەندازیاری کە لە داهاتوودا دروست دەکرێن.
٤- پێداچوونەوە لە مینهاجی پێشبرکێیەکانی وەرزشی قوتابخانە، خوێندنگە و پەیمانگەکەن.
**پێنجەم**: وەرزشی بنکەکانی وەرزش و لاوان
١- کردنەوەی بنکە وەرزشی لە پارێزگەکان بە گوێرەی پێویست بە تایبەت لە قەزا و ناحیەکان و کۆمەڵگەکانی کە ژمارەی دانیشتووانیان دەگاتە (١٥) هەزار کەس.
٢- گۆرینی ناوی بنکەی وەرزش و لاوان بۆ ناوەندی وەرزش و لاوان.
٣- بایەخدان بە چالاکی کۆمەڵایەتی و هونەری و رۆشنبیری و دیدەوانی شانبەشانی چالاکی وەرزشی.
٤- ناردنی شاندی بنکەکانی وەرزش و لاوان بۆ وڵاتانی تر کە لەم بوارەدا ئەزموونی باشتریان هەیە، بۆ سوود وەرگرتن.
٥- زیادکردنی چالاکی دیدەوانی ساڵانە بۆ بنکە وەرزشییەکان.
٦- زیادکردنی بایەخدان لە رووی راگەیاندنەوە بە پاڵاوانانی بواری وەرزشی بنکەکانی وەرزش و لاوان و دەرخستنیان.
٧- دانانی رێنمایی گونجاو بۆ هاریکاری نێوان یانەکان و بنکەکان بەسەرپەرشتی وەزارەتی وەرزش و لاوان. بە تایبەت لە بواری گواستنەوە و خواستنی یاریزانان.
٨- گەڕاندنەوەی باڵەخانەی بنکەکانی وەرزش و لاوان کە لەلایەن دامودەزگای حزبی و حکومی بەکاردێت.
٩- دابینکردنی هۆیەکانی گواستنەوە بۆ سەرجەم بنکەکان.
١٠- سەرلەنوێ دارشتنی رێنماییەکانی بنکەکانی وەرزش و لاوان.
١١- رەچاوی کەم ئەندامان بکرێت لە بنکەکان لە بواری وەرزش و چالاکییەکانی تر.
١٢- داواکردن لە وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ دابینکردنی چەند کورسییەک بۆ بنکە وەرزشییەکان لە کۆلیژەکانی پەروەردەی وەرزشی.
١٣- شمولکردنی دەرماڵەی پیشەیی بە فێرکەرانی وەرزش و هونەری لە بنکەکان وەکو مامۆستایانی پەروەردە.
**شەشەم**: تەوەری رۆلی راگەیاندنی وەرزش
١- کردنەوەی کەناڵێکی ئاسمانی و رادیۆی تایبەت بە وەرزش.
٢- کردنەوەی خولی راهێنان بۆ کارمەندانی راگەیاندنی وەرزشی و بەشداریکردنیان لە خولەکانی دەرەوەی وڵات.
٣- دەرکردنی رۆژنامەیەکی وەرزشی و هەروەها گۆڤارێکی هەفتانە.
٤- ناردنی ئەندامێکی رۆژنامەگەری وەرزش لەگەڵ شاندە وەرزشییەکان بۆ دەرەوەی وڵات.
٥ - چالاککردنی لێژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی لەناو سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.
٦- دەرکردنی رۆژنامەیەکی وەرزشی و هەروەها گۆڤارێکی هەفتانە.
٧- چالاککردنی لێژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی لەناو سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.



ڕاوێژکاری وەزارەتی وەرزش و لاوان لە پرۆژەیەکی وەرزشیدا

٨- بەکارهێنانی دامودەزگای ڕاگەیاندن وەکو ئامرازێک بۆ ڕۆشنبیرکردنی جەماوەری وەرزشی.

٩- هاندان و پاڵپشتی ڕۆژنامەگەری وەرزشی سەربەخۆ.

**حەوتەم**: تەوەری ژێرخانی وەرزش

١- بەستنی کۆنفرانسێکی تایبەت بەژێرخانی وەرزشی لە هەرێمی کوردستان.

٢- دروستکردنی کۆمەڵگەی وەرزشی نموونەیی لە سەنتەری پارێزگەکان بەسوود وەرگرتن لە لێکۆڵینەوەی تەوەری ژێرخانەی وەرزشی.

٣- تەرخانکردنی بەلایەنی کەم ڕێژەی ٥٠٪ لە پارەی تەرخانکراو بۆ بزاڤی وەرزش لە بودجەی وەزارەتی وەرزش و لاوان بۆ ژێرخانی وەرزش.

٤- دابینکردن و دەستنیشانکردنی پارچە زەوی پێویست بۆ ژێرخانی وەرزش لەلایەن وەزارەتی شارەوانییەوە و دانانی لە نەخشەی بنەڕەتی شارەکان بۆ (یانەکان و بنکەکانی وەرزشی و لاوان و کۆمەڵگەی وەرزش و خانەی وەرزشوانان).

٥- دروستکردنی ژێرخانەی وەرزش بەپێی یاسا و ڕێسای وەرزش.

٦- دانانی پلانی کورت خایەن و مامناوەندی و ماستەرپلان بەشێوەیەک لە ساڵانی داهاتوودا سەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان ژێرخانی پێویستی لێ دروست بکرێت.

٨- نوژەنکردنەوەی ئەم ژێرخانەی هەیە و شیاندنی بۆ ئەوەی سوودێکی تەواوی لێ وەربگیرێت.

٩- سازدانی پێشبڕکێیەک بۆ دانانی نەخشە و دیزاینی ئەندازیاری بۆ دامودەزگای وەرزشی.

١٠- دانانی بەڕێوەبەرایەتی تایبەت بە یاریگە و هۆڵەکان لە وەزارەتی وەرزش و لاوان.

١١- دروستکردنی ماڵی وەرزشوانان بۆ هەموو شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان.

١٢- کردنەوەی بارەگای تەندروستی وەرزشی  بۆ وەرزشکاران لە هەموو شارەکان.
**هەشتەم**: تەوەرەی دانانی پێوەر بۆ یارمەتیدانی دارایی یانەکان
بەتێکرای دەنگەکان ئەندامانی کۆنفرانس بەباشیان زانی لێژنەیەک لە وەزارەتی وەرزش و لاوان لەلایەنە پەیوەندارەکان پێک بێت بۆ دانانی پێوەری پێویست بۆ یارمەتیدانی دارایی یانەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەسوود وەرگرتن لە راپۆرتی ئەم تەوەرەیە.
**نۆیەم**: تەوەری دانانی پێوەر بۆ رێزلێنانی وەرزشوانان
بەتێکرای دەنگەکان ئەندامانی کۆنفرانس بەباشیان زانی وەزارەتی وەرزش و لاوان رەشنووسی یاسایەک دروست بکات بۆ رێزلێنانی وەرزشوانان بەسوود وەرگرتن لە راپۆرتی ئەم تەوەرەیە.
بە تێکرایی دەنگەکانی ئەندامانی کۆنفرانس پێیان باش بوو ناوی رێزلێنان بگۆردرێت بۆ یارمەتی وەرزشوانان.

**راگەیاندن و پەیوەندی**

- پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە بۆ هاوکاری پێشخستنی وەرزش لە کوردستان (ئێران -بەریتانیا- سوید- ئەلمیان-لوبنان و......)
- بەشداری کردنی نوێنەری وەزارەت لە کۆبوونەوەی نزیکخستنەوەی کاروباری لێژنەی ئۆلۆمپی عێراق و وەزارەتی لاوان و وەرزشی حکومەتی فیدراڵ.
- بەشداری شاندی (٤ کەس) وەزارەت لە یارییەکانی وڵاتە عەرەبییەکان لە مانگی ١١ لە وڵاتی میسر.
- سەردانی جێگە وەرزشییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانیان.
- دامەزراندنی لێژنەیەک بۆ پێشنیارەکەی یەکێتی ئیسلامی وەرزشی ئافرەتان.
- بەشداری لە بەرنامەکانی راگەیاندنی وەرزشی تەلەفزیۆن و رادیۆ.

**یانەکان و چالاکییەکان**

- هاوکاری پێشبرکێی تۆپی پێ یانەکانی وەرزشی لەلایەن تیپی زەیتون.
- یارمەتی دارایی یانەکانی وەرزشی بۆ بەرێوەبردنی کاروباری ناوخۆ و بەشداری لە پێشبرکییەکانی هەرێم.
- یارمەتی دارایی یانەکان بۆ بەشداری لە پێشبرکییەکانی یانەکانی عەرەب-پێشبرکییەکانی نێودەوڵەتی و پاڵەوانیەتی ئاسیا و جیهان.
- دارشتنی پێوەر و رێنمایی یارمەتی دارایی یانەکانی وەرزشی.
- دامەزراندنی یانەی ئافرەتان لە چەند شاری هەرێم (هەولێر-دهۆک-سۆران-خانەقین)
- هاوکاری بەرێوەبردنی خولی پاڵەوانییەتی یانەکانی نایابی تۆپی پێی عێراق.
- ولامدانەوە و یارمەتی و رێنمایی داواکارییەکانی یانەکان و رێکخراوەکانی وەرزشی و وەرزشوانانی کوردستان.

**ناوەندییەکانی وەرزش و لاوان**

- بەرێوەبردنی پێشبرکێی یارییەکانی ناوەندییەکانی وەرزش و لاوانی هەولێر.
- بەرێوەبردنی پێشبرکێی یارییەکانی ناوەندییەکانی وەرزش و لاوانی دهۆک.
- وەرگرتنی ٣٠کورسی تایبەت بۆ یاریزانانی ناوەندییەکانی وەرزش و لاوان لە پەیمانگەکانی وەرزشی وەزارەتی پەروەردە.
- هاوکاری بۆ بەڕێوەبردنی فێستیڤاڵی لاوانی عێراق لە سلێمانی.

**جۆراوجۆر**

- هاوکاری بۆ یەکگرتنی لێژنەکانی پارائۆلۆمپی سلێمانی و هەولێر.
- دارشتنی پێوەری یارمەتی دارایی وەرزشوانە دێرینەکان.
- بەرێوەبردنی بەرنامەی وەرزش بۆ هەمووان لە رۆژانی هەینی لە پارکی هەولێر.
- هاوکاری بۆ بەرێوەبردنی پێشبرکییەکانی تیپە میللییەکان.
- هاوکاری بۆ بەرێوەبردنی پێشبرکێی رێکخراوەکانی وەرزشی.
- بەشداری لە لێژنەی هاوبەشی وەزارەتەکان.
- بەرێوەبردنی خولی وەرزشی بۆ فێرکردنی یاری جۆراوجۆر.
- بەشداری لاوێکی کورد لە فێستیڤالی لاوان لە ولاَتی هیند لەگەڵ شاندی عێراق.
- دابینکردنی کەلوپەلی وەرزش.
- یارمەتی دارایی یاریزانی لێهاتوو بۆ بەرزکردنەوەی رادەی توانایی خۆی و بەشداری لە پێشبرکێیەکانی نێودەولەتی.
- دامەزراندنی لێژنەی وەرزش بۆ هەمووان و دەست پێکردنی چالاکی لە پارکی سامی عەبدورەحمان.
- پەیداکردن و پەیوەندی لەگەڵ یاریزانانی لێهاتوی کورد لە ولاَتانی هەندەران و دروستکردنی دەرفەت بۆ بەشداری کردنیان لە پێشبرکێیەکان.

# چالاکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوان - سلێمانی

**بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی سلێمانی**

لەژێر دروشمی فێستیڤاڵی هەفتانەی بەهاری برایەتی یەکەم بەهاوکاری وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی عێراقی فیدرال و وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەژێر چاودێری بەڕێز (تەها بەرواری) وەزیری وەرزش و لاوان فێستیڤاڵێکی وەرزشی ساڵانە بۆیارییەکانی (باڵە، تۆپی سەرمێز، تۆپی پێی کچان تۆپی پێی کوڕان لە ڕێکەوتی (٢٩/٤تا٣/٥/٢٠٠٧) کە لە شاری سلێمانی سازدرا.

ئەنجامی تیپی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بەو شێوەیە بوو.

١- یەکەمی یاری تۆپی باڵەی کچان.

٢- یەکەمی یاری تۆپی پێی کوڕان.

٣- یەکەمی یاری تۆپی سەرمێزی کچان.

٤- یەکەمی یاری تۆپی سەرمێزی کوڕان.

-لە ڕێکەوتی ٢٠٠/٣/٢١ ناوەندەکەمان خولێکی تۆپی پێی کردەوە بۆ یانەکانی سلێمانی بۆ لە دایکبوانی ساڵی ١٩٩٠بەشێوەی دوو قۆناغ یاریەکان لە یاریگای یانەی سلێمانی و سیروان ئەنجام دران تیپی ناوەندەکەمان توانی پلەی یەکەم بە دەست بێنێت.

- ناوەندەکەمان هەستابە سازدانی ئێوەرا کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە لە هۆڵی سلێمانی بۆ شاعیران (کەنار بێ بێباک و ڕێکەوت جەوهەر و هەڵمەوت زگوێزی) لەگەڵ چەند ژەنیارێک.



چالاکی وەرزشی ناوەندەکان

**ناوەندی وەرزش و لاوانی بەکرەجۆ.**

١- بەئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر نوێنەرانی حزبی و حکومی لە رێکەوتی (٢٠٠٧/٦/٢) پێشبڕکێیەکی ماوەدرێژمان سازدا بۆ گشت یانە و تیپە میللییەکانی سەر بەسنووری بەکرەجۆ بەبەشداری (١٠٠) یاریزان پاشان خەڵات دابەشکرا بەسەر سەرکەوتوواندا.

٢- لە رێکەوتی ٢٠٠٧/٨/٢٢ تیپەکەمان بەشداری لە خولی مینی فتبۆڵی سەنتەری گەنجان کرد ناوەندی بابان سەنتەر (٨-١١) ناوەندی بابان سەنتەر (٩-٧) ب/(٢-٣).

## بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی گەرمیان

**بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی گەرمیان ئەم چالاکییانەی خوارەوەی لە شاری دەربەندیخان ئەنجام داوە:**

١- کردنەوەی خولی تۆپی پێ بە تیوری و پراکتیکی بۆ ماوەی دوو مانگ (١٠٠) کەس بەشداربووە.

٢- کردنەوەی خولی تۆپی بالە بە تیوری و پراکتیکی بۆ (کوڕان) بۆ ماوەی دوو مانگ، ژمارەی کوڕان (٦٠) کەس بەشدار بووە.

٣- کردنەوەی خولی تۆپی باسکە بە تیوری و پراکتیکی بۆ (کوڕان) بۆ ماوەی دوو مانگ، ژمارەی کوڕان (٣٠) کەس بەشدار بووە.

٤- دابینکردنی جلوبەرگی وەرزشی بۆ (١٦) تیپی دەربەندیخان.

٥- کردنەوەی خولی تۆپی پێ بۆ تیپەکانی شاری دەربەندیخان کە (١٤) تیپ بەشدار بوو کە (١٥٠) لاو بەشدار بووە کە پێداویستی خولەکەش هەر هەمووی دابین کرابوو و خەڵات بۆ سەرکەوتووان ئامادە کرابوو.



چالاکی وەرزشی ناوەندەکان

**بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی گەرمیان ئەم چالاکییانەی خوارەوەی لە شاری کەلار ئەنجام داوە:**

١- کردنەوەی خولی تۆپی پێ بە تیوری و پراکتیکی بۆ ماوەی دوو مانگ (١٢٠) کەس بەشدار بوو.

٢- کردنەوەی خولی تۆپی باڵە بە تیوری و پراکتیکی بۆ (کوڕان و کچان) بۆ ماوەی دوو مانگ، ژمارەی کوڕان (٥٠) ژمارەی کچان (٣٠) کەس بەشدار بوو.

٣- کردنەوەی خولی تۆپی باسکە بە تیوری و پراکتیکی بۆ (کوڕان و کچان) بۆ ماوەی دوو مانگ، ژمارەی کوڕان (٣٠) ژمارەی کچان (٢٠) کەس بەشدار بوو.

٤- کردنەوەی خولی تۆپی دەست بە تیوری و پراکتیکی بۆ (کوڕان) بۆ ماوەی دوو مانگ، ژمارەی کوڕان (٥٠) کەس بەشدار بوو.

٥- خولی هۆشیار کردنەوە بۆ لاوان کوڕان و کچان بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ کە (١٢٠) کەس بەشداربووە لەو خولە.

٦- دابینکردنی جلوبەرگی وەرزشی بۆ (٢٥) تیپی کەلار.

٧- کردنەوەی خولی تۆپی پێ بۆ تیپەکانی شاری کەلار کە (١٦) تیپ بەشداربوو کە (١٤٠) لاو بەشدار بوو لەو خولە، پێداویستی خولەکەش هەر هەمووی دابین کرابوو و خەڵات بۆ سەرکەوتووان ئامادە کرابوو.



**چالاکی وەرزشی ناوەندەکان**

**بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی گەرمیان ئەم چالاکیانەی خوارەوەی لە شاری خانەقین ئەنجام داوە:**

١-کردنەوەی خولی تۆپی پێ بە تیوری و پراکتیکی بۆ ماوەی دوو مانگ (٩٥) کەس بەشدار بوو.

٢-کردنەوەی خولی تۆپی باڵە بە تیوری و پراکتیکی بۆ (کوڕان) بۆ ماوەی دوو مانگ، ژمارەی کوڕان (٤٠) کەس بەشدار بوو.

٣-كردنەوەی خولی تۆپی باسکە بە تیوری و پراکتیکی بۆ (کوڕان) بۆ ماوەی دوو مانگ، ژمارەی کوڕان (٥٠) کەس بەشدار بوو.
٤-دابینکردنی جلوبەرگی وەرزشی بۆ (٦) تیپی خانەقین کە لەلایەن بەڕێز بەڕێوەبەرەوە دابەش کرا ئەو تیپانە کە بەشداربوونە لە خولەکە.
٥-کردنەوەی خولی تۆپی دەست لە شاری خانەقین کە (٦٠) کەس بەشدار بووە.



وەزیری وەرزش و لاوان لە کەمپی گەرمیان

**بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی گەرمیان ئەم چالاکیانەی خوارەوەی لە شاری کفری ئەنجام داوە:**

١- کردنەوەی خولی تۆپی پێ بە تیوری و پراکتیکی بۆ ماوەی دوو مانگ (١١٠) کەس بەشدار بوو.
٢- کردنەوەی خولی تۆپی باڵە بە تیوری و پراکتیکی بۆ (کوڕان و کچان) بۆ ماوەی دوو مانگ، ژمارەی کوڕان (٣٠) ژمارەی کچان (٢٥) کەس بەشدار بوو.
٣- کردنەوەی خولی تۆپی باسکە بە تیوری و پراکتیکی بۆ (کوڕان) بۆ ماوەی دوو مانگ، ژمارەی کوڕان (٢٠) کەس بەشدار بوو.
٤-خولی هۆشیارکردنەوە بۆ لاوان کوڕان و کچان بۆ ماوەی سێ ڕویژ کە (٧٠) کەس بەشداربووە لەو خولە.
٥-دابینکردنی جلوبەرگی وەرزشی بۆ (١٠) تیپی کفری.
٦-کردنەوەی خولی تۆپی پێ بۆ تیپەکانی شاری کفری کە (٢٠) تیپ بەشداربوو کە (١٨٠) لاو بەشداربووە لەو کە پێداویستی خولەکان هەر هەموو دابین کرابوو و خەڵات بۆ سەرکەوتووان ئامادەکرابوو.



**وەزیری وەرزش و لاوان لە کاتی کردنەوەی کەمپی گەرمیان**

**بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی گەرمیان ئەم چالاکیانەی خوارەوەی لە ناحیەی ڕزگاری ئەنجام داوە:**

١- بەسەرپەرشتی وەزارەت بەشی پرۆژەکان پرۆژەی دانانی کارگەی دورمان لە ناحیەی ڕزگاری بۆ کەسوکاری پاشماوەی ئەنفال کە (٨٠) کچ و ژن بەشدارن لەو کارگەکەوە سوودمەندن لە داهاتەکەی.

٢- کردنەوەی خولی ئینگلیزی بۆ خوێندکارانی ناحیەی ڕزگاری بۆ خوێندکارە ئەنفالەکان کە پۆلی شەشی زانستی کە ژمارەیان (٦٠) خوێندکار سوودمەندبوونە لەو خولە بۆ ماوەی یەک مانگ خەرجییەکەی لەلایەن وەزارەتەوە دابین کراوە.

٣- کردنەوەی خولی بیرکاری بۆ خوێندکارانی ناحیەی ڕزگاری بۆ خوێندکارە ئەنفالەکان کە پۆلی شەشی زانستی وێژەیی کە ژمارەیان (٥٠) خوێندکار سوودمەندبوونە لەو خولە بۆ ماوەی یەک مانگ خەرجییەکەی لەلایەن وەزارەتەوە دابین کراوە.

٤- کردنەوەی خولی بیرکاری و ئینگلیزی بۆ خوێندکارانی ناحیەی ڕزگاری بۆ خوێندکارە ئەنفالەکان کە پۆلی شەشی سەرەتایی کە ژمارەیان (٨٠) خوێندکار سوودمەندبوونە لەو خولە بۆ ماوەی یەک مانگ خەرجییەکەی لەلایەن وەزارەتەوە دابین کراوە.

٥- کردنەوەی خولی کۆمپیوتەر بۆ لاوانی ناحیەی ڕزگاری کە ژمارەیان (٥٠) لاوە وە ئەو خولە بۆ ماوەی یەک مانگ خەرجییەکەی لەلایەن وەزارەتەوە دابین کراوە.

٦- دابینکردنی (١٠) کۆمپیوتەر لەگەڵ (١٠) هێلی ئەنتەرنێت بۆ ناحیەی ڕزگاری کرایەوە.

٧- کردنەوەی خولی تۆپی پێ بە نەزەری و پراکتیکی بۆ ماوەی دوو مانگ (٧٥) کەس بەشداربووە.

٨-کردنەوەی خولی تۆپی بالە بە نەزەری و پراکتیکی بۆ (کوڕان) بۆ ماوەی دوو مانگ، ژمارەی کوڕان (٤٥) کەس بەشدار بوو.

٩- دابینکردنی جلوبەرگی وەرزشی بۆ (١٢) تیپی ڕزگاری کە ئەمانە ناوەکانیانە کە لەلایەن بەڕێز بەڕێوەبەری گشتییەوە دابەش کرا و دابەشکردنی (٢٠) تۆپی پێ.
١٠- کردنەوەی خولی تۆپی پێ بۆ تیپەکانی ناحیەی ڕزگاری کە (١٠) تیپ بەشدار بوو کە (١٥٠) لاو بەشدار بووە کە پێداویستی خولەکان هەر هەموو دابینکرابوو و خەڵات بۆ سەرکەوتووان ئامادەکراوە.

**بەرنامەی فێستیڤاڵی وەرزش و لاوانی گەرمیان / ٢٠٠٧**

١- لە ٢٠٠٧/١٠/١٧ بۆ ٢٠٠٧/١٠/٢٠ خولی تۆپی پێ لاوان.
٢- لە ٢٠٠٧/١٠/١٨ بۆ ٢٠٠٧/١٠/٢٠ خولی تۆپی بالە بۆ کوڕان وکچان.
٣- لە ٢٠٠٧/١٠/١٩ بۆ ٢٠٠٧/١٠/٢١ خولی تۆپی باسکە.
٤- لە ٢٠٠٧/١٠/١٩ بۆ ٢٠٠٧/١٠/٢١ خولی تۆپی دەست.
٥- لە ٢٠٠٧/١٠/٢٣ بۆ ٢٠٠٧/١٠/٢٥ چادرگەی دیدەوانی کوڕان.
٦- لە ٢٠٠٧/١٠/٢٤ گۆڕەپان و مەیدانی کوڕان و کچان بۆ (کەلار - کفری - خانەقین - بێباز - سەرقەڵا- دەربەندیخان - ڕزگاری ) لە یاریگای یانەی وەرزشی شێروانە لە کەلار ئەنجام درا.

**ئەنجامی کۆتایی فێستیڤاڵی وەرزش و لاوانی گەرمیان ٢٠٠٧ بەم جۆرەی خوارەوە بوو:**

خولی تۆپی پێ - کەلار یەکەم - سەرقەڵا دووەم - خانەقین سێیەم
خولی تۆپی باڵەی کوڕان - کەلار یەکەم - خانەقین دووەم - ڕزگاری سێیەم
خولی تۆپی باڵەی کچان - کفری یەکەم - کەلار دووەم - سەرقەڵا سێیەم
خولی تۆپی باسکەی کوڕان- دەربەندیخان یەکەم - کەلار دووەم - کفری سێیەم
خولی تۆپی باسکەی کچان- کفری یەکەم - خانقین دووەم - کەلار سێیەم
خولی تۆپی دەستی کوڕان- خانەقین یەکەم - کەلار دووەم - ڕزگاری سێیەم
خولی تۆپی دەستی کچان- کەلار یەکەم - کفری دووەم - سەرقەڵا سێیەم
دیدەوانی کوڕان - کەلار یەکەم - ڕزگاری دووەم - پەیمانگای مامۆستایان سێیەم
دیدەوانی کچان - پەیمانگای مامۆستایان یەکەم - کفری دووەم - کەلار سێیەم
گۆڕەپان و مەیدانی کوڕان - کەلار یەکەم بە کۆی ٨٧ خاڵ- خانەقین دووەم بە کۆی ٥٢ خاڵ- کفری سێیەم بە کۆی ٤٠ خاڵ
گۆڕەپان و مەیدانی کچان - کەلار یەکەم بە کۆی ٧٢ خاڵ- کفری دووەم بە کۆی ٥٩ خاڵ- سەرقەڵا سێیەم بە کۆی ٣٦ خاڵ.

# چالاكییەكانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوانی هەولێر

دوابەدوای دامەزراندنی وەزارەتی وەرزش و لاوان و هاتنە ناوەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوانی هەولێر بۆ ناو وەزارەت، بەپێی یاسای وەزارەت هەر پارێزگایەكی هەرێم بەڕێوەبەرایەتییەكی گشتی تایبەتی دەبێت، بەڵام لەبەر كەمی میلاك و دانەمەزراندنی بەڕێوەبەری گشتی بۆ شاری دهۆك تاوەكو ئێستاش هەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوانی هەولێر دهۆكیش بەڕێوە دەبات، ئەوەی خوارەوەش سەرجەم چالاكییەكانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییەیە.



بەڕێوەبەری گشتی وەرزش و لاوان لە كاتی خەڵات دابەشكردندا

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوان**

١. لە یادی شۆڕشی (١١)ی ئەیلولی مەزن لە پارێزگای هەولێر راكردنی بە كۆمەڵ ئەنجامدرا سەرەتایی ڕاكردنەكە لە ڕێگای فرۆكەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی دەستی پێكرد تاكو پاركی (شەهید سامی عەبدورەحمان) درێژی ڕاكردنەكە (١٢) كیلۆمەتر بوو (١٢) ناوەندی وەرزشی هەرێمی كوردستان بەشداربوون لە ئەنجامدا یاریزانی یانەی كەركوك (عەلی ئەحمەد) بۆ ساڵی دووەم بە یەكەم دەرچوو.

٢. مانگی ١١ /٢٠٠٧ سەردانی دەڤەری سۆران و ڕەواندز و شەقڵاوە بۆ تارتان كردنی یاریگەكان.

٣. بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوان هاوكاری ناوەندی تیپە میللییەكانی شاری كەركووك بەخشینی كە كەلوپەلەكانیش ئەمانە بوون: ٧٥دەرزەن شۆرت - فانیلا -گۆرەی و هەروەها ٧٥ دانە تۆپی پێ.

٤. بەچاودێری بەڕێز وەزیری وەرزش ولاوان وەبەئامادەبوونی بەڕێز بەڕێوەبەری گشی وەرزش ولاوان فێستیڤاڵێكی پاسكلسواری ئەنجام درا لەڕۆژی ٢٠٠٧/٣/١٨ لەیادەكانی جەژنەكانی ئادار و نەورۆز

وەرزشوانی کوردستانی رۆژهەڵات بەناوی (رەشید سەردەشتی) کە بەشداری فێستیڤاڵەکەی کرد بەلێخورینی پاسکلسواری لەسەر یەک تایە بۆ ماوەی (٢٨) کیلۆمەتر کە ئەمەش رێزگرتنە لە (٢٨) ساڵەی کۆچی دوایی بارزانی.

٥. ٢٠٠٧/٣/١٣ بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوان هاوکاری هەردوو یانەی (سەرچنار - سلێمانی) کرد بەبەخشینی کەلو پەلی وەرزشی.

٦. بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوان تیپی تۆپی باسکەی کچانی یانەی ئەکاد خەڵات کرد بەبۆنەی بەدەست هێنانی پلەی یەکەم لەسەر ئاستی عێراق.

٧. لە رێکەوتی ٢٠٠٧/١/١٢ بەڕێوەبەرایەتی گشتی رێزی نا لەناوبژیوانانی تۆپی پێ دوای ماندوبوونیان لە بەڕێوەبردنی سەرکەوتنی خولە جیاجیاکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش ولاوان و هەردوو بەڕێوەبەرایەتی وەرزشی هەولێر و دهۆک.

٨. لەرێکەوتی ٢٠٠٧/١/١٧ بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش ولاوان رێزی نا لەناوبژیوانانی تۆپی دەست دوایی هەوڵ وکۆششیان و ماندوبوونیان لە بەڕێوەبردنی چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوان و هەردوو بەڕێوەبەرایەتی وەرزشی هەولێر و دهۆک.

٩. لە رێکەوتی هەمان رۆژدا بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوان رێزی نا لەناوبژیوانانی تۆپی سەبەتە دوایی ئەرک و ماندوبوونیان لە بەڕێوەبردنی چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوان و هەردوو بەڕێوەبەرایەتی وەرزشی هەولێر و دهۆک.




**چالاکی وەرزشی ناوەندەکان**

**ناوەندی وەرزش و لاوانی هەولێر**

١. بەشداری کردنی تیپی تۆپی پێی لاوان لە پاڵەوانییەتی یەکێتی لاوان کە بەبۆنەی یادەکانی راپەڕین و ئادار ئەنجامدرا.

٢. بەبۆنەی یادەکانی راپەڕین و ئادار نەورۆز ناوەندەکەمان هەستا بە ئەنجامدانی فێستیڤاڵێکی وەرزش و هونەری پێشانگەی وێنەی منداڵانی و بالەی کچان لە هۆڵی زەرد.

٣. بەشداری کردنی تیپی جمناستیکی کوڕان و کچان لە فێستیڤاڵی وەرزش و هونەری ناوەندی وەرزشی لاوانی بەحرکە.

٤. ئەنجامدانی یاری کۆتایی تۆپی پێ ی تازە پێگەیشتوان بۆ (١٤) تیپی دەوروبەری ناوەند لە رێکەوتی ٢٠٠٧/٥/٢٩ لەنێوان تیپی بناری سەفین و گەشبین.

٥. کردنەوەی پاڵەوانیەتی تۆپی پێ بۆ تەمەن (١٥) ساڵ بەرەو ژوور بۆ (١٦) تیپی سنووری ناوەند بۆ هەڵبژاردنی یاریزان بۆ بەشداری کردن لە پاڵەوانییەتی ناوەندەکانی سنووری هەولێر.

٦. بەشداری کردنی تیپەکانی تۆپی پێ و تۆپی باسکە و بالە و تۆپی دەست لە پاڵەوانییەتی ناوەندەکانی سنووری پارێزگای هەولێر کە زیاتر لەمانگێکی خایاند.

٧. بەشداری کردنی یاریزانانی ناوەندی هەولێر لە پاڵەوانییەتی راکردنی درێژی قەراغ شار (١٢)کم کە بەرێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوان ساڵانە ئەنجامی دەدات.

٨. بەشداری کردنی ناوەندەکەمان لە هەڵمەتی پاککردنەوەی شاری هەولێر لە رێکەوتی ٢٠٠٧/١٠/٢٦ ئەنجام درا.

٩. بەشداری کردنی تیپی جمناستیکی کوڕان و کچانی ناوەندەکەمان لەفێستیڤاڵی ساڵانەی تیپی زەیتونی کۆری لە رێکەوتی ٤/ ٢٠٠٧/١١.

١٠. بەشداری کردنی تیپی جمناستیکی کوڕان بەچەند نمایشێک پێش یاری کۆتایی پاڵەوانیەتی بالەی هەولێر کە لە هۆڵی شەهید فرەنسۆ هەریری ئەنجامدرا لە رێکەوتی ٢٠٠٧/١١/٢١.

**ناوەندی وەرزش و لاوانی عەنکاوە**

١. لە مانگی شوبات لە رێکەوتی ٢٠٠٧/٢/١٥ تیپی باسکەی کچان سەردانی هەردوو شاری (زاخۆ و ئاکرێ)ی کرد بۆ ئەنجامدانی دوو یاری دۆستانە.

٢. ناوەندەکەمان بەشداری لە پاڵەوانیەتی (خۆشەویستی و ئاشتی) کرد کە هەشت تیپ بەشدارییان تیادا کردبوو لە شارۆچکەی عەنکاوە بەرێوەچوو ئەوەبوو ناوەندەکەمان بووە پاڵەوانی ئەم پاڵەوانیەتییە.

٣. لەمانگی ئاب پاڵەوانییەتی بالەی کچان بۆ ناوەندە وەرزشییەکان لەسەر ئاستی کوردستان لە رێکەوتی ٨/٨ تاوەکو ٨/١٣ کە لەشاری دهۆک بەرێوە چوو دوای ململانێیەکی زۆر لەنێوان (٧) ناوەندی وەرزشی ناوەندەکەمان توانی ببێتە پاڵەوانی کوردستان و پلەی یەکەمی بەدەست هێنا.

٤. لەمانگی تشرینی یەکەم ناوەندەکەمان بەشداری کرد لە هەڵمەتی پاککردنەوەی شاری.



چالاکی وەرزشی ناوەندەکان

**ناوەندی وەرزشی بەحرکە**

١. ئەنجامدانی خولێکی کۆمپیوتەر بۆ فەرمانبەرانی بنکەی وەرزش و لاوانی بانکی بەحرکە و ئاسایش و قوتابخانە و بنکەی پۆلیس.

٢. کردنەوەی خولێکی یاری تێنس بۆ (٢٥) یاریزانی بنکەکەمان لە رێکەوتی ٢٠٠٧/٢/٢٠.

٣. ئەنجامدانی فێستیڤاڵی بنکە کە پێک هاتبوو لە پێنج چالاکی جۆراوجۆر:

- پیشاندانی نمایشێکی جمناستیک
- کردنەوەی پێشانگەی چالاکی بنکە
- نیشاندانی نمایشی تایکواندۆ
- گێرانی ئاهەنگێکی بچووک
- نیشاندانی چەند نمایشێکی هەڵپەرکێ کوردەواری لەلایەن تیپی هەڵپەرکێ بنکەوە

٤- بەهاوکاری وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان کردنەوەی پێشانگەیەکی وێنە و نیشاندانی چەند دیکۆمێنتێکی پاشماوەی ئەنفالکراوەکانی سنووری بەحرکە.

٥- بەهاوکاری رێکخراوی (ڤۆگای) جیهانی ئەنجامدانی وۆرکشۆپێک بۆ ماوەی (٦) هەفتە لەبارەی توانای گەنج و چۆنیەتی بەگرخستنی تواناکانی گەنج لەبواری بازرگانی لە رێکەوتی ٢٠٠٧/٤/٢٠.

٦- کردنەوەی خولێکی فێربوونی زمانی (ئینگلیزی) بۆ (٤٠) لاو لەبنکەی وەرزش ولاوانی بەحرکە بۆماوەی یەک مانگ.

٧- سازدانی کۆرێکی رۆشنبیری بەرفراوان بۆ بەرێز (تەیب زرار) بەپرسی لێژنەی ناوچەی بەرانەتی.

٨- کردنەوەی خولێکی فێربوونی مۆسیقا بۆ (٢٠) قوتابی.

٩- ئەنجامدانی وۆرک شۆپێک بەهاوکاری وەزارەتی ژینگە و ڕێکخراوی ژینگەی جیهانی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ.

١٠- کردنەوەی خولێکی ڕاهێنانی تۆپی پێ بۆ (٤٠) یاریزان کە تەمەنیان لە ١٢تا١٣ ساڵان.

١١- بەشداریکردن لە خولی چۆنیەتی پەروەردەکردن و فێرکردنی منداڵ لە کۆمەڵگە بەیارمەتی ڕێکخراوی منداڵ پارێزی کوردستان.

١٢- بەشداریکردن لە خولی هەرێم بۆ تایکواندۆ کەساڵانە تیپی زەیتونئەنجامی دەدات کە لەئەنجامدا پلەی یەکەممان بەدەست هێنا.

**ناوەندی وەرزش و لاوانی مەخمور**

١- کردنەوەی (وۆرک شۆپ) بەهاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی (I.C.S.P) بۆ ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی شارۆچکەی مەخمور بەناونیشانی (بەرزکردنەوەی هۆشیاری لە دژی گەندەڵی) لە ڕێکەوتی ٢٠٠٧/٢/٤ ئەنجام درا.

٢- بەبۆنەی ئازادکردنی شارۆچکەی مەخمور ناوەندەکەمان بەهاوکاری سەنتەری ڕۆشنبیری مەخمور لە هۆڵی ناوەندەکەمان هەڵساین بەنمایشکردنی کورتە فلمێک بەناونیشانی (بەرەو ئاسۆ) .

٣- کردنەوەی خولێکی تۆپی پێ و تۆپی سەرمێز بۆ لاوانی شارۆچکەکەمان بەمەبەستی وەرگرتنی چەند یاریزانێکی تازە بۆ ناوەندەکەمان.

٤- لە ڕێکەوتی ٢٠٠٧/٤/١٦ دا ناوەندەکەمان بەهاوکاری لەگەڵ سەنتەری ڕۆشنبیری قەرەچوغ ئاهەنگێکمان سازدا بە بۆنەی جەژنی نەورۆز ساڵی نوێی کوردی و ئازادکردنی شارۆچکەی مەخمور.

٥- بەهاوکاری لەگەڵ (بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی مەخمور) لە هۆڵی ناوەندەکەماندا تیروپشکیان ئەنجامدا بۆ جووتیارەکانی دەڤەری شارۆچکەی مەخمور بەمەبەستی دەرچوونی (٧٥ ) ئۆتۆمبێلی جۆری (پیکەب).


٦- ناوەندەکەمان بەشداری کرد لە چالاکییەکانی سنوری پارێزگای هەولێر: لە تۆپی باسکەدا پلەی سێیەمیان بەدەست هێنا، لە تۆپی دەست دا پلەی سێیەمیان بەدەست هێنا، لە تۆپی بالەی کوڕان پلەی چوارەممان بەدەست هێنا. لەتۆپی بالەی کچان بەشداریمان کرد بۆ پاڵەوانیەتی هەرێمی کوردستان کە لە پارێزگای دهۆک ئەنجام درا.

٧- بەشداریمان کرد لە هەڵمەتی پاککردنەوەی شارۆچکەی مەخمور بەهاوکاری بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی مەخمور لە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٠٠٧/١٠/٢٦ دا.

**ناوەندی وەرزش و لاوانی شەقلاوە**

١- لە یادی ٥٤ مین ساڵیادی دامەزراندی یەکێتی قوتابیانو لاوانی کوردستان ناوەندەکەمان هەڵسا بەکردنەوەی خولی تۆپی سەرمێز بۆ ١٤ یاریزان، یارییەکان بەشێوەی خول بەڕێوەچوو و یاری کۆتایی لە یادی بۆنەکانی ئادار و نەورۆز ئەنجام دەدرێت.

٢- بەڕێوەبەر و کارمەندانی بنکە سەردانی هەردوو بارەگای لاوانو قوتابیانی دەڤەرەکەمان کرا و بەبۆنەی یادی دامەزراندنیانو پیرۆزبایی کردنیان.



**چالاکی وەرزشی ناوەندەکان**

٣- لە یادی رزگارکردنی شاری شەقلاوە لە ١١/٩ ناوەندەکەمان هەڵسا بەکردنەوەی خولی فێربوونی وێنە بۆ کۆمەڵێک لاو، ئەم خولە بەردەوام دەبێت.

٤- کردنەوەی خولی (وێنە) بۆ قوتابیانی تەمەن ١٣ ساڵان لە بارەگای ناوەندەکەمان لە رێکەوتی ٤/٢ تاکو ٤/٢٢ بەردەوام دەبێت.

٥- لە رێکەوتی ٦/٢٤ رۆژی یەکشەمەو بەمەبەستی دەربرینی هەستی خۆشی و شادی بە بۆنەی دەرچوونی بڕیاری لە سێدارەدانی عەلی کیمیاوی سەرجەم کارمەندانی ناوەندەکەمان و راهێنەرانو یاریزانانی ناوەندەکەمان بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرجەم دامو دەزگا حزبیو حکومی لە شەقلاوە رێپێوانی ئۆتۆمبێلەکان دەستی پێکرد لەگەڵ شاییو هەڵپەرکێی جەماوەری.

٦- کردنەوەی خولی خۆشنووسی لە بارەگای ناوەندەکەمان بە بەشداربوونی ١٢ قوتابی تەمەن ١٣ ساڵان وە بەردەوام دەبێت بۆ ماوەی یەک مانگ.

٧- بەشداربوونی کارمەندانو راهێنەرانو یاریزانانی ناوەندەکەمان لە هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی پەتایی کۆلێرا لە رێکەوتی ٩/٢٥ رۆژی شەممەو بە هەماهەنگی لەگەڵ نەخۆشخانەی شەقلاوەی گشتی.

٨- لە رۆژی هەڵمەتی پاککردنەوەی کوردستانو لە سەر پێشنیاری وەزارەتی وەرزشو لاوان لە رێکەوتی ٢٠٠٧/١٠/٢٦، ناوەندەکەمان بەهەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی شارەوانی شەقلاوە لە رێورەسمێکی شایستەدا هەموو کارمەندانو راهێنەرانو وەرزشوانانی ناوەندەکەمان بەشداریان کرد لەم هەڵمەتەدا.

**ناوەندی وەرزش و لاوانی رەواندز**

خولی تۆپی سەرمێز لە ژێر چاودێری بەڕێوەبەری ناحیەی رەواندز بەڕێز (باوەر عەلی هەژار) لەرێکەوتی ٢٠٠٧/٢/١ تاکو ٢٠٠٧/٢/١٤ ناوەندەکەمان هەڵسا بەکردنەوەی خولێکی یاری تۆپی سەرمێز کەتێیدا زیاتر لە (٢٥) یاریزان بەشداریان کرد لە کۆتایی خولەکە ئەم یاریزانانە سەرکەوتن کە لەخوارەوە ناویان هاتووە

پلەی یەکەم: داماوە ئەنور سەعید

پلەی دووەم: رابەر واحید سەعید

پلەی سێیەم: سیپان عەلی

١- لەژێر چاودێری بەڕێوەبەری ناحیەی رواندز بەرێز (باوەر عەل هەژار) بەبۆنەی یادەکانی ئادار و نەورۆزدا ناوەندەکەمان هەڵسا بەکردنەوەی خولێکی تۆپی بالە بەبەشداربوونی شەش تیپ لە رێکەوتی ٢٠٠٧/٣/٨ تاکو ٢٠٠٧/٣/١٩ لە هۆڵی داخراوی رواندز و لەکۆتایی خولەکە تیپی هەندرێن سەرکەوت بەسەر تیپی نارین بە (٣گێم) بەرامبەر بە (هیچ).

٢- تیپی تایکواندۆی ناوەندەکەمان بەشداری کرد لە خولێکی تایکواندۆ کە رێکخراوی ئازادی لاوان پێ هەڵسا لە رێکەوتی ٣/٢٠ / ٢٠٠٧ وە (٤) تیپ بەشدارییان کردبوو کە لە هۆڵی داخراوی رواندز لە کۆتایی پاڵەوانیەتییەکە تیپی تایکواندۆی یانەی ڕواندز سەرکەوت بەسەر یانەی زاگرۆس بەکۆکردنەوەی (٧٠ خاڵ-٣٠ خاڵ) تیپی ناوەندەکەمان بەپلەی سێیەم هات بەکۆکردنەوەی (٢٥خاڵ).

٣- لەرێکەوتی ٢٠٠٧/٣/١٤ ناوەندەکەمان بەشداری کرد لەچاندنی نەمام لەگەڵ بەرپرس و کارگێری حزبی و حکومییەکان، ناوەندەکەمان بەشداری بەرچاوییان هەبوو لەم هەڵمەتە.

٤- لەرێکەوتی ٢٠٠٧/٣/٢٠ ئێوارەدا ناوەندەکەمان بەشداری رێورەسمی کردنەوەی ئاگری نەورۆزی کرد و بەو بۆنەیە کۆڕێکی شیعری سازکراو بەرێوەبەری ناحیە و بەرپرسی حزبی و حکومی و جەماوەرێکی زۆر ئامادەبوون.

٥- لە رێکەوتی ٢٠٠٧/٤/١٧ ناوەندەکەمان هەڵسا بە یارییەکی دۆستانە لەگەڵ تیپی تۆپی دەستی ناوەندی سۆران لە هۆڵی سۆران لە کۆتایی یاریەکە تیپەکەمان سەرکەوت بە (٢٣ گۆڵ- ١٩ گۆڵ).

٦- لە رێکەوتی ٢٠٠٧/٤/٢٢ ناوەندەکەمان هەڵسا بەکردنەوەی خولێک لە تۆپی پێ بەبەشداری (٦) تیپ لە یاریگەی رواندز بەرێوەچوو تاکو٢٠٠٧/٤/٢٩ لە کۆتایی خولەکە تیپی لاوانی گەردەگەرد سەرکەوت بەسەر تیپی لاوانی پاشایی گەورە بە (١گۆڵ - هیچ) بەئامادەبوونی نوێنەرانی دامودەزگای حزبی و حکومییەکان و جەماوەرێکی زۆر بەرێوەچوو.

٧- ناوەندەکەمان هەڵسا بەکردنەوەی خولی مۆسیقا بەبەشداری (٣٠) قوتابی بۆ ماوەی مانگێک خولەکە بەسەر کەوتوویی بەرێوەچوو.

٨- لە رێکەوتی ٢٠٠٧/٦/١٩ ناوەندەکەمان هەڵسا بەیارییەکی دۆستانە لە تۆپی بالە لەگەڵ تیپی لاوانی دۆڵی ئاکۆیان لە کۆتایی دا تیپەکەمان سەرکەوت بە (٣گێم-١گێم).

٩- لە رێکەوتی ٢٠٠٧/٦/٢٤ ناوەندەکەمان هەڵسا بەبەشداری کردنی هەڵمەتی پاککردنەوەی گۆرەپانی یاری و دەوروپشتی لەگەڵ گشت فەرمانبەرانی ناوەندەکەمان و یاریزانان.

١٠- لە سەرەتایی مانگی تەمموز تیپە وەرزشییەکانی ناوەندەکەمان لە تۆپی پێ و باڵە باسکە بەشدارییان کرد لە پاڵەوانییەتی ناوەندییەکانی سنووری پارێزگای هەولێر کە بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی هەولێر بەڕێوەی برد.
١١- لە ڕێکەوتی ٢٠٠٧/٩/١١ ناوەندەکەمان بەشداری کرد لە راکردنی قەراغی شار کەبەڕیوەبەرایەتی گشتی وەرزش ولاوان پێ ی هەڵسا بوو بە بۆنەی هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلول وەخەڵات دابەش کرا بەسەر یاریزانە سەرکەوتوەکان لە لایەن بەڕێوەبەری گشتی وەرزش ولاوان.
١٢- لەڕێکەوتی ٢٠٠٧/٩/١٢ ناوەندەکەمان هەڵسا بەکردنەوەی خولێکی تۆپی پێ بۆ لاوانی تەمەن (١٥) ساڵ و کەمتر بۆشاری رەواندز کە (٤) تیپ بەشدارییان کرد و تیپی بەچکەشێرانمان بەشداربوو لە کۆتایی دا تیپی بەچکە شێرانامن سەرکەوت.
١٣- لە ڕێکەوتی ٢٠٠٧/١٠/٢٦ بەئامادەبوونی بەڕێوەبەری ناوەندەکەمان و سەرجەم فەرمانبەران و یاریزانان و راهێنەرانی هەلساین بەهەڵمەتی پاککردنەوەی شاری رەواندز بەپاڵپشتی شارەوانی رەواندز بەرپرسی حزبی و حکومی بەڕێوەچوو.
١٤- لە ڕێکەوتی ٢٠٠٧ /١٠/٢٨ ناوەندەکەمان بەشداری کرد لە خۆپیشاندان دژ بە لەشکرکێشی تورکیا بۆ سنووری هەرێمی کوردستان لەگەڵ جەماوەرێکی زۆری شاری رەواندز.

**ناوەندی وەرزش و لاوانی سۆران**

١- کردنەوەی خولێکی تۆپی پێ لە ڕێکەوتی ٢٢٠٧/٢/١١ بۆ (١٦) تیپی دەڤەری سۆران بەمەبەستی هەڵبژاردنی یاریزانان.
٢- لەڕێکەوتی ٢٠٠٧/٤/١٦ ناوەندەکەمان هەلسا بەکردنەوەی خولێک بۆ (١٢) تیپی میللی باسکە لە دەڤەری سۆران لەیاری کۆتایی دا ناوەندەکەمان سەرکەوت بەسەر تیپی (سۆران) بە (٦٠ خاڵ- ٢٠ خاڵ).
٣- کردنەوەی خولێکی شێوەکاری بۆ ئارەزوومەندانی دەڤەری سۆران بۆ مەبەستی پەرەپێدان بە تواناکانیان.
٤- لەڕێکەوتی ٢٠٠٧/٨/٨ بەمەبەستی بەشداری کردنی لە پاڵەوانیەتی باڵەی کچان کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش ولاوان پێی هەڵسابوو لە شاری دهۆک ئەنجامی دا بۆ (٧) ناوەندی وەرزشی کچانی کوردستان.
٥- لەڕێکەوتی ٢٠٠٧/٩/١١ ناوەندەکەمان بەشداری کرد لە راکردنی قەراغ شار کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوان پێی هەڵسابوو.
٦- بەشداری کردن لەهەڵمەتی پاککردنەوەی شار.
٧- بەشداربوون لە خۆپیشاندانی دژ بە لەشکرکێشی تورکیا بۆسەر هەرێمی کوردستان.

**ناوەندا وەرزش و لاوێن دهۆکێ**

١- ٢٠٠٧/٢/١٠ ڤەکرنا خولەکا شەترەنجێ بو لاوێن دهوکێ بو ماوێ(١٥) روژا ل هۆلێن ناوەندێ.
٢- ٢٠٠٧/٢/١٥ ڤەکرنا خولەکا تایکواندو بو لاوان ل هۆلێن ناوەندێ.

٣- ٢٠٠٧/٣/١٥ ڤەكرنا خولەكا تەپا مێزێ بو لاوان بو ماوێ (١٠) روژا.
٤- ٢٠٠٧/٤/٢ سازكرنا ئاهەنگێ بو هەلبژارتیێ كوردستانێ یێت پەروەردا ل هولا ناوەندا دهوكێ بو(كچان-كوران) هاتە كرن.
٥- ٢٠٠٧/٥/١٥ ڤەكرنا خولەكا (كاراتی) یێ بو لاوان ل هولێن ناوەندێ.
٦- ٢٠٠٧/٦/٥ ڤەكرنا خولەكا (جمناستیك)ێ بو لاوان ل هولا ناوەندێ.
٧- ٢٠٠٧/٧/٢٧ خولەكا فێركرنا (تایكواندو) یێ بو لاوێن گرێ باسێ بو ماوێ (١٥) روژا.



چالاكی وەرزشی

**كوچكا رێڤەبەریا وەرزش و لاوان**

٢- ب هەلكەفتنا ١٨ی شواتێ سیمینارەک هاتە رێكخستن بو بەرپرسێ لقا ئێكا پارتی بەرێز(قادر قاچاخ) دەربارەی ( هوشیاری لاوان).
٥- ئاهەنگەكا بەرفرەه بو سەرجەم فەرمانبەرو یاریكەرێن بنگەهێ لاوان ل پارێزگەها دهوك ل روژا ٢٠٠٧/٤/٣٠

١- ئەنجامدانا قارەمانیا خولا تەپا پێ ی بو بنگەهێن لاوێن پارێزگەهێ دهوكێ ل ماوێ ٧/١٤ تا ٢٠٠٧/٨/٢٦ ئو دئەنجامد بنگەهێ زاخو ل رێزا ئێكەی هاتو بنگەهێ سێمیل ل رێزا دووێ هاتو ئو خلات هاتە دابەش كرن ل سەر بنگەهێ سەركەفتی.
٤- ئەنجامدانا قارەمانیا خولا تەپا باسكت بولێ بو بنگەهێن لاوێن پارێزگەها دهوكێ ل ماوێ ٧/١٦ تا٢٠٠٧/٨/٢٨ ئو دئەنجامدا بنگەهێ لاوێن زاخو ل رێزا ئێكی هاتو بنگەهێن لاوێن دهوك ل رێزا دووێ هات ئو خلات هاتنە دابەش كرن ل سەر بنگەهێ سەركەفتی.

٥- ئەنجامدانا قارەمانیا خولا تەپا ڤولی بولێ بو بنگەهێن لاوێن پارێزگەها دهوکێ ل ماوێ ٧/١٦ تا٢٠٠٧/٨/٢٨ ئو دئەنجامدا بنگەهێ لاوێن ئامێدی ل رێزا ئێکی هاتو بنگەهێ لاوێن زاخو ل رێزا دووێ هات ئو خلات هاتنە دابەش کرن ل سەر بنگەهێ سەرکەفتی.

٦- جەنابێ وەزیرێ وەرزش‌و لاوان سەرەدانەک ئینا دەڤەرا بەهدینان بو وێ چەندێ ژ نێزیک کاروچالاکییێت رێڤەبەریا مە ببینیت‌و ڤەکرنا چەندین فەرهەنگ خانا ل دەڤەرا سێمێلی‌و زاخوو ئامێدیێ.

٧-ل ٢٠٠٧/١٠/٢٦ ب فەرمانا جەنابێ وەزیرێ وەرزش‌و لاوان هەوەکا پاقژ کرنێ هاتە سازدان ژلایێ رێڤەبەریا مەڤەو ناوەندیێن ب سەر ڤە ب پشکداریا هەمی داموو دەزگەهێن حزبی‌و حکومی بە پاقژ کرنا باژێرێ دهوکێ و قەزاییێت وێ کو ئەڤ روژە بویە روژا پاقژ کرنا کوردستانێ.



بەشداری ناوەندەکان لە رۆژی ژینگەپارێزی

**بنگەهێ وەرزش‌و لاوان زاخو**

١- ل ٢٠٠٧/٤/١ خولەکا کومپیوتەری هاتە ڤەکرن ل بنگەهێ مە ل سەر دەستی راهینەری بنگەهی (محەمەد ئەنوەر) وە پشکداریا ١٥ کچان بو ماوێ هەیڤەکێ هاتە ڤەکیشان‌و دوماهیێ دیاری ل سەر هەندەک یاریکەرێن باش هاتنە دان.

٢- ل ٢٠٠٧/٤/١٥ خولا مەشق کرنا تەپا پێ هاتە ڤەکرن ل بنگەهێ مە ل سەر دەستی راهینەر (بناڤ ئەحمەد)و ٢٠ یاریکەرێ پشکداریێ بەردەوامێ تێدا دکەن وە قارەمانیا پارێزگەهی‌و هەرێما کوردستانێ.

٣- ل ٢٠٠٧/٤/١٦ خولا مەشق کرنا تەپ پێ (پێگەهیشتیا) هاتە ڤەکرن ل بنگەهێ مە ل سەر دەستی راهینەر (عەدنانی خەیروڵڵا)و٢٠ یاریکەرێ پشکدارن تێدا بو قارەمانیا پارێزگەهێ‌و هەرێما کوردستانێ.

٤- ل ٢٠٠٧/٤/١٧ خولا مەشقكرنا تايكواندو هاتە ڤەكرن ل سەر دەستی راهینەرێ بنگەهێ مە (دلگەش محەمەد عەبدوڵلا) و یاریزان پشكدارن و بەردەوامن د خولێ دا بو قارەمانیا پارێزگەهێ‌و هەرێما كوردستانێ.

٢٠٠٧/٢/٣ ڤەكرنا خولا مەشق كرنا بوكسانی ل بنگەهی مە (٢٤) یاریزانا بشداری تێدا كرد بەردەوامە ل سەر كارێ خۆ.

٥- ل ٢٠٠٧/٢/٨ ڤەكرنا خولا زارنبازی ل بنگەهێ مە ل سەر دەستی راهینەر (عەلی یوسف)و ٣٠ یاریزانان بشداری تێدا كرو وەكو بیشكە شیر تا ئەڤرو بەردەوامە ل سەر كاری راهینانی.

٦- ل ٢٠٠٧/٢/٢٥ سیمینارەک بناڤـونیشان پەروەردێ لاوان ل بنگەهی‌و ٦٥ ئامادەبون ژ یاریزانێ بنگەهێ مەو كو هاتی خواندن ب ریكا (میرزا كلش) ئەندامێ لقا ٨ ێ پارتیا دیموكراتا كوردستانێ.

٧- ل ٢٠٠٧/٤/١٨ خولا مەشق كرنا تەپا سەر مێزی هاتە ڤەكرن ل سەر دەستی راهینەرێ بنگەهێ مە (سامی عەبدوڵلا) و ٦ یاریكەرێ پشكدارن وبەردەوامن دخولێ دا بو قارەمانبا پارێزگەهێ و هەرێما كوردستانێ.

٨- ل ٢٠٠٧/٤/١٩ خولا مەشقكرنا تیما موزیكی هاتە كرن ل بنگەهی مە ل سەر دەستی راهینەری موزیكی (فەرهاد حنا) و ٢٠ یاریكەر پشكدارن و بەردەوامن بو فیر كرنا موزیكێ و پێک ئینانا فرقەكا موسیقی ب ناڤێ بنگەهێ مە بێتە كرن.

٩- ل٢٠٠٧/٤/٢٠ خولا مەشق كرنا تەپا دەستێ هاتە ڤەكرن ل بنگەهێ مە لسەر دەستێ راهینەر (شێرزاد ئەحمەد) و ١٦ یاریكەر پشكدارن دڤی خولێ دا بو قارەمانیا پارێزگەهێ و هەرێما كوردستانێ.

١٠- ل ٢٠٠٧/٤/٢١ خولا مەشق كرنا تەپا ڤولی بولێ هاتە ڤەكرن ل بنگەهێ مە ل سەر دەستی راهینەر (نشوان زكی سلیمان) و ١٥ یاریكەر پشكدارێ و بەردەوامیێ تێدا دكن بو قارەمانیا پارێزگەهێ هەرێما كوردستانێ.

١١- ل ٢٠٠٧/٤/٢٢ خولا مەشقكرنا تەپا ڤولی بولێ (پێگەهیشی) هاتە ڤەكرن ل سەر دەستی راهینەر (جەلال سەلام محەمەد) و ١٤ یاریكەرێ پشكدارنو بەردەوامن دڤی خولێ دا بو قارەمانبا پارێزگەهێ‌و هەرێما كوردستانێ.

١٢- ل ٢٠٠٧/٤/٢٣ خولا مەشقكرنا تەپا باسكت بولێ هاتە ڤەكرن ل بنگەهێ مە ل سەر راهینەر (جگەر عەلی) و ١٥ یاریكەرا پشكدارێی بەردەوامێی تێدا دكن بو قارەمانیا پارێزگەهێ‌و هەرێما كوردستانێ.

١٣- ل ٢٠٠٧/٦/١ خولەكا كومپیتەرێ هاتە ڤەكرن ل بنگەهێ مە لسەر دەستێ راهینەر بنگەهێ (محەمەد ئەنور توفیق) پشكداریا ٢٠ قوتابیان ئەڤ خولە دئێتە ڤەكیشان بو ماوەی هەیڤەكێ بو فیركرنا وان و د دویماهیێ دێ هندەک دیاری لسەر قوتاەبییت پێش كەفتێ ئێنەدان.

١٤- ل ٢٠٠٧/٦/١ خولەكا كومبیوتەری هاتە ڤەكرن ل بنگەهێ مەلسەر دەستێ راهێنەری بنگەهێ محەمەد ئەنور و بشكداریا ١٥ كچان بو ماوەی هەیڤەكێ هاتە ڤەكیشان و دویماهیێ دیاری لسەر هندەک یاریكەرین باش هاتنە دان.

١٥- ل ٢٠٠٧/١٠/٢٧ بنكەهێ مە بەشدار بو ژ حەملەكی پاكژكرنی ل هەمی شاری زاخۆ.

١٦- ل ٢٠٠٧/٧/٢ ژ چالاكیێن بنگەهێن زاخو قارەمانیا تەپا سەر مێزێ هاتە ڤەكرن پشكداریا ١٠

یاریکەرا و ڤەکیشانا پێنج رۆژا ل بنگەهێ زاخو هاتە کرن و ئەنجامدا ڤی قارەمانی بدوماهیک هات یاریکەر جێگر مهدی وسلڤر نادر شیان بگەهن یاریا دوماهی دئنجامدا جێگر مهدی ب سەرکەفت (٣-١) گێم دیاری هاتنە دان ب سەر یاریکەرێن پێشکەفتی.

١٧- ل ٢٠٠٧/٨/١٩ ژ چالاکیین بنگەهی زاخو قارەمانیا تەپا سەرمیزێ هاتە ڤەکرن و پشکداریا ١٤ یاریکەرا و ڤەکیشانا ٣ رۆژا ل بنگەهی زاخو هاتە کرن و ئەنجامیت ڤی قارەمانی بدوماهیک هات. بشتی هەردوو یاریکەر (فائز حنا نعمو) و (روبرت قیسر) گەهشتنە یاریا دوماهیی و یاریکەر (فائز حنا نعمو) قارەمانی بدەس خوڤە ئینات (٢-١) و دیاری هاتنە دان لسەر یاریکەرین پیشەفتی.

١٨- ل ٢٠٠٧/٩/١٢ قارەمانیا تەپا سەرمیزی هاتە ڤەکرن لسەر ئاستی زاخو تێدا چەندین یاریکەر بشداری تیدا کر ب سەرپەرشتی (نارین یاقو) و دادڤان (سامی عەبدوڵڵا ئەحمەد).

١٩- ل ٢٠٠٧/٩/١٨ خولەک فیرکرنا کومپیوتری هاتە فەکرن ل بنگەهی مە ل سەر دەستی راهینەری کومپیوتەری (محەمەد ئەنوەر توفیق) چەندین گەنجا کورِ و کچ تێدا پشدار بون.



**وەزیری وەرزش و لاوان لە چالاکییەکی وەرزشیدا**

**ناوەندا وەرزش و لاوێن ئامێدیێ**

٢٠٠٧/٢/٢٦ ب هەڤکاریا ئێکەتیا لاوان قارەمانیا ڤولی بولێ هاتە سازکرن بو کچان

٢٠٠٧/٣/١٣ قارەمانیا تەپا سەر مێزی هاتە ڤەکرن بو کوران پشکداریا ٢٠ لاوان

٢٠٠٧/٣/٢١ پشکداری ئاهەنگێن نەوروزی هاتە کرن

٢٠٠٧/٤/١٥ سیمینارەکا رەوشەنبیری هاتە کرن ب هەڤکاری دگەل سەنتەرێ رەوشەنبیری

٢٠٠٧/٧/٣ ڤەکرنا قارەمانیا تەپا سەر مێزێ پشکداریا ٢٠ یاریکەرا

٢٠٠٧/٧/٢٨ ڤەكرنا قارەمانیا شترەنجێ پشكداریا ١٥ یاریكەرا
٢٠٠٧/٨/١٣ پشكداری د قارەمانیا هەرێمێدا یا ڤولی بولێ یا(كچان)
٢٠٠٧/٩/٦ ڤەكرنا غاردانەكا درێژ پشكداریا ٣٠ یاریكەرا
٢٠٠٧/٩/٦ پشكداری قارەمانیا هەرێمیێدا یا غاردانا درێژ ئەوا هاتیە كرن هەڤلێرێ
٢٠٠٧/٩/١٨ ڤەكرنا قارەمانیا تەپا سەر مێزێ پشكداریا ٢٠ یاریكەرا



**چالاكی وەرزشی ناوەندەكان**

**ناوەندا وەرزش‌و لاوێن ئاكرێ**

١- ٢٠٠٧/١/١٥ ڤەكرنا خولا مەشقكرنا یاریا تەپا پێ ل سەر دەستێ راهینەر (فەرزندە عمر شكری)و ٢٥ یاریزانا پشكداری تێدا كر.

٢- ٢٠٠٧/١/٢٣ ڤەكرنا خولا مەشقكرنا یاریا تەپا دەستی ل سەر دەستێ راهینەر (هەڤاڵ عبدالعزیز)و ١٨ یاریزانا پیشكداری تێداكر.

٣- ٢٠٠٧/١/٣٠ پێک ئینانا لیژنەكا وەرزشی یا هاوبەش دگەل ناوەندا بالا لاوانو یانا ئاكرێ‌و پشكا وەرزشی و دیدەڤانی ناوەندا وەرزش‌و لاوێن ئاكرێ بتایبەت ل سەر ئەنجام دانا چالاكیاو دابین كرنا جهێ یاریا.

٤- ٢٠٠٧/٢/٥ ڤەكرنا خولا مەشقكرنا یاریا ڤولێ بولێ ل سەر دەستێ (رزگار ئەحمەد مەحەمەد)و تێدا ١٢ یاریزانا پشكداری تێداكر ول هولا دایخستی ئەنجامدا.

٥- ٢٠٠٧/٢/٧ ڤەكرنا خولا مەشقكرنا یاریا تەپا پێ (تازە پێگەهیشتیا ژلایێ راهینەر جاسم عبدالقادر).

٦- ٢٠٠٧/٢/١٨ بهەلكەفتا ١٨ێ شوباتێ چارەمانیا تەپا سەر مێز هاتە ڤەكرن‌و كومەكا لاواو تازە

پێگەهیشتیا پشکداری تێدا کرو ژ لایێ قایمقامێ قەزا ئاکرێ هاتە ڤەکرن.

٧- ٢٠٠٧/٢/٢٧هەلمتا پاقژکرنا باچەرێ ئاکرێو ناوەندا وەرزش‌و لاوان ئاکرێ رولەکێ کاریگەر تێدا هەبوو چ لاایێ قایمقامێ قەزایێ (جهور علی عزیز) سەپاسیا مەکر.

٨- ٢٠٠٧/٣/١٤ هەلمەتا دار چاندنێ ل دور یاریگەهێ هاتنە چاندن.

٩- ٢٠٠٧/٣/٢١ رێکخستنا جهێ بیرەوەریا نەوروزێ و دگەل جەماوەرێ شیان ئاهەنگەکا زور قەشەنگ‌و مەزن بێتە گێران.

١٠- ٢٠٠٧/٣/٢٨ سیمینارەکا هاوبەش دگەل رێکخراوا مافێ مروڤ بو کومەکا لاوان.

١١- ٢٠٠٧/٤/٢ ڤەکرنا خولا فێربونا موزیکێ و ل سەر دەستێ راهینەرێ مەزیکێ (تەحسین تەها عەلی) هاتە رێڤە برن و چەندین لاوا پشکداری تێدا کرن.

١٢- ٢٠٠٧/٤/٥ ڤەکرنا خولا مەشقکرنا یاریا تەپا سەر مێز ژ لایێ راهینەر (زیورە عومەر) هاتە رێڤە برن.

١٣- ٢٠٠٧/٤/٨ ڤەکرنا خولا مەشقکرنا یاریا شەترەنجێ و نیزیکی ٢٨ وەرزشڤانا پشکداری تێدا کرن و بو ماوەی ١٦ روژا ڤەکیشا و ل هەلا دایخستی برێڤە چوو.

١٤- ٢٠٠٧/٤/٢٥ ڤەکرنا پیشانگەها وێنێن فوتوغرافی ل دور چالاکیێن ناوەندا وەرزش‌و لاوێن ئاکرێ.

١٥- ٢٠٠٧/٩/١٦ پشکداری کرن ل خولا رەمەزانا پیروز کو ژ لایێ ناوەندا بالا ڤەکری بە یاریا تەپا پێ ٦ یاریزانی.

١٦- ٢٠٠٧/١٠/٢٣ پشکداری کرن ل خولا تەپا پێ تازە تازەپێگەهیشتیا ل زاخو بو ماوێ ٤ روژا.

١٧- ٢٠٠٧/١٠/٢٦هەلمەتا روژا پاقژکرنا کوردستانێ کو پشکداریا هەمی توێژێن کوردستانێ هەلمەتەکا مەزن بو پاقژکرنا باژەرێ ئاکرێ هاتە کرن.

١٨- ٢٠٠٧/١١/٤ ڤەکرنا خولا کومپیتەرێ بە ٢٨ لاوێن کچ‌وکورا و بو ماوێ ٢٤ روژا ڤەکێشا.

١٩- ٢٠٠٧/١١/٢٠ ڤەکرنا پێشانگەها وێنەو فەرمودەیێن مەسعود بارزانی سەروکێ هەرێما کوردستانێ و ل ژێر چاڤدێریا قایمقامێ قەزا ئاکری ي هاتە ڤەکرن.

٢٠- ٢٠٠٧/١١/٢٦ ئێڤاریەکا هوزانخاندنێ دێ هێتە ئەنجام دان بو چەندین لاوێن هوزانڤانێن کچ‌و کور.

**بنگەهێ وەرزش و لاوان سێمێلی**

١- بهەلکفتا هەژدی شواتێ ول ژێر چاڤدێریا بەرێز (علی بندی )بەرپرسێ ل . ن سێمێلی.

٢- ل ٢٠٠٧/٢/٢٤ ئاهنگەگ هاتە گێران بو یارێکەراو پشکداریا قوتابی و لاوێن.

٣- بهەلکفتا چەژنێن ئادار و نەوروزا بو سازکرنا چەندین چالاکێن وەرزشی:

- قارەمانیا شەترەنجێ و پشکداریا سێ یاریکەر.

- قارەمانیا تەپامێزێ بشکداریا (٢٥) یاریکەرا.

- قارەمانیا تەپا پێ بەشداربونا پازدە تیما دەست پێکر سیستەمی تەسقیت زەوجی.

٤- ل روژا ٢٠٠٧/٣/٢٠ بنگەهی مە بشکداری دهەلکرنا ئاگری نەوروزێدا دگەل دامو دەزگەهێن مێری و جەماوەرێکی زور بشکداربون.

٥- ل روژا ٢٠٠٧/٤/٤ ول دیڤ چالاکین بنگەهێ لاوین سێمێلی یێن مەها ئاداری چەند چالاکی هاتە ئەنجامدان.

پتر یا شەش سەد یاریکەر بەشداربون ژ قوتابی و لاوین دەڤەرێ قەرەمانیا تەپاپێ پشکداریا (١٥) تیما و قەرمانیا شەترەنجی (٣٠) یاریکەر و قارمانیا تەپا مێزی (٢٥) یاریکەر ئەڤ یاریە هاتنەکرن.

٦- ل روژا ٢٠٠٧/٩/١١ لژێر چاڤدیریا وەزیرێ وەرزش و لاوێن کوردستانێ و هلکەفتا ٤٨ سالیا دەسپیکا شورەشا ئەیلولا مەزن بنگەهێ مە پشکداریێ قارەمانیا غاردانا دریژ ل هەڤلێرێ یارێ هاتنە رێڤە برن.

٧- ٢٠٠٧/١٠/٢٦ بشکداری کرن هوا پاقشکرنا باژێرێ دگەل داموي دەزگەهێ مێرێ.

# ڕاپۆرتی کاری وەزارەتی وەرزش و لاوان
# ساڵی ٢٠٠٨- ٢٠٠٩

# پرۆژەی ژێرخانی وەزارەت

وەک ئاشکرایە وەزارەتی وەرزش و لاوان لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تاوەکو ئەمساڵ هیچ پرۆژەیەکی ژێرخانی وەرزشی و لاوانی نەبووە، هۆکارەکەش بۆ کەمی بودجە دەگەڕێتەوە کە بۆتە ڕێگر لەبەردەم دروستکردنی ئەم پرۆژانە، وەزارەت بۆ ئەمساڵ چەندین پرۆژەی گەورە و گرنگی هەیە لەسەرجەم شاروشارۆچکەکان و شاردێیەکانی کوردستان بۆ زیاتر گرنگی دان بە لاوان و وەرزشکارانی کوردستان، ئەوەی خوارەوە سەرەجەم پرۆژەکانی وەزارەتە کە دوای ماوەیەکی کەم سەرجەم پرۆژەکان دەست بەکار دەبێت، زۆربەی زۆری پرۆژەکان سەرەم کارەکانینان تەواو بووە، تەنیا بەردی بناغەیان ماوە کە بەم نزیکانە بەردی بناغەیان بۆ دادەنرێت، ئەو خشتەی خوارەوەش سەرجەم پرۆژەکان پیشان دەدات.



وەزیری وەرزش و لاوان

# پرۆژەکانی ژێرخانی وەرزشی وەزارەتی وەرزش و لاوان بۆ ساڵی 2009

| ناوی پرۆژە | شوێن | | | گوژمەی تەرخانکراوی پرۆژە (دینار) |
|---|---|---|---|---|
| | ناوشار | قەزا | ناحیە | |
| پرۆژەی یاریگەی کراوە لە مەخمور | هەولێر | مەخمور | | 316.000.000 |
| پرۆژەی سێ یاریگەی کراوە | هەولێر | سۆران، بەحرکە، ڕەواندز | | 750.000.000 |
| بینایەی بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوان | هەولێر | | | 600.000.000 |
| بینایەی ناوەندی وەرزش و لاوان (پێنج ناوەند) جۆری پلە (1) | هەولێر | شەقلاوە، خەبات، بنەسلاوە، هەولێر، کۆیە | | 8.500.000.000 |
| بینایەی ناوەندی وەرزش و لاوان (پێنج ناوەند) جۆری پلە (2) | هەولێر | هەریر، سیدەکان، قوشتەپە، مێرگەسۆر، شاویس | | 7.500.000.000 |
| بینایەی ناوەندی وەرزش و لاوان (پێنج ناوەند) جۆری پلە (1) | سلێمانی | سلێمانی، هەڵەبجە، کەلار، پێنجوین، بەکرەجۆ | | 8.500.000.000 |
| بینایەی ناوەندی وەرزش و لاوان (پێنج ناوەند) جۆری پلە (2) | سلێمانی | رانیە، دەربەندیخان، شارەزوور، شۆرش | | 7.500.000.000 |
| بینایەی بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوان | سلێمانی | | | 600.000.000 |
| دروستکردنی یاریگەی کراوە (یازدە یاریگە) | سلێمانی | | | 2.250.000.000 |
| دروستکردنی ماڵی وەرزشوان | سلێمانی | | | 500.000.000 |
| دروستکردنی یاریگەی تۆپی پێ | دهۆك | ئامێدی | | 1.000.000.000 |
| بینایەی ناوەندی وەرزش و لاوان (سێ ناوەند) جۆری پلە (1) | دهۆك | ئاکرێ، بەردەرەش ، شێخان | | 5.100.000.000 |
| بینایەی بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوان | دهۆك | | | 600.000.000 |
| دروستکردنی مەلەوانگەی داپۆشراو (دوو مەلەوانگە) | دهۆك | دهۆك، زاخۆ | | 2.400.000.000 |
| دروستکردنی ماڵی وەرزشوان | دهۆك | | | 900.000.000 |
| بینایەی ناوەندی وەرزش و لاوان (چوار ناوەند) جۆری پلە (2) | دهۆك | کانی ماسی، سیمێل، قەسرۆك، دێرەلوك | | 6.000.000.000 |



وەزیری وەرزش و لاوان لە دانانی بەردی بناغەی پرۆژەیەکی وەرزشیدا

**وەزارەتی وەرزش و لاوان بەردی بناغەی چەند پرۆژەیەکی وەرزشی لە دەڤەری دهۆک دانا**

رۆژانی ٣ و ٤ ی حوزەیرانی ٢٠٠٩، وەزارەتی وەرزش و لاوان بەمەبەستی بەهێزکردن و باشترکردنی ژێرخانی وەرزشی کوردستان، لە چوارچێوەی پلان و ستراتیژیەتیی وەزارەت بۆ ژێرخانی وەرزشی کوردستان و کە ماوەیەکە پلانی بۆ کێشراوە، بەردی بناغەی کۆمەڵێک پرۆژەی لە شاری دهۆک و چەند شارۆچکەیەکی سەر بەو شارە دانا.

شاندەکەی وەزارەت رۆژی چوارشەممە ٣ی حوزەیرانی ٢٠٠٩ بە سەرۆکایەتی بەرێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان لە هەولێرەوە بەرێکەوتن، بە ئەندامیەتیی شاندەکەدا هەریەکە لە محەممەدسدیق ئیمام راوێژکاری وەزارەت و بەرپرسی گشتی پرۆژە وەرزشییەکانی ژێرخانی وەرزشیی لە وەزارەت، چیایی تەیمور عەبدال بەڕێوەبەری گشتیی وەرزش و لاوانی هەولێر، د. سامی عەزیز بەڕێوەبەری گشتیی وەرزش و یارییە میللییەکان، ئەمیر حاجی داود بەڕێوەبەری گشتیی راگەیاندن و پەیوەندییەکان، ئاسۆس کەمال شەفیق بەڕێوەبەری فێرکاری لە وەزارەت، لەگەڵ تیمێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن و پەیوەندییەکان ئەندام بوون، سەرەتای کارەکانیش لە قەزای بەردەڕەش بوو.

**بنکەی وەرزش و لاوان لە بەردەڕەش**

بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان و شاندی یاوەری لە یەکەم وێستگەی گەشتەکەدا گەیشتنە شارۆچکەی بەردەڕەش، لەوێدا وێرای سەردانیکردنی قائیمقامیەت، دواتر بە یاوەری لەگەڵ قائیمقامی بەردەڕەش و بەرپرسانی یەکە ئیدارییەکانی شوێنەکە و ژمارەیەک لە وەرزشوانان، لە مەراسیمێکدا بەردی بناغەی ناوەندی وەرزش و لاوانی بەردەڕەشیان دانا، کە پرۆژەیەکی ژێرخانی وەرزشیی گرنگە



بەڕێوەبەری گشتی وەرزش و لاوان لە دانانی بەردی بناغەی پرۆژەیەکی وەرزشیدا

و بە گوژمەی ١ یەک ملیار و ٧٠٠ ملیۆن دینار، لەسەر پانتایی ٣٠ هەزار مەتر دووجا بینا دەکرێت.

وەزیری وەرزش و لاوان لەوێدا بۆ ڕاگەیاندنەکان دوا و گوتی: "وەکو هەنگاوی یەکەم لە شارەکانی کوردستاندا ٢٧ پرۆژەی ژێرخانی وەرزشی دروست دەکەین، ئەمەش دیاری حکومەتە بۆ لاوان و وەرزشوانان و دەستکەوتێکی گرنگە".

گوتیشی:"حکومەتی کوردستان دەستکەوتی گرنگی بۆ ڕۆڵەکانی بەدەستهێناوە، لە گرنگترینیان بەڕێکردنی نەوتی کوردستانە بۆ بازاڕەکانی جیهان، کە ڕووداوێکی مێژووییە و جێگەی شانازییە، هەروەها کردنەوەی دەرگەی کونسوڵخانەکان لە هەولێری پایتەختدا پێشکەوتنێکی دیکەی سیاسی و ئیداریی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و بایەخی زۆری هەیە".

پاشان وەزیر و شاندی یاوەری سەردانی یاریگەی ئۆلۆمپی بەردەرەشیان کرد، کە کێشە و گرفتی هەیە و لە ساڵی ٢٠٠١ەوە بڕیاری دروستکردنی دراوە، بەڵام تا ئێستا تەواو نەکراوە، لەوێدا وەزیری وەرزش و لاوان بەڵێنی دا کە بەدواداچوون لەسەر کەموکوڕییەکانی یاریگەکە و کێشە و کەموکوڕییەکانی یانەی وەرزشی بەردەڕەش بکات، کە ئەوانیش سکاڵای کێشە و گرفتەکانیان ئاراستەی وەزیر و شاندی وەزارەت کرد.

**ناوەندی وەرزش و لاوان لە ئاکرێ**

دوای بەردەرەش، ستافی وەزارەتی وەرزش و لاوان ڕوویان لە قەزای ئاکرێ کرد و لەوێشدا دوای ئەوەی سەردانی قائیمقامییەتیان کرد، دواتر لە مەراسیمێکی گەورەدا بەردی بناغەی ناوەندی وەرزش و لاوانی ئاکرێیان دانا، کە پرۆژەیەکی گەورەی وەرزشییە.

ئەو ناوەندەش بەگوژمەی ١ ملیار و ٦٠٠ ملیۆن دینار بە ماوەی ساڵێک دروست دەکرێت.وەزیری



**ڕاوێژکاری وەزارەت لە دانانی بەردی بناغەی پرۆژەیەکی وەرزشیدا**

وەرزش و لاوان بەڕێز تەها بەرواری لە لێدوانێکدا بۆ جەماوەر و مێدیای ئامادەبوو گوتی: "لە ساڵی ٢٠٠٦دا رووپێوێکی فراوانی سەرتاسەری کوردستانمان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی وەرزشی کردووە، قۆناغ بەقۆناغ پرۆژەکان جێبەجێ دەکەین و ئەرکی حکومەتە خزمەتی خەڵکی بکات، چونکە حکومەتی کوردستان هەڵبژێردراوی خەڵکە".

قائیمقامی قەزای ئاکرێ (جەهور عەلی عەزیز) لەلای خۆیەوە ئەویش گوتی: "خۆمان بە سەرفراز دەزانین کە لە ئاکرێدا ناوەندێکی گەورەی وەرزش و لاوان بونیاد دەنرێت، ئەمەش دیارییەکی دیکەی حکومەتی کوردستانە بۆ وەرزشوانان و لاوانی ئاکرێ و سوپاسی وەزارەتی وەرزش و لاوان دەکەین".

لە بارەی پرۆژەی ناوەندی وەرزش و لاوانی ئاکرێ، بەرپرسی پرۆژە وەرزشییەکانی وەزارەتی وەرزش و لاوان لە دهۆک و دەوروبەری (چیایی تەیمور عەبدال) گوتی:" ئەو پرۆژەیەی کە لە ئاکرێ دروست دەکرێت، تا ئێستا لە هیچ شوێنێکی عێراق دروست نەکراوە، کە ناوەندێکی گەورەی وەرزش و لاوانە و پێکهاتووە لە چەند هۆڵێک، کە جگە لە وەرزش، کاری هونەریی و شانۆییشی لێ دەکرێت، جگە لە مەلەوانگە و یاریگەی تێنس و هۆڵی بالە و باسکە و چەندین پێکهاتەی دیکە".

**ناوەندی وەرزش و لاوان لە شێخان**

ستافی وەزارەتی وەرزش و لاوان هەر لە رۆژی ٣ی حوزەیراندا ڕوویان لە شارۆچکەی شێخان کرد کە نزیکەی ٣٤ کیلۆمەتر لە سەنتەری شاری دهۆک دوورە و ژمارەی دانیشتووانی زیاتر لە ١٢٥ هەزار کەسە. لەوێدا لە قائیمقامییەتەوە پێشوازی کران و بەرپرسانی یەکە ئیدارییەکانی قەزاکە و نوێنەرانی حزبی و وەرزشی و کەسایەتییەکانی ناوچەکەش ئامادەبوون.

قائیمقامی شێخان (حەسۆ نەرمۆ) کە ماوەیەکە دەستبەکار بووە، کورتەیەکی لە بارەی ژیان و گوزەرانی ناوچەکەی بۆ وەزیر و شاندی یاوەری باس کرد. دواتر هەمووو بەیەکەوە بەردی بناغەی ناوەندی وەرزش و لاوانی شێخانیان دا، کە بە ئەویش ناوەندێکی گەورەی وەرزش و لاوانە و بە گوژمەی ١ ملیار و ٦٢٨ ملیۆن دینار دروست دەکرێت و پرۆژەیەکی گەورە و نموونەییە.



بەڕێوەبەری گشتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان لە دانانی بەردی بناغەی پرۆژەیەکی وەرزشیدا

پاشان بەڕێز بەرواری و شاندی وەزارەت، بارەگەی یانەی وەرزشیی شێخان و هۆڵی وەرزشیی شەهید ئەحمەد بامەڕنییان بەسەر کردەوە و لە کەموکورییەکانی ئەو دوو شوێنەیان کۆڵییەوە.

لەبارەی ناوەندە وەرزشییەکەی قەزای شێخانەوە، بەرپرسی پرۆژە وەرزشییەکانی وەزارەتی وەرزش و لاوان لە شاری دهۆک و دەوروبەری (چیایی تەیمور عەبدال) ئاماژە بەوە دەکات: "ناوەندەکە کۆمەڵێک پێکهاتە لەخۆ دەگرێت، لەوانە هۆڵێکی گەورەی ٢٥ جاران ١٢ مەتر دووجا، کە جێگەی ٢٥٠ کەسی تێدا دەبێتەوە و زیاتر بۆ کاری هونەری و شانۆیی بەکاردێت، هەروەها ٥ هۆڵی دیکەی تێدایە، کە هەریەکەیان ١٥ جاران ٨ مەتر دووجایە، کە بۆ یارییەکانی تێنسی سەرمێز و تایکواندۆ و یارییەکانی دیکە بەکاردێت، جگە لەمەش هۆڵی زۆرانباری تێدایە کە ١٤ جاران ١٥ مەتر دووجایە".

گوتیشی: "چوار یاریگەی کراوەی تێدایە، کە بە تارتان دادەپۆشرێت و بلاجکتۆری بۆ دادەنرێت، کە بۆ یارییەکانی باڵە و باسکە و تێنسی سەرزەوی سوودی لێ وەردەگیرێت، جگە لەمەش مەلەوانگەیەکی نیوەئۆڵۆمپی کراوەشی لێ دروست دەکرێت، بە ڕاستی ئەو پرۆژەیە لە هیچ شوێنێکی عێراقدا بەو تایبەتمەندییە دروست نەکراوە و کارێکی زۆر گرنگ و گەورەیە".

**پرۆژەکانی ژێرخانی وەرزشی لە دهۆک**

ڕۆژی پێنجشەممە ٤ی حوزەیران، وەزیری وەرزش و لاوان لەگەڵ شاندەکەیدا لە یەکەم کاریاندا

سەردانی بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی دهۆکیان کرد و لەوێدا لەلایەن بەڕێوەبەران و ڕاهێنەران و یاریزانانەوە پێشوازییەکی گەرمیان لێ کرا، کە هاوکات قائیمقامی ناوەندی دهۆک و ژمارەیەک لە بەرپرسی یەکە ئیدارییەکانی شارەکە و نوێنەرانی حزب و لایەنەکان لە شارەکە ئامادەبوون.

بەڕێز بەرواری هەروەها لەوێدا جارێکی دیکە بابەتی پێشکەوتنەکانی ئەم دواییەی کوردستان، بە تایبەتی ناردنە دەرەوەی نەوتی کوردستانی بۆ دەرەوە بە بایەخەوە باس کرد و بە بیر وەرزشوانان و لاوانی هێنایەوە و داوای کرد کە وەرزشوانان ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییە بە هەند بزانن کە ڕووداوێکی مێژوویی گەورەیە و دەکرێت شانازی پێوە بکرێت.



**بەڕێوەبەری گشتی وەرزش و یاریە میللییەکان لە دانانی بەردی بناغەی پرۆژەیەکی وەرزشیدا**

**بەردی بناغەی مەلەوانگەیەکی نیوە ئۆلۆمپی**

دوای پێشکەشکردنی وتارەکە، وەزیری وەرزش و لاوان بە یاوەری شاندەکەی و بەرپرسانی ئیداریی شارەکە و وەرزشوانان، لە مەراسیمێکدا بەردی بناغەی مەلەوانگەیەکی نیوەئۆلۆمپییان دانا، کە بە گوژمەی یەک ملیارد و ١٦٣ ملیۆن و ٢٠ هەزار دینار دروست دەکرێت، کە مەلەوانگەیەکی مۆدێرنە و لەسەر ستانداردێکی جیهانی دروست دەکرێت.

**ماڵی وەرزشوانان و پرۆژەیەکی مۆدێرن**

دواتر شاندەکە هەموویان بەیەکەوە ڕوویان لە دانانی بەردی بناغەیەکی دیکەی مۆدێرن کرد، کە تا ئێستا لە هیچ شوێنێکی عێراق و کوردستان دروست نەکراوە، ئەویش (ماڵی وەرزشوانان)ە لە دهۆک، کە لە مەراسیمێکی شایستەدا بەردی بناغەی دانرا، کە لە بری هۆتێل بۆ مانەوەی تیپ و یاریزانان بەکاردێت و لەسەر تایبەتمەندی هۆتێلێکی چوار ئەستێرە دروست دەکرێت، گوژمەکەی ٨٣٨ ملیۆن و ٥٥٧ هەزار دینارە و بە ماوەی ٣٠٠ ڕۆژ تەواو دەکرێت.

بەرپرسی پرۆژە وەرزشییەکانی وەزارەتی وەرزش و لاوان لە دهۆک و دەوروبەری چیایی تەیمور عەبدال لە بارەی ئەو پرۆژەوە گوتی: "ماڵی لاوان پرۆژەیەکی نوێیە و بۆ خزمەتی وەرزشوانانە و لە خول و پاڵەوانییەتییەکانی شاری دهۆکدا، کاتێک تیپێک لە دەرەوەی دهۆک دێت، لە بری هوتێل و خەرجکردنی پارەیەکی زۆر، سوود لە ماڵی لاوان وەردەگرێت، ئەمەش یارمەتی بودجەی حکومەت و لە هەمان کاتدا تیپەکانیش دەدات کە خەرجییەکی زۆر نەکەن". ئەو پرۆژەی ماڵی لاوانە، بە پێی نەخشەی پرۆژەکانی وەزارەتی وەرزش و لاوان، لە هەر سێ شاری هەولێر و سلێمانی و دهۆک دروست دەکرێت و هەر یەکەیان جێگەی زیاتر لە ١٠٠ میوانی تێدا دەبێتەوە.

**بۆ یەکەمجار باڵاخانەیەک بۆ وەرزش و لاوانی دهۆک بونیاد دەنرێت**

هەر ئەو رۆژە ٤ی حوزەیران وەزیری وەرزش و لاوان، بە یاوەری قائیمقامی ناوەندیی دهۆک و ژمارەیەک لە بەرپرسانی یەکە ئیدارییەکانی شارەکە و وەرزشوانان، بەردی بناغەی باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی دهۆکیان دانا.

جێگەی ئاماژەیە لەوەتەی ساڵی ١٩٧٠ەوە کە بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی دهۆک دروست بووە، تا ئێستا باڵەخانەی تایبەت بە خۆی نەبووە. لە بارەی پێکهاتەکانی ئەو پرۆژەیەش، باڵەخانەکە نموونەییە، چەند ژوورێکی کارگێڕیی و خزمەتگوزاری تێدایە، جگە لەوە هۆڵی کۆنفرانسی تێدایە کە جێگەی ١٥٠ کەسی تێدا دەبێتەوە، هۆڵێکی دیکەی بۆ کۆبوونەوە تێدایە کە زیاتر لە ٣٠ کەس دەگرێت، پارکی ئۆتۆمبێل و چەند خزمەتگوزارییەکی دیکەشی تێدایە".




**بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و دارایی لە دانانی بەردی بناغەی پرۆژەیەکی لاواندا**

پرۆژەی باڵەخانەی بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی دهۆک بە گوژمەی ٤٨٣ ملیۆن و ٧١٩ هەزار دینار دروست دەکرێت و بە ماوەی ٢٩٠ رۆژ تەواو دەکرێت. سەرجەم ئەو پرۆژانەش بە کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت دراون تا بینایان بکەن.

**سەردانێک بۆ فەرهەنگخانەی دهۆک**

هەر لە دهۆکدا، وەزیری وەرزش و لاوان و شاندی یاوەری و بەرپرسانی وەرزشیی شارەکە، سەردانی فەرهەنگخانەی دهۆکیان کرد و بەشەکانیان بەسەرکردەوە، هاوکات بەڕێز بەرواری گرنگیی کاری

خۆبەخشیی لاوانی بۆ لاوانی ئامادەبوو روونکردەوە و پرۆسەیەکی لەو شێوەیەی بۆ ژیانی لاوان و گەنجان بەگرنگ زانی و دەستخۆشی هەنگاوە پێشکەوتووەکانی فەرهەنگخانەی دهۆکی کرد.

**مەلەوانگەیەکی مۆدێرن لە زاخۆ**

دوای کۆتاییهاتنی پرۆسەی دانانی بەردی بناغەی پرۆژەکانی نێو شاری دهۆک، ستافی وەزارەتی وەرزش و لاوان روویان لە شارۆچکەی زاخۆ کرد و لەوێشدا سەرەتا لەگەڵ قائیمقامی زاخۆ حوسێن خالید و بەرپرسانی یەکە ئیدارییەکان کۆبوونەوە و تیشک خرایە سەر باری وەرزش لە شارۆچکەکە و باس لە پێداویستییەکانی بواری وەرزشی کرا.

قەزای زاخۆ کە زیاتر لە ٦٠ کیلۆمەتر لە سەنتەری دهۆکەوە دوورە، دەکەوێتە باکوور و شوێنێکی ستراتیژی و بازرگانی گرنگە، هاوکات لە ئاستی وەرزشیشدا تیپ و یاریزانی ئاستبەرزی لە یارییە جۆراوجۆرەکان تێدایە.

لە مەراسیمێکیشدا وەزیری وەرزش  و لاوان و قائیمقامی زاخۆ، بەردی بناغەی مەلەوانگەی نیوئۆلۆمپیی زاخۆیان دانا، کە دەکەوێتە نزیک ناوەندی وەرزش و لاوانی زاخۆ.

پرۆژەکە بە گوژمەی یەک ملیارد و ١٦٣ ملیۆن دینار بونیاد دەنرێت.

هاوکات ستافی وەزارەت، ناوەندی وەرزش و لاوانی زاخۆیان بەسەر کردەوە و لەگەڵ راهێنەر و یاریزانانی تیپەکانی زۆرانبازی و بەرزکردنەوەی قورسایی و یارییەکانی دیکە قسەیان کرد و لە کەموکورییەکانیان پرسی، جگە لەمەش یاریگەی تارتانی ناوەندەکەیان بەسەر کردەوە کە تازە دروستکراوە و بۆ یارییەکانی باسکە و بالە و تێنس سوودی لێ وەردەگیرێت و کورسیرێژیش کراوە و ستایلێکی جوانی هەیە.

بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان لە وتەیەکدا بۆ میدیاکان لە زاخۆدا گوتی: "ژمارەیەکی زۆر لە پرۆژەی ژێرخانی وەرزشیی لە شار و شارۆچکەکان بونیاد دەنێین، کە بڕی بودجەکەی بە گشتی زیاتر لە ٥٣ ملیارد دینارە، کە لە سەرەتا ٢٧ پرۆژەیە و دواتر کۆی پرۆژەکان تا ساڵی ٢٠١٠ دەگاتە زیاتر لە ٥٠ پرۆژەی ژێرخانی وەرزشی".

گوتیشی: "بۆ پێشکەوتنی وەرزش لە کوردستاندا، پێویستمان بە ژێرخانێکی بەهێز و کاریگەر هەیە، لاوانی کوردستانیش دەبێت خۆیان بە زانست و وەرزش دەوڵەمەند بکەن بۆ ئەوەی وڵات پێشکەوێت".

جێگەی باسە بودجەی پرۆژەکانی دهۆک و دەوروبەری ١٦ ملیارد دینارە.

**زانیاری زیاتر لە بارەی پرۆژەکانی وەزارەت**

وەزارەتی وەرزش و لاوانی کوردستان رۆژی ٤ی ئاداری ٢٠٠٩ لە پرێسکۆنفرانسێکدا ئەنجامدانی ژمارەیەک پرۆژەی ژێرخانی وەرزشی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان راگەیاند، کە کۆی تێچووی هەموو پرۆژەکان ٥٣ ملیارد و ٩٨٨ ملیۆن دینارە و تا ساڵی ٢٠١٠ تەواو دەکرێن. هەروەها وەزارەتی وەرزش و لاوان لە ٢٠٠٨-٢٠٠٩ مۆڵەتی بە ٥١ پرۆژەی دیکەی ژێرخانی وەرزشی داوە، کە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە دروست دەکرێن.

**دانانی بەردی بناغەی سێ پرۆژەی ژێرخانی وەرزشی لە دەوروبەری هەولێر**

رۆژی ١٥ -٦-٢٠٠٩ وەزارەتی وەرزش و لاوانی کوردستان لە چەند مەراسیمێکی جیاجیادا، بەردی

بناغەی سێ پرۆژەی ژێرخانی وەرزشیی لە شارۆچکەکانی دەوروبەری شاری هەولێر دانا.
لە سەرەتادا وەزیری وەرزش و لاوان و شاندی لە شارۆچکەی خەبات بە ئامادەبوونی قائیمقامی خەبات رزگار مستەفا و جەماوەرێکی زۆری وەرزشوانان و بەرپرسانی یەکە ئیدارییەکانی شارۆچکەکە و نوێنەرانی حزب و لایەنەکانی کوردستان، بەردی بناغەی ناوەندی وەرزش و لاوانی خەباتیان دانا، کە ناوەندێکی گرنگە بۆ وەرزشوانان. پرۆژەکە بە گوژمەی ٢ ملیارد و ١٩ ملیۆن دینار دروست دەکرێت، کە پێکهاتووە لە چوار یاریگە و مەلەوانگەیەکی نیوئۆلۆمپی و هۆڵی شانۆ و هۆڵی دیکە، جگە لە ژوور و پێداویستییەکان بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناوەندەکە.
پاشان شاندی وەزارەت روویان لە شارۆچکەی بنەسلاوە کرد، لەوێشدا بە ئامادەبوونی قائیمقامی شارۆچکەکە حوسێن کەلاری و بەرپرسانی یەکە ئیدارییەکان، بەردی بناغەی ناوەندی وەرزش و لاوان دانرا، کە هاوشێوەی ناوەندەکەی شارۆچکەی خەباتە و بە هەمان تایبەتمەندی دروست دەکرێت.



**وەزیری وەرزش و لاوان**
**لە دانانی بەردی بناغەی پرۆژەیەکی وەرزشیدا**

حوسێن کەلاری قائیمقامی بنەسلاوە لە بارەی پرۆژەکەوە بۆ میدیاکان گوتی: "پرۆژەکە بە گوژمەی ٢ ملیارد و ٧٢ ملیۆن و ٣١٦ هەزار دینار دروست دەکرێت و خزمەتێکی زۆر بە وەرزشوانان و لاوانی شارۆچکەی بنەسلاوە دەگەیەنێت، کە لەسەر رووبەری ١٥ هەزار مەتر دووجا بونیاد دەنرێت".
گوتیشی: " ناوەندەکە دیارییەکی دیکەی حکومەتی کوردستان و دەستکەوتێکی گرنگیشە بۆ وەرزشوانان و لاوانی شارۆچکەکەمان".
دواتریش شاندەکە لە کاری سێیەمدا، روویان لە ناحیەی قوشتەپە کرد و لەوێشدا بە هەمان شێوە، بەردی بناغەی ناوەندێکی وەرزش و لاوانیان دانا، کە لە ئاستی پلە دووە و لەوانی پێشوو بچووکترە، گوژمەکەشی ٩٧٩ ملیۆن و ٩٤ هەزار دینارە.
وەزیری وەرزش  لاوان لە بارەی ئەو پرۆژانەشەوە گوتی: "ئەوە هەنگاوی یەکەمی کارەکانمانە، کە بەکردار دەستمان پێ کردووە و حکومەتی هەرێم ٥٣ ملیارد دیناری بۆ ژمارەیەک پرۆژەی وەرزشی و لاویی تەرخان کردووە".

**دانانی بەردی بناغەی سێ پرۆژەی دیکەی ژێرخانی وەرزشی لە ناوچەکانی دەوروبەری هەولێر**

ڕۆژی ٢١ی حوزەیرانی ٢٠٠٩، وەزارەتی وەرزش و لاوانی کوردستان بۆ بونیادنانی ژێرخانی وەرزشی، لە چەند مەراسیمێکدا بەردی چەند ناوەندێکی وەرزش و لاوان لە بەحرکە، و کۆمەڵگەی شاوێس و کۆیە دانا.

**دوو یاریگەی تارتان لە بەحرکە**

بەحرکە نزیکەی ١٢ کیلۆمەتر لە هەولێر دوورە، لە ساڵی ٢٠٠٢ لەڕووی ئیدارییەوە کراوە بە شارەدێ (ناحیە)، بۆ دانانی بەردی بناغەی دوو یاریگەش لە ناوەندی وەرزش و لاوانی بەحرکە، بەرەبەیانی یەکشەممە ٢١-٦-٢٠٠٩، شاندێکی وەزارەتی وەرزش و لاوان بە سەرۆکایەتی بەڕێز (تەها بەرواری) گەیشتنە شارۆچکەی بەحرکە، دواتریش لە مەراسیمێکدا بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری شارەدێیەکە و بەرپرسانی یەکە ئیدارییەکان و نوێنەرانی حیزبی و حکومی و وەرزشی، بەردی بناغەکە دانرا.

پرۆژەکەی بەحرکە، هەروەک بەڕێوەبەری پرۆژە وەرزشییەکانی وەزارەتی وەرزش و لاوان لە هەولێر و دهۆک (چیایی تەیموور) گوتی: "دوو یاریگەی تارتانە، کە بۆ یارییەکانی باسکە، بالە، دەست و تێنسی سەرزەوی سوودی لێ وەردەگیرێت، هەردوو یاریگەکان بلاجکتۆر و پەیژەی دانیشتنی بۆ دروست دەکرێت، کە هەریەکەیان نزیکەی ٢٥٠ کەس لەخۆ دەگرێت، ئەمەیش هەنگاوی یەکەمە و هەنگاوی دیکەی بەدوادا دێت".پرۆژەکە بە گوژمەی ٢٥٠.١٩٦٠٠٠ ملیۆن دینار جێبەجێ دەکرێت.

**ناوەندی وەرزش و لاوان لە شاوێس**

پاشان شاندی وەزارەتی وەرزش و لاوان لە کۆمەڵگەی شاوێس، کە ٥ کیلۆمەتر لە هەولێر دوورە، بەردی بناغەی ناوەندی وەرزش و لاوانی شاوێسیان دانا، کە پرۆژەیەکی گەورەیە و بە گوژمەی ٩٨٣.٩٠٠٠٠ ملیۆن دینار بونیاد دەنرێت.

پرۆژەی ناوەندی وەرزش و لاوانی شاوێس فراوانە، بەڵام لە جۆری پلە دووە، کە پێکهاتووە لە هۆڵێکی گەورە بۆ یارییەکانی تایکواندۆ و کیک بۆکسینگ، هۆڵێکی دیکەی بۆ کاری هونەریی و شانۆیی تێدایە، کە ١٢ ×٢٥ مەترە، جگە لەوە کتێبخانەی تێدایە، هەروەها ٣ یاریگەی تێدایە، کە دووانیان تارتانە و بۆ یارییەکانی بالە و باسکە و دەست بەکار دێت، یاریگەیەکیش بۆ یاریی فوتساڵە.

**ناوەندێکی وەرزش و لاوان لە کۆیە (پلە یەک)**

هەر لە ڕۆژی یەکشەممەدا لە شارۆچکەی کۆیە لە مەراسیمێکی جەماوەریدا بەردی بناغەی ناوەندی وەرزش و لاوانی کۆیە، بە ئامادەبوونی قائیمقامی کۆیە (کوردۆ عومەر) و بەرپرسی یەکە ئیداری و حیزبی و وەرزشییەکانی کۆیە دانرا، کە بە گوژمەی ٢.٥٩.٦٦٥٠٠٠ ملیارد دینار لەسەر ئەرکی حکومەتی کوردستان دروست دەکرێت.

ناوەندەکەی وەرزش و لاوانی کۆیە، پلە یەکە و زۆر پێشکەوتوو و ستراتیژییە و هاوشان دەبێت لەگەڵ فراوانبوون و پێشکەوتنی شارۆچکەکەدا، کە پێکهاتووە لە هۆڵێکی شانۆ کە ١٢ ×٢٥ مەترە و جێگەی ٢٠٠ کەسی تێدا دەبێتەوە، چەند هۆڵێکی وەرزشیی تێدایە، هۆڵی کۆمپیوتەر، هۆڵی موزیک، هۆڵی نیگارکێشان، هۆڵی بەرگدروویی، هۆڵی زۆرانبازی و کتێبخانەی تێدایە، هەروەها چوار یاریگەی کراوەی تارتانی تێدایە، کە بە بلاجکتۆر و پەیژەی هەیە، مەلەوانگەیەکی کراوەی نیوئۆلۆمپیی تێدایە،

کافیتریا و گەراجی ئۆتۆمبێلی تێدایە، جگە لەوەیش ژووری جلگۆڕین و ٧ ژووری ئیداری و خزمەتگوزاریی لەخۆ دەگرێت.
بەڕێوەبەری وەرزش و لاوانی هەولێر و بەڕێوەبەری پرۆژە وەرزشییەکانی هەولێر و دهۆک (چیایی تەیموور) گوتی: " لە کوردستان ١٣ دانە لەو ناوەندە پلە یەکانەی وەرزش و لاوان دروست دەکرێت، کە ٥ دانەیان لە سنووری هەولێر دایە.

**بە وەزیری وەرزش و لاوان، بەردی بناغەی سێ پرۆژەی وەرزشی لە شەقڵاوە و هەریر و مێرگەسوور دادەنێت**

ڕۆژی یەکشەممە ٢٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٩، بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان بەیاوەری بەڕێوەبەر و ستافێک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی وەرزش و لاوانی هەولێر، بەشداری کرد لە دانانی بەردی بناغەی سێ پرۆژەی ژێرخانی وەرزشی، کە بەشێک بوون لەو ژمارە زۆرەی پرۆژەکانی وەزارەتی وەرزش و لاوانی کوردستان، کە بۆ بونیادنانی ژێرخانی وەرزشی لە سەرتاسەریی کوردستاندا دروستیان دەکات.
سەرەتا وەزیری وەرزش و لاوان و شاندەکەی لە شارۆچکەی شەقڵاوە، بەئامادەبوونی قائیمقام و بەرپرسانی یەکە ئیداریی و حزبییەکانی شارۆچکەکە، بەردی بناغەی ناوەندی وەرزش و لاوانی شەقڵاوەیان دانا، کە پرۆژەیەکی پلە یەکە و بە گوژمەی ٢ ملیارد و ١٢٠ ملیۆن دینار و ٤٢٥ هەزار دینار، بە ماوەی ٣٦٠ ڕۆژ دروست دەکرێت و سوودێکی زۆر بە وەرزشوانان و لاوانی ناوچەکە دەگەیەنێت.
لەدوای ئەوەی، بەڕێز تەها بەرواری لەگەڵ شاندەکەی، ڕوویان لە شارەدێی هەریر کرد، لەوێشدا بەهەمان شێوە بەئامادەبوونی بەڕێوەبەری ناحیە و بەرپرسانی یەکە ئیداری و حزبییەکانی شارەدێیەکە، بەردی بناغەی پرۆژەی ناوەندی وەرزش و لاوانی هەریر دانرا، کە پرۆژەیەکی پلە یەکە و بە گوژمەی ٩٩٤ ملیۆن و ٣٢٦ هەزار دینار بونیاد دەکرێت.
لە دوا وێستگەشدا، وەزیری وەرزش و لاوان و شاندەکەی، لە شارۆچکەی مێرگەسوور و لە مەراسیمێکی جەماوەریی گەورەدا، بەردی بناغەی پرۆژەی ناوەندی وەرزش و لاوانی مێرگەسووریان دانا، کە تێیدا قائیمقام و بەرپرسانی حزبی و حکومی و خەڵکی ناوچەکە بەشداریی مەراسیمی دانانی بەردی بناغەکەی پرۆژەکەیان کرد.
پرۆژەکە لە جۆری پێشکەوتووە و بە گوژمەی یەک ملیارد و ٣٥٧ ملیۆن و ٦٩ هەزار دینار دروست دەکرێت، ئەمەش خزمەتێکی یەکجار زۆر بە وەرزشوانان و لاوانی دەڤەر مێرگەسوور دەگەیەنێت.
ژمارەی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی وەزارەتی وەرزش لاوان، ٥١ پرۆژەی وەرزشییە و بەگوژمەی زیاتر لە ٥٣ ملیارد دینار لەسەرتاسەری کوردستان بونیاد دەنرێت، کە لە مانگی ئاداری ڕابردووەوە بڕیاری لەسەر دراوە و تا ئێستایش بەردی بناغەی ژمارەیەک لەو پرۆژانە، کە بونیادنانی ژێرخانی وەرزشییە، لە شارەکانی هەولێر و دهۆک و دەوروبەرییان دانراوە، ئەوانیش دیکەش لە داهاتوویەکی نزیکدا بەردی بناغەیان دادەنرێت.

**بەڕێز وەزیری وەرزش و لاوان بەردی بناغەی چەند پرۆژەیەک لە سلێمانی و گەرمیان دادەنێت.**

بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٧/٢٢ سەردانی دیوانی پارێزگای سلێمانی کرد و لەلایەن بەڕێز دانا مەجید پارێزگاری



**وەزیری وەرزش و لاوان لە دانانی بەردی بناغەی پرۆژەیەکی وەرزشیدا**

سلێمانی بەگەرمی پێشوازیان لێکرا و، لە میانەی سەردانەکەدا هەردوولا باسیان لە پرۆژە وەرزشییەکانی شاری سلێمانی کرد کە وەزراەتی وەرزش و لاوان پێی هەڵدەستێت.

دواتر وەزیری وەرزش و لاوان هەڵسا بە دانانی بەردی بناغەی پرۆژەی ناوەندی یەک و دووی شاری سلێمانی.

لەهەمانکاتدا وەزیری وەرزش و لاوان هەڵسا بەکردنەوەی هۆڵی داخراوی وەرزشی ناوەندی قەڵادزێ لە شارۆچکەی قەڵادزێ و بەڕێزیان بەم بۆنەیەوە وتەیەکیان پێشکەش بە لاوانی ئەم دەڤەرە کرد و ئاماژەی بەوە کرد کەوا پێویستە ئەم هۆڵە زیاتر ئاکتڤتر بکرێت لەپێناو گەیاندنی خزمەت بە لاوانی ئەم ناوچەیە.

هەورەها گوتی: هەر وەک لە سیاسەتی وەزارەتی وەرزش و لاواندا هاتووە وەزارەتەکەمان بێ جیاوازی چین و توێژەکانی کوردستان کار دەکەین بۆ بەرەوپێشبردن و خزمەتکردنی رەوتی وەرزش و لاوان لە کوردستان.

هەروەها لەمیانەی سەردانەکەیدا وەزیری وەرزش و لاوان بەئامادەبوونی سەرۆکی یانەی وەرزش رانیە و بەرپرسانی وەرزشی ناوچەکە هەڵسا بەدانانی بەردی بناغەی پرۆژەی ناوەندی دووی رانیە لە شارۆچکەی رانیە.

دواتر بەڕێزیان سەردانی یانەی وەرزشی رانیەیان کرد و لەلایەن سەرۆک و دەستەی کارگێری یانەی رانیە پێشوازیان لێکرا و لەمیانەی سەردانەکەدا بەڕێزیان باسیان لە کەموکوڕییەکان و ئاستەنگەکانی بەردەم وەرزشوانانی ناوچەکە کرد.



جێگری سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزیری وەرزش و لاوان و وەزیری تەندروستی

لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٧/٢٣ بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە یاوەری بەڕێز د.سامی عەزیز بەڕێوەبەری گشتی وەرزش و یارییە میللییەکانی وەزراەتی وەرزش و لاوان سەردانی شاری هەڵەبجەی شەهیدیان کرد و لەلایەن بەڕێز فوئاد سالّح ڕەزا قایمەقامی شاری هەڵەبجە بەگەرمی پێشوازیان لێکرا و لەمیانەی سەردانەکەدا هەردوولا باسیان لەپرۆژە و ژێرخانە وەرزشییەکانی ناوچەکە کرد کە لەلایەن وەزارەتی وەرزش و لاوانەوە ئەنجامدەرێت.

دواتر بەئامادەبوونی بەڕێزیان عیماد ئەحمەد جێگری سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و د.زریان عەبدوڵڵا وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵسان بە دانانی بەردی **بناغەی ناوەندی وەرزشی هەڵەبجەی شەهید**

پاشان وەزیری وەرزش و لاوان و شاندی یاوەری سەردانی فەرهەنخانەی هەڵەبجەی شەهیدیان کرد و گوێبیستی داواکاری و کێشەکەنانی ئەم فەرهەنگخانەیە بوو و سوپاسی خۆی ئاراستەی لاوانی فەرهەنگخانەکە کرد سەبارەت بە کار و چالاکییەکانیان لەم ناوچەیە.

لەهەمانکاتدا بەئامادبوونی چەندین بەرپرسانی حکومی و حزبی هەڵسان بەدانانی بەردی بناغەی ناوەندی وەرزشی شارەزوور.

دواتر بەڕێزیان سەردانی فەرهەنخانەی شارەزووریان کرد و گوێبیستی داواکاری و کێشەکەنانی ئەم فەرهەنگخانەیە بوون و سوپاسی خۆی ئاراستەی لاوانی فەرهەنگخانەکە کرد سەبارەت بە کار و چالاکییەکانیان لەم ناوچەیە.

# چالاكییەكانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن و پەیوەندییەكان

**كۆبوونەوە لەگەڵ وەزارەتی لاوان و وەرزشی عێراقی فیدراڵ**

شاندێكی وەزارەتی وەرزش و لاوانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ بەغدا بەڕێكەوت بە مەبەستی ئەنجامدانی تاواوێ كردن لەسەر پرۆتۆكۆڵی وەزارەت لەگەڵ لایەنی حكومەتی ناوەندی بەمەبەستی بەرەوپێشبردنی ئەو ڕێگانەی خزمەتگوزاری پێشكەش بە وەرزش و لاو دەكات بە گشتی.

شاندی وەزارەت كە پێك هاتبوو لە ئەمیر حاجی داود بەڕێوەبەری گشتی راگەیاندن و پەیوەندییەكان و نەوزاد شێخ تەیب و ئەحمەد ئازاد شارەزایانی وەرزشی و سەردار حەیدەر بەڕێوەبەری یانەكان و وەلید ئەنوەر بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەرزشی وەزارەت.

لە ٢٠٠٨/٨/٤ گەیشتنە بەغدادی پایتەختی عێراقی فیدراڵ لە ٢٠٠٨/٨/٥ سەرلەبەیانی كۆبونەوەیەكی فرەوان لە هوتێلی مەنسور میلیا لەنێوان شاندی وەزارەتی وەرزش و لاوانی حكومەتی هەرێمی كوردستان و شاندی وەزارەتی لاوان و وەرزشی حكومەتی عێراق دەستی پێكرد، كۆبوونەوەكە بەمەبەستی بەهێزكردنی پەیوەندییەكانی نێوان هەردوو لایەن و سەرراپی بەستنی پەیوندی هاوبەش بە مەبەستی هاوكاری لەنێوان هەرێمی كوردستان و عێراق.

شاندی وەزارەت بەشێوەیەكی گشتی روونكردنەوەیەكی پێشكەش كرد سەبارەت بەگشت یاسەكانی وەرزش و لاوان لە چوارچێوەی ئەو پلانەی كەوا هەردوو شاندی كۆكردۆتەوە و باسی لە ئالیەتێكی نوێی كرد بۆ كاركردن و پلاندانان بۆ داهاتووی وەرزشی و هەروەها پرۆگرامێكی نوێی خۆئامادەكاری پێشكەش كرد سەبارەت بە سەردان كردنی بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بەمەبەستی چاوپێكەوتنی بە بەڕێز جاسم محەمەد جەعفەر وەزیری لاوان وەرزشی حكومەتی عێراق بە مەبەستی لەیەكتر نزیكبوونەوە و تێگەشتن لە بیروبۆچوونەكانی هەردوو وەزارەت و هەروەها پەرەوپێشبردنی ڕێگەكانی هاوكاری كردنی هاوبەش لەنێوانیان و واژووكردنی پرۆتۆكۆڵێكی كاركردنی هاوبەش لە گشت لایەنێكەوە.

**كۆبوونەوەكە لەسەر سێ تەوەری سەرەكی بوو:**

یەكەم: تەوەری یەكەم، چاوپێكەوتنی هەردوو وەزیرانی وەرزش و لاوانی حكومەتی كوردستان و حكومەتی عێراق لە ماوەی داهاتوو بەمەبەستی ئەنجامدانی لێكۆڵینەوە و هاوكاری هاوبەش لەنێوانیان لە بەغدا لەسەر ئاستێكی بەرز كە دەبێتە هۆی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك بۆ عێراقییەكان كە ماوەیەكی درێژی خایاندووە.

دووەم: تەوەری دووەم، گفتوگۆ لەسەر ئەو پرۆتۆكۆڵەی كە وەزارەتی وەرزش و لاوانی حكومەتی هەرێم ئامادەی كردبوو، بۆ زیاتر لەیەكگەیشتن لەنێوان هەردوو وەزارەت بەمەبەستی جێبەجێكردنی لە چوارچێوەی پلانی ستراتیژی بۆ داهاتووی وەرزشی لە عێراق بە گشتی و لە كوردستان بەتایبەتی.


سێیەم: تەوەری سێیەم، بڕیاری ڕەتكردنەوەی لێژنەی ئۆلۆمپی نووسینگەی جێبەجێ كردن بە بڕیاری (١٨٤) و ڕاگرتنی دەسەڵاتی دارایی و كارگێری لێژنەی ئۆلۆمپی.

له ٢٠٠٨/٨/٥ دوای نیوەڕۆ شاندی کوردستان بەرەو دیوانی وەزارەتی لاوان و وەرزشی عێراقی بەڕێکەوت و لەلایەن بەڕێز عەباس شمەری بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری لاوان بە گەرمی پێشوازیان لێکرا، لەمیانەی چاوپێکەوتنەکەی جەختی کردەوە لەسەر بوونی هاوکاری بەردەوام بوونیان بەشێوەیەکی هاوبەش لەگەڵ وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپێناو بنیادنانی عێراقێکی وەرزشی نوێی و یەکگرتوو بەتایبەتی لەلایەنی لاوان و جەختکردنەوە لەسەر توانای زانستی و بیری لاوان و هەروەها لەیەکتر نزیکبوونەوەی بیروبۆچوونەکان و بەستنی پەیوەندی لەنێوان لاوانی عێراق و کوردستان لەپێناو دوارۆژێکی پرشنگدار بەتایبەتی بەمەبەستی سەرژمێریاری لاوان. هەروەها بەڕێز شمەری سوپاسی خۆی ئاڕاستەی هاوکاری کردنی وەزارەتی وەرزش و لاوانی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی ناردنە دەرەوەی شاندێکی لاوان بۆ دەرەوەی وڵات لە چوارچێوەی شاندی وەزارەتی عێراق و هەروەها جەختی کردەوە لەسەر بەشداری کردنی لاوانی کوردستان لە خول و چالاکییەکانی وەزارەتەکەمان لە چوارچێوەی پلانی ستراتیژی داهاتوودا.

شاندی کوردستان پێی ڕاگەیاندن ژمارەی بەشداربووانی لاوانی کوردستان زیاتر بکرێت لە خول و چالاکییەکان بەمەبەستی هوشیار کردنەوەیان و تێکەڵبوونیان بە لاوانی وڵاتانی عەرەبی و ئەوروپی سوود وەرگرتن لە شارەزایی لاوانی وڵاتانی دراوسێ بۆ ئەوەی لاوان کوردستان ببنە بناغەیەکی داهاتوو بۆ عێراق و کوردستان.

دواتر هەردوو لایەن تاوتوێی چەندین باس و کاری ئیداری و ڕاگەیاندنی تایبەت بە وەرزش و لاوان کرد بە تایبەتی وەرزشی ئافرەتان و بەشداری کردنیان لە چوارچێوەی پلانی دارێژراو بۆ ساڵی ٢٠٠٩ و کار کردن لەسەری لە ماوەی داهاتوودا.

هەر هەمان ڕۆژ شاندی کوردستان چاویان کەوت بە بەڕێز جاسم جەعفەر وەزیری لاوان وەرزشی عێراق لە دیوانی وەزارەت پێشوازی لە شاندی هەرێمی کوردستان کرد و بەخێرهاتنی کردن، ئینجا بەڕێز وەزیری لاوان وەرزشی عێراق ڕوونکردنەوەیەکی پێشکەش کرد سەبارەت بە بڕیاری ١٨٤ ڕاگرتنی دەسەڵاتی دارایی و کارگێری لێژنەی ئۆلۆمپی و ئاماژەی بەوە کرد کەوا ئەو بڕیارە لەسەر بنەمای ئەو بوو کە گەندەڵی دارایی و کارگێری بەدی دەکرا لە لێژنەی ئۆلۆمپی عێراقی و هەروەها ڕێز نەگرتن و نەگەڕانەوەیان بۆ وەزارەتەکەمان لە کارەکانیان و وەزارەتەکەمانیان بەتەواوی پشتگوێ خستبوو بۆیە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری هەڵوەشاندەوەی دا و هەروەها بەڕێزیان گوتی چەندین هۆکاری تر هەن کەوا نامەوێت ئاماژەی پێبکەم. پاشان شاندی کوردستان مەبەستی سەردانەکەی بۆ وەزیری لاوان و وەرزشی عێراق ڕوونکردەوە.



سەرۆکی کوردستان پێشوازی لە یانەی هەولێر دەکات

**سەرۆکی کوردستان پێشوازی لە سەرۆک و ئەندامانی دەستەی کارگێری و راهێنەر و یاریزانانی یانەی هەولێر دەکات**

بەرێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە سەلاحەدین پێشوازی لە سەرۆک و ئەندامانی دەستەی کارگێری و راهێنەرو یاریزانانی تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی هەولێر کرد بەبۆنەی وەدەسهێنانی پلەی یەکەم لەهەڵبژاردەی یانەکانی عێراقدا.

لە دیدیارێکدا کە تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان و نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر ئامادەی بوون، سەرۆک بارزانی پیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنەی لە سەرۆک و ئەندامانی دەستەی کارگێری و راهێنەر و یاریزانانی تیپی تۆپی پێی یانەکە و سەرجەم وەرزشوانان و هاندەرانی وەرزشی تۆپی پێ لە هەرێمی کوردستان کرد و ئەم دەستکەوتنەشی بەسەرکەوتنێکی گەورە دانا بۆشاری هەولێر و کوردستان و جەختی لەوەش کردەوە وەرزش دەروازەیەکە بۆ ناساندنی گەلان بە جیهان و یانەی هەولێریش بەو دەستکەوتە وەرزشییە توانی ناو و دەنگی گەلی کوردستان بەرز راگرێ و پشتگیری خۆشی بۆ یانەی هەولێر دووپاتکردەوە بۆ پاراستنی ئەو ئاستە بەرزەی خۆی و وەدەستهێنای سەرکەوتنی زیاتر.

**سەرۆکی حکومەت پێشوازی لە سەرۆک و ئەندامانی دەستەی کارگێری و راهێنەر و یاریزانانی یانەی هەولێر دەکات**

رۆژی پێنجشەممە رێکەوتی ٢٠٠٨/٨/٢٩ رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەشاری هەولێری پایتەخت، پێشوازی لە سەرۆک و ئەندامانی دەستەی کارگێری و راهێنەر و یاریزانانی تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی هەولێر بە بۆنەی بەدەستهێنانی پلەی یەکەم لە هەڵبژاردەی یانەکانی عێراق کرد.


سەرۆکی حکومەت پێشوازی لە یانەی هەولێر دەکات

لە دیدارەکەدا کە تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان و نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر ئامادەیبوون، سەرۆکی دەستەی کارگێری یانەی هەولێر، بەناوی دەستە و یانەکەیان سوپاسی رێزدار نێچیرڤان بارزانییان کرد بۆ ئەو هاوکاری و پشتگیرییە بەردەوامەی بەرێزیان لە یانەی هەولێر و بەدەستهێنانی ئەو دەسکەوتە بۆ خەڵک و هەرێمی کوردستان.

سەرۆکی حکومەت لە وتەیەکدا وێرای بەخێرهێنان و پیرۆزبایی ئەو دەسکەوتەی یانەی هەولێر لە یەکەیەکەی ئامادەبووان و سەرجەم وەرزشوانان و تێکرای هاندەرانی وەرزشی تۆپی پێ لە هەرێمی کوردستان کرد و ئەمەی بە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ شاری هەولێر و کوردستان دانا.

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وتەکەیدا دەستخۆشی و ستایشی یانەکەی کرد کە بۆ جاری دووەمە لەسەر یەک نازناوی خولی بژاردەی عێراق دەکەنە دیاری بۆ خەڵکی کوردستان و هاندەرانی وەرزش و گوتی:

دەمەوێ لەم سەرکەوتنەتاندا یادی پیاوێک بکەمەوە کە بەردەوام پشت و پەنایەکی گەورەی یانەی هەولێر بوو ئەویش شەهید فەرنسۆ هەریری بوو، کە بەردی بناغە و هاوکارێکی بەگوڕ و خەمخۆرێکی بەجۆشی یانەی هەولێر بوو بەرێزیان لە وتەیەکدا پشتگیری خۆی بۆ یانەی هەولێر و چارەسەرکردنی سەرجەم گیروگرفتەکانیان دوپاتکردەوە تا درێژە بەسەرکەوتنەکانیان نەک لە پاڵەوانییەتی یانەکانی عێراق بەڵکو پاڵەوانییەتی ئاسیا بدەن.

**لە ئاهەنگێکی قەشەنگدا... وەزارەتی وەرزش و لاوان یانەی هەولێری خەڵات کرد**

بەبۆنەی بەدەستهێنانی نازناوی خولی تۆپی پێی بژاردەی عێراق بۆ وەرزی دووەم لەسەر یەک، وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی کوردستان، ئێوارەی هەینی لە ئاهەنگێکی قەشەنگدا لە هوتێل چوارچرا ئاهەنگێکی خەلاتکردن و رێزلێنانی بۆ یانەی هەولێر ساز دا.

لە ئاهەنگەکەدا کە وەزیری وەرزش و لاوان و چەندین بەرپرسی باڵای حکومەت و حزب ئامادەی بوون، چەندین برگەی هونەری و گۆرانی پێشکەش کران و دواتریش خەلاتی وەزارەت پێشکەش بە سەرۆک و ئەندامانی دەستەی کارگێریی و راهێنەران و تەواوی یاریزانانی یانەی هەولێر کرا.

وەزیری وەرزش و لاوان (تەها بەرواری) لە وتەیەکی کورتدا لەو بۆنەیدا گوتی: "ساڵی ٢٠٠٨ وەچەرخانێکی گەورە بوو بۆ وەرزشی کوردستان، وەرزشی کوردستان بە ئاقارێکی دیکەدا دەڕوات، ئێستا وەرزش دبلۆماسیەتێکی دیکەیە لە ناساندنی میللەتی کورد بە جیهان".

بەرواری لە وتەکەیدا ئاماژەی بەسەرکەوتنەکانی یانەی هەولێر لە خولی بژاردەی عێراق و بەشداری

هەڵبژاردەی کوردستان لە هەردوو پاڵەوانییەتی (ڤیڤا ورڵد کەپ) و (ورمێ) کرد و بە دەستکەوتی گرنگی وەرزشی کوردستانی وەسف کرد.



وەزیری وەرزش و لاوانی هەرێمی کوردستان و وەزیری کولتور و وەرزش و لاوانی هەرێمی باسک

**کۆبوەوەی وەزیری وەرزش و لاوانی هەرێمی کوردستان و وەزیری کولتور و وەرزش و لاوانی هەرێمی باسک**

بەمەبەستی پەرەپێدانی پەیوەندییە وەرزشییەکان، لەسەردانێکدا بۆ وڵاتی ئیسپانیا وەزیری وەرزش و لاوان ژمارەیەک کۆبونەوە ئەنجام دەدات.

تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان بەیاوەری سەلیم گراڤی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئیسپانیا، سەردانی هەرێمی (باسک) ی ئیسپانیان کرد و چاوی کەوت بە خاتوو مێرین ئازکەراتە وەزیری وەرزش و لاوان کە لەهەمانکاتدا وتەبێژی حکومەتی باسکە.

لەدیدارەکەدا وەزیری وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تیشکی خستە سەر رەوشی ئێستای هەرێمی کوردستان لە هەردوو بواری وەرزش و لاواندا و داوای کرد کە پرۆگرامی هاوبەش لەنێوان هەردوو هەرێم هەبێت لەم بوارانەدا، هەروەها گفتوگۆ لەسەر دورستکردنی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و هەرێمی باسک لەبوارەکانی وەرزش و لاوان کرا. خاتوو ڤیلەر بەدرێژی باسی لە هەردوو پرسی وەرزش و لاوان کرد و ئامادەیی حکومەتی (باسک) ی دەربڕی بۆ هاوکاری کردن لە هەردوو بواری وەرزش و لاواندا هەروەها ئامادەیی هەرێمەکەی نیشاندا بۆ ئەنجامدانی یاری دۆستانە لەنێوان هەرێمی کوردستان و هەرێمی باسک.

**ستۆکهۆڵم.. وەزیری وەرزش و لاوان چەند کۆبوونەوەیەک ئەنجام دەدات**

لەمیانەی کۆبوونەوەیەکدا لە دەزگای (فوروم سید) سویدی کە تایبەتە بەهاوکاری نێونەتەوەیی سوید،




وەزیری وەرزش و لاوان - ستۆکهۆڵم

تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوانی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر گرنگی هاوکاری و هەماهەنگی نێوان سوید و هەرێمی کوردستان کردەوە.

سەرەتای کۆبوونەوەکە جۆ فرانس سەرۆکی دەزگای (فوروم سید) و ئەندامی پێشووی پەرلەمانی سوید بەخێرهاتنی وەزیری وەرزش و لاوانی کرد و ئاماژەی بەوەدا کە ئەم کۆبوونەوەیە بەدەستپێشخەری خاچی سووری سویدی و ئامادەبوونی دەزگای لاوانی سوید کە ئۆرگانێکی حکومەتی سویدە و کار بۆ پرسی لاوان دەکات و هەروەها چەند رێکخراوێکی تری سویدی کە گرنگی بەپێشڤەچوونی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان دەدەن، هاتۆتە ئەنجامدان. دوای ئەوە هیوگۆ ریکبێری بەرپرسی دیسکی عێراق لە خاچی سووری سویدی وتەیەکی پێشکەش کرد کە تێیدا دۆزینەوەی میکانیزمی باشتر لەوەی ئێستا هەیە بۆ پەیوەندی نێوان سوید و هەرێمی کوردستان بە خاڵێکی گرنگ لەقەڵەمدا.

تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوانی هەرێمی کوردستان لە وتەکدا وێڕای ڕوونکردنەوەی بارودۆخی هەرێمی کوردستان، تیشکی خستە سەر کێشە و گرفتەکانی کە دێنە بەردەم لاوانی کوردستان و هەنگاوەکانی وەزارەت بۆ چارەسەرکردنیان لە ڕێگەی نەخشەڕێی لاوان کە وەزارەت دەریکردووە و لە کۆنفرانسی لاوان پەسند کراوە.

بەرواری هەروەها گوتی لاوانی کوردستان پێویستی زۆریان هەیە و چاوەڕوانی زۆرمان هەیە لە سوید بۆ هاوکاری لە ڕووی شارەزایی و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی.

دوای ئەوە، هەریەک لە نوێنەری ڕێکخراوە ئامادەبووەکان، پێناسەیەک و کورتەیەک لە چالاکی ڕێکخراوەکەیان پێشکەش کرد، هەروەها دید و بۆچوونی خۆیان بۆ چۆنیەتی هاوکاری و هەماهەنگی خستەڕوو .

لەلایەکی ترەوە، بەمەبەستی دەستخۆشی و پیرۆزبایی کردن بەبۆنەی سەرکەوتنی تیپی تۆپی پێی (دال کورد) بۆ ریزی یانە پلە دووەکانی سوید، تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان و هاورێ لەگەڵ شاندێکی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە باکووری ئەوروپا بەشداریان لە ڕێورەسمێکی تایبەتی یانەکە کرد کە بەئامادەبوونی زیاتر لە ١٠٠٠ کەس بەڕێوەچوو.
لە ڕێورەسمەکەدا، وەزیری وەرزش و لاوان وتەیەکی پێشکەش کرد کە تێیدا ویڕای پیرۆزبایی لە تیپی (دال کورد)، ئاماژەی بەوەدا کە ڕەوەندی کورد لە دەرەوەی وڵات بەهرە و توانای بێ سنووری لە هەموو بوارەکان تێدایە و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم بەهرە و توانایانە بەسەرمایە دەزانێت بۆ پێشخستن و رۆشنکردنەوەی ئایندەی کوردستان.
هەر لە پەراوێزی ڕێورەسمەکەدا تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوانی هەرێمی کوردستان چاویکەوت بەپێتەر هولکڤیست ئەندامی پەرلەمانی سوید، لە دیدارەکەدا بەرواری کورتەیەکی دەربارەی ڕەوشی هەرێمی کوردستان باس کرد.
لەلایەن خۆیەوە هولکڤیست هیوای خواست کە دەرفەتێکدا بتوانێ سەردانی هەرێمی کوردستان بکات و وەزیری وەرزش و لاوان بەڵێنی هاوکاری و ئاسانکاری بۆ سەردانی کوردستانی پێدا.
بۆ رۆژی دواتر شاندێکی یانەی وەرزشی (دال کورد) بەسەرۆکایەتی ڕەمەزان کزل سەردانی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان لە ستۆکهۆڵم کرد و بەگەرمی لەلایەن تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان و ئالاّ ڕەیانی، عەونی عەلی و نەسرەت حاجی ستافی نوێنەرایەتیحکومەتی هەرێمی کوردستانیان لە ستۆکهۆڵم پێشوازیان لێکرا.
لە دیدارێکدا شاندی میوان سوپاسی وەزیری وەرزش و لاوانیان کرد بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسمی چوار ساڵەی دامەزراندنی یانەکەیان ئەوەیان دووپات کردەوە کە خۆیان بە بەشێک لە وەزارەتی وەرزش و لاوان دەزانن و ئامادەیی هەموو هاوکاریەکیان نیشاندا.
لەلایەن خۆیەوە، بەرواری وێڕای بەخێرهێنانی شاندەکە جەختی لەسەر گرنگی بەردەوامی و زیاتر پێشڤەچوونی پەیامی بەرزی وەرزشی کردەوە کە بیروباوەڕی جیا لەژێر ئەم چەترە کۆدەبێتەوە .

**وەزیری وەرزش و لاوان لەگەڵ جێگری وەزیری دەرەوەی نەرویج کۆبۆوە**

لە درێژەی سەردانی وەزیری وەرزش و لاوان و شاندی یاوەری بۆ سکاندیناڤیا رۆژی ٢٦ و ٢٠٠٩.٠١.٢٧ چەند دیدارێکی گرنگی لەسەر ئاستێکی بەرزی حکوومەتی ئەنجام دا، قۆناخی یەکەم، دیدار لەگەڵ جێگری وەزیری دەرەوە Raymond Johansen بوو، لە دیدارەکەدا سلاّوی سەرۆکی حکومەت ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی گەیەندرا، پاشان باس لە هەندێک



**وەزیری وەرزش و لاوان و جێگری وەزیری دەرەوەی نەرویج**

خاڵی گرنگ کران، پرۆسەی هەڵبژاردن لە عێراق، هەڵبژاردن لە کوردستان، پەیوەندی حکومەتی کوردستان بەدەرەوە و بەتایبەت دراوسێکانییەوە لایەکی باسەکان بوو، هاوکات باس لەشێوازی حوکمی عێراق بەشێوەی تەوافوق کرا.

لایەکی دیکەی باسەکان تایبەت بوون بەهەندێک باسی گرنگ وەک گۆڕانکاری لەڕاسپاردکانی سەفەر بۆ وڵاتیانی نۆروێژی، سەرمایەگوزاری لەوەڵات و بەرنامەی گۆڕینەوە ئەزموون، بەتایبەت وەڵاتانی سکەندیناڤیایی ئەزموونێکی دێرینی دیموکراتیان هەیە. هەروەها باس لەپەسەند کردنی «نەخشەڕێی» لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیران لە ٢٠٠٩.١.٢١ کرا و گرنگی پشتگیری وڵاتانی سکەندیناڤیا بۆ ڕاستاندن و دۆزینەوەی میکانیزمێکی شیاو بۆ هاوکاری و چەند باسی گرنگی دیکە کران.

جێی ئاماژیە، جێگری وەزیری دەرەوە دۆستێکی دێرینی کوردە هەر لەدیدارەکەدا بەفەرمی بەناوی حکومەتی کوردستانەوە بانگهێشتی کوردستان کرا.

قۆناخێکی دیکەی دیدارەکان وەزارەتی منداڵ و یەکسانی بوو، لەلایەن ڕێزدار Kjell Erik Øie جێگری وەزیر ئەنجام درا، پاشان دیدار لەوەزارەتی کولتور و کەنیسە لەگەڵ ڕێزدار Paul Glomsaker بەڕێوەبەری گشتی بەشی وەرزش ئەنجام درا.

لەبەشێکی دیکەی گەشتەکەدا، دیدار لەگەڵ هەندێک لاوانی خوێنکاری زانکۆ بوو لەشاری ئۆسلۆ، لەنێزیکەوەباس لەگرنگی دروستبوونی پەیوەندی نێوان دیاسپورا و وڵات کران، پێشنیازی چەند بیرۆکەیەک کران بۆ هاوینی ئەمساڵ، هاوکات دیدار لەگەڵ ڕاهێنەری تیپی فوتباڵی کوردستان لەوڵاتی نۆروێژ ئەنجام درا. وەزیری وەرزش و لاوان جەختی لەدروست بوونی پردێکی بەهێز لەنێوان دەرەوە وڵات کردووە.



**کۆنفرانسی لاوان**

### کۆنفرانسی بەشداری لاوان لە سیاسەت

بەئامادەبوونی بەرێز پارێزگاری هەولێر و ژمارەیەکی بەرچاوی لاوان سەرلەبەیانی رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٢٠٠٨/٩/١٥ لە هۆتێل چوار چرا رێکخراوی تواناسازی لاوانی کوردستان و رێکخراوی مەسەللە بە هاوکاری رێکخراوی NDI ئەمریکی کۆنفرانسێکی سازکرد کە تیایدا پرۆژەی (تۆش با دەنگی خۆت هەبێ) خسترا روو و باسی لێوەکرا. سەرەتای کۆنفرانسەکە بەرێز عەبدوڵلا خالیدی بەرپرسی رێکخراوی مەسەللە باسی لە رۆڵی لاو گرنگی پرۆژەی بەشداری سیاسی لاوی لە دەسەڵات کرد و رۆڵی رێکخراوەکانی بەگرنگ زانی بۆ دەسدرێژی کردنیان بۆ ئەو جۆرە پرۆژانە، پاشان بەرێز نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر وتارێکی خوێندەوە کە تیایدا گرنگی پرۆژەکەی باس کرد و بەرز نرخاندی هاوکاری خۆیان نیشاندا بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە و بەهەموو شێوەیەک پارێزگاری هەولێری پشتگیری ئەم جۆرە پرۆژەیە دەکات و لە داهاتووەکی نزیک هەولی فراوانتریشی دەدەین. ئینجا وتارێک لەلایەن بەرێوەبەری نووسینگەی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی خوێنرایەوە کە تیایدا باسی لە رۆڵی گەنج کرد لە کۆمەڵگە و بەشداری سیاسی گەنجان و دەستخۆشی لە رێکخراوی تواناسازی لاوان کرد بۆ ئەم پرۆژەیە پاشان وتاری وەزارەتی وەرزش و لاوان لەلایەن بەرێز ئەمیر حاجی داود بەرێوەبەری گشتی راگەیاندن و پەیوەندییەکان لە وەزارەت خوێندرایەوە کە لە وتارەکەیدا وێرای دەستخۆشی کردن لە رێکخراوەکان بۆ ئەم پرۆژە گرنگانە تیشکی خستە سەربەشداری گەنج لە سیاسەت و رووی گەشی پێشڤەچوونی دیموکراسی و تەندروستی و پرۆسەی سیاسی دەردەخات لە کۆتای وتەکانی دا: وتی ئەم دەرفەتە بەباش دەزانم کە باسی پرۆژەی نوێ وەزارەت بکەم بۆ لاوانی کوردستان، ساڵی پار وەزارەت چەندین خەڵاتی بەخشی بەلاوانی کوردستان لەرێگەی فیستیڤاڵی لاوی ساڵ و خەڵاتکردنی رۆژنامەنووسە لاوەکان و هەروەها خەڵاتی ژنپارێزی ئەوە بۆ ئەمساڵیش وەزارەت بەنیازە ئەم خەڵاتانە دووبارە بکاتەوە لە کاتێکی گونجاو ئەو لاوانە خەڵات بکاتەوە. لە کۆتای کۆنفرانسەکەدا شاد محەمەد بەرێوەبەری رێکخراوی تواناسازی لاوان باس لە ناوەرۆک و گرنگی و ئەنجامی پرۆژەکە بۆ ئامادەبووان کرا.

### هەڵمەتی ژینگەپارێزی

رۆژی شەممە رێکەوتی ٢٠٠٨/١٠/٢٥ هەریەک لە وەزارەتی وەرزش و لاوان و وەزارەتی شارەوانی و پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی ژینگە و پارێزگەکانی کوردستان و هەڵمەتی پاککردنەوەی شارەکانی کوردستان دەستی پێکرد کە بۆ سێیەمین جارە وەزارەتی وەرزش و لاوان حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم هەڵمەتە ئەنجام دەدات .



هەڵمەتی ژینگەپارێزی

بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان لە لێدوانێکی دا بۆ کەناڵە راگەیاندنەکان گوتی: وەزارەتی وەرزش و لاوان وەک ئەرکێکی سەرشانی بۆ سێیەمین ساڵە دەستپێشخەری دەکات لە ئەنجامدانی هەڵمەتی پاککردنەوەی شارەکانی کوردستان، هەڵمەتی ئەم ساڵەش بەگەورەترین هەڵمەت دادەنرێت کە بەهاوکاری هەریەکە لە وەزارەتی شارەوانی و پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی ژینگە و پارێزگەکانی هەرێمی کوردستان و ئەنجامدراوە.

گوتیشی: ئامانجمان لەم هەڵمەتە هۆشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستانە بەمەبەستی پاکراگرتنی شارەکانیانن ئێمە وەک وەزارەتی وەرزش و لاوان ئامانجمان هوشیارکردنەوەی لاوانی کوردستانە لە گرنگی دان بە ژینگەیەکی پاک و خاوێن کە سەرچاوەی سەلامەتی خەڵکی کوردستانە.

شایەنی باسە ٤٠ هەزار نەمام لە رێگەی فەرهەنگخانەکان لە هەموو ناوچەکانی کوردستان نێژران.

هەروەها لەشاری کەرکووک ئەم هەڵمەتە ئەنجامدرا بە بەشداری کردنی هەریەکە لە رێکخراوی کۆمەک و رێکخراوی ژینگەی کەرکووک و رێکخراوی راگوێزان و دەرکراوەکانی کەرکووک و یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی ئافرەتانی کوردستان. جێگەی باسە نزیکەی ٢٠ هەزار نەمام لە شەقامەکانی ناو شار بە بەشداری کردنی قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی و ١١ کۆلێژ نێژران.

### پێشانگەی شێوەکاری بۆ کۆمەڵە هونەرمەندێکی لاو



پێشانگەی شێوەکاری

رۆژی سێشەممە رێکەوتی ٢٠٠٨/١١/٥ لەژێر چاودێری تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەئامادەبوونی بەڕێز ئەمیر حاجی داود بەڕێوبەری گشتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی وەزارت و پێشانگەیەکی شێوەکاری لە سەنتەری ئاڵا لە شاری هەولێر بەناونیشانی ساتێک بۆ هونەر بۆ کۆمەڵێک لە هونەرمەندان کردەوە.

تیایدا تابلۆکانی هونەرمەندە لاوەکان رەنگدانەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردستان و سروشتی کوردستانی تیدا بەدی دەکرا، هەروەها هونەرمەندان بە چەندین پەیکەری بەرچاو بەشداریان لە پێشانگەکە کردبوو.

جێگەی باسە پێشانگەیەکە تابلۆیی هەریەکە لە هونەرمەندان گۆڤەند سەعدوڵڵا، زریان قادر، کاروان کەمال خدر، ئەحمەد حەسەن، رێبین مستەفا، شیرین جەمال، پاوان عەبدولقادر، سەردار قادر، کاروان عەبدوڵڵا ، بەهار ئەنوەر و شێروان سالْحی لە خۆ گرتبوو.

**شاندی وەزارەتی وەرزش و لاوان بەشداری لە کۆنفرانسی کاریگەری وەرزشی و تەندروستی مرۆڤ لە ئیسپانیا دەکات**

شاندێکی وەرزشی هەرێمی کوردستان کە پێک هاتبوو لە بەڕێزان ڤیان یوسف بەڕێوەبەری گشتی دیوان لە وەزارەتی وەرزش و لاوان و هەریەک لە بەڕێزان نەجات باپیر سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بەڕێز سەلاح حەسەن خەسرۆ و موئەیەد مەغدید لە لێژنەی ئۆلۆمپی کوردستان بە داوەتنامەیەکی رەسمی تۆڕی وەرزشی نێودەوڵەتی بانگهێشتی وڵاتی ئیسپانیا کران بەمەبەستی بەشداری کردن لە کۆنفرانسی کاریگەری وەرزشی و تەندروستی مرۆڤ. هەرێمی کوردستانیش بەشێوەیەکی فەرمی داوەت کرابوو.

لەو بەشداری کردنەی شاندی هەرێمی کوردستان، وەرزشی کوردستان بە وڵاتانی بەشداربوو ناساندرا کە زیاتر لە (٢٠) وڵاتی جیهان بەشداریان تیادا کردبوو کۆنفرانسەکە لە ٢٠٠٨/١١/٢٤ ئەم مانگە دەستی پێکرد و لە ٢٠٠٨/١١/٢٧ی هەمان مانگ کۆتایی هات لەکۆنفرانسەکەدا چەندین وانە و لێکۆڵینەوە لەسەر بزاڤی وەرزشی و پەیوەندی بەلایەنی تەندروستی لەلایەن کۆمەڵێک دکتۆر و پرۆفیسۆر پێشکەش کران.



چالاکی هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی

**هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی**

هاوکات لەگەڵ رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان وەزارەتی وەرزش و لاوان حکومەتی هەرێمی کوردستان لەژێر چاودێری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی چەندین کۆڕ و چالاکی سازدا.



چالاکی شانۆگەری لە هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی

رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٢٠٠٨/١١/١٩ لەژێر چاودێری بەرێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە رۆژنامەنووسان و بەرپرسانی حکومی و حزبی کورێک بۆ سەرۆکی پارتی چەپی سویدی لە هۆڵی چوارچرا بەرێوەچوو و تیایدا باس لەچەندین تەوەرەی گرنگ سەبارەت بەنەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و داکۆکی کردن لە مافەکانیان کرا.

رۆژی پێنجشەممە رێکەوتی ٢٠٠٨/١١/٢٠ پێشانگەیەکی دۆکیومێنتی لەژێر ناونیشانی خوێن و خۆیڵەمێش بۆ هونەرمەندی شێوەکاری (هیوا فریادرەس) لە گەلەری سەنتەری ئالا کرایەوە تیایدا چەندین وێنەی توندوتیژی دژ بەئافرەتان و کوشتنی ئافرەتانی بەمەبەستی شەرەفپارێزی تێدا نمایشکرا.
لەهەمان رێکەوتدا و لەژێر چاودێری وەزارەت نمایشێک بۆ کورتە فیلمێکی خاتوو ڤیان مایی لەژێر ناونیشانی (کەڤۆکا سپی) لە هۆڵی پێشەوا نمایشکرا. شایەنی باسە فیلمەکە رەنگدانەوەی کۆمەڵگە بوو لەپێشێلکردنی مافی ئافرەتان، کە تێیدا فیلمەکە بووە جێگەی سەرنجی ئامادەبووان و پاشان ئامادەبووان بەگفتوگۆ لەگەڵ دەرهێنەری فیلمەکە بەشدار بوون.
لە رێکەوتی ٢٠٠٨/١١/٢١ بەهاوکاری وەزارەتی وەرزش و لاوان شانۆگەری (بانەبین بەقەقنەس) شانۆگەرییەکی تایبەت بوو دژ بەتوندوتیژی ئافرەتان کە لە دەرهێنانی هونەرمەند توانا محەمەد لە پارکی منارە نمایشکرا.
لە درێژەی چالاکییەکانی وەزارەت لەهەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی رێکەوتی ٢٠٠٨/١١/٢٢ راکردنێکی درێژ بۆ ئافرەتان لە پارکی سامی عەبدلرەحمان بۆ ماوەی ٣ کیلۆمەتر ساز کرا و تیایدا ژمارەیەکی زۆر لە یاریزانانی ئافرەت بەشدار بوون.



چالاکی شیعر لە هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی - رەنج سەنگاوی

لەهەمان رۆژدا خولێکی شەترەنج بۆ ئافرەتان لە سەنتەری وەرزشی بلو کرایەوە و کە تیایدا ١٤ یاریزان بەشدار بوون.

رۆژی یەکشەممە رێکەوتی ٢٠٠٨/١١/٢٣ وەزارەتی وەرزش و لاوان دامەزراوی سەلاح سامی عەبدرەحمان بە هاوکاری یەکێتی تۆپی پێی کوردستان یارییەکی دۆستانەی فوتسالْ بۆ کچان لە هۆڵی داخراوی شەهید فەرەنسۆ هەریری لەنێوان هەردوو تیپی قوشتەپە و بنەسلاوە ئەنجامدرا.

لەهەمان رۆژدا وەزارەت کۆڕێکی شیعری بۆ شاعیری لاو (رەنج سەنگاوی ) لەژێر ناوی ساتێک لەگەڵ شیعرە ئەوینییەکانی رەنج سەنگاوی لە هۆڵی میدیا بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی یەکجار زۆر سازکرا و تێدا شاعیر چەندین شیعری خوێندەوە.

**خەلاتی ژنپارێزی**

راهێزانی خانمان و پاراستنیان لە توندوتیژی ئامانجێکی سەرەکی وەزارەتی وەرزش و لاوانە. ئاماژە و رێنوێنییەکانی سەرکردایەتی کوردستان و هەڵوێستە پێشەنگەکانی سەرۆک وەزیران رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم بوارەدا کە هەڵمەتێکی گەورەی مێدیایشی بەدوای داهات لەگەڵ دانانی میکانیزمێکی حکومەتیش چرای گەش بوون.

دیاردەی کوشتنی ژنان، رەفتاری تیژ بەرامبەریان، پەراوێزخستن و خامۆشکردنی نەخشیان لە کۆمەڵگەدا رەگ و ریشەی لە فەرهەنگی شەرانگێز، درِ و پشت لە مرۆڤایەتیدایە. دیاردەی وەها لەگەڵ گیانی کوردستان پەروەری و دیموکراتیدا یەک ناگرنەوە و دەبێ رێی لێ بگیرێ و هەمووەمان لێی بەرپرسین.

لەم دیدەوە، وەزارەتی وەرزش و لاوان، بۆ دووەمین ساڵ، خەڵاتێکی تایبەتی راگەیاند بۆ باشترین کاری ژنپارێزی، کە کەسێک یا رێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ساڵی ٢٠٠٨ دا لەناوە و دەرەوەی کوردستان ئەنجامی دابێت.

تێبینی:

١- ئەم خەڵاتە لە ساڵرۆژی جیهانی لابردنی توندوتیژی و ژنپارێزیدا لە ٢٠٠٨/١١/٢٥ لە ریورەسمێکی شیاودا پێشکەش کرا.

٢- دوا رۆژی وەرگرتنی بەرهەمی کەس و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە٢٠٠٨/١٠/٣١ بوو.

٣- هەموو پەیوەندیەک دەربارەی ئەم خەڵاتە لەگەڵ ئەم ئیمێلەوە دەکرا:

contact@mosy-krg.org تکایە لەسەردێری ئیمێلەکە بنووسە Khellati Jinparezi



هونەرمەند سارا عەبدولەتیف



هونەرمەند رۆژین

**لەژێر چاودێری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی وەرزش و لاوان دووەمین مەراسیمی خەڵاتی ژنپارێزی ساز کرد**

لە رێکەوتی ٢٠٠٨/١١/١٢ لە هۆڵی شەهید سەعد عەبدوڵلا لەژێر چاودێری رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی وەرزش و لاوان دووەمین مەراسیمی خەڵاتی ژنپارێزی سازکرد، لە مەراسیمەکە هێرۆ خان و ژمارەیەک لە وەزیرانی حکومەتی هەرێم و کونسول و نوێنەری وڵاتانی جیهان لە کوردستان و ژمارەیەکی بەر چاو لە رۆشنبیران و میوانانی دەرەوە بەرێوەچوو. سەرەتای مەراسیمەکە بە بەرهەمێکی خاتوو سارا عەبدولەتیف دەستی پێکرد کە پارچە موزیکێک بوو



هونەرمەند تارا جاف

بە ئامێری فلوت ژەنی و پاشان تیپی ژێداری کورد بە چەند بەرهەمێک بە هاوکاری خاتو کۆمیکۆ ئۆکۆمۆرا پێشکەشکرا، ئینجا تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان وتەیەکی پێشکەش کرد.

پاشان ڕێزدار نێچرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وتەیەکی پێشکەش کرد.

ئینجا هونەرمەندی کورد تارا جاف بەهاوکاری شوان قەرەداخی چەند گۆرانییەکی پێشکەش کرد و، پاشان وتاری کونسولییەتی ئەمەریکا پێشکەش کرا و ئینجا فلیمی ژن بە ژن کە بەرهەمی بەشی سینەمای زانکۆی سەلاحەدین لە دەرهێنانی سەفین سەلمان بوو پێشکەش کرا، فلیمەکە باس لە کوشتنی ژن دەکرا، ئینجا هونەرمەند هانی گۆرانییەکی لەسەر سووتانی ئافرەت پێشکەش کرد و بە دوای ئەو هونەرمەندە رۆژین چەند گۆرانییەکی پێشکەش کرد پاشان لێژنەی دادوەری هاتە سەر تەخت و خەڵاتی ئەمساڵی ژنپارێزیان ڕاگەیاند کە بەر نووسەری لاو محەمەد تاهیر درا لەسەر بەرهەمی (زیانی



هونەرمەند هانی



لێوژە جەلال - پێشکەشکار



سەرۆکی حکومەت لەگەڵ براوەی خەڵاتی ژنپارێزی

ماددی و مەعنەوەییەکانی تاوانی کوشتن لەپێناو شوشتنەوەی نامووس بۆ سەر کەسی بکوژ)، لەلایەن هەریەکە لە سەرۆکی حکومەت و خاتوو هێرۆ خان و وەزیری وەرزش و لاوان خەڵاتەکەی پێشکەش کرا.


**وتاری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مەڕاسیمی بەخشینی خەڵاتی ژنپارێزی**

میوانە بەڕێزەکان... ئامادەبووانی بەڕێز... ئێوارەتان باش و هەموو لایەک بەخێربێن بەسەر چاو.

بەخێرهاتنی گەرمی میوانەکان دەکەم بۆ بەشداری کردن لەو مەراسیمە.

خۆشحاڵ و سەرفرازم ئەمڕۆ لێرە لەگەڵ ئێوەی بەڕێز بەشداری دەکەم لە چالاکییەکانی هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان.

بۆ ڕێزگرتن لەو کەس و ڕێکخراو لایەنانەی کە چالاکانە داکۆکیان لە مافی ژنان کردووە و لە بواری جیاجیا هەوڵیان داوە بۆ بەرگری کردن لە ئافرەتان و رووبەروبوونەوەی بەکارهێنانی توندوتیژی لە دژی ئافرەتان.



سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
لە مەڕاسیمی خەڵاتی ژنپارێزی

هەروەها دەمەوێت سوپاسی هەموو بەڕێوەبەراتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان بکەم لەسەرانسەری هەرێمی کوردستان دەستخۆشیان لێ دەکەم و ڕۆڵیان بەرز دەنرخێنم.

سوپاسی یەکەیەکەی ئەفسەر و پۆلیسی لێکۆڵەرەوەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و تەواوی ئەو کاربەدەستانە دەکەم کە ڕۆڵیان گێراوە لەم بوارەدا. هەوڵەکانیان جێی ڕێز و تەقدیری حکومەتی هەرێمی کوردستانە. چونکە بەباوەڕێکی بەهێز و بەمتمانەوە دەستیان داوەتە ئەم کارە.

لەوانەیە خواست و ئارەزووی ئێمە زۆر لەوە زیاتر بێت کە تاکو ئێستا کردوومانە. دەبێ ئەوەش بڵێین ئەوەی کراوە هەنگاوێکی مەزنە بەرەو پێشەوە. هەروەها جیاوازی زۆریش هەیە لەنێوان ئەوەی کە ئارەزوومانە و ئەوەی دێتە دی و لەسەر زەوی واقیعدا هەیە.

دڵخۆشم بەوەی لە کۆمەڵگەی ئێمەش وا خەریکە بەزمانی دیالۆگ بیروڕای جیاواز دەخرێتە سەر مێز و کاری لەسەر دەکرێت. بەڕێزان سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان و بەتایبەتی لێژنەی کاروباری ئافرەتان لە پەرلەمان هەوڵێکی زۆریان داوە بۆ پشتگیری کردن لەو مەسەلەیە.

زۆر سوپاس بۆ وەزارەت و دامودەزگا پەیوەندارەکان و هەموو ئەوانەی لە چالاکییەکانی ئەم هەفتەیە لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان بەشداریان کرد. سوپاسی تایبەتم بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و میدیایی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی کە بایەخیان بەو هەفتەیە داوە سوپاسیان دەکەم دەستخۆشیان لێ دەکەم، ئەویش بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵک ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگە لەو کێشە گرینگ و هەستیارە.

ئەو بەشدارییە گەورەیەتان بۆ مسۆگەرکردنی ئاسوودەیی ژنان بوو لە هەرێمی کوردستان و بگرە ئەم هەنگاوەیان بۆ تەواوی عێراق. بۆیە لێرەدا جێگەی خۆیەتی سوپاسی تایبەتی خۆمتان ئاراستە بکەم.

ئێوە بەم هەڵسوکەوتەتان سەلماندتان بۆ گەلی خۆتان و بۆ جیهان کە دیموکراسیەتی کۆمەڵگەمان زیندووە و گەلی ئێمە چاو نەترسە لەوەی کە ڕووبەڕووی هەندێ مەسەلە و بۆچوونی وا دەبێتەوە کە ساڵانێکی زۆرە ریشەی کێشاوە لەناو کۆمەڵگەماندا.

دیسانەوە دەیڵێم کە زۆر بەباشی لە بارودۆخی هەرێمی کوردستان تێ دەگەم و کەم و کورتییەکانیش دەبینم. حکومەتی هەرێم سوورە لەسەر نەهێشتنی کەم و کورتییەکان و پشتیوانی کردنی ژنان و داکۆکی کردن لە مافەکانیان و لە بەشداریان لەناو کۆمەڵدا بە شێوەیەک کە جێگە ڕێزی هەموو لایەک بن.

لە هەمان کاتدا دەبێ ئەو راستییەش بڵێین کەوا زوڵمێکی زۆریش لە کچان و ژنان دەکرێت لەژێر پەردەی جیاجیادا. ئێمە کۆمەڵگەیەکین سەربەرزین بەتوندوتۆڵی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان. خۆشحاڵین بەبینینی رۆحیەتی هەرەوەزی و پشتگیری لەیەکتری. بەڵام وەکو پێویستیش ڕێز لەنیوەی کۆمەڵگەی خۆمان ناگرین. ئێمە لە هەرێمی کوردستان بڕوای تەواومان هەیە بە بەها مرۆییەکان و ڕێز لە بەها کۆمەڵایەتییەکان دەگرین ئەمڕۆ ئێمە بەشێکین لە دەورووبەر و لە کۆمەڵگەکانی تر دیموکراسی و مافی مرۆڤ و یەکسانی و دادوەری و سەروەری یاسا هەیە.

دەبێ ئەوەش بزانین دوای چەندین ساڵ لە دابڕان، تازە دەستمان داوەتە کار بۆ بەرەو پێشبردنی بارودۆخی هەرێمی کوردستان .وەک دەزانن پێوستییەکان زۆرن لە هەموو ڕووێکەوە پێشبینی زۆریشمان لێ دەکرێت.

ئێمە تەنها بایەخ بە لایەنی سیاسی و ئابووری و بازرگانی نادەین. راستە ئەمڕۆ سیاسەت و ئابووری تێکەڵ بەیەک بوون. بەڵام ئێمە هەرگیز لایەنی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی فەرامۆش ناکەین.
هەندێک جار دەمانەوێت لە زۆر لایەنەوە کار بکەین بۆ گۆڕان. دەزانین گۆڕان پرۆسەکی ئاسان نییە. گۆڕان هەردەم رووبەروبوونەوەی زۆری دێتە پێشەوە چ جای ئەوەی کە گۆڕانەکە لەبیروبۆچوون و هەڵسوکەوت و هەڵوێست بێت.
دیسانەوە دەیڵێمەوە گۆڕینی یاسایی لەوانەیە خەونی هەموو لایەک نەهێنێتە دی، بەڵام هەنگاوێکی گەورەیە لەرووی دەستنیشانکردنی ئاراستەی دروست بۆ ئایندە و بۆ کارکردن لەپێناو بەدی هێنانی یەکسانی تەواو لە کۆمەڵگەدا.
ئەوەش دەسپێکێکی گرینگ بوو بۆ ئێمە. راستە ئەوە یەکەمجار بوو ئێمە هەفتەیەکمان دیاری کرد، لەراستیدا ئەم چالاکییانە لەدوای ئەم هەفتەیەش بەردەوام دەبێت.
حەز دەکەم رۆڵی بەرچاو و بەشداری پڕ بایەخی مامۆستایانی ئایینی لەم گفتوگۆیانەدا بەرز بنرخێنم، ئێمە لەوەش ئاگادارین کە خەڵکێکی زۆر هەن هەوڵ دەدەن ئایین بەکاربهێنن بۆ پاکانەکردن، بەڵام ئەو توندوتیژیەی بەرانبەر ژنان دەکرێت، هیچ بنەمای بۆ نییە لە ئاینەکان و بەتایبەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام. بەداخەوە هەندێک بە ئەنقەست و بۆ مەبەستی تر دەیانویست هەوڵەکانمان بشێوێنن. ئێمە مەبەستمان دەستکاری کردنی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز نەبووە. ئێمە مەبەستمان ئەوە بوو کە هەوڵ بدەین پشتگیری لە دادوەری و یەکسانی و راستی بکەین.
ئێمە سەربەرزین بە کەلتووری لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەمان لەناو خۆماندا . ئێمە کۆمەڵگەیەکی پارێزگارین و رێز لەئایین و برا ئایینەکان دەگرین. لە هەمان کاتدا دەبێ دان بەوەش دابنێین کە زوڵمی زۆریش لە ژنان دەکرێ لەژێر پەردەی ئایین یان دابونەریت .بۆیە هەستمان کرد کەوا هەموو لایەک لە کۆمەڵ ئەرکمان لەسەر شانە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو پێشێلکاریانەی دەرهەق بە ئافرەتان دەکرێت، ئەوەی ئێمە داوای دەکەین یەکسانی دادوەری و رێزگرتنە لە مرۆڤ.
حەز دەکەم دووبارە جەخت لەسەر ئەو راستییەش بکەمەوە کە گۆڕان لەم مەسەلەیە کارێکی ئاسان نییە و بەشەو و رۆژێک روونادات. دەزانین مامەڵە لەگەڵ هەندێک مەسەلە دەکەین کەوا مێژوویان بۆ چەند ساڵێک دەگەڕێتەوە.
هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان هەنگاوێکە دەستمان پێکردووەلە هەرێم چونکە دەزانین کێشەیەکمان هەیە. ئەو کێشەیەش چەندیین لایەنی هەیە لایەنی کەلتووری و ئایینی و سیاسی و تەندروستی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی.
دەزانم هەندێکتان لێرە حەز دەکەن کە گۆڕانی زیاتر ببینن. بۆیە پێتان دەڵێیم سوورڕبن لەسەر کار و داواکاریتان، بەڵام سەرپەرشتان هەبێت چونکە ئەم مەسەلەیە کاتی پێوستی دەوێت تا کۆمەڵگە خۆی بڕیاری یەکجاری دەدات بە قبوڵکردنی.
پێشتریش گوتومە کە حکومەت وەڵامی هەموو کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی پێ نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا حکومەت سێ ئەرکی سەرەکی هەیە لەم بوارانەدا:
١. هەوڵدان بۆ چەسپاندنی یاسا و ڕێکخستنی سیستەمی کۆمەڵایەتی: لەو چەند ساڵانەی رابردوو

توانای خۆمان پەرەپێداوە بۆ چەسپاندنی یاسا و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو تاوانانەی دەرهەق بەژنان دەکرێت، بەڵام هێشتا ئیشی زۆرمان ماوە. حکومەتی هەرێم بەردەوام دەبێت لەو بەرنامانە بۆ دروستکردنی یەکەی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە لەو تاوانانە و هەروەها بۆ مەشق و راهێنانی پۆلیس و ئەفسەری کچ لەو بوارانەدا.

٢. یارمەتی دانی ئەو کەسانەی پێوستیان بەیارمەتی هەیە: کاتێک منداڵێک، کچێک یان ژنێک توندوتیژی بەرانبەر دەکرێت و ترس دەکەوێتە سەر ژیانی. حکومەت بەرپرسیاریەتی لەسەر شانە کە بیان پارێزێت. حکومەتی هەرێم بەردەوام دەبێ لەبەرنامەی بایەخدان بە پەیانگە و شوێنی حەوانەوە بۆ ئەم حاڵەتانە. هەروەها هێلی تەلەفۆنی راستەوخۆی یارمەتی دان و سەنتەری راوێژکاری بۆ خزمەتی ئافرەتان بەردەوام دەبێت.

٣. دابینکردنی پەروەردەی مەدەنی گشتی: پەروەردە و فێرکردن خاڵێکی بنەڕەتە بۆ هەر پێشکەوتنێک کە بەدی دەهێنین. حکومەتی هەرێم هەوڵی جیدی داوە بۆ دابینکردنی دەرفەتی خوێندنی یەکسان رێژەی ئەو کچانەی ئێستا دەچنە قوتابخانە ٦٠٪ زیادی کردووە. ئێستا رێژەی قوتابیانی کوڕ و کچ هێندەی یەکە و یەکسانە لە زانکۆ و پەیمانگەکان. لێرەدا حەز دەکەم زۆر بەراشکاوی ئاماژە بە هەندێ راستی بکەم کە پێوستە بگۆترێت. زۆرجار پرسیارم لێ دەکرێ و لێم دەپرسن بۆچی بەم شێوە بایەخ بەو مەسەلەیەدەدەن؟ یان لەبەر چی وەک هێزێکی پێشگیری کار لە مەسەلەی ئافرەت و نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان کار دەکەن؟

هەندێک جاری تر بە تەنیا لێم دەپرسن لەبەر چی ئەم بابەتەت هەڵبژاردووە و کاری لەسەر دەکەی؟ دەپرسن لەبەر چی داوای گۆڕان دەکەی لەکاتێکدا کۆمەڵگەی ئێمە بۆ سەدان ساڵ بەم شێوەیە بەو دابونەریتە بەردەوام بووە و هیچ نەبووە بۆ ئێستا بیگۆڕین؟

ئەم پرسیارانە زۆر راستگۆیانە و بەبێ پێچ و پەنا لێم کراون و بۆیە باشە منیش زۆر راشکاوانە وەڵامیان بدەمەوە:

هۆکاری ئەوەی کە لەبەرچی پێوستە خۆمان بگۆڕین، ئەوەیە کە ئێستا بەشێکین لە جیهانی تازە. ئێمە چیتر لەو جیهانە دابڕاوە ناژین. خەڵک دەزانن کە ئێمە چ گەلێکین و ئاگاداری خەبات و ژیانی ئێمەن و ئەمرۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی یارمەتیمان دەدەن بۆ بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکرات و ئازاد و خۆشگوزەران. بۆیە دەتوانین سوود لەو پشتیوانییە وەربگرین بۆ بەرەوپێشبردنی ژیانی گەلەکەمان.

ئێمەی کوردستانیان داوای هاوکاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیمان دەکرد بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانمان لە ئازادی و ئاشتی دیموکراسیەت. ئەمرۆ ئەو ئامانجەمان بەدی هێناوە، بەڵام ئەمەش بێ بەرانبەر نییە.

ئەگەر ئێمە بمانەوێت ببین بە بەشێک لە جیهانی پێشکەوتووی بازرگانی و سیاسی و گەیاندن دەبێ ئەوەش بزانین کە چەند بەها و هەڵسوکەوتێکی ستانداری جیهانی هەیە دەبێت پێیان پابەند بین.

ئێمە داوای وازهێنان لە دابونەریتی خۆمان ناکەین داوای وازهێنان و دەست بەردان لە ئاین و کەلەپوری پڕ شانازیمان ناکەین، بەڵام دەبێ بزانین کە هەندێک مەسەلەی تایبەت بە مافی ژنان پێوستە پێشکەوتن بەدەست بهێنن بۆ ئەوەی لە جیهانی سەردەم جێگەمان بێتەوە.

کەلەپوری ئێمە هێز و هاندەرمانە. ژیانی ئێمە دەوڵەمەندتر دەکات. بەردەوام بوونمان مسۆگەر دەکات.

ئەمڕۆ شێوازی ژیان و سیستەمی حکومڕانی و کارکردنمان گۆڕاوە بۆیە دەبێ دید و بۆچوونیشمان بگۆڕێت بۆ ئەم مەسەلانە.
بەشێک لەم پرسیارانە چۆنیەتی مامەڵەکردنمانە لەگەڵ ژنان. ئێمە دەزانین کە کچان و ژنان تارادەیەک لە کۆمەڵگە ڕێزیان لێ گیراوە و شوێنی تایبەتیان هەبووە، بەڵام زۆرجاریش ڕۆڵی ئافرەتان لە چوارچێوەی ماڵ و منداڵ بینراوە.
بەڵام ئەمڕۆ ڕۆڵ و بەشداری ژنان گۆڕاوە، ئەوان مامۆستان، فەرمانبەرن، ئەندزیارن، دکتۆرن، پەرستیارن، واتە کاربەدەستن. ئەمڕۆ ئەوان نەوەکانمان بۆ پەروەردە دەکەن. حکومەت خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن. لە پەرلەمان بەشداری دەکەن لە دارشتنی یاسا بۆ ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵ.
بۆیە ئەمڕۆ خۆیان سەلماندووە کە شان لە شانی پیاوی کۆمەڵگەن و لە هەموو بوارەکانی ژیان بەشدارن. ئێمە جێگەی خۆشحاڵیمانە کە پێشەوەچوون هەبووە لەو بوارانەدا و ئافرەتان جوامێرانە کار دەکەن بۆ سەلماندنی بوونی خۆیان و هێز و توانای خۆیان.
بەداخەوە لە هەندێک بواردا وەکو پێوست پێشکەوتنیان بەدەست نەهێناوە. هەندێک لە ئامارەکان پیشان دەدەن کەوا هەندێک لە هەڵوێست و هەڵسووکەوتە کۆنەکان تاکو ئێستاش پیادە دەکرێت لەناو کۆمەڵ.
بۆ نموونە ٧٠٪ خەڵک لەناو کۆمەڵگەدا داکۆکی لە مافی کچ دەکەن بۆ ئەوەی بە بڕیاری خۆی هاوسەر هەڵبژێرێت. نزیکەی٧٠٪ بڕوایان وایە کە پێویستە ژن و پیاو مافی یەکسانیان هەبێت لە بەردەم یاسا و شوێنی کارکردن و لەناو کۆمەڵ.
بەڵام هێشتا خەڵکانێک هەن لەناو کۆمەڵگە پشتگیری لە هەندێک کردەوە دەکەن کە چیتر جێگەی نابێتەوە لە جیهانی شارستانی و سەردەمی ئەمڕۆ. مەبەستم بەناو نامووس پەرستییە. دەبێ هەموو لایەکمان بزانین لە جیهانی ئەمڕۆ هیچ پاکانەیەک نییە بۆ ئەم جۆرە تاوانە.
لێرەدا داوای کار و هاوکاری زیاتر لە ڕێکخراوە غەیرە حکومییەکان و هەروەها لە مامۆستایانی ئاینی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکەم بۆ سەرخستنی ئەم هەوڵانە ئامانجی ئەو کارانە مسۆگەرکردنی مامەڵەی باشی کۆمەڵگەیە لەگەڵ ئافرەتان و ڕێزگرتنە لە مافیان بۆ جێبەجێکردنی  هەندێک بەرنامە، دەبوو لە پرۆگرامەکانی خوێندنی سەرەتاییەوە دەست پێ بکەین، تاوەکو ئامانجەکانی مسۆگەر بکەین. پێوستە لە قوتابخانە و خوێندن جەخت لەسەر ڕێزگرتن لە ئافرەت بکرێتەوە. هەروەها کۆمەڵگە فێری سەبر و تەحەموول و لێبوردەی و یەکسانی بکەین لە ڕووی ڕەگەزەوە.
داوا دەکەم کە لایەنە پەیوەندارەکان بەرنامەیەکی سەرتاسەری ئامادە بکەن بۆ پەروەردەی مەدەنی و بە پۆستەر و ڕێکلام کێشەکان بخەنە بەرچاو سەبارەت بەتوندوتیژی ئەویش بۆ هاندنی ڕێزگرتن و لێبووردەیی.
هەروەکو دەزانین حکومەتی هەرێم پارساڵ بەرنامەیەکی دانا بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆڵی ئەو کەسانە لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە گەورەترین بەشداریان هەبوو لەبواری داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان و نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان.
وەزارەتی وەرزش و لاوان ڕۆڵی سەرەکی گێرا لەم پرۆسەیە. خۆشحاڵ و سەرفرازم ئەمڕۆ خەڵاتی ئەمساڵ ببەخشم بەو بەڕێزەی کە لەلایەن دەستەی هەڵسەنگاندنی تایبەتەوە هەڵبژێردراوە بۆ وەرگرتنی

ئەم خەڵاتە. خەڵاتەکە تەنها بۆ یەک کەس نییە بەڵکو بۆ هەموو ئەو کەسانەیە کە لەم بوارەدا هەوڵیان داوە.

بەڕێزان، ئێمە ڕووبەڕووبونەوەیەکی گەورەمان لەبەردەم دایە. هەڵسوکەوت و هەڵوێست لەسەرخۆ دەگرین. ئێمە بەهۆی شانازیمان بە رابردوو و کەلتوور و دابونەریتمان هەندێک گۆڕانمان لا زۆر زەحمەتە لە شێوازی ژیان و بیرکردنەوەمان، بەڵام وەکو دەبینین دەکرێ گۆڕان ئەنجام بدرێت، بەتایبەتی کاتێک زۆر بەوردی و بەڕێکی مامەڵەی لەگەڵ بکەین و هەموو لایەنەکانی مەسەلەکە بڕیاری لەسەر بدرێت.

دڵنیام کەوا ئێمەی کوردستانیان ئەو گۆڕانانە قبوڵ دەکەین. ئێمە دەتوانین بەشێوازی بیرکردنەوەی تازە مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشانە بکەین. هیوادارم ئەمڕۆ هەنگاوێکی تریش بە ئاراستەی ڕاست چووبینەتە پێشەوە.

بڕوام وایە پێکەوە دەتوانین هەرێمەکەمان بکەین بەنموونەی ژیانێکی بەختەوەر و ئاشتیانە و لێبوردەییەوە ببین بەمۆدیلێک بۆ هەموو عێراق، کە زیاتر ڕێز لە ماف و بەشداری ئافرەتان بگیرێ و ڕێز لە هەموو پێکهاتە تاکەکانی کۆمەڵ بگیرێت.

بەپێی ئەو ئامارانەی لەبەر دەستماندایە ڕێژەی تاوانەکان لە کەم بوونەوەدایە بەتاوانەکانی کوشتن و سووتانەوە. هەندێک کەس دەڵێن ئێستا تاوان زۆرتر بووە، حەز دەکەم کەوا ڕاستییەک هەیە بزانین. پێشتر هیچ هۆشیاریەکی ئەو تۆ نەبوو و کەس ئەو حاڵەتانەی باس نەدەکرد، بەڵام ئێستا ئەو جۆرە پرسانە دەچێتە پۆلیس و تۆمار دەکرێت و دۆسییەکان دەچێتە دادگە و ڕۆژنامەکان بڵاویان دەکاتەوە، بۆیە خەڵک زیاتر دەربارەیان دەزانێت.

نەک تەنها ڕێژەی تاوانەکان کەم بۆتەوە، بەڵکو ئێستا ئەم حاڵەتانە دەچێتە دادگا و ڕێچکەی یاسایی خۆی وەردەگرێ. بەشێوەیەکی گشتی بەرەوپێش چوون هەیە و ئومێدەوارین کەوا لە کۆتایی ئەمساڵ ئامارێکی وردی ئەم حاڵەتانەی کە هەیە و ئەو پێشکەوتنانەی کە لە هەرێمی کوردستان رووی داوە پێشکەش بکەین، من پێم وایە دڵخۆشکەر دەبن.

دووبارە سوپاس بۆ هەموو لایەکتان. سوپاس بۆ بایەخ و پشتگیریتان لەم پرسە، جارێکی دیکە پشتگیری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو بەرنامەیە دووپات دەکەمەوە. زۆر کەسایەتی و دەزگاو ڕێکخراو هەبوون کە ڕۆڵی بەرچاویان گێرا لەسەرسەرخستنی ئەم هەڵمەتە زۆر سوپاستان دەکەم.

ڕێز و سوپاسی تایبەتم بۆ وەزیری ناوەخۆ و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوەخۆ و وەزیری ئەوقاف و وەزیرانی هەرێم بۆ کاروباری ئافرەتان و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەزیری وەرزش و لاوان و وەزیری مافی مرۆڤ و وەزیری پەروەردە و وەزیری تەندروستی و وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و تەواوی وەزارەت و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان کە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوو ڕۆڵی بەرچاویان بینی بۆ پیشتگیری کردن لەم پرسە بایەخدرە.

دووبارە سوپاسی ئێوەی بەڕێز دەکەم بۆ ئامادەبوون و بەشداریتان لە چالاکییەکانی هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان.

**زۆر بەخێربێن بەسەرچاو**




وەزیری وەرزش و لاوان لە مەڕاسیمی خەڵاتی ژنپارێزی

**وتاری وەزیری وەرزش و لاوان لە مەڕاسیمی بەخشینی خەڵاتی ژنپارێزی**

ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کاک نێچیرڤان بارزانی بەرێز هێرۆ خان، ڕێزداران، میوانانی هێژا

ئەمڕۆ ساڵڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژییە بەرانبەر خانمان، هەر هەمووتان بەخێروخۆشی هاتن بۆ دووەم ڕێورەسمی ئەم یادە. من شانازم بەبەشداربوونتان.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەسەرۆکایەتی سەرەکوەزیران ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی، لە فراژووتنی دێمۆکراتی هەرێمدا، مافی ژن بەدۆزێکی گرنگ دەزانێت. ٢٠٠٧/٦/١٧ بەفەرمانی سەرەکوەزیران کۆمیسۆنێکی تایبەت بە ژنپارێزی و بەداکۆکی لەمافی ژنان هاتە دامەزراندن.

× کۆمیسیۆنی باڵای بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان لەدوا کۆبوونەوەیدا بەراسپاردەی ڕێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی ٢٠٠٨/١٠/٢٩ بڕیاریدا ئەمساڵ لەبری یەک ڕۆژ، یەک هەفتە هەڵمەتی میللی ژنپارێزی لەنێوان ١٩ تاوەکو ٢٥ی نۆڤەمبەر- هەتا کۆتای ڕێورەسمی ئەمڕۆ، بۆ داکۆکی لە مافی ئافرەتانی کوردستان تەرخان بێت.

هەفتەیەک تەنها بۆ هەڵگیرسانی چرای هۆشیارییە، دەنا ئەرکی وەها بەهەفتە و دووان کۆتا نایێت.

هەڵمەتی ژنپارێزی بۆ داکۆکییە لە مافی ئافرەتان لە ژیانێکی دوور لە توندوتیژی، هەم ئەمڕۆ و هەم سبەی.

هەڵمەتێکە بۆ ڕێگرتن لەو زیانە بێسنوورەی توندوتیژی بەرانبەر خانمان، بەرانبەر هەموو مرۆڤایەتی.

ئێمەی وەزارەتی وەرزش و لاوان وەک ئەندامێکی کۆمسیۆنی ژنپارێزی بەم ڕێورەسمەی (خەڵاتی ژنپارێزی) کار بۆ فرەواندنی پەرۆشی دەکەین، بەرانبەر وێلکردن و وەلاخستن (پەرۆشی ) چارەسەرە.

لەبەرئەوەیە (پەرۆشی)ی تۆ لە ئاست نابەرابەریی جێندەردا گرنگە، نابەرابەریی جێندەر جگە لەوەی ڕێ لە پرۆسەی دیموکراتی دەگرێت، گەشەی مرۆڤیش لە جڤاتدا خەفەدەکات.

ڕێزداران، خانمان، برایان شادمانم بەوەی لەگەڵ ئێوەدا بەشداری ئەم ڕێوڕەسم و ئەم خەباتە بین بەرەو راهێزانی ئافرەتان. وەزارەتی وەرزش و لاوان بەردەوام کار دەکات ڕووەو (ئامانجەکانی هەزارەی سێیەم)ی نەتەوەیەکگرتوەکان. راهێزانی خانمان ستوونێکی هەرەگرنگە لەم ئامانجانەدا.

توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان وەک هەموو جۆرێکی دیکەی توندوتیژی دەبێ چارەسەر بکرێت، باسێک نییە وەلابخرێت و چاوەڕێ بکات.

ساڵی پار حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەبواری توندوتیژییەکی رووی لە خانمان بێت، زاراوەی (ناموسپارێزی)ی سڕییەوە. گرنگە وەبیری یەکتری بهێنینەوە کە هەرچی (ناموسپارێزی) هەبێت لە کوشتنی ئافرەتدا، کوشتنی مرۆڤێکی دیکەدا، نییە. کامە وڵات و کامە فەرهەنگ ژنکوژی دەسەلمێنێت. ئەمە پرۆسەیەکە پێویستی بەکاتە و بەداخەوە رۆژانە تاوان بەناوی ناموسپارێزییەوە دەکرێت و بەشێکیشیان نادرێنە دەسەلاتی دادگەری. هەوڵدانی ساڵی پار بەرهەمی خۆی هەبوو، چەند هەنگاوێک بە ئاراستەی دروست بەرەو پێشخستنی بارودۆخی ئافرەتان پیادەکرا.

لەبواری ژنپارێزیدا، کوردستان لەم ماوەی ئازادییەدا چەندین گرنگی ناوە:

١. قانوونی (ناموسشۆردن) لە ٢٠٠٢/٨/١٣ هاتە گۆڕین.

٢. سیاسەتی یەکسانی لە ٢٠٠٥ دا راگەیەنرا.

٣. کۆمیسۆنی بەدواداچوونی تاوان بەرانبەر ئافرەتان و ژنان ٢٠٠٧/٦/١٧ پێکهێنرا دەستکەوتی گرنگ زادەی ئەو هەنگاوانە بوون، بۆ نموونە:

- هۆشیاری دەربارەی ژنپارێزی و یەکسانی جێندەر مەودای بەرینتری گرتووە.
- توندوتیژی بەرانبەر خانمان جاران سەرپۆش دەکرا ئێستا تیشکی لەسەرە.
- یەکەی تایبەتی بەتاوانی دژە ئافرەتان لە وەزارەتی ناوخۆ هاتە دامەزراندن.

٤. سزای تاوانی دژە ژن فرەوانتر و کاریگەرتربووە:

ئەم دەستکەوتانە جێی شانازین، بەڵام هێشتا سەرەتای رێیە.

وەزارەتی وەرزش و لاوان بەهاوکاری چوار رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی لە پایزی ٢٠٠٨ەوە (بەرنامەی راهێزانی لاوان) پیادە دەکات.

لەم بەرنامەیەدا نێزیکەی ٢٠٠ کچ و کوڕ ئامادەدەکرێن بۆ پێشەنگایەتی چەندین بواری هەمەجۆر. هەتا بەهاری داهاتوو ئەم پێشەنگانە هەریەک لەناوچەی خۆی و لەبواری خۆیدا خەریکی تۆربەندی دەبن. پاشان هەڵمەتی میللی بەرێبەرایەتی ئەو پێشەنگانە و بەپشتیوانی حکومەت روو لە چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵات دەکاتەوە.

ئەم بەرنامەیە بەرتینی مۆدێلی سکاندیناڤی و بەتایبەتی سوێدییە، لەلایەن رێکخراوی جیاواز و کەسانی شارەزاوە پێشوازی لێ کراوە.

هۆشیارکردنەوەی و فرەواندنی پەرۆشی کچ و کوڕان لەبەرانبەری، دیموکراسی و ڕێزگرتنی لە مرۆڤایەتی ئەرکی ئێمەیە. لاوانی کوردستان رێبەرانی سبەیرۆژن، هەرئەوانن جڤاتی ئایندە رەنگرێژ دەکەن.

جڤاتی ئاینده دەبێ خاوەن راستییەکی جیهانی وەها بێت لە هەموو وڵاتاندا، گشت کۆمەڵگە و فەرهەنگێکدا بەر پیادە بێت: توندوتیژی بەرانبەر ئافرەتان هەرگیز پەسەند نییە، هەرگیز پاساوی نییەو هەرگیز ناسەلمێنرێت.

سوود لەم دەرفەتە وەردەگرم و بەهەموو هاووڵاتیانی کوردستان، بەباوکان، بەبراو ناسیاران، بە خوشک و دایک و بەخزمان دەڵێم: بەرپرسیاریەتی ئێمەیە، یەک بەیەکی ئێمەیە.

تاوان و توندوتیژی لەنێو ئێمەدا جێی نابێتەوە، کوردستان زۆری بەدەست ئەو دەردانەوە ناڵاندووە، دەبا بەس بێت.

دەبێ ریشاڵەکانی جڤاتی خۆمان درک بکەین و رێزیان لێ بگرین. ئەڤین و دۆستایەتی، مافی مرۆڤ، مافی ژن و مافی منداڵ جێی رێزی هەموومانە. ئەمەیە رێگەی ژیانی ئاشتەوا و کوردستانیش وەها گەشە دەکات.

دروشمی هەڵمەتی ئەمساڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێ (بەڵێ بۆ یەکسانی جێندەر نا بۆ توندوتیژی)

هیوادارم ئەم دروشمە هەمووومان کۆبکاتەوە، سوپاس بۆ هەموو ئەو بەرێزانەی لەم هەڵمەتی ژنپارێزییەدا هاوکار بوون سوپاس بۆ میدیای کوردستان و بەتایبەت بۆ تەلەفزیۆنی زاگرۆس بۆ هەموو ئەو پەرۆشییە پێشانی داوە لەم باسەی سوپاس بۆ ئێوە.



سەرۆکی حکومەت لەگەڵ خاتوو هێرۆخان لە کاتی بەخشینی خەڵاتی ژنپارێزی

**وەزارەتی وەرزش و لاوان خولێکی رۆژنامەوانی بۆ رۆژنامەنووسانی کوردستان سازکرد.**

لە ٢٠٠٨/٩/٢ بەرێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن و پەیوەندییەکان لە هۆڵی هوتێلی چوارچرا لە هەولێری

پایتەخت خولێکی میتودی LFA بۆ ڕۆژنامەنووسە وەرزشییەکانی کوردستان کردەوە، کە لەلایەن بەڕێز ئاسۆس شەفیق بەرپرسی فێرکاری لە وەزارەتدا خولەکە پێشکەشکرا، مەبەست لەم خولە شارەزابوونی ڕۆژنامەنووسی وەرزشییە لە میتودی LFA، بۆ خۆئامادەکردن بۆ کۆنفرانسی مێدیای وەرزشی کە وەزارەت بەنیازە لە ماوەیەکی نزیکدا کۆنفرانسەکە لە هەولێر ساز بکات.
سەرەتای خولەکەش باس لە سێ تەوەری سەرەکی کرا ئەوانیش ڕۆژەڤی هاوکۆکی میللی و نەخشەڕێی وەزارەت و تەکنیکی میتودەکە.
هەروەها باسی کێشەکانی دێتە ڕێی ڕۆژنامەنووسی وەرزشی و چالاکردنی ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسی وەرزشی لە کوردستان کرا. ئەمە و خولەکە زیاتر لە (٢) کاتژمێری خایاند و بووە جێگەی ڕەزامەندی هەموو لایەک.

**گفتوگۆی تایبەت بە نەخشەڕێ**

ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/١/١٣ وەزارەتی وەرزش و لاوان بەئامادەبوونی بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ سەرجەم ڕێکخراوەکانی لاوان و فیدراسیۆنی قوتابیان و خوێندکاران و ڕێکراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سازکرد، تیایدا باس لە ناوەڕۆکی نەخشەڕێی لاوان کرا و چۆنیەیەتی پیادەکردنی ئەم نەخشەڕێیانە کرا، لە درێژەی دانیشتنەکەیدا وەزیری وەرزش و لاوان باسی لەوە کرد کە وەزارەتی وەرزش و لاوان بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی لاوان و وەرزشی عێراق بەنیازە لەم نزیکانە رووپێوی پێشەنگ و لاوان ئەنجام بدەین کە ماوەیەکی زۆرە کار لەسەر ئەم رووپێوە دەکرێت فەرمانبەرانی وەزارەت و وەزارەتی بەغدا چەندین خولیان لە دەرەوەی وڵات بینیوە بۆ ئەم مەبەستە، جگە لەمانەش بەگرنگەوە داوای هاوکاری و چۆنیەتی بەشداربوونی ڕێکخراوەکانی کرد لەپیادەکردنی نەخشەڕێی وەزارەت، پاشان باسی لە پێکهێنانی بۆردی لاوان کرد بۆ ئەوەی وەک لێژنەیەکی راوێژکاری کار لەگەڵ وەزارەت بکەن، چەندین باسی گرنگی سەبارەت بە هەڵبژاردنەکان کرد، ئینجا دەرگای پرسیار بۆ ئامادەبووان کرایەوە و کە چەندین پرسیاریان ئاڕاستەی وەزیری وەرزش و لاوان کرد، وەزیری وەرزش و لاوانیش سەرجەم پرسیارەکانی وەڵام دایەوە، دواجار بۆ پێکهێنانی ئەم بۆردەی لاوان بڕیار درا ڕۆژی ٢٠٠٩/١/٢٢ کۆبوونەوەیەک لە وەزارەت بکرێت لەگەڵ ئەم ڕێکخراوانە بۆ ئەوەی ناوێک بۆ ئەم بۆردە دابندرێت و کار جددی لەسەر بکرێت.

**ئامادەباشی بۆ پێکهێنانی دوو بۆردی هاوئاهەنگی لاوان**

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٩ /١/٢٢ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوانی هەولێر کۆبونەوەیەکی بەرفراوان بەسەرپەرشی وەزارەتی وەرزش و لاوان و بەشداری نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی پەیوەندیدار سازکرا بۆ کار لەسەر دامەزراندنی بۆردی هاوئاهەنگی لەبواری لاواندا.
نوێنەری وەزارەتی وەرزش و لاوان لە دەستپێکی کۆبونەوەکەدا ڕایگەیاند کە دوێنێ ٢٠٠٩/١/٢١ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا (نەخشەڕێی وەرزش و نەخشەڕێی لاوان) وەزارەتی وەرزش و لاوان وەک بەشێک لە بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەسەند بکات. ئەم پەسەند

کردنە بڕیارێکی مێژووکردە و داوای کار و هاوئاهەنگی پتەو دەکات، بۆیە کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان سەنگی تایبەتی خۆی هەیە. لە ئەنجامی کۆبوونەوەدا بەشداربووان پێک هاتن لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١. بەمەبەستی هاوئاهەنگی کاروباری بواری لاوان لەگەڵ وەزارەتی وەرزش و لاواندا، پێشنیاز کرا ئامادەباشی بکرێت بۆ دامەزراندنی دوو بۆردی جیاواز:

- بۆردی هاوئاهەنگی رێکخراوەکانی لاوان بۆ هاوئاهەنگی لەگەڵ رێکخراوەکانی سەر بەحزبە سیاسییەکان.

- بۆردی هاوئاهەنگی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ NGO کان.

٢. وەزارەتی وەرزش و لاوان هەتا رۆژی ٢٠٠٩/١/٢٧ پێشنیازی دەستوور و ساختاری ئەو دوو بۆردە دادەرێژێ و بەمەبەستی کۆکردنەوەی راوسەرنجی هەمووان بۆ رێکخراوەکانی رەوانە دەکات. هەرلایەنێک پێشنیازی پێشکاتی هەبێت بەسوپاسەوە لێی وەردەگرین.

٣. رێکخراوەکان هەتا رۆژی ٢٠٠٩/٢/١ دید و سەرنجی خۆیان لەسەر دەستوور و ساختاری ئەو دوو بۆردە رادەستی وەزارەت بکەنەوە.

٤. هەتا رۆژی ٢٠٠٩/٢/٥ دەستوور و ساختاری ئەو دوو بۆردە بڕیاریان لەسەر بدرێت. هەریەک لە دوو (بۆردی هاوئاهەنگی رێکخراوەکانی لاوان) و (بۆردی هاوئاهەنگی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی) بریتی بێت لە ٧ کەس، بۆ کارکردن لەسەر ٧ بواری سەرەکییەکانی لاوان.

٥. بۆ پاراستنی ئازادی و سەروەری رێکخراوەکان روون کرایەوە کە ئەم دوو بۆردە تەواو ئازادن لە کاروباری خۆیاندا و لە دەرەوەی ساختاری وەزارەت دان.

٦. هەم رێکخراوەکانی سەر بەحزبە سیاسییەکان و هەم رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تۆڕی بواری خۆیان رێک دەخەن.

لیستی لایەن و رێکخراوەکانی بەشدار لەم کۆبوونەوەیەدا:

١. فیدراسیۆنی رێکخراوە قوتابی- خوێندکارییەکانی هەرێمی کوردستان.
٢. رێکخراوی ئازادی لاوان
٣. یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان
٤. سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان
٥. بژافی خوێندکار و لاوانی دیموکراسی خواز
٦. لێژنەی باڵای تیپە میللییەکان
٧. رێکخراوی تواناسازی لاوان
٨. ناوەندی ئایندە بۆ پرسەکانی گەنج
٩. فەرهەنگخانەکانی لاوان
١٠. وەزارەتی وەرزش و لاوان



وەزیری وەرزش و لاوان لە کاتی دابەشکردنی خەڵاتی لاوی ساڵ و رۆژنامەنووسی ساڵ

**فێستیڤاڵی لاوی ساڵ و رۆژنامەنووسی ساڵ**

وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی دووەم گەورەترین فێستیڤاڵی لاوی ساڵ و رۆژنامەنووسی ساڵی ساز کرد. لە ئێوارەی ٢٠٠٨/١٢/٢٣ لە ئاهەنگێکی جەماوەریدا سەرکەوتووەکان خەڵات کران.

- خەڵاتەکەی لاوی ساڵ ئەم پێنج بوارانەی لەخۆ گرتبوو(خاوەن پێداویستی تایبەت، ئەدەب "شیعر و چیرۆک و رۆمان"، هونەری مۆسیقا و گۆرانی، هونەری شێوەکاری بە هەموو شێوەکانییەوە و لەگەڵ دیزاین، هونەری سینەما و دراما و نواندن).

**خەڵاتکردنی رۆژنامەنووسانی ساڵ**

مەبەست لەم خەڵاتە رێزلێنانە لە قەڵەمی لاوان بۆ ئەوەی زیاتر برەو بە کاری رۆژنامەنووسی بدەن لە کوردستاندا، بۆ ئەمساڵیش سێ رۆژنامەنووس هەڵدەبژێردرێت:

١- خەڵاتی باشترین بێژەری تەلەفزیۆن بەمەرجێک خەڵاتەکەی بەهۆی بەرنامەیەکی تایبەتییەوە پێ بدرێت، نەوەک بەهۆی خوێندنەوەی هەواڵەوە، واتا توانای بەڕێوەبردنی بەرنامەی هەبێت.

٢- خەڵاتی باشترین بێژەری لاوی رادیۆ، بەمەرجێک بەرنامەیەکی تایبەت بەڕێوە ببات، نەوەک خوێندنەوەی هەواڵ.

٣- خەڵاتی باشترین رۆژنامەنووسی رۆژنامە و گۆڤار و سایتەکان.

**خەڵاتكردنی رۆژنامەنووسانی وەرزشی**

مەبەست لەم خەڵاتە رێزلێنانە لە قەڵەمی رۆژنامەنووسانی وەرزشی بۆ ئەوەی زیاتر برەو بە كاری رۆژنامەنووسی بدەن لە كوردستاندا، بۆ ئەمساڵ چوار رۆژنامەنووسی وەرزشی خەڵات دەكرێن:

١- خەڵاتی باشترین بێژەری وەرزشی تەلەفزیۆن یا رادیۆ بەمەرجێک خەڵاتەكەی بەهۆی بەرنامەیەكی وەرزشییەوە پێ بدرێت، نەوەک بەهۆی خوێندنەوەی هەواڵەوە، واتا توانای بەڕێوەبردنی بەرنامەی وەرزشی هەبێت.

٢- خەڵاتی باشترین رۆژنامەنووسی وەرزشی لەناو رۆژنامەكان و سایت و گۆڤارەكانی كوردستاندا.

٣- خەڵاتی باشترین بێژەری یاری.

**مەرج و پێوەرەكانی بەشداربووان بەم شێوەیە بوو:**

١- كەسی ناوزەدكراو كوردستانی بێت، چ لەنێو هەرێم و چ لە دەرەوەی هەرێم.

٢- كەسی ناوزەدكراو لەبواری خۆیدا خاوەن نەخش و بەرهەمی نایاب بێت.

٣- تەمەنی كەسی ناوزەدكراو لەنێوان ١٤-٣٠ساڵ بێت.

٤- زانیاری تەواوی دەربارەی ئەو كەسە بە دۆكیومێنت ئامادە بێت.

٥- لایەنێكی سەلمێندراو ئەو بەرهەمەی بە دۆكیۆمێنت نرخاندبێت.

٦- بەرهەمی دیاریكراو لە دەرفەتی دیكەدا خەڵات نەكرابێت.

٧- ناوی تەواو، ئەدرێس و ژمارەی تەلەفۆنی كەسی ناوزەدكراو ئاشكرا بێت.

٨- لەهەر بوارێک كەسێک خەڵات دەكرێت.

٩- دیاری كردنی دیوانی وەزارەت و فەرهەنگخانەكانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییەكانی وەرزش و لاوان لەسەرجەم شاروشارۆچكەكانی كوردستان و سایتی وەزارەت و ئیمێلی بۆ پەیوەندی كردن دەبێت. (رۆژنامەنووسە وەرزشییەكان تەمەنیان مەرجی بۆ دانەنراوە).

وەزارەتی وەرزش و لاوان دووەمین فێستیڤاڵی لاوی ساڵ و رۆژنامەنووسی ساڵی ساز كرد، رۆژی سێشەممە رێكەوتی ٢٠٠٨/١٢/٢٣ لە هۆڵی پێشەوا لە هەولێری پایتەخت وەزارەتی وەرزش و لاوان بەئامادەبوونی بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەزرش و لاوان و مەدحی مەندەلاوی وەزیری هەرێم و سەعد خالید وەزیری وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان و پشتیوان سادق بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموكراتی كوردستان و چەندین ئەندام پەرلەمانی كوردستان و لاوان و رۆژنامەنووسان و وەرزشوانانی كوردستان تێدا بەشدار بوون، سەرەتای فێستیڤاڵەكە بە چەند گۆرانییەكی گۆرانیبێژی لاو ئەیوب عەلی دەستی پێكرد، كە بووە جێگەی دڵخۆشی ئامادەبووان، پاشان بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان وتارێكی پێشكەشكرد.

پاشان تیپی هەڵپەركێی بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەر، هەولێر تابلۆیەكی هونەری بەناوی زەماوەند پێشكەش كرد، دواتر هونەرمەندی گەورەی كورد مامۆستا بەیتۆجان بەچەند گۆرانییەک ئاهەنگەكەی جوانتر و رازاوەتر كرد، پاشان بەڕێز ئەمیر حاجی داود بەڕێوەبەری گشتی راگەیاندن و پەیوەندییەكانی وەزارەتی وەرزش و لاوان و سەرۆكی لێژنەی فێستیڤاڵەكە وتارێكی پێشكەش كرد

سەرەتای وتارەکەی گوتی: زۆر خۆشحاڵین بەوەی بۆ جارێکی تر ئەم فێستیڤاڵەمان بۆ هەڵبژاردنی لاوی ساڵ ڕێکخستووە. ئێمە بڕوامان بەو حەقیقەتە هەیە کە لاوان داینەمۆی گۆڕانە هەمەلایەنەکانن لە کۆمەڵگەی ئێمە و لە سەرجەم کۆمەڵگەکانی جیهاندا.

دووبارە ئەیوب عەلی گۆرانیبێژ بەچەند گۆرانییەکی تر ئاهەنگەکەی ڕازاندەوە، ئینجا خەڵاتی وەزارەت دەستی پێکرد کە یازدە کەس خەڵاتیان وەرگرت و سێ خەڵاتی ڕێزلێنانیش بۆ هەریەک لە (گۆران عومەر)ی پێشکەشاری جوانەمەرگ و کاکە (سۆران مامە حەمە)ی خوالێخۆشبوو و پێشکەشکاری سەرکەوتوو کاکە (ڕزگار کۆچەر) خەڵاتی ڕێزلێنانیان پێ بەخشرا، خەڵاتەکانی یازدە لاوەکەش بەم شێوەیە بوو:

- بواری خاوەن پێداویستی تایبەت خاتوو سوزان عەبدولهادی خەڵاتی پێ بەخشرا.
- بواری هونەری مۆسیقا و گۆرانی هونەرمەند گۆران ساڵح خەڵاتی پێ بەخشرا
- بواری هونەری سینەما و شانۆ خاتوو دەوەن نەوزاد خەڵاتی پێ بەخشرا.
- بواری هونەری شێوەکاری و دیزاین و فۆتۆ گەیلان عەبدوڵڵا خەڵاتی پێ بەخشرا.
- بواری ئەدەب خاتوو هێرۆ کوردە وەک شاعیرەی لاو خەڵات کرا.
- خەڵاتی باشترین بێژەری وەرزشی بە سالار جەلال بەخشرا.
- خەڵاتی باشترین پێشکەشکاری وەرزشی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بە سەردار حەسەن بەخشرا.
- خەڵاتی باشترین ڕۆژنامەنووسی وەرزشی بە زانا قادر بەخشرا.
- خەڵاتی باشترین ڕۆژنامەنووسی لاو بە بژار حەکیم بەخشرا.
- خەڵاتی باشترین پێشکەشکاری ڕادیۆ بە هەوار عەلی محەمەد بەخشرا.
- خەڵاتی باشترین پێشکەشکاری تەلەفزیۆن بە لێوژە جەلال بەخشرا.

دادوەرانی لێژنەکان بەم شێوەیە بوو:

لێژنەی هەڵبژاردنی لاوی ساڵ بواری خاوەن پێداویستی تایبەت لەم بەڕێزانە پێک هاتبوو: دالیا دەشتی دزەیی، زاهیر ڕەشید خەمو و محەمەد جەعفەر.

لێژنەی هەڵبژاردنی لاوی ساڵ بۆ بواری هونەری مۆسیقا و گۆرانی لەم بەڕێزانە پێک هاتبوو: فەرهەنگ غەفور، بەکر خالید و ئاری قادر.

لێژنەی هەڵبژاردنی لاوی ساڵ بۆ بواری ئەدەب، لەم بەڕێزانە پێک هاتبوو: زانا خەلیل، هاشم سەراج و عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا.

لێژنەی هەڵبژاردنی لاوی ساڵ لە بواری هونەری شێوەکاری و دیزاین و فۆتۆ، لەم بەڕێزانە پێک هاتبوو: مامۆستا نامۆ، سەرکەوت نورەدین و دەشتی جەنگی.

لێژنەی هەلسەنگاندنی ڕۆژنامەنووسە وەرزشییەکان، پێک هاتووە لەم بەڕێزانە: جەمال حوسێن، د. ئالان قادر و موئەیەد مەغدید.

لێژنەی هەڵبژاردنی ڕۆژنامەنووسی لاو لەبواری پێشکەشکردنی بەرنامەی ڕادیۆ، لەم بەڕێزانە پێک هاتبوو: جەمال حوسێن، میکائیل ئیبراهیم و تامان شاکر.

**گوتاری بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان لە ڕێوڕەسمی تایبەت بە خەڵاتی لاوی ساڵ و ڕۆژنامەوانی ساڵ**

دۆستانی هێژا

من شادم بە ئامادەبوونتان لەم ئێوارەیەدا، ئێوەی لاوی ئەم ڕۆژگارە یەکەم نەوەن لە کوردستانی ئازاددا ڕسکا بێت، هەر یەک لە ئێوە خاوەن خەون و خولیایە، خاوەن ئامانجێکە بیگاتێ.

ئێمەی نەوەی زووتر خەباتمان کرد و بۆ یەکەمجار گەیشتینە ئەم ڕۆژگارەی تێیدا ئازادانە حوکمڕانی خۆمان لاوانمان دەکەین خەباتمان بۆ دامەزراندنی هەرێمێکی ئارام و پتەوە بنگە و دەزگەی حکومەتی جێکەوتووە.

خەبات بۆ ئەفراندنی جڤاتێکی زەنگینە تێدا دەرفەت بۆ لاوان ڕەخسا بێت کار بۆ ڕاستاندنی ئامانجی خۆیان بکەن.



**وەزیری وەرزش و لاوان**
**لە ڕێوڕەسمی خەڵاتی لاوی ساڵ و ڕۆژنامەوانی ساڵ**

ئەرێ حکومەت ئەرکی زۆرە بەرامبەر وڵاتیانی خۆی. ئەوجا وڵاتیانیش لە وڵاتی هاوچەرخی دیموکراتدا لە تەک مافدا، ئەرکی لە ئەستۆدایە. لە جڤاتە مەبەستدا:

- کۆمپانیا توانای دەبێت دەرفەتی کار و ئابووریەکی پتەو بڕەخسێنێت.
- فێرگە و زانکۆ مامۆستایان وەهایان هەبێت هانی فێرخوازان بدەن بەرەو گەشەی جڤات.
- لاوان چالاکانە بیرۆکەی نوێی دەخەنە خزمەت پێشخستنی جڤاتەوە.
- میدیا و میدیاکاران دەسەڵاتی خۆیان دەناسن و بەرپرسایەتیی زادەی ئەو دەسەڵاتە دەرک دەکەن، ڕووداو بە دەستپاکییەوە شرۆڤە و بڵاو دەکرێنەوە و بەوەش دەبنە سەرچاوەی زانیاری و متمانە نەک دەنگۆ.

هەر هەموو بەیەکەوە دەبێ کار بکەین بۆ ئەوەی کوردستان بکەینە وڵاتێک خەڵک ڕووی تێ بکات و تێیدا بژی، نەک نیشتیمانێک لاوان جێی بهێڵن بەرەو ئەورووپایەکی تێیدا هیوایان شکست بێنێ.

ئەمانە کۆسپ و بەرپرسایەتین و دەبێ هەر هەمووان هاوکاریبین بۆ چارەسەریان، وڵاتیان هەن سەدان ساڵە کار بۆ ئەو ئامانجانە دەکەن، ئێمە ئەو دەرفەتەمان بۆ نەرەخسا بەڵام ئەمڕۆ زەمینەسازە، دەبێ خۆڕاگر و سنگفرەوان بین بەرامبەر یەک، دەبێ چڕتر کار بکەین بۆ هاوکاری و پشتیوانیی یەکتر بەرەو ئافراندنی جڤاکێکی دروست بۆ هەمووان.

حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی وەرزش و لاوانی بۆ ئەوە دامەزراند لاوان هان بدات بڕوایان بە خۆیان بێت، هەڵومەرجی ژیانی خۆیان پێش بخەن و بەردەوام لە هەوڵدا بن بەرەو ئامانجی بەرزتر چ بۆ خۆیان و چ بۆ کۆمەڵ.

سیاسەتی وەزارەتی وەرزش و لاوان نیگای بڕیوەتە ڕۆژگارێکی کوردستان لاوان تێیدا ئازاد، سەرفراز، داهێنەر، چالاک، خوێندەوار و نازۆ بن.
لەو ڕوانگەی (نەخشەڕێی لاوان) وەزارەتی وەرزش و لاوان بە هاوکاریی ڕێکخراوی ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی ڕێکخراوی گەشەدانی میللی، تواناسازیی لاوان و هەروەها ڕێکخراوی کۆمەک، (بەرنامەی ڕاهێنانی لاوان)ی بۆ پێگەیاندنی لاوی پێشەنگ پیادە کرد، لەم بەرنامەیەدا لە ماوەی دە هەفتەدا نیزیکەی ٢٠٠ لاوی پێشەنگ بەشداری خولی تایبەت دەبن بەبواری وەک ڕێبەرایەتی، ساخلەمی و ئالوودەبوونی ژنپارێزی، ژینگەپارێزی، گەندەڵی، فێرکاری، مێدیا، هەژاری و بێکاری، مەبەست لەم بەرنامەیە ڕاهێزانی چالاکی و ڕێبەرایەتی لاوانی کوردستانە لەڕێی فێرکارییەوە.
Francis Baconی فەیلەسوفی بەریتانی دەڵێ (زانین دەسەڵاتە) و منیش لەو ڕوانگەوە کار دەکەم بۆ پتەوکردنی ڕۆڵی گرنگترین دوو ئامرازی گەیشتنە ئامانجی بەرزی هەموو بوارەکانی ژیان، ئەویش: فێرکاری و زانینە.
لەبەر ئەویشە ئێمە ئەم ئێوارەیە ڕۆژنامەنووسان خەڵات دەکەین. ڕۆژنامەنووسی لە جڤاتی دێمۆکراتدا ڕۆڵی هەرە گرنگیان هەیە لە بڵاوکردنەوەی زانیاریدا بۆ جەماوەر، مێدیا ئامرازێکی فێرکارە گەر دروست بێتە کایەوە.
مێیدیا ڕێگەی میللەتە بۆ دەرککردنی پرۆسەی سیاسی، حکومڕانی و سیاسەت، گەشەی جیهانی و ناوچەیی، بۆ دەرککردنی ژینگە، فەرهەنگ و وەرزشە، مێدیا نەبێ دەروازەی پەی بردن بە ڕووداوەکانی جیهان دادەخرێن، لەبەر ئەوە مێدیاکاران ڕۆڵیان گرنگە لە پێشکەشکردنی زانیاریی دروست و جێباوەڕ بۆ وڵاتیان.
لە جڤاتی هاوچەرخی دیموکراتدا میدیا ڕۆڵێکی دیکەی گرنگی هەیە لە میکانیزمی چاودێری و هاوسەنگیدا بەوەی لەبواری گەندەڵی و بەدبەکارهێنانی دەسەڵاتدا ڕووبەڕووی سیاسەتمەدار و فەرمانبەران بنەوە، دەسەڵاتی میدیا دەچێتە ڕیزی دەسەڵاتی حکومەت و دەسەڵاتی دادپرسییەوە، جگە لەوە میدیا وەک داڕێژەری بیروڕای گشتی پێگەیەکی گرنگی دیکەی میدیایە تیشک دەخاتە سەر دۆزی وێڵکراو و سەرنجی میللەتیان بۆ ڕادەکێشێ بەوەش دەبێتە داڕێژەری کەش و ئەجێندای سیاسی.
بە میدیا بەرپرسی پیادەکاری ئاکار و ڕێسای ڕۆژنامەگەرییەوە، بەمیدیای بەهێزی سەرنجڕاکێشەوە ئێمە دەتوانین دڵنیابین لەوەی ئاراستەمان دروستە بەرەو ئەو کوردستانە دیموکراتەی مەبەستمانە.
ئەم ڕێوڕەسمە ساڵانەیەی یەکێکە لە چەندین هەوڵی وەزارەتی وەرزش و لاوان بۆ ئافراندنی جڤاتێکی گەشتر، دەرفەتێکی خۆشە بە دیداری یەکتر گەش بین، بەڵام ئەم ئاهەنگە لایەنی دیکەی زۆرە. خەڵاتی ئەم ڕێوڕەسمە بۆ ئەوەیە پیشانی بدەین ئێمە کاری جیددی دەبینین و خەڵاتی دەکەین، نموونەی چالاک و گەش لە کۆمەڵگەدا گرنگن، ئاگاداریانین و لەسەر ئەم سەکۆیە خەڵات دەکرێن، هەرە گرنگیش ئەوەیە ئەم خەڵاتە ببێتە هاندەری ئێوەش بۆ ئەوەی ساڵی داهاتوو بێنە سەر ئەم شانۆیە.
هیوادارم ئەم ئێوارەیە و براوەکانی ئەم ئێوارەیە ببنە هاندەری هەر هەمووومان.
هەر شادبن و سوپاس بۆ ئێوە.



گەشتی رۆژنامەنووس و لاوی ساڵ بۆ وڵاتی لوبنان

**گەشتی رۆژنامەنووس و لاوانی کوردستان بۆ وڵاتی لوبنان**

لە ٢٠٠٩/١/٢٣ شاندی وەزارەتی وەرزش و لاوان کە پێکهاتبوو لە لاوانی ساڵ و رۆژنامەنووسانی ساڵ لە فرۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی بەرەو بەیروتی پایتەختی وڵاتی لوبنان بەڕێکەوتن، لەگەڵ گەیشتنیان بۆ فرۆکەخانەی حەریری نێودەوڵەتی دوای تەواوبوونی کاروباری ڤیزا یەکسەر بەرەو شوێنی حەوانەوەی خۆیان رۆیشتن کە هوتێلی فۆر پۆینتس بای شیراتۆن بوو.

لەو سەردانەیاندا شاندی وەزارەت چەندین شوێنیان بەسەر کردەوە، نموونە سەرجەم شوێنە گەشتیارییە بەناوبانگەکانی لوبنان وەکو ئەشکەوتی جعیتا و مۆزەخانەی مەشاهیر و هاوینەهەواری ئەفرایە و کۆشکی موسا و حەریسەی لوبنان و چەند شوێنی تر.

هەر لە سەفەرەکەدا سەردانی چەندین دەزگای راگەیاندن و میدیایان کرد وەکو تەلەفزیۆنی لوبنان و رۆژنامەی موستەقبەل ...هتد.

رۆژی سێشەممە رێکەوتی ٢٠٠٩/١/٢٧ شاندی کوردستان سەردانی ئاوەرەکانی عێراقیان کرد لە وڵاتی لوبنان کە زۆربەی ئەو ئاوارانە خەڵکی کریستیانی عێراقیین کە لە رەوشێکی زۆر نالەبار دەژین کە بۆتە هۆی ئەوەی منداڵەکانیان لە خوێندن داببڕێن تاوەکو ئێستا هیچ وەڵامێکی سەفەریان پێ نەگەیشتووە و چەندین خێزانی عێراقی لەم وڵاتە لەلایەن قاچاغچییە لوبنانییەکان فێڵیان لێکراوە، وەکو شاندی کوردستان سەردانیان کرا و هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستانیان پێ بەخشین.

ڕۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٢٠٠٩/١/٢٨ شاندی وەزارەت سەردانی وەزارەتی لاوان و وەرزشی لوبنانیان کرد لەلایەن بەڕێز ئەکرەم عازری راوێژکاری وەزیری لاوان و وەرزشی لوبنان بۆ کاروباری پەیوەندییە گشتییەکان پێشوازیان لێکرا، سەرەتا بەڕێز راوێژکاری وەزیری لاوان و وەرزشی لوبنان سلاوی بەڕێز تەلال ئەرسەلانی وەزیری لاوان و وەرزشی لوبنانی بە شاندی کوردستان گەیاند و باسی لەو سەفەرە ناکاوییەی بەڕێزیانی کرد بۆ ولاتی ئوردن، پاشان لە دانیشتنێکدا باس لە رەوشی وەرزشی و لاوانی هەردوولا کرایەوە کە بەگرنگە باسی لە رۆلی وەرزشی کوردستان و یانەی وەرزشی هەولێری دەکرایەوە لەلایەن راوێژکاری وەزیری لاوان کە چەند سەرکەوتووانە توانیویانە بۆ دوو ساڵ نازناوی خولی عێراق بەدەست بهێنن، هەر لەم دانیشتنەدا چەندین بیرورا گۆڕایەوە سەبارەت بە هاوکاری کردن لەنێوان هەردوولادا بۆ هەردوو بواری وەرزش و لاواندا.



گەشتی رۆژنامەنووس و لاوی ساڵ بۆ ولاتی لوبنان

هەر لەمیانی دانیشتنەکەدا ئەمیر حاجی داود سەرۆکی شاندی وەزارەت داوەتنامەییەکی بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان گەیاندە وەزارەتی لاوان و وەرزشی لوبنان بۆ سەردانی بەڕێز تەلال ئەرسەلان وەزیری لاوان و وەرزشی لوبنان بۆ کوردستان.

ڕۆژی پێنجشەممە رێکەوتی ٢٠٠٩/١/٢٩ شاندی وەزارەت سەردانی وەزارەتی گواستنەوە و نیشتەجێ کردنیان کرد و لەلایەن بەڕێز غازی عەریزی وەزیری گواستنەوە و نیشتەجێ کردن پێشوازیان لێکرا، لە دانیشتنێکدا کە باسی لە رەوشی لاوان و وەرزشی کوردستان کرا و پاشان باس لە هێلەکانی گواستنەوەی فرۆکەکانی لوبنان کرا بۆ کوردستان، شایانی باسە شاندی کوردستان لە سەردانەکەیاندا داوەتنامەیەکی بەڕێز فەلاح موستەفا بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان دایە دەست بەڕێز غازی عەریزی بۆ سەردانیان بۆ کوردستان ئەویش خۆشحاڵی خۆی پیشاندا بەو داوتنامەیە.

هونەرمەندی لاو گۆران سالح یەکێک بوو لە ئەندامانی شاندەکە، لاوی ساڵ بوو لە بواری باشترین هونەرمەندی گۆرانیبێژ هەر بۆ ئەم مەبەستە وەزارەت وەک رێزلێنانێک گۆرانییەکی لە وڵاتی لوبنان بۆ کلیب کرد لەسەر دەستی دەرهێنەر لاو سامان عەدنان، کە سەرجەم وێنەکانی ئەم کلیپە لەناو وڵاتی لوبنان ئەنجام درا.

رۆژی هەینی رێکەوتی ٢٠٠٩/١/٣٠ شاندی کوردستان لە رێگەی فرۆکەخانەی رەفیق حەریری نێودەوڵەتی بەرەو هەولێری پایتەختی کوردستان گەڕانەوە، شاندەکە ماوەی حەوت رۆژ لە وڵاتی لوبنان مایەوە لەم ماوەیەدا رۆژنامەنووسەکان چەندین رێپۆرتاژ و کاری رۆژنامەوانیان ئەنجام دا، هەروەها لاوەکانی ساڵ چەندین شوێنی تایبەت بە کاری خۆیان بەسەر کردەوە.


**سەردانەکەی وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا**

لە ٢٠٠٩/٢/١٧ شاندێکی وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدایان کرد بەمەبەستی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وەزارەت لەڕێگەی واژووکردنی یاداشتنامەییەک بۆ دانانی ئالیەتێک بۆ رێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا.

جاسم محەمەد جەعفەر وەزیری لاوان و وەرزشی حکومەتی عێراق پێشوازی لە شاندی هەرێمی کوردستانی کرد و ئاماژەی بە پەیوەندی دۆستانەی نێوان پێکهاتەکانی گەلی عێراقی کرد و رۆلی وەرزشوانان و لاوانی بەرز نرخاند لە بەهێزکردنی پیوەندییەکان لەنێوان چین و توێژەکانی گەلی عێراق، هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کەوا وەزارەتی لاوان وەرزشی حکومەتی عێراق بەدەنگ ویست و داواکارییەکانی هەرێمی کوردستانەوە دێت بۆ بنیادنانی شارێکی وەرزشی هاوشێوەی ئەو چوار شارە وەرزشییەی کەوا بەنیازن لە چەند پارێزگایەکی عێراق بنیاد بنرێتن، ئەم پێشنیارەش دەخرێتە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران و لەکاتێک رەزامەندیان لەسەر فەرموو ئەوە پێویستە ئەوکات حکومەتی هەرێمی کوردستان پارچە زەوییەکی بۆ دیاری بکات و رێکبکەوین لەسەر چۆنییەتی جێبەجی کردنی و ئەمەش لە چوارچێوەی یاداشتنامەکەدا دەبێت لەپێناو بەرژەوەنی نیشتمانی و گەیشتن بە ئامانجەکان لە بوارەکانی لاوان و وەرزش و بەستنی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە بەمەبەستی بەشداری کردن لەسەر ئاستی دەرەوەی عێراق. هەروەها ئەم یاداشتنامەیە ئاڵوگۆرکردنی توێژینەوەی زانستی و هونەری و ئەندازیاری لەخۆدەگرێت بەمەبەستی پاڵپشتی کردنی داهاتووی زانستی و وەرگرتنی سوود بۆ دانانی پرۆگرام و پلان لەبواری وەرزش و لاوان، هەروەها فۆلکلۆری وەرزشی و لاوان بووە جێگەی گرنگی پێدان لە چوارچێوەی یاداشتنامەکە لە رێگەی دامەزراندی مۆزەخانەیەکی وەرزشی و لاوان لە گشت پارێزگاکانی عێراق و گرنگی پێدانی لەلایەن راگەیاندنەوە. هەروەها لەچوارچێوەی یاداشتانامەکەدا ئاماژەی بەکردنەوەی خێوەتگایەکی دیدەوانی نموونەی لەیەکی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە چواچێوەی بودجەی پەرەپێدانی حکومەتی بەغدا دەبێت.

لەلایەن خۆیەوە بەڕێز تەها بەرواری وەرزیری وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سوپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی بەڕێز جاسم محەمەد جەعفەر وەزیری لاوان وەرزشی حکومەتی

عێراقی فیدراڵی کرد سەبارەت بەو پێشوازییە گەرمەی لە شاندی وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کرد.
بەرواری جەختی لەسەر گرنگی پەرەپێدانی هاوکاری و پەیوەندییەکانی نێوانیان کردەوە و گوتی: سەرجەم ئەو بەربەستانەی لەبەردەمانن دەتوانین لەرێگەی مۆرکردنی ئەم یاداشتنامەی بڕوخێنین و کار بکەین لەپێناو گەیاندنی خزمەت بە وەرزش و لاوان.



دیداری وەزیری وەرزش و لاوان لەگەڵ جێگری سەرۆک پەرلەمانی عێراق

**دیداری جێگری سەرۆک پەرلەمانی عێراق**

لە ٢٠٠٩/٢/١٨ بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و شاندە یاوەرەکەی سەردەنی ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی عێراقیان کرد لە نووسینگەی تایبەتی خۆی شێخ خالد عەتییە جێگری سەرۆک پەرلەمانی عێراق چاوی کەوت بەشاندەکە. هەروەها بە ئامادەبوونی بەڕێزان عەباس شمەری بریکاری وەزیری لاوان و وەرزشی عێراق و حەسەن عوسمان و فەوزی ئەکرەم ئەندامانی پەرلەمانی عێراق.

لەلایەن خۆیەوە بەڕێز شێخ خالد عەتییە بەخێرهاتنی شاندی وەزارەتی کرد و خۆشحاڵی خۆی دەربڕی سەبارەت بەم سەردانە و گوتی: ئەم جۆرە سەردانانە هاندەرێکە بۆ بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی بەغدا و هەرێمی کوردستان و ئاماژەی بەوە کرد کەوا چینی لاوان بەشێکی گرنگن لە داهاتووی عێراق بۆیە پێویستە گرنگییەکی تایبەتیان پێبدرێت لەپێناو داهاتوێکی ڕۆشنتر بۆ عێراق.

بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سوپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی بەڕێزیان کرد و گوتی: ئێمە سەربەزین بە ئێوە و هیواداریین کاربکەن بۆ خزمەت کردن و بەرەوپێشبردنی عێراق بەگشت چین و توێژەکانی و ئێمەش لەگەڵ وەزارەتی لاوان وەرزشی عێراق کار دەکەین لەپێناو بەرەوپێشبردنی وەرزش و لاوان لە عێراقدا.



**دیداری وەزیری وەرزش و لاوان لەگەڵ جێگرانی سەرۆک کۆمار و سەرۆکی حکومەتی عێراقی فیدراڵ**

**دیداری عادل عەبدولمەهدی جێگری سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ**

رۆژی چوارشەممە بەڕێز عادل عەبدولمەهدی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق بە ئامادەبوونی دکتۆر بەرهەم ساڵح جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق و بەڕێز جاسم محەمەد جەعفەر وەزیری لاوان وەرزشی عێراق پێشوازی لە بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و شاندە یاروەرەکەی کرد.

لەمیانەی سەردانەکەدا باس لە هاوکاری و پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وەزارەت و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ بەربەستەکانی نێوان پەیوەندییەکانی هەردوو لایەن.

لەلایەن خۆیەوە وەزیری لاوان وەرزشی عێراق ئاماژەی بە کار و چالاکییەکانی وەزارەت کرد و شێوازی پرۆژە ئەندازیارییەکانی وەزارەت پێهەڵسا و بەمەبەستی پەرەپێدانی ژێرخانی وەرزشی و لاوان لەسەرتاسەری عێراق بۆ ئامادەبووانی روونکردەوە. هەروەها ئاماژەی بەگرنگی سەردانەکەی شاندی وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد و گوتی: ئەم سەردانە سەردانێکی نموونەییە و هەردوو لایەن لەهەوڵی ئەودان پەیوەندییەکانی نێوانیان بەهێزتر بکەن لە ڕێگەی مۆرکردنی یاداشتنامەیەک.

هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کەوا یاداشتنامەکە گشت بوارەکانی لاوان وەرزشی لەخۆدەگرێت لەپێناو خزمەتکردنی لاوان وەرزشوانانی عێراق بەگشتی.

وەزیری لاوان وەرزشی عێراق باسی لە بەربەستەکانی بەردەم وەزارەتی کرد لە جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی بەتایبەتی دوای کەمکردنەوەی بودجەی ساڵی ٢٠٠٩.

لەلایەن خۆیەوە بەڕێز عادل عەبدولمەهدی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق خۆشحاڵی خۆی دەربری سەبارەت بەم سەردانەی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا و گوتی: پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وەزارەتی لاوان وەرزشی حکومەتی بەغدا و وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرەتایەکە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان سەرجەم وەزارەتەکانی تری حکومەتی عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان ئەمەش ڕەنگدانەوەی دیموکراتییەتە لە عێراق بۆ کار کردن لەپێناوبنیادنانی عێراقێکی دیموکراتی بەمەبەستی گەیاندی خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی عێراق.

**دیداری دکتۆر بەهەرم ساڵح جێگری سەرۆک وەزیرانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ**

لە ٢٠٠٩/٢/١٨ بەڕێز بەرهەم ساڵح جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق بەئامادەبوونی بەڕێزان جاسم محەمەد جەعفەر وەزیری لاوان و وەرزشی عێراق و بەڕێز عەلی دەباغ وتەبێژ بەناوی حکومەتی عێراق و بەڕێز عەباس شمەری بریکاری وەزیری لاوان و وەرزشی حکومەتی عێراق پێشوازی لە شاندی وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد و هێوای سەرکەوتنیانی بۆ خواست و جەختی کردەوە لەسەر بنیادنانی ژێرخانی وەرزشی لە ڕێگەی وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت و پاڵپشتی کردنی وەرزشوانان لەگشت بوارەکان لەپێناو خزمەتکردنی بەرژەوەندی گشتی.

بەڕێزیان هیوای سەرکەوتنی بۆ هەردوو وەزارەت خواست لەپێناو کاراکردنی ڕۆڵی وەرزش و توێژی لاوان.

لەلایەن خۆیەوە بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سوپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی بەڕێزیان کرد سەبارەت بەم پێشوازییەی لێنکرا و ئاماژەی بەڕۆلی وەرزش کرد لە کوردستان و جەختی کردەوە لەسەر پەرپێدان و بەرەوپێشبردنی ژێرخانی وەرزشی و بنیادنانی چەند دامودەزگای وەرزشی لەم ناوچەیە.

**دیداری ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق**

بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و شاندە یاوەرەکەی سەردانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیان کرد و چاویان بە بەڕێزان فواد مەعسوم ئەندام پەرلەمانی عێراق و سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستان کەوت و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە کارەکانی.

لەلایەن خۆیەوە بەڕێز فوئاد مەعسوم ئەندام پەرلەمانی عێراق دەستخۆشی لە هەردوو وەزارەتی وەرزش و لاوانی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی لاوان و وەرزشی عێراق کرد سەبارەت بەو هەوڵانەی دەیدەن لەپێناو کاراکردنی ڕۆڵی وەرزش و لاوان لەپێناو گەیاندنی خزمەت بە داهاتووی عێراق و بەرژەوەندی گشتی عێراق و هیوای بەردەوام بوونیانی بۆ خواست.

لەمیانەی سەردانەکەدا هەروەها بەڕێز عارف تەیفور جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەندامانی عێراق پێشوازی لە بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی و شاندە یاوەرەکەی کرد و ئاماژەی بە ڕۆڵی هەردوو وەزارەتی هەرێمی کوردستان و عێراقی کرد سەبارەت بە هەوڵەکانیان بۆ بەرەوپێشبردنی وەرزش و توێژی لاوان لەپێناو داهاتووی عێراقێکی دیموکراتی.



دیداری وەزیری وەرزش و لاوان لەگەڵ جێگری سەرۆکی حکومەتی عێراقی فیدراڵ

**دیداری دکتۆر رافع عیساوی جێگری سەرۆک وەزیرانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ**

رۆژی چوارشەممە دکتۆر رافع عیساوی جێگری سەرۆک وەزیران پێشوازی لە بەڕێزان تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جاسم محەمەد جەعفەر وەزیری لاوان وەرزشی عێراق کرد.

لەمیانەی سەردانەکەدا رافع عیساوی جێگری سەرۆک وەزیران ئاماژەی بەوەکرد کەوا پەیوەندی و هاوکاری نێوان هەردوو وەزارەت بەڵگەیەکە لەسەر دیموکراتی و روحی هاوکاری کردن و ئەمەش لە ڕێگەی هاوکاری کردنی نێوانیانەوە هاتۆتەکایەوە لەپێناو بنیادنانی عێراقێکی یەکگرتوو و کارکردن لەپێناو بەرژەوەندی گشتی لاوان وەرزشوانانی عێراق و جێبەجێکردنی بنەماکانی فیدراڵی کە لەلایەن دەستوری عێراقەوە دانراوە.

هەروەها گوتی: ئاواتەخوازم هەردوو وەزارەت کار بکەن و بەردەوام بن لەپێناو بنیادنانی داهاتوویێکی رۆشنتر بۆ لاوان و وەرزشوانانی عێراق بەگشتی.

لەلایەن خۆیەوە بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوانی حکومەتی عێراق سوپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی ئامادەبووان کرد سەبارەت بەو پێشوازییەی لیان کرا و گوتی: ئێمە لەگەڵ وەزارەتی لاوان وەرزشی حکومەتی بەغدا ڕێککەوتووین لەسەر مۆرکردنی یاداشتنامەیەکی لەیەکترگەیشتن بۆ هاوکاری کردنی یەکتر لەسەر بەرەو پێشبردنی وەرزش لە عێراق.

گوتی: ئێمە یەک دەست و بەیەک بیروبۆچوون لەگەڵ وەزارەتی لاوان و وەرزشی عێراق کار دەکەین بەتایبەتی وەزارەتی وەرزش و لاوانی هەرێمی کوردستان هەوڵدەدات بۆ پەرپێدانی لاوان لەژێر دەوڵەتێکی فیدراڵی.

شایەنی باسە شاندی وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان لەم بەڕێزانە پێکهاتبوو: محەمەدسدیق ئیمام راوێژکاری وەزارەت، دکتۆر سامی عەزیز بەڕێوبەری گشتی وەرزش و یارییە میللییەکان، ڤیان یوسف ئیلیا بەڕێوبەری گشتی کارگێری و دارایی، چیایی تەیمور بەڕێوبەری گشتی وەرزش و لاوان، ئەمیر حاجی داود بەڕێوبەری گشتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان، وەلید ئەنوەر موراد بەڕێوبەری ڕاگەیاندن لە وەزارەت.

**دەقی یاداشتی لەیەکگەیشتنی نێوان وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی لاوان و وەرزشی عێراقی فیدراڵ**

بەمەبەستی توندوتۆڵکردنی پەیوەندیەکی برایانە لەنێوان پێکهاتەکانی گەلانی عێراق و بۆ نەهێشتنی ئەو شوێنەوارە خراپانەی کە کۆمەڵگە تووش بووە بەهۆی ئەو سیاسەتەی کە ڕژێمی پێشوو پەیرەوی دەکرد، لە باوەڕەوە بۆ ڕۆڵی سەرکردایەتی و پێشەنگ کە وەزارەتی وەرزش و لاوان دەیبینن لە پاککردنەوەی کەشوهەوا و نزیککردنەوەی گەلان و ولاتان، هەردوولا بە پێوستمان زانی یاداشتنامەیە مۆر بکەین کە پێکهاتووە لە:

١- هاوکاری و هەماهەنگی نێوان هەردوولا بەشێوەیەک کە لە بەرژەوەندی نیشتمانی و ئامانجە سەرەکییەکان بەدەستبهێنێ کە ئامانجی هەردوو لایە لەبوارەکانی لاوان و وەرزش.

٢- دەستەبەرکردنی ڕۆڵی هەرێم لە زەمالات و نێردراوی وەرزشی، هەروەها لە هەموو خولەکان و چالاکییە عەرەبی و نێودەوڵەتییەکان لە هەردوو بواری وەرزش و لاوان، کە عێراقی فیدراڵ بەشداری تێدا دەکات، بەپێی ئەو پلانەی کە هەردوو وەزارەت ئامادەی دەکەن و بە پێی ئەنجام و ژمارەی بەشداریکردن، لەوانە سەرۆکی هەندێک لە شاندەکان دەبێ بە وەزارەتی وەرزش و لاوانی هەرێمی کوردستان بسپێردرێت.

٣- بەشداری کردنی هەڵبژاردەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەرزش و لاوانی هەرێم لە پاڵەوانێتییەکان و چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی لاوان و وەرزش لەسەر ئاستی عێراق.

٤- هەماهەنگی لە دانانی پلان و چالاکی لە ساڵی ٢٠١٠ و ساڵانی دوایی لەنێوان میلاکاتی هەردوو وەزارەت، بەشێوەیەک کە بگونجێ لەگەڵ جۆری چالاکییەکان و کاتەکانی کە بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی عێراق دەستەبەر بکات.

٥- ئاڵوگۆڕکردنی لێکۆڵینەوەی زانستی و شارەزایی هونەری و ئەندازیاری کارکردن لەپێناو پاڵپشتی کردنی لێکۆڵینەوەی زانستی و سوود وەرگرتن لەم بوارە بۆ دانانی بەرنامە و پلانی پێویست لە بواری وەرزش و لاوان.

٦- هەوڵدان بۆ بنیاتنانی شاری وەرزشیی مۆدێرن لەسەر ڕووبەری ئەو زەوییە گونجاوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان تەرخانی کردووە، کە دروست بێت بۆ میوانداری کردنی تیپ و هەڵبژاردە نیشتمانییەکان لە کاتی کەمپی مەشقکردن و سازکردنی کێبڕکێی وەرزشی و لاوان، لەسەر بوودجەی وەبەرهێنان دوای ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، بەناوی وەزارەتی لاوان و وەرزشی عێراق تۆمار بکرێت و لەلایەن هەردوو وەزارەت بەڕێوە ببرێت.

٧- یەکخستنی سیستەم و ڕێنماییەکان و مەرجەکانی تایبەت بە کاری یانە وەرزشییەکان و بەرنامە و ڕێنماییە تایبەتییەکانی یانە و بنکەکانی وەرزش و لاوان و سەرجەم کاری وەرزش و لاوان لە عێراق.
٨- هەوڵدان بۆ دابینکردنی پارچە زەوییەک بۆ دروستکردنی خێوەتگەیەکی دێدەوانی نموونەیی لە یەکێک لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، بەمەرجێک خزمەتی سەرجەم بزووتنەوە دێدەوانییەکانی عێراق بکات و لەسەر بوودجەی وەبەرهێنان دوای ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و بەناوی وەزارەتی لاوان و وەرزشی عێراق تۆمار بکرێت و بەڕێوەبردنی ئەم خێوەتگەیە بەهەماهەنگی لەنێوان هەردوو وەزارەت بێت.
٩- یەکخستنی لێدوانەکانی ڕاگەیاندنی تایبەت بەبواری لاوان و وەرزشی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی و ئاڵوگۆڕکردنی شارەزا و زانیاری لەنێوان هەردوولادا.
١٠- پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش بەسەرۆکایەتی بەڕێوەبەرە گشتییەکان بۆ بەدواداچوون و هەماهەنگی لەنێوان هەردوولا و کۆبوونەوەکانی ئەم لیژنەیە بەشێوەی خول دەبێت هەر دوو مانگ جارێک بەڕێوەبەر لەلایەنێک دەبێت.
١١- کلتووری وەرزش و لاوان لە هەموو پارێزگەکانی عێراق بە گەنجینەی نیشتمانی دەژمێردرێت و دەبێ مامەڵەکردن لەگەڵی و دەرخستنی لەڕێی دیکۆمێنتەوە و کردنەوەی مۆزەخانەی وەرزش و لاوان و ئاماژەپێکردنی لە ڕاگەیاندنەکان بەشێوەیەک کە ناسنامەی نیشتمانی عێراق بەرەوپێش ببات.
١٢- بەرزکردنەوەی ئاڵای هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئاڵای عێراقی فیدراڵ لە بۆنە وەرزشییەکانی لە هەرێم ساز دەکرێت.
١٣- ئەم یاداشتنامەیە بەردەوام دەبێت لەنێوان هەردوو دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ و سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ئاگادارکردنەوەی هەموو فەرمانگە و دەزگەکانی سەر بەهەردوو وەزارەت بۆ ئەم مەبەستە.
١٤- ئەم یاداشتنامەیە بەهەردوو زمانی عەرەبی و کوردی لە ڕۆژی ١٩/ ٢/ ٢٠٠٩ لە بەغدا واژووکرا لە نێوان بەڕێزان:

وەزیری لاوان و وەرزشی حکومەتی فیدراڵ
جاسم محەممەد جەعفەر

وەزیری وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێم
تەها بەرواری

# کۆماری عێراق

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

یاداشتنامەی هاوکاری و هەماهەنگی نێوان

وەزارەتی لاوان و وەرزشی عێراقی فیدراڵ و

وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

بەمەبەستی توندوتۆڵکردنی پەیوەندییەکی برایانە لەنێوان پێکهاتەکانی گەلانی عێراق و بۆ نەهێشتنی ئەو شوێنەوارە خراپانەی کە کۆمەڵگە تووشی بووە بەهۆی ئەو سیاسەتەی کە رژێمی پێشوو پەیرەوی دەکرد، لە باوەڕەوە بۆ رۆڵی سەرکردایەتی و پێشەنگ کە وەرزش و لاوان دەیبینن لە پاککردنەوەی کەشوهەوا و نزیککردنەوەی گەلان و وڵاتان، هەردوولا بەپێویستیان زانی ئەم یاداشتنامەیە مۆر بکەن کە پێکهاتووە لە:

یەکەم: هاوکاری و هەماهەنگی نێوان هەردوولا بەشێوەیەك کە لە بەرژەوەندی نیشتمانی و ئامانجە سەرەکییەکان بەدەستبهێنێ کە ئامانجی هەردوو لایە لەبوارەکانی لاوان و وەرزش.

دووەم: دەستەبەرکردنی رۆڵی هەرێم لە زەمالات و نێردراوی وەرزشی هەروەها لە هەموو خولەکان و چالاکییە عەرەبی و نێودەوڵەتی لە هەردوو بواری وەرزش و لاوان کە عێراقی فیدرال بەشداری تێدا دەکات، بەپێی ئەو پلانەی کە هەردوو وەزارەت ئامادەی دەکەن و بەپێی ئەنجام و ژمارەی بەشداریکردن، لەوانە سەرۆکی هەندێ لە شاندەکان دەبێ بە وەزارەتی وەرزش و لاوانی هەرێمی کوردستان بسپێردرێت.

سێیەم: بەشداری کردنی هەڵبژاردەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی وەرزش و لاوانی هەرێم لە پاڵەوانێتییەکان و چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی لاوان و وەرزش لەسەر ئاستی عێراق.

چوارەم: هەماهەنگی لە دانانی پلان و چالاکی لە ساڵی 2010و ساڵانی دوایی لەنێوان میلاکاتی هەردوو وەزارەت بەشێوەیەك کە بگونجێ لەگەڵ جۆری چالاکییەکان و کاتەکانی کە بەرژەوەندی باڵای نیشتمانی عێراق دەستەبەر بکات.

پێنجەم: ئاڵوگۆڕکردنی لێکۆڵینەوەی زانستی و شارەزایی هونەری و ئەندازیاری کارکردن لەپێناو پاڵپشتی کردنی لێکۆڵینەوەی زانستی و سوود وەرگرتن لەم بوارە بۆ دانانی بەرنامە و پلانی پێویست لەبواری وەرزش و لاوان.

شەشەم: هەوڵدان بۆ بنیاتنانی شاری وەرزشی مۆدێرن لەسەر رووبەری ئەو زەوییە گونجاوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان تەرخانی کردووە کە دروست بێت بۆ میوانداری کردنی تیپ و هەڵبژاردە نیشتمانییەکان لە کاتی کەمپی مەشقکردن و سازکردنی کێبڕکێ وەرزشی و لاوان لەسەر بودجەی وەبەرهێنان دوای رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بەناوی وەزارەتی لاوان و وەرزشی عێراق تۆماربکرێت و لەلایەن هەردوو وەزارەت بەڕێوەببرێت.

حەوتەم: یەکخستنی سیستەم و رێنماییەکان و مەرجەکانی تایبەت بە کاری یانە وەرزشییەکان و بەرنامە و رێنماییە تایبەتییەکانی یانە و بنکەکانی وەرزش و لاوان و سەرجەم کاری وەرزش و لاوان لە عێراق.

هەشتەم: هەوڵدان بۆ دابینکردنی پارچە زەوییەك بۆ دروستکردنی خێوەتگایەکی دێدەوانی نموونەیی لە یەکێ لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەمەرجێ خزمەتی سەرجەم بزووتنەوە دێدەوانییەکانی عێراق بکات، لەسەر بودجەی وەبەرهێنان دوای رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و بەناوی وەزارەتی لاوان و وەرزشی عێراق تۆمار بکرێت و بەڕێوەبردنی ئەم خێوەتگایە بە هەماهەنگی لەنێوان هەردوو وەزارەت بێت.

نۆیەم: یەکخستنی لێدوانەکانی راگەیاندنی تایبەت بەبواری لاوان و وەرزشی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی و ئاڵوگۆڕکردنی شارەزا و زانیاری لەنێوان هەردوولا.

دەیەم: پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش بەسەرۆکایەتی بەڕێوەبەرە گشتییەکان بۆ بەدواداچوون و هەماهەنگی لەنێوان هەردوولا و کۆبوونەوەکانی ئەم لیژنەیە بەشێوەی خول دەبێت هەر دوو مانگ جارێك بەڕێوەبەر لەلایەنێك دەبێت.

یازدەم: کلتووری وەرزش و لاوان لە هەموو پارێزگاکانی عێراق بەگەنجینەی نیشتمانی دەژمێردرێت و دەبێ مامەڵەکردن لەگەڵی و دەرخستنی لەڕێی دیکومێنتەوە و کردنەوەی مۆزەخانەی وەرزش و لاوان و ئاماژەپێکردنی لە راگەیاندنەکان بەشێوەیەك کە ناسنامەی نیشتمانی عێراق بەرەوپێش ببات.

دوازدەم: بەرزکردنەوەی ئاڵای هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئاڵای عێراقی فیدراڵ لە بۆنە وەرزشییەکانی لە هەرێم ساز دەکرێت.

سێزدەم: ئەو یاداشتنامەیە بەردەوام دەبێت لەنێوان هەردوولا دوای وەرگرتنی رەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقی فیدرال و سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ئاگادارکردنەوەی هەموو فەرمانگە و دەزگاکانی سەر بە هەردوو وەزارەت بۆ ئەم مەبەستە.

چواردەم: ئەم یاداشتنامەیە بەهەردوو زمانی عەرەبی و کوردی لە رۆژی 2009/2/19 لە بەغدا واژووکرا لەنێوان بەڕێزان:

| | |
|---|---|
| وەزیری لاوان و وەرزشی حکومەتی فیدرال | وەزیری وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان |
| جاسم محەمەد جەعفەر | تەها بەرواری |

**دەقی یادداشتنامەی نێوان**

**وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێم کوردستان و لاوان و وەرزشی حکومەتی عێراقی فێدراڵ**



بەڕێوەبەری گشتی کارگێری و دارایی لەگەڵ ستافی ناوەندی دهۆک

**بەڕێوەبەری گشتی کارگێری و دارایی سیمینارێک لەسەر دڵنیایی جۆری لەشاری دهۆک ساز دەکات.**

لە ٢٠٠٩/٣/٢٩ سەرپەرشتیاری بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری بەڕێز خاتوو (ڤیان یوسف ئیلیا) بەڕێوەبەری گشتی کارگێری و دارایی لە وەزارەتی وەرزش و لاوان لە شاری دهۆک بە ئامادەبوونی سەرجەم بەڕێوەبەر و بەرپرسەکانی وەزارەتی وەرزش و لاوان لە قەزا و ناحیەکانی دەڤەری بادینان (زاخۆ و ئامێدی و سێمێڵ) ئەنجام دا.

کە بووە مایەی دڵخۆشی گشت ئامادەبووان بەکردنەوەی ئەم بەڕێوەبەراتییە لە گشت وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی چاکسازی و کەمکردنی کێشە ئیدارییەکان. ئەویش بە گەیاندنی دەنگی مەترسییەکان ڕاستەوخۆ بەم بەڕێوەبەراتییە و گرتنەبەری پێشنیاری پێوست بەمەبەست چارەسەری و کەم کردنەوەی رۆتین.

**پرۆژەی رووپێوی رواڵ و لاوان**

ڕووپێوەکە لەلایەن وەزارەتی لاوان و وەرزش و وەزارەتی پلاندانان و هاوکاریی پەرەپێدان دەزگای ناوەندیی ئامار و تێکنۆلۆجیای زانیاریی عێراقی فیدراڵ و هەروەها وەزارەتی وەرزش و لاوان و دەستەی ئاماری سەر بە وەزارەتی پلاندانای حکومەتی هەرێمی کوردستان ساز دەکرێت.

پشتینەی ڕووپێوەکە:

لاوان کۆڵەکەی نەتەوە و دوارۆژن و ئەو هیوایەن کە نەتەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانج و ئاواتەکانی لە ئێستا و داهاتوودا چاویان تێ دەبرێ، عێراق بە کوردستانیشەوە لەڕووی پێکهاتەی تەمەنی دانیشتووانیەوە بەیەکێک لە وڵاتانی لاو دەژمێردرێ.

ئەو توێژەی ئامانجی ئەم پرۆژەی ڕووپێوەیە (١٠ تا ٣٠ ساڵ) ڕێژەیەکی زۆر گەورەی کۆمەڵگەی عێراق و کوردستانیش پێک دەهێنێت و بەپێی خەملاندنەکانی ژمارەی دانیشتووان لە ساڵی ٢٠٠٨ نزیکەی ٤٢٪ دەبێ، بۆیە زۆر پێویستە پێوەندارەکان و بڕیار بەدەستەکان بەهەموو شێوەیەک و لە گشت ڕوویەکەوە گرینگی بەم توێژە و دابینکردنی خواست و ویست و پێداویستییەکانی بدەن.
بەمەبەستی ئاگەداربوون لە ڕاستیی واقعی ئەم توێژە گەورە و گرینگەی کۆمەڵگەی عێراقیش پێویستە بنکەی زانیاریی نوێ هەبێ کە بتوانرێ لە بنیاتنانی ستراتیژی نیشتمانی بۆ لاوان پشتی پێ ببەسترێ، بەتایبەتی دوای ئەو گۆڕانە مەزنانەی کۆمەڵگەی عێراق بەگشتی و توێژی لاوان بەتایبەتی دوای ٢٠٠٣ بەخۆیەوە دیی، پێویستە ئەوەش لەبیر نەکرێ کە تەنیا لە ساڵی ٢٠٠٤دا ڕووپێو بۆ ئەم توێژە کراوە.
ئامانجەکانی ڕووپێوەکە:

**ئامانجەکانی ڕووپێوی نیشتمانیی ڕواڵ و لاوانی عێراق NYS:**

١- لێکۆڵینەوە لە زانست و هەڵوێست و ڕەفتارەکانی ڕواڵ و لاوان لە تەمەنی ١٠ تا ٣٠ ساڵ بەتایبەتی دوای ئەو گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣وە پێیاندا تێپەڕیوە، ئەویش بەمەبەستی داڕشتنی ستراتیژێکی ڕوون بۆ لاوان لە عێراقدا لەپێناو دابینکردنی پێداویستییەکان و بەدیهێنانی ئاواتەکانی ئەم تەمەنە.

٢- بەدەستهێنانی بنکەیەکی زانیاری لەسەر تەمەنی ١٠ تا ٣٠ ساڵان بۆ ئاسانکردنی کاری بڕیاربەدەستان و بەکارهێنانی ئەو بنکەی زانیارییە وەک پەیامێکی ڕاگەیاندن بۆ چاککردنی زانیاری و هەڵوێست و ڕەفتارەکان و پێشخستن و ئاڕاستەکردنیان بەو شێوەیەی لە بەرزکردنەوەی ئاستی بنیاتی لەش و دەروون و کۆمەڵایەتی و کولتووریی ڕواڵ و لاواندا هاوکار بێ.

هەر بۆ ئەم مەبەستە رۆژی یەکشەمە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٤/١٢ بەئامادەبوونی بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان و بەڕێز عوسمان شوانی وەزیری پلان دانان و بەڕێز عەدنان حەمەی مینە وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارەیەک لە ئامادەبووان لە هۆتێل چوارچرا لە هەولێری پایتەخت خولی ڕاهێنانی ڕووپێوی ڕواڵ و لاوان دەستی پێکرد کە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام بوو.

لە سەرەتای دەست پێکدا بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان دوای بەخێرهاتنی میوانەکان وتەیەکی پێشکەشکرد کە تیایدا وتی:

ئەم ڕووپێوە لە ساڵی ٢٠٠٤ کراوە ڕووپێوی ئەمساڵمان دەبێتە تەواوکەری پرۆژەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبواری لاوان بۆ ئەوەی پەیتا پەیتا کار بکەین کە ئێمە بەرەو ئەو کۆمەڵگەیە بڕۆین کە حکومەت لە خزمەت هاوڵاتیان دابێت . هەروەها گوتی:

پرۆژەیەکی تریش هاوبەشمان هەیە لەگەڵ وەزارەتی لاوان و وەرزشی عێراقی فیدراڵ کە خۆمانی بۆ ئامادەکەین کە ئەگەر کارەکانی تەواو بێت پەرلەمانی لاوان بۆ ئەوەی لە ٢٠٠٩/٨/١٢ ڕابگەینین.

ئەم ڕووپێوە ڕێبازی زانیارخوازی (استبیان) پەیڕەو دەکرد کە ڕێبازێکی گونجاوە بۆ لێکۆڵینەوە لە زانست و هەڵوێست و ڕەفتاری ئەم تەمەنە، هەروەها چەند پێوەرێک لەخۆ دەگرێت وەک لە خۆگرتنی سەرجەم پارێزگاکان، بەدەستگەیاندنی داتا لەسەر ئاستی پارێزگا بە سێ ئاستی جیاواز (سەنتەری شار،

دەوروبەر و قەزا و ناحیە و کۆمەڵگەکان، گوندنشین)، هەڵبژاردنی نموونەکان لە سەرجەم عێراق ٦٧٣٠ خێزان سەردانی کرا کە دەکاتە ١٩٦٠٠ کەس، ١٠٨٠ خێزان بەر کوردستان کەوت دەکاتە ٣١٥٠ کەس لە هەر شارێک ٣٦٠ خێزان بینرا، بەم شێوەیە دابەش کرا بۆ ١٢٥سەنتەری شار، ١٢٥ شارنشینی دەوروبەر، ١١٠ گوندنشین.

**وەزارەتی وەرزش و لاوان لەگەڵ نوێنەرەکانی رێکخراوەکانی لاوان کۆبووەوە**

وەزارەتی وەرزش و لاوان بەئامادەبوونی نوێنەرەکانی رێکخراوەکانی لاوان، بۆ گەڵاڵەکردنی "یاداشتنامەی لاوان" کۆبوونەوەیەکیان سازکرد.

وەزارەتی وەرزش و لاوان رۆژی پێنجشەممە ١٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٩، بە ئامادەبوونی نوێنەری نزیکەی ٥٠ رێکخراوی لاوان و بەئامادەبوونی هەریەک لە وەزیری پلان دانان و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی وجێگری سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیری و پەیوەندییەکان لە پەرلەمانی کوردستان لە هۆڵی هوتێل چوارچرا لە شاری هەولێر کۆبوونەوەیەکی گەورەی سەبارەت بە گەڵاڵەکردنی چەندین خاڵ ساز کرد،



وەزیری وەرزش و لاوان لەگەڵ نوێنەرەکانی رێکخراوەکانی لاوان

كە بەشێک بوو لە درێژکراوەی کۆبوونەوەی عەممان و ئەجێندای هاوکۆ، تاوەکو بتوانن رێگە بۆ چۆنییەتی جێبەجێکردنی (نەخشەرێی لاوان) بدۆزنەوە کە لەم ساڵدا لەلایەن وەزارەتی وەرزش و لاوان پێشکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرا و لە ٢٠٠٩/٣/١٨ لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران پەسند کرا.

وەزارەتی وەرش و لاوانیش بە ئامانجی بەشداربوونێکی دیموکراتیانە بانگهێشتی لایەنەکانی کردبوو. بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان سەبارەت بە کۆبوونەوەی UNFPA لە عەممان قسەی کرد کە سەبارەت بە بەرەو پێشبردنی رەوشی لاوان سازکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا باسی لە ئامانجی ئەو کۆنفرانسە کرد سەبارەت بە چۆنییەتی جێبەجێکردنی نەخشەڕێی لاوان کە کوردستان بەر عێراق توانیویەتی کاری لەسەر بکات. لەگەڵ ئەوەشدا وەزیری ناوبراو رەخنەی لە پەرلەمانی لاوانی عێراق گرت و گوتی "ئەو پەرلەمانە بەم شێوەیە نابێت و نەگونجاوە".

دواتر وەزیری پلاندانان عوسمان شوانی باسی لە هەنگاوەکانی (رووپێوی لاوان) کرد و گوتی "هەنگاوەکانی وەزارەتی وەرزش و لاوان گرنگە و پێویستە لەبەر چاو بگیرێت".

هەر لە کاتی گفتوگۆکانیدا عوسمان شوانی باسی لە یەکەی نیشتەجێبوون کرد کە لاوان تیایدا سوودمەند دەبن و گوتی "ئێستا زیاتر لە ١١هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لەژێر دروست کردندان و تا چەند ساڵی ئایندە هەوڵی ئەوە دەدرێت کێشەی نیشتەجێبوون لە کوردستان نەهێڵدرێت"، بەڵام ئەوەی نەشاردەوە کە "کێشەی نیشتەجێبوون بە ماوەیەکی درێژخایەن ئەنجام دەدرێت چونکە ساڵانە لە دارایی حکومەت بڕێکی دیاریکراو پارەی بۆ تەرخان دەکرێت".

جۆرج مەنسوور وەزیری کۆمەڵگای مەدەنی لەم کۆنفرانسەدا سەرەڕای دووپاتکردنەوەی پشتگیریی خۆی بۆ پرۆژەکانی وەزارتی وەرزش و لاوان گوتی "پێویستە ئەو کەسانەی کە بڕوایان بە بەرەو پێشچوونی رەوشی لاوان لە کوردستان هەیە پشتگیری لە وەزیری وەرزش و لاوان بکەن".

پاش گفتوگۆکان، لەلایەن زۆربەی ئامادەبووانەوە گفتوگۆ لەسەر کەمپی نوێی هاوینەکرا، کە لەلایەن بەڕێز تەها بەرواری پێشنیارکرا تاوەکو بە هاوکاری لەگەڵ رێکخراوەکانی لاوان ئەنجامی بدەن و چەندین پرسیاریان ئاراستەی وەزیری وەرزش و لاوان کرد و پاشان لەسەر دەقی ئەو خاڵانە گفتوگۆیان کرد، لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا یاداشتنامەیەک گەڵاڵە کران، ئەمەش دەقی خاڵەکانی یاداشتانەکەکە کە سەرجەم ئامادەبووان واژوویان لەسەر کرد.

# یاداشتنامەی لاوان

**رۆژی ٢٠٠٩/٦/١٨**

وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شاری هەولێر کۆبوونەوەیەکی لەگەڵا نوێنەرانی حکومەتی و رێکخراوەیی لاوان و پەرلەمان سازکرد بۆ گفتوگۆ دەربارەی:

١-ئەجێندای عەممان لەگەڵ UNFPA

٢-ئەجێندای هاوکۆ بۆ پیادەکردنی سیاسسەتێکی دیموکراتییانەی لاوان

لەم کۆبوونەوەیەدا پاش راوێژ بە مەبەستی بەشداربوونی دیموکراتیانەی هەموو و لایەنێکی پەیوەندیدار رێککەوتین لەسەر ئەم خاڵانە:

١-هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ هەموو رێکخراوەکانی UN و هەروەها وەزارەتی لاوان و وەرزشی عێراق بۆ سەرخستنی پرۆژەی "رووپێوی لاوان".

٢-دەوڵەمەندکردنی "نەخشەرێی لاوان" بە داتا و فاکتی "رووپێوی لاوان" و هەروەها ئەزموون و هاوکاری UNFPA بەرەو دۆکیۆمێنتێکی ستراتیژی نیشتیمانی عێراقی.

٣-سەلماندنی هەڵوێستی وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرامبەر پرۆژەی "پەرلەمانی لاوان"ی وەزارەتی لاوان و وەرزشی بەغدا.

٤-هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ UNFPA بۆ سەرخستنی بەرنامەی تواناسازی لاوانی هەرێمی کوردستان و عێراق.

٥-سەلماندنی "بۆردی پیادەکاری نەخشەرێی BPN" بۆ جێبەجێ کردنی نەخشەرێ لە ئاستی هەرێم و ئاستی پارێزگەکان.

**لەژێر چاودێری بەرێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان: وەزارەتی وەرزش و لاوان خەڵاتی رێزلێنانی بەهەردوو یانەی هەولێر و دهۆک پێشکەش کرد.**

رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢١ لەژێر چاودێری بەرێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەئامادەبوونی بەرێز فازل میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کوردستان و چەندین بەرپرسی حکومی و حزبی، وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئاهەنگێکی تایبەتدا خەڵاتی رێزلێنانی پێشکەش بە هەردوو یانەی هەولێر و دهۆک کرد.

لە ئاهەنگەکدا بەرێز فازل میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی وتەی تایبەتی بەبۆنەی سەرکەوتنی هەردوو یانەی هەولێر و دهۆک لە خولی نایابی تۆپی پێی عێراق پێشکەشکرد و باسی رۆڵی هەردوو یانە کرد و باسی لە پێشکەوتنی وەرزشی لە هەرێمی کوردستان کرد، هەروەها ئەم سەرکەوتنەی بە گرنگ نرخاند و سوپاسی وەزارەتی وەرزش و لاوان و وەزیری وەرزش و لاوان کرد، پاشان پیرۆزبایی لە سەرجەم یاریزان و دەستەی راهێنەران و کارگێرانی یانە و سەرۆکی یانەکە کرد.

پاشان بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان وتەیەکی پێشکەش کرد و پیرۆزبایی لە جەماوەری وەرزشی کوردستان کرد، و باسی لە رۆڵی سەرۆکی حکومەت کرد لەو گرنگییەی کە بەوەرزشی کوردستانی داوە و پشتگیری خۆی دووبارە کردەوە بۆ وەزرشی کوردستان و هەردەم لە هەوڵە ئەوە دەبێت کە وەرزشی کوردستان بەرەو پێش ببات.

دواتر بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان خەڵاتی رێزلێنانی پێشکەش بەئەندامانی دەستەی کارگێری و یاریزانانی هەردوو یانەی هەولێر و دهۆک کرد کە پێکهاتبوو لە بڕی (٥٠) ملیۆن دینار بۆ یانەی هەولێر و (٢٥) ملیۆن دینار بۆ یانەی دهۆک.

هەروەها دیارییەکی تایبەت لەلایەن بەڕێز وەزیری وەرزش و لاوان پێشکەش بە گۆڵچی یانەی هەولێر (ئەحمەد عەلی) کرد بەهۆی ئاست بەرزی لە یاری کۆتایی خولەکە.

دواتر خەڵاتێکی تایبەت لەلایەن وەرزشوانانی کوردستان ئامادە کرا بوو بۆ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو پشتگیرییە بەردەوامەی بەڕێزیان کە بۆ وەزرشی کوردستان دەیکات، خەڵاتەکەش لەلایەن یاریزان و کاپتنی یانەی هەولێر رافد بەدرەدین پێشکەش بە نوێنەری رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەڕێز ئیمداد بارزانی خەڵاتەکەی وەرگرت.

شایەنی باسە بەبەشداری چەندین هونەرمەندی کورد و عەرەب ئاهەنگەکە رازایەوە و چەندین گۆرانیان پێشکەش بەئامادەبووانی ئاهەنگەکە کرد.




**وەزیری وەرزش و لاوان لە کاتی بەخشینی خەڵاتی رێزلێنان بەهەردوو یانەی هەولێر و دهۆک**

# چاپكراوەكانی وەزارەتی وەرزش و لاوان

# یەکەمین کۆنفرانسی وەرزش و لاوان

**بەرەو کۆمەڵگایەکی وەرزشی پێشکەوتوو**

**ئامادەکردنی:**

**سەرتیپ فاریق حەسەن- ئەحمەد ئازاد**

**هەولێر**

2007/5/14-13

وەزارەتی وەرزش و لاوان
پرۆگرامی پەرەپێدانی رێکخراوەکان
لە هەرێمی کوردستان
زنجیره 1

# دەربارەی کاری رێکخراوەیی

ئامادەکردنی وەزارەتی وەرزش و لاوان



هەولێر 2006


وەزارەتی وەرزش و لاوان
پرۆگرامی پەرەپێدانی ڕێکخراوەکان
زنجیرە 2


# ڕۆڵی ڕێکخراو لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا

ئامادەکردنی وەزارەتی وەرزش و لاوان



هەولێر 2006


حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی وەرزش و لاوان
109
خەڵاتی رێزگرتنی لاوان لە بواری رۆژنامەگەریدا



# خەلاتی ژنپاریزی

# Elimination of Violence against Women

هەولێر- کوردستان

Hewler- Kurdistan

2007

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی وەرزش و لاوان

Kurdistan Regional Government
Ministry of Sports and Youth



کار و چالاکییەکانی

# وەزارەتی وەرزش و لاوان

## لە ساڵ و نیوێکی تەمەنیدا

2007 - 2006

ئامادەکردنی:
بەڕێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن و پەیوەندییەکان

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی وەرزش و لاوان

# نەخشەرێی لاوان



وەزارەتی وەرزش و لاوان
هەموارکردنی سیاسەت و پلانی کار
پێشنیار بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان

پەسەندکراوی کۆنفرانسی وەرزش و لاوان، هەولێر

١٥-١٦/٥/٢٠٠٨

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی وەرزش و لاوان

# نەخشەڕێی وەرزش

وەزارەتی وەرزش و لاوان
هەموارکردنی سیاسەت و پلانی کار
پێشنیار بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان

پەسەندکراوی کۆنفرانسی وەرزش و لاوان، هەولێر

١٥-١٦/٥/٢٠٠٨




حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی وەرزش و لاوان
دووەمین فێستیڤاڵی لاوی ساڵ
و
ڕۆژنامەنووسی ساڵ
2008

# چالاكی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و یارییە میللییەكان



مەراسیمی هەڵبژاردنی وەرزشوانی ساڵ

**هەڵبژاردنی وەرزشوانی ساڵ**

ئەم چالاكییە یەكێكە لە چالاكییە گرنگەكانی وەزارەتی وەرزش و لاوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و یارییە میللییەكان كە لە ٢٠٠٨/١/١٨ هەستا بە دیاری كردنی باشترین وەرزشوانی ساڵ لە كچ و كوڕ لە هەموو یارییە وەرزشییەكاندا سەرەڕای دیاری كردنی باشترین ڕاهێنەری یاری تاك و یاری كۆ و باشترین ناوبژیوان ئەو یەكێتییە وەرزشیانەی ساڵی ٢٠٠٨ بەشداری هەڵبژاردنی وەرزشوانی ساڵیان كرد بریتیبوون لە: یەكێتی تۆپی پێ، یەكێتی تۆپی باسكە، یەكێتی تۆپی باڵە، یەكێتی تۆپی سەر مێز، یەكێتی تینسی سەر زەوی، یەكێتی شەترەنج، یەكێتی بەرزكردنەوەی قورسایی، یەكێتی لەش جوانی، یەكێتی پاسكیلسواری، یەكێتی گورەپان و مەیدان، یەكێتی تایكواندۆ، یەكێتی تۆپی دەست. بۆ ئەم مەبەستەش لێژنەیەكی باڵا لە ناوەوە و دەرەوەی وەزارەت پێكهات كارەكانی لێژنەی باڵا بریتی بوو لە كۆبونەوە لە گەڵ هەموو یەكێتییە وەرزشییەكان بۆ ڕوونكردنەوەی چۆنیەتی كار كردن و پاشان كۆبونەوە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان بەمەبەستی دەنگدان بەو یاریزانانەی یەكێتییە وەرزشییەكان هەڵیان بژاردبوون و پاشان كۆكردنەوەی هەموو زانیارییەكان و دەستنیشانكردنی باشترین وەرزشوانی ساڵ. سەرەڕای ئەم كارانە لێژنەی باڵا هەستا بەڕێكخستنی كارە هونەرییەكان بۆ گواستنەوەی ئاهەنگەكە لە كەناڵە ئاسمانییەكانی لە كۆتاییدا (٦٠) وەرزشوان و ڕاهێنەر و ناوبژیوان خەڵات.كران.



مەراسیمی هەڵبژاردنی وەرزشوانی ساڵ

**وتاری وەزیری وەرزش و لاوان لە فێستیڤاڵی خەڵاتی وەرزشوانی ساڵ**

میوانە بەڕێزەکان،

وەرزشوان و وەرزش دۆستانی هێژا ئێوارەتان باش،

هەر هەمووتان بەخێر و خۆشی هاتن سەرەتا پیرۆزبایەکی گەرم لە خەڵاتکراوەکان دەکەم. ئەمە بەرهەمی کارێکی تیمکارییە کە وەرزشی کوردستانی گەیاندووە بەئاستێکی باش.

کردنەوەی فێستیڤاڵێکی وەرزشی وەها و خەڵاتکردنی وەرزشوانانی سەرکەوتوو لە کوردستان جێی شانازییە و شادمانین بە بەشدابوونتان.

سڵاو و ڕێزی سەرۆکی حکومەت ڕێزدار نێچیرڤان بارزانیتان پێ ڕادەگەیێنم کە نەیتوانی ئەمشەو لەگەڵمان بێت و ڕێگەم پێ بدەن بەناوی ئامادەبووان و وەرزشوانانی کوردستان سوپاسێکی گەرمی بکەین بۆ پشتگیری بەردەوامی لە پەرەپێدان و فراواندنی وەرزش. وەک دەزانن خۆیشی وەرزشکارە و لەم بوارەدا ڕێچکشکێنە.

بەم بۆنەیەوە سوپاسی هەموو ئەو دۆستانە دەکەم کە ساڵانێکە پشتیوانی وەرزش دەکەن، نەتەوەیەکگرتووەکان هێزی زەیتونی کۆریای باشوور، کەرتی تایبەت. ئێمە ئەمڕۆ کۆبووینەتەوە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستانێکی وەرزشکاری گەشەکردووە پێشان بدەین. مەبەستمان ڕاوێژە دەربارەی: هەم هێزی وەرزش لە سەخڵەمی گەل و هەم هاندانی کۆمەڵگەیە بەرەو بەشداربووە لە وەرزشدا و هەروەها پەی بردنە بەسوودی وەرزش.

وەزارەتی وەرزش و لاوان سووره لەسەر گەشەدان بە وەرزش و بواری سەرگەرمیی کاتی بێکاری. سەرچاوەی ئەم سووربوونەش دەرکمانە بەوەی: وەرزش ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەسەرخستنی ئاستی سەخڵەمی گەلدا و لەوەش بترازێت وەرزش ئامرازێکە بۆ مۆبلیز کردن و ساز کردنی میللی و پاراستنی ئاشتی نەک تەنیا لە کوردستان بگرە لە سەرانسەری عێراقدا. جامی جیهانی ئاسیا گەشترین نموونەی ئەم دیدەیە. لەوێدا عێراق جگە لەوەی خەڵاتی ٢٠٠٧ وەدەست هێنا و تیپی تۆپی پێ یانەی هەولێر بو بەیەکە نینی عیراق. دەست خۆشی لەم دەست کەوتە جوانە دەکەین. وەرزش فێری گروپکاری و تیمکاری و هەمەهنگیمان دەکات. هەموو کەسێک جێی خۆی هەیە.

- هەژار و دەوڵەمەند
- تەندروست و خاوەن پێداوستیی تایبەت
- کچ و کوڕ
- پیر و جەوان

وەرزش فێری شێوازی ڕەوای گەمە سەرنج دانە کۆدی ڕێسامان دەکات. مرۆڤ خواستی کەسیی خۆی دەخات لاوە و کار بۆ ئامانجی هاوکۆ دەکات. فێرمان دەکات بردنەوە و دۆڕان دەبێت شکرمەند بێت - وەرزشکار ئەوپەڕی توانای خۆی دەخاتە کار. ئاواتی من ئەوەیە وەرزش لە کوردستاندا بۆ هەمووان بێت و ئەمە دروشمی وەزارەتمانە. مەخابن ئەم وێنایە لە بارۆدۆخی ئەمڕۆدا ڕەنگی کزە. توێژ و لایەنی وەک خانمان، کەسانی خاوەن پێداوستی تایبەت و هەروەها لاوی هەژار دەکەونە پەراوێزەوە. دەبێت جەخت بکەین لەسەر ئەوەی هەموو هاوولاتیەک بەشێکی گرنگە لەپرۆسەی گەشەکردنی سەر لەبەری جڤاتی کوردستان- ئەمە وەرزشیش دەگرێتەوە. وەزارەتی وەرزش ولاوان ئەوپەڕی توانا دەخاتە کار بۆ بەشداربوونی هەمووچین و توێژەکان.

لەبواری وەرزشدا سوورین لەسەر داهێنانی نەریتێکی نوێی پێشکەوتوو لەڕێی ئافراندنی ژێرخانی چۆست و هاو چەرخ ڕاهێنەری توانا ، هاندانی یانەی ئازاد و خۆبەخشی وەرزشی وەها پەیامی (وەرزش بۆ هەمووان) ڕێبازیان بێت.

ڕێم بدەن لێرەدا باسێک لە هەندێک پڕۆژە وەرزشییەکانی وەزارەت و هەروەها وێنای پێشەرۆژمان بکەم.

هەر ئەمساڵ کۆنفراسێکی وەرزشی لە وڵاتی بەریتانیا بە هاوکاری council wales sports دەگرین بۆ کار لەسەر ساختاری فیدراڵی وەرزش. ئامانجی ئەم کۆنفراسە توێژینەوەیە دەربارەی کارگێڕی وەرزشی لە وڵاتێکی فیدراڵ و لە هەرێمەکانیدا و ئەوجا چۆنیەتی پیادەکردنی سیستەمی وەها لە عێراق و کوردستاندا.

کاردەکەین بۆ پەیوەندیەکی باشترو بەهێزتر و بەبەرنامەتر لەگەڵ کوردە وەرزشکارەکانی دەرەوە کە سالانێکە ژمارەیەکی زۆریان پێگەیشتوان و سەرمایەکی گەورەی کوردستانن.

لەسەر ئاستی وڵات و ئاستی نێیونەتەوەییدا، وەزارەت بەردەوام کار دەکات بۆ پتەو کردنی پەیوەندی لەگەڵ لایەنی وەرزشکاردا بەرەو ئاراستەیەک ڕەوایە و جێ و ڕێی وەرزشی هەرێمی کوردستان بسەلمینێت.

وەزارەت لە کۆبونەوەی ٧- ١٠-٢٠٠٧ی ئەنجوومەنی وەزیران جەختی کردەوە لەسەر:
هەماهەنگکردنی بودجەی وەرزشی و لاوان لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانی کوردستان بە شێوەیەک کە نەخشە و پلانی وەرزشی و لاوانی وەزارەتی وەرزش و لاوان ڕەچاو بکات.
ڕەچاوکردنی کەمی ژێرخانی وەرزشی کوردستان کە ئەمە ڕێگرێکی گەورەیە لەبەردەم پێشخستنی بواری وەرزشدا. هەماهەنگکردنی بودجەی ئۆرگانەکانی وەرزشی و بۆئەوە ڕێژەی کە بۆ وەرزش خەرج دەکریت دیاربێت. سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری پێکهێنانی لێژنەیەکی داوە بۆ ئەم مەبەستە و ئێستا دەست بەکارن.
بەڕێزان:
وەزارەت لەڕێی فێستیڤاڵ و کەمپێنی هەمە جۆرەوە، لە پارێزگە، شاروشارۆچکەی جیاوازدا کار بۆ فراوان بوون و بلاوکردنەوەی فەرهەنگی وەرزشی دەکات.
پتەوکردنی ژێرخانی وەرزشی، دەستەبەرکردنی شەفافیەت لەبواری وەرزشدا و هەروەها ڕێزگرتن لە دەستکەوتەکانی وەرزشیمان.
بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەدا کار دەکەین بۆ پیادەکردنی بەرنامەی وەها فیرکاری فیزیکی و پەروەردەوەرزشی تێیدا باشتر بێت. ڕاهێزانی توانای مێدیای وەرزشی لەڕێی گۆڕینەوەی ئەزموون و هونەر، کردنەوەی خولی نووسین و دارشتن، زمان، IT و بەراوردکاریی لە نێوان ساختار و مۆدێلی هەمەجۆری وەرزشیدا و هەروەها تێهەلکێشی ئامانجەکانی هەزارەی سێیەم goals millenninm Development لە میدیا. هاندان و هاوکاری بۆ هەر یانەیەکی کار بۆ پتەوکردنی ئابووریی خۆیان لەڕێی فرەواندنی بەشداریی خۆبەخشانە و هەروەها بەشداریی چالاکی کەرتی تایبەت ئێمە لەبناری دەورانێکی نوێی دڵکێشداین و لەسەرمانە سوود لەو هێزە مەزنە وەرگرین کە لە هەناوی ئەو هەرێمەدایە ئەمە یەکەم جارە دەرفەتمان بۆ برەخسێ بۆ هەڵبژاردنی وەرزشوانی ساڵ و سەرلەبەری کۆمەڵگە هان بدەین بۆ بەشداریی لەبواری وەرزشیدا. ئەمەش دەبێتە مایەی پێشکەوتنی تەندروستیمان، بەرفرەوانی زانست و یەکبوونمان و ڕەخساندنی هەلی کار و باشتربوونی ئابووریمان. بنیاتنانی جڤاتێکی وەرزشی ئازاد، هێزی کوردستان زیاتر دەکات و هەموومان شانازی پێوە دەکەین. لە کۆتایدا سوپاس و دەستخۆشی بۆ:
- لێژنەی باڵای فێستیڤاڵ کە نوێنەری زۆربەی ئۆرگانەکانی وەرزشی کوردستانی لەخۆی گرتووە بۆ ماندووبونیان.
- مێدیا و بە تایبەتی تەلەڤزیۆنی زاگرۆس بۆ گرینگی دانیان بەم ئاهەنگە.
- کۆمپانیای ئارت کە بە هاوئاهەنگی لەگەڵ هوتێلی چوارچرا کە ئەرکی ڕێکخستنی ئەو ڕێورەسمەیان گرتە ئەستۆ.
- سوپاسی پەرلەمانتارانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکەم کە هەماهەنگەکەمان لەگەڵ دەکەن بۆ ئەوەی کارێکی باشتر بۆ وەرزشی کوردستان بکەین.
هەرشاد و سەرفرازبن

**چالاکی ڕۆژی جیهای ئافرەتان**

لە ڕێکەوتی ٢٠٠٨/٣/٨ وەزارەتی وەرزش و لاوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و یارییە میللییەکان بەڕێوەبەرایەتی وەرزشی ئافرەتان هەستا بە ڕێکخستنی یارییەکی دۆستانە لەنێوان تیمی یانەی خانزاد بۆ شەترەنج و تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر تێیدا ٩ یاریزان لە تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بەشداریان کرد کە پێکهاتبوو لە ٧ کوڕ و ٢ کچ و٩ یاریزان لە تیمی یانەی خانزاد کە پێکهاتبوو لە ٨ یاریزانی کوڕ و ١ یاریزانی کچ و یارییەکە بەسەرکەوتنی یانەی خانزاد کۆتایی هات بە ٥ەیە خاڵ بەرامبەر ٢.٥ خاڵ.

ئەم یارییە دۆستانە لە یەک گێم پیکاتبوو لەلایەن ناوبژیوانی نێودەوڵەتی عەبدولوەهاب عەبدولرزاق بەڕێوەچوو.

یارییەکە لەناو فەرمانگەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە هەولێر ئەنجام درا و شاندی وەزارەت تێدا بەڕێز تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان و چەند بەرپرسێکی وەزارەت ئامادەی چالاکییەکە بوون، لە کۆتایی یارییەکەدا وەزیری وەرزش و لاوان دیاری تایبەتی وەزارەتی بەسەر یاریزانانی نەتەوەیەکگرتووەکاندا دابەشکرد و بەڕێوەبەری گشتی یونامی دیاری تایبەتی بەسەر هەموو شاندی وەزارەتدا دابەش کرد.

**کۆنفرانسی وەرزشی**

لە ٢٠٠٨/٥/١٥ کۆنفرانسی وەرزشی تایبەت بە نەخشەڕێی وەرزش دەستی پێکرد، دانانی نەخشەڕێی وەرزشی و نەخشەڕێی لاوان یەکێکە لە کارە هەرە گرنگەکانی وەزارەتی وەرزش و لاوان بۆ دیاری کردنی ئەو کێشانەی ئەمڕۆ دووچاری وەرزش و وەرزشکاران بۆتەوە دانانی ڕێگەچارەیەکی لەبار بۆ چارەسەری ئەو کێشانە.

لەو نەخشەڕێیەدا زۆر بە وردی کێشەکان دیاریکراون و ئامانج و وێناوی وەزارەت پێشکەش کراوە بە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێ کردنی، بۆ ئەم مەبەستەش کۆنفرانسێکی جەماوەری وەرزشی بەرفراون و سەرتاسەری کوردستان ڕێکخرا و لە هەموو شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و کەرکووکەوە بەشداریان کرد.

بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەکی باڵا پێکهات لەم بەرێزانە:

بەریز د. سامی عزیز بەڕێوەبەری گشتی وەرزش و یارییە میللییەکان و ئەحمەد ئازاد شارەزای وەرزشی و فرمیسک وریا شارەزای وەرزشی، لە سەرەتای کۆنفرانس بەرێز وەزیری وەرزش و لاوان وتارێک و چەند ڕوونکردنەوەیەکی سەبارەت بەنەخشەڕێی وەرزشی ڕوونکردەوە و پاشان گفت وگۆ و ڕاگۆڕینەوە لەسەر بەندەکانی نەخشەڕێی وەرزشی دەستی پێکرد و ئەندامانی بەشداربووی کۆنفرانس کە پێک هاتببوو لە هەموو سەرۆک یانەکانی کوردستان و ئەندامانی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان و نوێنەرایەتی لیژنەی ئۆلۆمپی عیراق ژمارەیەکی زۆر لە یاریزانانی یانەکانی کوردستان و ئەندامانی بنکە وەرزشییەکان و جەماوەرێکی زۆری وەرزشی، لە کۆتایدا ڕۆژی دووەمی کۆنفرانسەکەدا هەموو بەشداربووان بە کۆی دەنگ بەندەکانی نەخشەڕێی وەرزشیان پەسەند کرد.

**وتاری وەزیر لە کۆنفرانسی نەخشەڕێی وەرزش**

ئامادەبووان بەخێرهاتن

ئەمە کۆنفرانسی دووەمە وەزارەتی وەرزش و لاوان لە ماوەی دوو ساڵە ئەنجامی دەدات.

ئەوەی راستییە لەگەڵ ئەو هەموو دەسکەوتانەی کە لەبواری جیاوازدا بەدەست هێنراوە، بە بەراورد ئەو هەموو پارەیەی لەم بوارەدا خەرج کراوە و ئەو چالاکییە و هەوڵ و تەقەلایەی لە لایەن کاربەدەستان و راهێنەران پێشکەش کراوە، لەوئاستەدا نییە کە دڵی زۆرینەی گەلی پێخۆش بکات.

بۆ نموونە بۆ یارییەکانی ئۆلۆمپی پەکین ٢٠٠٨ لەو (٦) یاریزانانەی بەناوی عێراقی فیدراڵەوە بەشداری دەکەن هیچ کامیان لە هەرێمی کوردستان نیین و هەروەها لە (٣٠٥) یاریزان کە لە یارییەکانی وڵاتە عەرەبییەکان لە ساڵی رابردوو لە وڵاتی (میسر) بەشداریان کرد تەنیا (٣٠) یاریزانی کوردی تیا بوو و (٧)میدالییەیان دەستکەوت، لێرەدا دیسانەوە دەستخۆشی لەو یاریزانە و راهێنەرەکانیان دەکەین، بەڵام دەڵێم ئەم ژمارەیە تینوێتی ئێمە ناشکێنێت و پێوستمان بە زیادکردن و باشترکردن و بەردەوامی ئەم جۆرە دەسکەوتانە هەیە.

لە ئاستی کێبڕکێی تاکی ئاسایی هەرێم تەنیا لە بواری قورسایی و لەشجوانی و کیک بۆکسینگ. هەموو لەو باوەڕەداین توانایی رۆڵە وەرزشوانەکانمان لەمە زیاترە و دەتوانن لە ئاستێکی بەرزتر خۆبنوێنن و شانازی بۆ هەرێم بە دەست بهێنن. ئەم کۆسپە پێوستی بەشرۆڤە کردن و لێکۆڵینەوەی زانستی هەیە تا بتوانین نەخشەرێیەکی زانستی و گونجاو بۆ چارەسەرکردنی ئەم کۆسپە دابڕێژن. گەشەپێدانی وەرزش نیشانەی دروستکردنی دەرفەتە بۆ پەروەردەکردنی مرۆڤی ساخلەمە و تەندروست و بەهێز و هەروەها بەبەشێک لە پلانی گەشەپێدانی میللی هەر نەتەوەیەک دەژمێردرێت.

پێویستە لەپلانی گەشەپێدانی وەرزشی هەموو خاڵەکانی کاریگەر و هۆکارەکان و دەرئەنجامەکان و دەستکەوتەکان بەشێوەیەکی زانستی و وردبینی رەچاو بکرێن.

بەپلانی ئەم راستییە دەزانین کە لە یاری جیاواز توانیمانە دەستکەوتی باش بەدەستبهێنین و پاڵەوانان و قارەمانان لە ئاستی ناوچەو نێودەوڵەتی بناسێنن، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی زانستی بڕوانیینە دوو لایەنی ئەم بوارە واتە (in put) و (out put) ئاکام (دەسکەوت) دەبینین لەبەرامبەر ئەو وەبەرهێنانەی کە بۆ وەرزش کراوە دەسکەوتەکەمان زۆر کز بووە.

ئێمە تاکو ئێستا نەمانتوانیوە کارێک بکەین کە زۆرینەی دانیشتوانی هەرێم وەرزش بکەن، هەروەها ئەگەر بڕوانینە وەرزشی ئافرەتان کە نیوەی دانیشتوانی هەرێمەکەمان پێک دێنن بەدەگمەن وەرزشوانمان دەستدەکەوێت و ئەگەریش بڕۆینە ناو ناخی زانستییەوە زۆربەیان لەگەڵ ئەو وەرزشەی کە دەیکەن ناگونجێن و یا دەبینین یاریزانێک لە چەند یاریدا بەشداری دەکات ئەمەش نیشانەی کەمی ئافرەتە لەبواری وەرزش.

لەلایەکی تریشەوە هەروەک هەموو دەزانین کورد ماوەیەکی زۆر بۆ بەدەستهێنانی مافی رەوای خۆی خەباتی کردووە، دوژمنیش بەبێ رەحمی هێرشی دەهێنا بۆ سەرمان و هەوڵی داوە لەناومان بەرێت (بەکارهێنانی بۆمبی ناپاڵم و کیمیاوی بۆ لەناوبردنە)، لە دەرئەنجامی ئەم هێرشە، کۆمەڵەیەکی زۆر مرۆڤی خاوەن پێداویستی تایبەت بەجێهێشتووە، بەڵام تاوەکو ئێستا بۆ ئەم بەرێزانە کە ژمارەیان نادیارە،

بەڵام ئەزانین کە کەم نین نەمانتوانیوە ئەرکی خۆمان بەشێوازێکی گونجاو و شایستە بەجێبهێنین.
من ناچارم لەم باسە تۆزێک لابدەم ناو باسی ئامانجەکانی هەزارەی سێیەمی نەتەوەیەکگرتووەکان (UN-MDG) کە ئاماژە دەکات بەو خاڵانەی کە لەناو ئەو نامیلکەیەی کە پێشکەشتان کراوە، دیاری کراون.
ئەگەر بمانەوێت کۆمەڵگەی خۆمان بگەیینە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دەبێت ئەم خاڵانە رەچاو بکەین و لە هەر پلانێکدا کە بۆ ئەم کۆمەڵگەیەدا دادەرێژرێت نیشانەکانی خۆی بنوێنێت.
لەبەرئەوەی حکومەتێکی دیموکراسی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئەم هەرێمە هەڵبژێردراوە و لە نیشانەکانی ئەم رژێمە شەفافیەت و بەشداری هەمووانە لە بڕیاردان، بۆیە دوای دارشتنی، ئەم پلانەی پێشکەش بە هەمووان کراوە بۆ پتەوکردنەوە و بەهێز و باشترکردنی بیرورای خۆیان دەبڕن و بگەیێننە ئەو ئاستەی کە ئەم نەخشەڕێیە جێگیر بێت و هەر گۆڕانکارییەک روو بدات، کارتێکەری لەسەر ئەم پلانە نەبێت.



خولی ئەندی باندی

**خولی ئەندی باندی لە شەقلاوە**

لە مانگی ٢٠٠٨/٦ دەستکرا بە یاری ئەندی باندی، ئەندی باندی یەکێکە لەو یاریانەی لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا دەکریت هەرچەندە یاریەکی ئۆلۆمپی نییە، بەڵام چاوەروان دەکرێت ببێتە ئۆلۆمپی، بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم یارییە لە کوردستان وەزارەتی وەرزش و لاوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و یارییە میللییەکان هەستا بەرێکخستنی خولێکی فێرکردن بۆ ئەم یارییە بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندی کرا بە بەرێزان دارا نەجمەدین و ئالان هەوات کە زانیارییەکی تەواویان لەسەر ئەم یارییە وەرزشییە هەیە و

لە وڵاتی سویدەوە بەشێوەیەکی خۆبەخش هاتنە کوردستان، لیژنەی سەرپەرشتیار کە پێکهاتبوو لەم بەرێزانە: د.سامی عزیز بەڕێوەبەری گشتی وەرزش و یارییە میللییەکان، سەردار حیدر بەڕێوەبەری یانەکان و ئەزمر خەلیل بەڕێوەبەری تیپە میللیەکان هەستان بە کۆکردنەوەی ئەو کەسانەی ئارەزوومەندی ئەم یاریەن و نزیکەی ٣٠ ئارەزوومەند بەشداری تیدا کرد و زۆر بە باشی شارەزای یاریەکە بوون و چاوەڕوان دەکرێت لە ئایندەدا ئەم یارییە جیهانییە لە کوردستان بڵاوبکریتەوە و خولەکە سێ رۆژی خایاند.




**گەیشتنی شاندی هەڵبژاردەی کوردستان بۆ وڵاتی سوێد**

**پاڵەوانییەتی ڤیڤا**

لە مانگی ٢٠٠٨/٧ وەزارەتی وەرزش و لاوان بۆ یەکەمین جار لە مێژووی کورددا هەڵبژاردەی تۆپی پێی کوردستانی بەشداری کرد لە خولێکی هەرێمایەتی نێودەوڵەتی، هەڵبژاردەی کوردستان پێکهێنرا بەمەبەستی بەشداری کردن لە پاڵەوانییەتی ڤیڤا، پاڵەوانییەتی ڤیڤای ئەمساڵ لە وڵاتی سوێد بوو لە شاری یەلیڤارێ کە دەکەوێتە باکوری وڵاتی سوێد، ئەم پاڵەوانییەتییە بۆ کوڕان و کچان ساز کرا، کوردستان بە هەردوو رەگەزی کوڕ و کچ بەشداری کردبوو، گرنگی ئەم خولە لەوە دابوو کوردستان بووە ئەندام لە ڤیڤا و لەمەودوا بەشداری پاڵەوانییەتییەکانی تری ڤیڤا بکات و سەرەڕای ناساندی وەرزشی کوردستان بە جیهان.

**کۆنفرانسی پەیوەندی ویڵز و کوردستان**

بەپێی ڕێکەوتنێکی پێشوەختی نێوان وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەرزشی هەرێمی ویڵز، بڕیاردرابوو ڕۆژانی ٨-٢٠٠٨/١٢/٩ کۆنفراسی پەیوەندی وەرزشی نێوان هەردوو هەرێم لە کاردیفی پایتەخت ویڵز ئەنجام بدرێت.

پرۆگرامەکانی یەکەم ڕۆژ لە (بارەگای پەیمانگای وەزشی ویڵز) لە کاردیفی پایتەخت، دەستی پێکرد، سەرەتا (تەها بەرواری) وەزیری وەزرش و لاوانی کوردستان لە وتەیەکدا گوتی: ئەم کۆنفرانسە بەئاستێکی بەرزی زانستی وەرزشی ئەنجام دەدرێت، بۆ پێشخستنی وەرزشی ژنان و خاوەن پێداویستی تایبەت، هەروەها دەمانەوێت سوود لە پێشکەوتنی وەرزشی وەربگرین لەم هەرێمەدا، پاشان ئاماژەی بەچەندین ئەنجامی گەورەی یانەکانی کوردستاندا، لەوانە یانەی هەولێر کە دوو ساڵە دەبێتە پاڵەوانی عێراق. فیلیپ کارلین وەک سەرۆکی ئەنجومەنی وەرزشی ویڵز لە وتەیەکدا باسی پێشکەوتنی وەرزشی لەم هەرێمە کرد و دڵخۆشی خۆی بۆ ئەم جۆرە کۆنفرانسانە دەربڕی تا ببێتە هۆی پێشخستنی وەرزش لە هەرێمەکاندا.

پاشان چەند لێکۆڵینەوەیەک لەلایەن زانکۆی لۆبرۆ و یەکێتی تۆپی سەبەتەی کۆسۆڤۆ و شاندی وەرزشی ئایرلەندای باکورەوە پێشکەش کران، دواتر وۆرک شۆپێک لەسەر بەکارهێنانی وەرزش بۆ ئاشتی پێشکەوتن پێشکەش کرا.

لە بەرنامەکانی دوای نیوەڕۆدا چەندین لێکۆڵینەوە لەسەر چۆنێتی پێشخستنی وەرزش لەلای ژنان و ئافرەتان و خاوەن پێداویستی تایبەت و لاوان پێشکەش کران، وۆرک شۆپی دووەمدا لەلایەن دوو لێکۆڵێرەوەوە پێشکەش کران کە لە زانکۆی (باز)ەوە هاتبوون. نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمیش لە بەریتانیا بەشاندێک بەشداربوون لەم کۆنفرانسەدا، وتاری تایبەتیان خوێندەوە.

جێی ئاماژەیە یەکەم ڕۆژی کۆنفرانسەکە بە ئامادەبوونی دوو پاڵەوان ئەنجامدرا، یەکەمیان پاڵەوانی خاوەن پێداویستی تایبەت شاهۆ قادر بوو کە خاوەنی چەندین میدالیای ڕاکردنی ماوە درێژە، دواترینیان لە پاڵەوانێتی نیۆرک دابوو لە ئەمریکا. دووەمیش کۆڵین جاکسۆنی پاڵەوانی ویڵز جیهانبوو لەڕاکردنی ١١٠ مەتری بەربەستدا، جاکسۆن خاوەنی ٢٥ مەدالیای نێودەوڵەتییە لە ساڵەکانی ١٩٨٧ تا ٢٠٠٢. لە ڕۆژی چوارشەمە ٢٠٠٨/١٢/١٠ کۆتایی بەکۆنفرانسەکە هات.سەرلەبەیانی هەمان ڕۆژ میهیر بۆس سەرنووسەری گشتی کەناڵی (بی بی سی) و هاوجۆنس لە ئەنجومەنی وەرزشی ویڵز و هاکان کورک جێگری سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی سامیلاند، وتاری جیایان پێشکەش کرد. هاوجۆنس وتی "کە ئێمە زیاتر هەل بۆ منداڵ و گەنج دەرەخسێنین و گرنگی دەدەین بە یاری ئۆلۆمپی"، هەروەها ئاماژەی بەبنەماکانی بەڕێوەبردنی وەرزشی کرد لە ویلز. هاکان کۆرک باسی لە هەرێمی سامیلاند کرد کە پاڵەوانێتی ڤیڤا بۆ نەتەوە بێ وڵاتەکان ئەنجام دەدەن، سەبارەت بە پاڵەوانێتی داهاتوو هاکان وتی "ڕۆژی هەینی ١٢/١٢ کۆبوونەوەیەک لە میلانۆ ئەنجام دەدەین تا بڕیار دەدەین لە کام هەرێم پاڵەوانێتی داهاتوو بکرێت، کوردستانیش یەکێکە لەم سێ هەرێمە پاڵێوراوەکە !"

میوانداارانی کۆنفرانسەکە سەرسام بوون کاتێک تەنیا (٥) خولەکیان لەو فیلمە دۆکۆمێنتارییە بینی کە باس لە ژیانی بەرکەوتوویەکی کیمیابارانی هەڵەبجە دەکات، ئەم فیلمە بەناوی (گەڕان بەدوای قاچەکانمدا) یە

کە باس لەوە دەکات شاهۆ قادر هەرچەندە قاچەکانی لە ٣/١٦ لەدەستداوە، بەڵام دەتوانێت ببێتە پاڵەوان و جیهان سەرسام بکات، ئالان ئەمین کاری سەرپەرشتی و دەرهێنانیبۆ ئەم فیلمە دەکات و بڕیارە دوا دیمەنەکانی لە کوردستان و هەڵەبجە و هێرۆشیما وێنە بگیرێت.

لەدوایین لێکۆڵینەوەدا نوێنەری هەرێمی کەتەلۆنیا و پرۆفیسۆر لاورا ماکلیستەر لەزانکۆی لیڤەرپوڵ و مات نیومان لە گۆڕەپان و مەیدانی وێلز، چەندین وتار و لێکۆڵینەوەیان پێشکەشکرد. ئیگناسی دۆناتی لە هەرێمی کەتەلۆنیا باسی پێشکەوتنی هەرێمەکەیانی کرد و ئاماژەی بەو چەند میدالیایەدا کە لە دوایین ئۆلۆمپیاتدا بەدەستیان هێناوە، تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وتاری کۆتاییدا سوپاسی ئامادەبووانی کردو دەستخۆشی لە ئەنجومەنی وەرزشی وێلز کردو هیوای خواست لەم جۆرە کۆنفرانسانە بەردەوام بێت.



**وەزیری وەرزش و لاوان لە کۆنفرانسی وەرزشی لە وێلز**

**وتاری بەڕێز تەها بەرواری، لە کۆنفرانسی وەرزش لە وێلز**

زۆر سوپاس بۆ ئەم ناساندنەی فیلیپ، منیش پێم خۆشە بەخێرهاتنی هەر هەمووتان بکەم بۆ بەشداریتان لەم دیارەی ئەمڕۆی ئینستیتیوی وەرزشیی وێلزدا.

شادمانیشم بەوەی کۆڕی ئەمڕۆمان کۆڕێکی ڕاستینەی جیهانییە- بەشدار و گوتاربێژی دەڤەری بریتانیا و ئەورووپا و هەروەها ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی ماڤینی کۆکردۆتەوە.

هیوادارم بەرهەمی کاری ئەم دوو ڕۆژە ببێتە هاندەر بۆ هەمووان- دەروازەی نوێ بەڕووی سازمان و تاکدا بکاتەوە، دەرفەت بڕەخسێنێ بۆ هاندانی هاوکاریی وەرزشیی جیهانی، بەشداریی لە وەرزشی ناوچەییدا فرەوانتر بکات و مەزنایەتیی وەرزش لەسەر ئاستی جیهانی بەرزتر بکاتەوە، بەر لەوەی بکەوێتە ڕێ، دەمەوێ چەند خولەکێک کاتیان بگرم بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستی ئەم کاروانە سەرنجراکێشە:

- سەرەتا کورتەباسێک دەربارەی ئێمەی کوردستانی و ئەم گەشتە میللیە و سەختەی ئێمەی گەیاندە ئێرە.
- دەربارەی ئەو کۆسپ و ڕێگرانەی دێنە ڕێمان و چۆن لێیان دەرباز دەبین، و ئەوجا وێنای ئێمە بۆ هەوڵدانی وەرزشی هەم جیهانی و هەم میللی خۆمان و ئەو ئامانجانەی دێنە دەست .

**هەتا ئێرە ئەم گەشتەمان**

ئێمە میللەتێکی شانازین. لەبەر ئەوە لاتان سەیر نەبێت وەرزشی خۆمان زۆر بەجیدی دەگرین، دڵگەرم و شەیدا دەڕوانینە ڕەوتی وەرزش.

هەڵبژاردەی هەولێر- کە تیمی پایتەختی خۆمانە جامی پاڵەوانی سەرجەم عێراقی سەند، ئێمەش ئاهەنگێکی شکۆدارمان بۆ گێڕا بەگەرمی پشتیوانیمان لەتیمی عێراقی کرد هەتا گەیشتە ئاسیا و بڕیارە تیمی کوردستانیش لە جامی جیهانی ڤیڤا بگاتە هەمان ئەنجام .

بە هەڵە ناچم گەر بڵێم هەر نەبێ بەشێکی ئەو شەیدابوونەی ئێمە بۆ وەرزشی خۆمان دەگەڕێتەوە بۆ شادمانیمان بەم ئازادییەی ئەمڕۆمان و بۆ ویستی بونیاتنانەوە و گەشەکردنی میللیمان. دەیان ساڵ بوو ستەمێکی گرانی دیکتاتۆری و مامەڵەجودایی، گەمارۆدان و ناکۆکی ژینی لێ تاڵ کردبووین.

کوردستان هەرێمێکی ئاوتۆنۆمی عێراقی فیدراڵە و خودان حکومەتی خۆیە ئێستا، پاش تێپەڕبوونی دەیان ساڵی دژوار و شەرانگێز، هاتوینەتەسەر ڕێگەی بەستنەوەی وڵات و میللەتی خۆمان بەجیهانی بەرینەوە - ئەمیش لە ڕێی پەیوەندی نێو نەتەوەییەوە، سەرمایە گوزارییەوە، بازاڕەوە، پردی فەرهەنگیەوە و بەتایبەتیش بۆ ئێمەی لەم خانەیەداین، لە ڕێی وەرزشەوە.

**کۆسپ و ڕێگر**

ساڵانێکە وەرزش و ژێرخانی وەرزشی کە بناغەیەتی - دووچاری کزیی سەرمایەگوزاری، کەمیی دەرفەت و لاوازیی هەوڵ دان بووە پاش دەرباز بوون لە ساڵانی سەختانگ و گەیشتن بەم ڕۆژگارە پرسیار ئەوەیە کۆسپ و ڕێگری چی ماوە لێی دەربازبین؟ لێرەدا پێشنیازی خۆم دەربارەی بەشداری و هەڵبژاردە ڕوون دەکەمەوە.

**بەشداری**

ئێمە بەگەرمی پەرۆشی توانای وەرزشین بۆ بایەخدان بە ژین و هێزی لاوان لە نێو ڕەگ و ریشەی جڤاتدا بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ وەرزش باوەش بۆ گشت بەرەیەکی گۆمەڵگە بکات لەبەر ئەوەشە سیاسەتی ئێمە داوا دەکات سەر لەبەری میللەت، بێ گوێدانە سنووری نەتەوە و زایەند، تەمەن و پێداویستی.

کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەرئەنجامی جەنگی کیمیایی سەدام حسێن ژمارەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە کوردستاندا زیادبوو. هەمیشە بەمین، بەبۆمباران و بە ئەشکەنجە بەشێکی لەشیان لەدەست داوە. لەبەر ئەوە زۆر گرنگە سوود لە ئەزموونی جیهانی وەربگرین بۆ رەخساندنی دەرفەتی بۆ وەرزشی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت. لامان گرنگە هەم پیشانی بدەین وەرزش بۆ هەمووانە هەم پێداویستی تایبەت تەرخان بکەین بۆ ئەوەی کردەوەمان لەگەڵ ئەم گوتارە جووت بێت. دەشێ وەرزش ببێتە یاریدەرێک بۆ هەموو ئەوانەی زەرەرمەندی جەنگ بوون، بۆ ئەوەی بڕاو بەخۆبوونیان گەشە بکات، هێزو توانایان سەرکەوێت.

**خانمان**

لەم ساڵانەی دواییدا تا ئەوپەڕی توانا چالاک بووین لە هاندانی یەکسانی خانماندا. لە ڕێی کەمپێنی ساڵانەوە خەباتمان کردوە بۆ یەکسانی دەرفەت بۆ بەشداری خانمان لە گوزەرانی میللیدا بۆ سڕینەوەی وێنەی وشکی زایەندگیری نێو کۆمەڵگە. کەواتە دەبێ هەوڵ بدەین سوود لە ئەزموونی جیهانی

وەربگرین بۆ هاندانی فەرهەنگی بەشداربوونی خانمان لە وەرزشدا، سڕینەوەی لێڵی جڤاکی و سەرخستنی رۆڵی خانمان .

**هەڵبژاردە**

ئەوجا رووده‌کەمە دووەم ئاستی دیاریم کردوون، گەرچی گرنگە هەرهەموو بەشدار بێت، بەڵام هەوڵیش دەدەین سنووری بەشداری ببڕن و بگەنە هەڵبژاردە، هەڵبژاردەیش داوای سەرمایەگوزاری و ئەزموونی گەورە دەکات.

**سەرمایەگوزاری**

ساڵانێکە بواری وەرزشکاران، راهێنەران، پێداویستی، فێرکاری و هەروەها ژێرخانی وەرزشیمان دووچاری کزیی سەرمایەگوزاری بووە. ئێمە هاتووین لێرە فێربین چۆن دەرامەتی خۆمان بەباشترین شێوە بۆ پێشخستنی ئەم بوارانە بخەینە گەڕ. دەبێ ئێمە بەو دەستورەی ٢٠٠٥ لەسەر رێککەوتووین رێگەچارە بدۆزینەوە بۆ گەشەی ژێرخانێکی وەرزشی جیهانی لەچوارچێوەی سیستەمی حوکمڕانیدا. ئەم بەشداربوونەی وەرزشییە کە زۆرمان لا گرنگە لەگەڵ دۆستانی لێژنەی وەرزشی وێڵزدا باسی بکەین بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەکی گەش بۆ هەرێمی کوردستان. بەخێرهاتنی لیژنەی وەرزشی کاتالان دەکەین کە میراتێکی وەرزشی بەرزی لەکاتالۆنیا ئافراندووە.

**ئەزموون**

لە وەرزشدا گەیشتین بە ئاستی هەڵبژاردە داوای دەرک و ئەزموون دەکات- لەم بوارەشدا پێویستمان بەهەموو هاوکارییەکە. بۆ روونکردنەوەی مەبەست دەڵێم ئێمە لە هەرێمی خۆمان بڕیارمان داوە هانی بواری فێرکاری وەرزشی بدەین لەسەر ئاستی خوێندنی باڵا وەرزش بەشێکە لە بەرنامەی خوێندن و کۆلێژی وەرزشیمان هەیە، بەڵام پێویستیمان بەوەیە ئاستی ئەو خوێندنە بەرزبکەینەوە بۆ ئاستێکی جیهانی. هیواداریین ئەم دیدارە سوودی هەبێت بۆ گەیشتن بەو ئامانجە.

**وێنا**

دەیسا وێنای ئایندەمان چییە؟ وەرزش چی بۆ وڵات و میللەتی وەک ئێمە پێیە؟

نەوەی ئایندە لەم رۆژگارەدا سەدا ٦٠٪ عێراق - بەهەرێمی کوردستانەوە- نێوان ١٤ هەتا ٣٠ ساڵن. ئەم لاوانە بەشێکی زۆری ژیانیان لە سێبەری دیکتاتۆریدا بردە سەر. ئیستا کاتە بۆ چاوکردنەوە و فرەواندنی هزر هاوکارییان لە رێی کێبرکێ وەرزشەوە بۆ دەرباز بوون لە گۆشەگیری، هاوکارییان بۆ تۆڕبەندی و بۆ گەشەکردنی توانای رێبەرایەتی بۆ پەرینەوەیان بەرەو ژیانی رسکان لاوان رۆڵی گرنگیان لە خۆشگوزەرانی ئایندە هەیە و وەرزش یارمەتییان دەدات بەرز ببنەوە بۆ ئاستی کۆسپەکانی ساڵانی دابێ.

**کێبرکێی جیهانی**

دەمانەوێت دەرفەت هەبێت بۆ وەرزشکارانمان- بەتایبەتی بۆ جەوانی ئەستێرەی بەهرەدار بگەنە ئاستی ئەلیت و لەسەکۆی جیهانیدا گەمان بکەن. لەبەر ئەوە گرنگە توانای خۆمان لەبواری راهێنان و گەشەی وەرزشکاراندا بەرز بکەینەوە بۆ گەیشتن بە پێگەی بەرز لە تیمی میللی عێراقدا لە کێبرکێی جیهاندا.

لەگەڵ ئەوەشدا هیواداریین لە ئایندە تیمی کوردستانیش لە سەکۆی جیهاندا بەشدار بێت هەروەک وێڵز چۆن تیمی تایبەتی فوتبۆڵ و رێکبیی خۆی هەیە زۆریشمان لا مەبەستە ئەزموون و هیوا لەگەڵ لایەنی

دیکەی هاوپێگەی سوەک کۆسۆڤۆ و کاتالۆنیا بگۆڕینەوە.

**جڤاتێکی بە هێزتر**

دیسان گرنگە سودی وەرزش ببین لە پاراستنی ساخڵەمیی تاکەکەس و وەدی هێنانی سەرکەوتنی جیهانی. وەرزش دەگاتە ناخی هەموو جڤاتێک دەبێتە یاریدەدەری بزاوتنی کۆمەڵگە و گەشەکردنی رەگوریشەی جڤاکی. لەبەرئەوەشە وەرزش هۆکارێکی گرنگە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی هەزارەی سێیەم و بۆ دابین کردنی ئارامی هەرێمی کوردستان و ئەم دەورانە نوێیە ئاشتی و هاوئاهەنگی. لەبەر ئەوە ئەم کۆنفرانسە بۆ ئێمە زۆر گرنگە - بۆ هاندانی بەشداری وەرزشی میللی، بۆ بەشداری ئەو گروپانەی هەتا ئێستا وەلانراون، بۆ پتر زانین دەربارەی ساختارو پشتیوانی وەرزش و هەروەها بۆ هاوکاریمان لە دامەزراندنی میراتێکی وەرزشی هەڵبژاردە لە هەرێمی کوردستان .

**چەند ئامانجێک**

بەر لە کۆتای گوتار دەمەوێت ئاماژە بەچەند ئامانجێکی سانا و دیاریکراوی ئەم کۆنفرانسە بکەم. هیوادارم پەیوەندی ئەم چەند رۆژە ئێرە بگاتە ئەوەی تیمی یاریزانی وێلزی لە کوردستان یاری بکەن و هەروەها راهێنەر و یاریزانی لاوی کوردستانیش بۆ فێربوون و گەشە کردنی سەرەدانی وێلز بکەن.

لەوەش بترازێت هیوام وایە دۆستایەتیمان بگاتە ئاستی کێبرکێی هەڵبژاردەلەم ماوەیەدا وەرزشوانی ساڵمان بە پێوەری بەریتانی هەڵبژاردووە و ئومێدمان وایە وەرزشوانی وێلزیش بەشداری کێبرکێی ئێمە بن. دوا داوام ئەوەیە کۆنفرانسی داهاتوومان لە کوردستان بێت. دەرفەتمان هەبێت وەڵامی ئەم میواننەوازییەی لێژنەی وەرزشی وێلز و میللەتی وێلز بدەینەوە هەروەها پێشانتان بدەین دەرک و پشتیوانی ئێوە بۆ ئێمە چ پێشکەوتن و گەشەکردنی بەرهەم هێناوە.

**دوا تێبینی**

لە کۆتادا سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە هاوکار بوون لەسازکردنی ئەم کۆنفرانسەدا- لیژنەی وەرزشی وێلز بۆ ئەو میواندارییەی بێسنوورە، هەموو گوتاربێژانی زانست و ئەزموونیان لە نرخاندن نایەن بەشداربووانی رێگەی دووریان بریوە بۆ هاودەنگیمان و ستافی کۆمیسیۆنی باڵای بەریتانیا لە لەندەن کە ماندوونەناسانە ئەم هەموو خەڵکەیان کۆکردەوە بەرلەوەی جێتان بهێڵم داستانی مرۆڤێکتان بۆ دەگێرمەوە ماکی گوتەکانی ئەمرۆم کۆدەکاتەوە. ئەم مرۆڤە لاوێکە و ئەمرۆ لێرە لەنێوماندایە پاشان ئەم بەیانیی ئاخافتنی خۆی هەیە.

شاهۆ قادر لاوێکی کوردە، لەتەمەنی ٢١ ساڵیدا لە بۆمبارانی گوندەکەیاندا هەردوو لاقی نەمان. لەو کاتەوە شاهۆ لە وەرزشی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت رێگەی پاڵەوانییەتی گرتۆتە بەر. ماوەیەک لەمەوبەر بە ئاڵای کوردستانەوە ماراتۆنی نیویۆرک-ی بری. وزە و دڵگەرمی شاهۆ پیشانی دەدات گیانی مرۆرڤ چەندی لەبارە. گەرچی حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتیوانی شاهۆی کرد بەڵام هەتا نەهاتە بەریتانیا نەیتوانی بگاتە ئەو راهێنان و ئەو پێداویستییەی پێبگاتە یاریزانی ناوداری جیهانی. هەر ئەم تایبەتمەندیە، دۆستانی هێژا، ئێمە دەمانەوێت بیگەینێ. ویست و مەبەست ئەوەیە یاریزانی کوردستان-لەش ساغ بێت یان خاوەن پێداویستی تایبەت، ژن بێت یان پیاو، پێویستی نەبێت بەسەفەری دەرەوەی وڵات بۆ ئەوەی پشتیوانی و هاوکاری بدۆزیتەوە بۆ گەیشتن بەسەرکەوتن.

**خولی تەندروستی لە شەقڵاوە**


لایەنەک لە خولی تەندروستی

لە ڕێکەوتی ٢٣/١٠/ ٢٠٠٨ لە شەقڵاوە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و یارییە میللییەکان هەستا بە ڕێکخستنی خولێکی تەندروستی بەئامانجی پتەوکردن و دەوڵەمەندکردنی زانیاری چارەسەرکەرانی یانە پلە یەکەکان و لەم خولەدا نزیکەی ٣٠ چارەسەرکەر بەشداریان تێدا کرد و چەند مامۆستایەکی وەرزشی لە قوتابخانەکان، زۆر بە تیروتەسەلی باس لە جۆرەکان کەوتن و پێکدادان و شکان لە گۆرەپانەکاندا کرا. بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەک لە ب.گ. وەرزش و یارییە میللییەکان پیک هات لەم بەرێزانە: د.سامی عزیز بەڕێوەبەری گشتی وەرزش و یارییە میللییەکان، و فرمێسک وریا شارەزای وەرزشی و سەردار حیدر بەڕێوەبەری یانەکان و ئەزمر خەلیل بەڕێوەبەری تیپە میللیەکان شایانی باسە وانەکانی ئەم خولە لەلایەن بەریزان د. شوان خۆشناو بەرێز د.ژیان خۆشناو دەوترانەوە کە لە وڵاتی سویدەوە بەشێوەیەکی خۆبەخشانە هاتبوونە کوردستان. خولەکە دوو رۆژی خایاند و پاشان بڕوانامەی تایبەت بەسەر بەشداربوواندا دابەش کرا.

**گەشتی گەڕان بە دوای قاچەکانما**

لە ڕێکەوتی ٢٣/٢/٢٠٠٩وەرزشوانی خاوەن پێداویستی تایبەت (شاهوقادر) لە وڵاتی بەریتانیاوە گەیشتەوە هەرێمی کوردستان، بەمەبەستی ئەنجامدانی گەشتێک لە خاڵی سنووری ئیبراهیم خەلیل تاکو هەڵەبجەی شەهید. هەر لە رۆژی گەیشتنیان دوای پشوویەکی کورت لەلایەن بەریز تەها بەرواری پێشوازی لێ کرا و سەبارەت بەچونیەتی ئەنجامدانی گەشتەکە گفتوگویەکی تێرو تەسەل کرا .

لە ٢٥/٢/٢٠٠٩ لە دیوانی وەزارەت کونگرەیەکی رۆژنامەوانی سازکرا بۆ ناساندنی کاک شاهۆ بە میدیای وەرزشی کوردستان و روونکردنەوەی مەبەست لە گەشتەکە . لە ٢٦/٢/٢٠٠٩ کاتژمێر ٨ی بەیانی لەخالی سنووری ئیبراهیم خەلیل، گەشتەکە دەستی پێکرد و لە رێگەی دهۆک بۆ هەوارگەکانی سەرسەنگ و سۆلاف و ئامێدی و بارزان "سەردانی مەزاری نەمران" و " مەزاری ئەنفالکراوەکان" پاشان بۆ شەقڵاوە و پیرمام و هەولێر و



شاهوقادر- وەرزشوان

کۆیە و دوکان و سلێمانی بەرێوەچوون و کاتژمێر ١١ بەیانی ٢٠٠٩/٣/٩ گەیشتنە شاری هەڵەبجە. و دوای بەشداریکردنیان لە ساڵیادی کارەساتی کیمیا بارانی هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨ و وەبیرهێنانەوەی ئەو رووداوەی کە لەو کاتەدا بەسەری هاتبوو وێنەیان بۆ فیلمەکە گرت، لە شارەکانی سەر رێدا لەلایەن بەرپرسانی حکومی و وەرزشی و میدیای وەرزشی و وەرزشوانان بە تایبەت کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت پێشوازی دەکران.

لە ٢٠٠٩/٣/٢٩ شاندەکەیان گەڕانەوە بەریتانیا بۆ خۆ ئامادەکردن و درێژەدان بە گەشتەکەیان بۆ وڵاتی یابان.

**چالاکی رۆژی جیهانی ئافرەتان**

لە رێکەوتی ٢٠٠٩/٣/٨ وەزارەتی وەرزش و لاوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و یارییە میللییەکان بەرێوەبەرایەتی وەرزشی ئافرەتان بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چالاکی وەرزشی هەستا بەرێکخستنی پاڵەوانیەتییەکی شەترەنج بۆ قوتابخانەی هەولێری نموونەیی کە تێدا ١١٠ قوتابی بەشداربوون و بە ٥ کم پاڵەوانیەتییەکە کۆتایی هات و ئەم یارانە لەلایەن ناوبژیوانی نێودەوڵەتی ئازاد بیلال بەڕێوە دەچوو بە یارمەتی ٥ ناوبژیوانی پلە یەک و بە سەرپەرشتی فرمیسک وریا شارەزای وەرزشی.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و یارییە میللییەکان هەستا بە دابینکردنی پێداویستی ئاهەنگگێران بەبۆنەی رۆژی جیهانی ئافرەتانەوە وەزارەتی پەروەردە هەستا بەدابینکردنی دیاری بۆ ١٠ کەسی یەکەم، چەند بەرپرسێکی وەرزارەت بەشداربوون لەم چالاکییە.




وەزیری وەرزش و لاوان لە خولی نێودەولەتی تێنسی سەرمێز

**خولی نێودەولەتی تێنسی سەرمێز**

لە ٢٠٠٩/٣/٢٩ لەهۆڵی کتێبخانەی زەیتون لەناو پارکی شەهید سامی عبدالرحمن، خولێکی نێودەوڵەتی تێنسی سەرمێز بۆ کەسانی خاوەن پێداویستییەکانی تایبەت بە هاوکاری لێژنەی پارالۆمپی کوردستان، لەلایەن خاتو (سیما لیموچی) وانە بێژی نێودەوڵەتی ساز کرا. بەشداربووان پێکهاتبوون لە ١٧کەس، (١٢پیاو و ٥ ئافرەت) لە شارەکانی (هەولێر، دهۆک، سلێمانی، هەڵەبجە، سۆران).

بەئامادەبونی وەزیری وەرزش و لاوان و ئەندامانی لێژنەی پارالۆمپی کوردستان و لێژنەی ئۆلۆمپی کوردستان، خولەکە بەفەرمی کرایەوە، لە رۆژی ٢٠٠٩/٤/٢ کوتایی بەخولەکە هات.

ئەم خولە لە سێ قۆناخ پێک هاتبوو، قۆناخی یەکەم و دووەم (٤٠ کاتژمێر) بەشێوەی تیۆری و پراکتیک ئەنجام درا و قۆناخی سێیەم (٣٠ کاتژمێر) راهێنانی پراکتیکی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتە لەژێر چاوەدێری سەرپەرشتیاری خولەکە. سەرکەوتووان بریوانامەی راهێنەری نێودەوڵەتییان پێ بخشرا و ناوی لە لیستی راهێنەرانی نێودەوڵەتی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی تێنسی سەرمێزی پارالۆمپی تۆمار کرا.



کۆنفرانسی چۆنیەتیی بەشداریی هەرێم لە چالاکییە وەرزشییە نێودەوڵەتییەکان

**کۆنفرانسی "چۆنیەتیی بەشداریی هەرێم لە چالاکییە وەرزشییە نێودەوڵەتییەکان"**

رۆژی دووشەممە ٢٧ی نیسانی ٢٠٠٩، بە ئامادەبوونی رێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە هۆڵی شەهید سەعد عەبدوڵڵا لە هەولێر، کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی "چۆنیەتیی بەشداریی هەرێم لە چالاکییە وەرزشییە نێودەوڵەتییەکان" دەستی پێکرد، کە وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان رێکی خستووە. جێگەی باسە هەر لە کۆنفرانسەکەدا چەند پەیامێکی پشتوانی هاتبوو کە تیادا پەیامی رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان خوێندرایەوە

هەروەها لەنێو پەیامەکاندا، پەیامی Wilfried Lemkeی راوێژکاری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بواری وەرزش و گەشە و ئاشتی هەروەها پەیامی وەزیرانی وەرزش لە بەریتانیا و لە وێڵز.

ژمارەیەکی زۆری میوانانی وەرزشیی بیانی و شارەزایان و پسپۆڕانی وەرزشیی کوردستان بەشداربوون لەنێویاندا سەرۆکی جێبەجێکاری ئەنجومەنی وەرزشیی وێڵز بەڕێز (هیۆ جۆنز) هەروەها بەڕێز فایزە فائیزە هاشمی رەفسەنجانی سەرۆکی فیدراسیۆنی وەرزشیی ئافرەتانی ئیسلامیی جیهان، ئەم کۆنفرانسە درێژەپێدەری ئەو کۆنفرانسەیە کە رۆژانی ٨ و ٩ی مانگی دیسەمبەری ٢٠٠٨ لە شاری کاردیفی پایتەختی وێلز بەڕێوەچوو.




**سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسی چۆنیەتیی بەشداریی هەرێم لە چالاکییە وەرزشییە نێودەوڵەتییەکان**

**وتاری رێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان لە کۆنفرانسی "چۆنیەتیی بەشداریی هەرێم لە چالاکییە وەرزشییە نێودەوڵەتییەکان"**

بەخێرهاتنی هەموو میوانەکان دەکەم، بە تایبەتی ئەوانەی لە دەرەوەی کوردستانەوە هاتوون بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسەکە، ئەوە یەکەم کۆنفرانسی وەرزشیی نێودەوڵەتییە لە کوردستان بکرێت، دوای ئەوەی لە ساڵی رابردوو لە وێڵز کۆنفرانسێکی هاوشێوە بەسترا. وەرزش پردێکە بۆ یەکترناسین و دەرفەت بۆ هەمووان دەڕەخسێنێت و تەندروستییەکی باش بۆ مرۆڤ دروست دەکات، ئەمەش پێویستە". ئەوانەی هاتوون کەسانی خاوەن ئەزموونن و هیواداریین سوودیان لێ وەربگرین، خۆشیان باری وەرزش لە کوردستان ببینن و بزانن چۆنە، پێم خۆشە و زۆر زۆر حەزم لە وەرزشە، ئیدعای ئەوە ناکەم بڵێم وەرزشوان بوویمە، بەڵام ژیانی پێشمەرگایەتی هەمووی هەر وەرزش بووە.

فوتبۆڵم کردووە و لە کاتی قوتابخانەدا یارییم کردووە، بەڵام ئەوانەی ئێستا لە تەمەنی منن فوتبۆڵ ناکەن، لەگەڵ گەنجەکانیشدا من دەرناچم، من لە زاخۆ تا پێنجوین بە پێ گەڕاوم و هەموو شاخەکانیشم بینیوە، ئێستاش رۆژانەی بە لای کەمەوە کاتژمێرێک وەرزش دەکەم.

داواکارم حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی زیاتر بە بواری وەرزش بدات و هەموو پێداویستییەکان بۆ کوڕان و کچانی کوردستان فەراهەم بکات".

لە کۆتایی وتەکەیدا ڕێزدار سەرۆک بارزانی گوتیشی:" بە دەرفەتی دەزانم لەو کۆنفرانسەدا ئاماژە بەوە بکەم کە لەم رۆژانەدا، رۆژی هەڵبژاردن لە کوردستان دیاریی دەکەم، بەڵام دەچم لە نێو پەرلەماندا ئەو رۆژە رادەگەیەنم، چونکە لێرەدا نامەوێت باسی سیاسەت بکەم.

**پەیامی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسی "چۆنیەتی بەشداریی هەرێم لە چالاکییە وەرزشییە نێودەوڵەتییەکان"**



**ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەمەوێ بەخێرهاتنتان بکەم بۆ شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراق. من خۆشحاڵم بەوەی وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەم کۆنفرانسە هەڵدەستێ. دوای کۆنفرانسی ٢٠٠٨ لە ئەنجوومەنی وەرزشی وێلز لە کاردیف. وەزارەتی وەرزش و لاوان نەخشەیەکی بۆ وەرزش داناوە و لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش پەسندکراوە. من دڵنیام کە ئەم کۆنفرانسە تەواوکەری سەرکەوتنی کۆنفرانسی یەکەم دەبێت. من بەخێرهاتنێکی گەرمی میوانە نێودەوڵەتییەکانمان دەکەم بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق. ئێمە هەردەم چالاک بووینە لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەدروستکردنی هاوڕێیەتی و هاریکاری لە چەندین بواردا. ئەم کۆنفرانسە تەنیا تێگەیشتنی ئێمە بۆ بەشداریکردنی هەرێمی لە وەرزشی نێودەوڵەتیدا قوڵتر ناکات، بەڵکو وامان لێدەکات کە لە ئەزموونی هاوڕێکانمان لە سەرتاسەری جیهان فێرببین. حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندە بەدابینکردنی ژینگەیەکی ئارام و ژیانێکی باش بۆ هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان. وەرزش هەل بۆ تاکەکان دابین دەکات بۆ ئەوەی لەگەڵ یەکتری کاربکەن و هەروەها پەرە بەخۆڕاگری و بەیەکەوە ژیانی ئاشتیانە دەدات. هەروەها وەرزش هەستی سەربەرزی و سەرکەوتن بەوانە دەبەخشێت کە بەشداری تێدا دەکەن لە هەردوو ئاستی نافەرمی و ئاستی پلە نایاب. ئێمە دەمانەوێ داهاتووی خۆمان لەسەر

بنەماكانی دەزگاكانی وەرزشی هەرێمەكەمان بنیادبنێین كە بەهەماهەنگی لەگەڵ هاوڕێكانمان لە وڵاتانی ترەوە دایانمەزراندووە، ئەویش لە رێگەی پەرەپێدانی توانا رێكخراوەییەكانیان و زیادكردنی بەشداری كردن. ئومێدەوارم هەموو تاكەكانی ناو ئەم كۆنفرانسە سوود لە گفتوگۆ زیندووەكانی دەربارەی پەرەپێدانی كلتوورێكی بەهێزتر بۆ وەرزش لە هەرێمی كوردستان ببینن. هەروەها ئاواتمان ئەوەیە كە كاریگەری پۆزەتیفی وەرزش بۆ كۆمەڵگەكەمان بەكاربێنین. لەگەڵ ئەوپەری رێزمدا...




**وەزیری وەرزش و لاوان لە كۆنفرانسی چۆنیەتی بەشداریی هەرێم لە چالاكییە وەرزشییە نێودەوڵەتییەكان**

**وتاری تەها بەرواری، وەزیری وەرزش و لاوان بۆ كۆنفرانسی "چۆنیەتی بەشداریی هەرێم لە چالاكییە وەرزشییە نێودەوڵەتییەكان"**

بەیانیتان باش

- هێژا سەرۆک بارزانی

بەڕێزان:

- میوانە بەرێزەكان

- بەشدارانی كۆنفرانس هەر هەمووتان بەخێر هاتن بۆ هەولێری پایتەخت و بۆ بەشداریتان لە دووەمین كۆنفرانسی وەرزشیی نێونەتەوییدا كە حكومەتی هەرێمی كوردستان ڕێكی خستووە دوای كۆنفرانسی سەركەوتوومان لە هەرێمی وێڵز.

سوپاسی هێژا سەرۆک بارزانی دەكەم بۆ پشتیوانی بەرنامەی ئەمرۆمان، بەشداربوونی رێزداریان پشتیوانیەكی زۆر گەورەیە بۆ كۆنفرانس وبژاقی وەرزشی لە هەرێمی كوردستان .

حكومەتی هەرێمی كوردستان داوا دەكات وەرزش بۆ هەموان بێت، وەرزش ببێتە ئامرازێک بۆ گەشەی

لاوان، ئەمەش ڕێگەیەکە پێشانی چاودێرانی هەم وڵات و هەم هەندەران دەدات چ دەرفەتێک هەیە لە عێراقێکی پێشکەوتووی هاوچەرخی ئاشتەوایدا.

هەروەها سوپاسی خۆم پێشکەش بەو کەسایەتییانە دەکەم کە پەیامی پشتیوانیی خۆیان ئاراستەی ئەم ڕێوڕەسمە کردووە: سەرۆک وەزیران، ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی کە هەمیشە پشتیوانی کاری جوان دەکات، wilfried lemke ڕاوێژکاری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەووە یەکگرتووەکان بۆ بواری وەرزش، گەشە و ئاشتی، هەروەها وەزیرانی وەرزش لە بەریتانیا و وێلز بەڕێزان Sitcliffe &Gerry Alun Jones. دەرفەتە لێرەدا سوپاسی میوانداریێتی دۆستانی لێژنەی وەرزشی وێلز بکەم هەروەها بەخێرهاتنی کەسانی نوێ بکەم بۆ ئەم گفتوگۆیە. بەخێر هاتنی تایبەتیمان بۆ دوو ئەستێرەی ئولەمپی بریتانیا - Kate Allenby ی خاوەن مێدالیای ئۆڵەمپی و هەروەها Sophie Hancock ی یاریزانی پارۆلەمپیک و هیوادارم داستانی ئەم دوو میوانە ببنە سەرچاوەی سروش بۆ وەرزشوانانی ئێمە بەرەو سەرکەوتن لە ئۆڵەمپی ٢٠١٢ و دواتریش. لە کۆتادا سوپاسی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەریتانیا دەکەم بۆ ئەو هاوکارییان لە ڕێکخستنی ئەم کۆنفرانسە. کۆنفرانسی یەکەممان



لایەنێک لە مەراسیمەکە




لایەنێک لە مەراسیمەکە

سەرکەوتوو بوو کۆنفرانسی یەکەممان دێسەمبەری رابردوو لە کاردیف بوو. لەوێ دەستپێکی گفتوگۆیەکی گرنگ بوو لەگەڵ هاوکارانی نێونەتەوەیدا. دەربارەی دەستکەوتی وەرزشی هەرێم لە هەردوو ئاستی میللی و دەستبژێریدا گفتوگۆمان بوو دەربارەی وەرزش لە جڤاتی پاشە شەڕدا لێرەشدا جەخت کرایە سەر ئەوەی وەرزش بۆ هەمووان بێت دەرفەت برەخسێنن بۆ خانمان بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و بۆ کەسانی پەراوێز خراو.



لایەنێک لە مەراسیمەکە

دید و سەرنجی سەنگین بۆ پێکانی ئامانجی وەزارەتی وەرزش و لاوان لەو بەشەی کۆنفرانسە بوونە دەستکەوت. پێشکەوتن لەو دیاردەیەوە هەتا ئێستا وەرزشی عێراق گەشەی روونی پێوە دیارە لێژنەی ئۆلۆمپی عێراقی پاش گرفتەکانی خۆی کۆکردەوە و کەوتەوە کار، ئێستا ئێمەش لەو ئۆرگانەدا بەدوو جێگر- سەرۆک بەشدارین. شانازین دەکەین بەوەی ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٠٠٩/١/٢١ دا نەخشەڕێی وەزارەتی وەرزش و لاوانی پەسند کرد. نەخشەڕێی وەرزش دیدی ئێمە بۆ ئایندەی وەرزشی کوردستان پێشاندەدات و وێنا ئێمە دەڵێت لە بواری وەرزشدا:

- نابێ هیچ کەس بێ بەری بێت لەدەرفەتی بەشداری و سەرکەوتن.
- نابێ وەرزشکاری سەرکەوتووی کوردستان ناچار بێت روو بکاتە هەندەران بۆ ئەوەی بەشداری بکات لە پێشبرکێ نێو نەتەوەییدا.
- وەرزشکارانی ئێمە بەشداری دروستیان هەبێت لەناوەندەکانی میللی و نێونەتەوەیدا.
- راهێنەر، رێبەر، سەرپەرشتیار، کارگێر، پشتیوان و توێژەری ئێمە لەئاستی نێو نەتەوەیدا بن.
- دەرفەت هەبێت هەموو کەسێک: منداڵ، ژن و پیاوی هەرێمی کوردستان سوود لە بەرهەمی جڤاکی وەرزش ببینن.
- ئێمە وەک بەشێک لە عێراقی فیدراڵ جێیەکی شانازمان لە سەکۆی جیهاندا هەبێت.

هەوڵی داهاتوو نەخشەڕێ یەکەم هەنگاوی گەورە بوو بەرەو گەیەشتنە ئامانج و راستاندنی وێنا لە وێدا سەنگی پەیوەندی نێوان ئۆرگانەکانی هەرێمی کوردستان هەم بەم ئۆرگانە فیدراڵەکان و بە ئۆرگانەکانی

جیهانەوە دەسەلمێنێت و جەختیش دەکات لەسەر دەرفەتی بەشداربوونی وەرزشکارانی کوردستان لە کێبرکێی میللی و نێونەتەوییدا.
نەخشەرێ جەخت دەکات لەسەر راهێنانی توانامان لە هەموو ئاستەکاندا. کاروانی سەرکەوتنی وەرزش - بە سوودی جڤاکی و ئابووریەوە - رێگەی دوری لەبەرە. داوای ئێمە لە کۆنفرانسی ئەم دوو رۆژەمان ئەوەیە ئەم سێ خاڵە بەهەند بگرن :
- باشترین مۆدێل کامەیە بۆ بەرێوەبردن و پشتیوانی ماددیی وەرزشی کوردستان لەم بەستێنەی فەرهەنگی سیاسییە تایبەتەی هەیەتی .
- پێشەمی رێکخستنی ئامانجی وەرزشیمان چۆن بە باشترین شێوە رێک بخەین بە تایبەتی لەم کاتەدا، ئەوجا.
- باشترین رێ کامەیە بۆ ئەوەی بەردەوام بەشداربین لە بۆنەی نێونەتەوەییدا بە مەبەستی فرەواندنی دەرفەت بۆ گۆڕینەوەی ئەزموون و بەرەو پێشچوون .
دوا گوتەمان ئێمە لە کوردستان شەیدای وەرزشین. شەیدابوونی ئێمە لە چەندین بواردا ئاشکرایە: لە سەرکەوتنی تیمەکانی فوتبۆڵدا، لە کردنەوەی دەروازەی وەرزشدا بۆ هەمووان -بە تایبەت بۆ ئافرەتان و بۆکەسانی خاوەن پێداوستی تایبەت .
شەیدانی بوونی ئێمە بەروونی پێشانی دەدات میللەتی کوردستان چەند سوورە لەسەر کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێ بۆ عێراقی فێدراڵ و هەم بۆ هەرێمەکەمان لە چواچێوەی دەستوری عێراقدا.
دووبارە لە ناخی دڵمەوە سوپاسی بەشداربوونتان دەکەم لە کۆنفرانسی ئەم دوو رۆژەماندا و هیوادارم هەم سوودبەخش و هەم خۆشبێت . زۆرسوپاس.

# چالاكییەكانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوانی سلێمانی

**چالاكی بەڕێوەبەرایێتی وەرزش و لاوانی سلێمانی**

- وەرگرتنی بینا كە دەكەوێتە سنوری یاریگەی هاوكاری بۆ ناوەندی وەرزش و لاوانی هاوكاری ژمارەی پارچە زەوی (٢/٩٤ كەرتی ١)مەڵكەندی دەباشان بەپێی نوسراوی سەرۆكایەتی شارەوانی ژمارە(٣٨٨٩ لە٢٠٠٨/٣/١٣).

- وەرگرتنی زەوی ژمارە ١٨٤١/١ بۆ مەبەستی دروستكردنی یاریگای وەرزشی بۆ ناوەندی وەرزش و لاوانی بەكرەجۆ.

- تەرخانكردنی (١١) پارچە زەوی لە شار و شارۆچكانەی كە لە خوارەوە ناوەكانیان هاتووە بەڕووبەری (١٠) دۆنم بۆ هەریەكێكیان بۆ مەبەستی دروستكردنی یاریگای كراوەی هاوچەرخ و تەرخانكردنی (٣) پارچە زەوی بۆ دروستكردنی بینا بۆ ناوەندە وەرزشییەكان (بابان، هەڵەبجەی شەهید، پێنجوێن) بەڕووبەری (٢٠٠٠م) بەپێی نووسراوی بەڕێوەبەرێتی گشتی وەرزش و لاوانی سلێمانی ژمارە (١١٢ لە ٢٠٠٨/٦/٢٥).

- لە ٢٠٠٨/٨/٧ بەشداری كردن ناوەندەكان لە خولی مینی فتبۆڵی بێچوەشێرانی یانە و دامەزراوە وەرزشییەكانی شاری سلێمانی و دەوروبەری.

- دابین كردنی هۆڵ و بینا و یاریگا بۆ ناوەندەكان لەشارو شارۆچكەكان.

- هاوكاری كردنی دامودەزگا حكومییەكان و تیپە میللیەكانی شاری سلێمانی و دەوروبەری بە پێداویستی و كەلوپەلی وەرزشی.



**چالاكی وەرزشی**

- دابەزاندنی ڕێنماییەکانی کارگێری و دارایی و چالاکی بۆ ناوەندەکان بەمەبەستی زیاتر بەرەو پێشبردنی بزاڤی وەرزش.
- سازدانی سیمینار و کۆبونەوە و خول بۆ گەنجان و لاوان بەمەبەستی بە رۆشنبیرکردنیان لە بواری وەرزشی و هونەری و زانستی.
- بەشداری کردن لە هەموو فێستیڤاڵی وەرزشییەکان و هونەرییەکان.
- بەشداری کردن لە هەڵمەتی پاککردنەوەی ژینگە.
- پتەوکردنی پەیوەندییەکانی بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوان لەگەڵ دامودەزگا حکومییەکان بە تایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندییان هەیە بە کاری لاوان لە بواری وەرزش و هونەر.
- هاوکاری کردن و رێکخستنی کارەکان لەبواری وەرزشی و هونەری و رۆشنبیری و زانستی و ڕووناکبیری لەگەڵ یەکێتی ژنانی کوردستان/ لقی سلێمانی بۆ خزمەتکردنی زیاتر بە ژنان و نەوجەوانان بە کردنەوەی خولی فێرکردن لەبوارە هەمە جۆرەکانی (وەرزش و هونەری و رۆشنبیری و زانستی) لە سنووری پارێزگای سلێمانی و دەوروبەری بۆ پێشخستنی لاوانمان لەو بوارانە.
- لە ٢٠٠٨/١١/٢٥ بەبۆنەی هەفتەی ژنپارێزی بەڕێوەبەرایەتیمان هەستا بە خەڵاتکردنی ژنان لە گرتووخانەی سلێمانی کە هەستاوون بە پێشانگەیەکی کاری دەستی هەروەها سازدانی کۆبونەوە لەگەڵ سکرتاریەتی ژنان بۆ دانانی پلان چالاکی لەبوارە هەمە جۆرەکانی وەرزشی و هونەری بۆ ژنان.
- لە ٢٠٠٩/١/١٩ خەڵاتکردنی یانەکانی (سلێمانی و سیروانی نوێ و نەورۆز و کلدان) کە توانیان پلەی یەکەمی بەدەست بهێنن لەسەر ئاستی عێراق لە پاڵەوانێتی خەڵاتی گەورە کە وەزارەتی وەرزش و لاوانی عێراق لە شاری بەغدا سازی کردبوو و تیپەکانی (باسکە و دەست) ی یانەکانی سلێمانی و تیپی (تێنسی سەرمێز) ی یانەی سیروانی نوێ و تیپی (پاسکیلسواری) یانەی نەورۆز و تیپی (شمشێربازی) یانەی کلدان بەشداربوون. جێی باسە بەڕێوبەرایەتی وەرزش و لاوانی سلێمانی وەکو ڕێزلێنان لەو تیپانە کە ئەنجامی باشیان دەستەبەر کردووە لە خولی خەڵاتی مەزن و ئەو هەنگاوە بۆ هاندان و ئاوەردانەوەیە لە تیپە سەرکەوتووەکان و لە هەمان کاتدا خزمەتگەیاندنە بەرەوتی وەرزش و بەرەوپێشبردنی زیاتر لە کوردستان و سلێمانی بەتایبەتی و لە مەراسیمێکی شایستەدا و بەئامادەبوونی میوانێکی زۆر حکومی و وەرزشی و میدیاکان ئامادەی مەراسیمی خەڵاتکردنی تیپەکان بوون.

**چالاکییەکانی ناوەندی وەرزش و لاوانی گۆیژە**

- لە ٢٠٠٨/٣/١٤ بە هاوکاری یەکێتی ناوەندی لەشجوانی عێراقی و لقی سلێمانی، پاڵەوانییەتی لەشجوانی بۆ لاوانی یانەکانی عێراق سازدرا لە هۆڵی ناوەندەکەمان.
- لە ٢٠٠٨/٣/٢٦ بەشداری کردن لە پاڵەوانیەتی جومبازی کوردستان بۆ تەمەنی خونچەکان.
- لە ٢٠٠٨/٦/٦ بەشداری کردن لە خولی باسکەی لاوانی یانەکانی سلێمانی.
- لە سەرەتای مانگی سێ /٢٠٠٨ یەکێتی ناوەندی لەشجوانی عێراق بە هاوکاری یەکێتی لەشجوانی لقی سلێمانی پاڵەوانییەتی عێراق بۆ لاوان سازدرا لە هۆڵی ناوەندی گۆیژە کە ناوەندی گۆیژە بەهاوکاری یانەی ئەزمڕ توانیان پلەی چوارەم بەدەست بهێنن لەسەر ئاستی عیراق.
- لە ٢٠٠٨/٨/٤ تیپی زۆرانبازی بێچوەشێران و لاوانی ناوەندەکەمان یاری دۆستانە ئەنجامدرا لەگەڵ تیپی



چالاكی وەرزشی

یانەی پێشمەرگەی هەولێر لە هۆڵی ناوەندەکەمان.

- لە ٢٠٠٨/٨/٢٧ بەشداری کردن لە پاڵەوانییەتی یاری تاکواندۆی کوردستان بۆ یانە و دامەزراوە وەرزشییەکان لە هۆڵی ناوەندەکەمان.

- لە ٢٠٠٨/١٠/٣١ بەشداری کردن لە پاڵەوانییەتی (کاراتی) بۆ یانەکانی شاری سلێمانی دەوروبەری لەشارۆچکەی سەید سادق کە یەکێتی ناوەندی کاراتی کوردستان لقی سلێمانی تیپی ناوەندی گۆیژە توانی پلەی دووەم بەدەست بهێنێت لە (کاتا) و پلەی سێیەم لە (کۆمیت) .

**چالاکی ناوەندی وەرزش و لاوانی رانیە**

- لە ٢٠٠٨/٣/٥ بە بۆنەی یادی راپەرین ناوەندی رانیە هەستا بەسازدانی ماراسۆنێک بۆ کوڕان و کچانی ئەم ناوچەیە کە زیاتر لە(٣٠٠) یاریزان بەشداریان تێدا.

- لە ٢٠٠٨/٣/٦ بەبۆنەی یادی راپەرین ناوەندی رانیە هەستا بە سازدانی خولی یاری تۆپی پێی سەرمێز کە (١٨) یانە و بنکە و سەنتەر بەشداربوون لەو خولە و ناوەندی رانیە توانی پلەی سێیەم بەست بهێنێت.

- لە ٢٠٠٨/٣/٨ ناوەندی رانیە هەستا بە سازدانی یاری چوونە سەر شاخ بۆ کچان و کوڕان کە زیاتر لە (٢٥٠) یاریزان بەشداریان تێداکرد و یاریزانی ناوەندی رانیە (هەڵمەت یاسین محمود) توانی پلەی (٧) بە دەست بهێنێت.

- لە ٢٠٠٨/٩/٢٥ بەشداری کردنی ناوەندەکەمان لە خولی مینی باسکێت بۆ دەزگا و یانە وەرزشییەکانی ساری سلێمانی کە یەکێتی باسکەی سلێمانی سازی کردبوو.

**چالاکی ناوەندی وەرزش و لاوانی بابان**

- لە ٢٠٠٨/١/٦ لەیاریگەی یانەی وەرزشی ئاشتی تیپی ناوەندی بابان لەگەڵ تیپی بلێسە بەیەک گەیشتن لە یارییەکی دۆستانە و لە ئەنجامدا تیپی ناوەندی بابان توانی سەربکەوێت بەسەر تیپێ بلێسە بە (٢×١).

- لە ٢٠٠٨/١/١٥ لەیاریگای یانەی وەرزشی ئاشتی تیپی ناوەندی بابان لەگەڵ تیپی کۆڵنەدەر بەیەک

گەیشتن لە یارییەکی دۆستانە و لە ئەنجامدا یارییەکە بە یەکسانی کۆتایی پێی هات بە (٦×٦) ئەم یارییە لە یاریگای بچووک بوو.

- لە ٢٠٠٨/١/٢٦ لەیاریگای یانەی چیا تیپی ناوەندی بابان لەگەڵ تیپی بلێسە بەیەک گەیشتن لە یارییەکی دۆستانە و لە ئەنجامدا تیپی ناوەندی بابان توانی سەربکەوێت بەسەر تیپێ بلێسە بە (١×٠).

- لە ٢٠٠٨/٥/٧ لەیاریگای یانەی چیا تیپی ناوەندی بابان لەگەڵ تیپی زانکۆ بەیەک گەیشتن لە یارییەکی دۆستانە و لە ئەنجامدا تیپی ناوەندی بابان توانی سەربکەوێت بەسەر تیپێ زانکۆ بە (١×٠).

- لە ٢٠٠٨/٦/٢٥ لەیاریگای یانەی چیا تیپی ناوەندی بابان لەگەڵ تیپی میلانۆ بەیەک گەیشتن لە یارییەکی دۆستانە و لە ئەنجامدا تیپی ناوەندی بابان توانی سەربکەوێت بەسەر تیپێ میلانۆ بە (١×٠).

- لە ٢٠٠٨/٧/٧ لەیاریگای چیا تیپی ناوەندی بابان لەگەڵ تیپی داستان بەیەک گەیشتن لە یارییەکی دۆستانە و لە ئەنجامدا تیپی ناوەندی بابان توانی سەربکەوێت بەسەر تیپێ داستان بە (٢×٠).

- لە ٢٠٠٨/٧/١٠ لەیاریگای یانەی وەرزشی ئاشتی تیپی ناوەندی بابان لەگەڵ تیپی هەڵمەت بەیەک گەیشتن لە یارییەکی دۆستانە و لە ئەنجامدا تیپی ناوەندی بابان توانی سەربکەوێت بەسەر تیپی هەڵمەت بە (١×٠).

- لە ٢٠٠٨/٩/٢٥ بەشداری کردنی ناوەندەکەمان لە خولی مینی باسکێت بۆ دەزگا و یانە وەرزشییەکانی ساری سلێمانی کە یەکێتی باسکەی سلێمانی سازی کردبوو.

- لە ٢٠٠٨/٤/١٦ لەیاریگای هوڵی پێشمەرگە تیپی ناوەندی بابان لەگەڵ لاوانی یانەی پێشمەرگە بەیەک گەیشتن لە یارییەکی دۆستانە و لە ئەنجامدا لاوانی یانەی پێشمەرگە توانی سەربکەوێت بەسەر تیپی ناوەندی بابان بە (٦٢×٢٧).

- لە ٢٠٠٨/٤/٢٣ لەیاریگای هوڵی پێشمەرگە تیپی ناوەندی بابان لەگەڵ یانەی دەربەندیخان بەیەک گەیشتن لە یارییەکی دۆستانە و لە ئەنجامدا یانەی دەربەندیخان توانی سەربکەوێت بەسەر تیپی ناوەندی بابان بە (٤٢×١٧).

- لە ٢٠٠٨/٨/١ ناوەندی وەرزش و لاوانی بابان خولێکی تۆپی سەرمێز بە بەشداری (٣٥) لاو لە سنووری چالاکی ناوەند.

- لە ٢٠٠٨/٨/١ ناوەندی وەرزش و لاوانی بابان هەستا بەوانە وتنەوە لە بواری یاسایی تۆپی پێی بۆ تیپە میللییەکانی سنووری ناوەندەکان بەسەر پەرشتی لێپسراوی ناوەند.

- لە ٢٠٠٨/٦/٢٠ ناوەندی وەرزش و لاوانی بابان هەستا بەکردنەوەی خولێکی فێربوونی مۆسیقا لە هۆڵی دواناوەندی برادۆستی کچان بۆ ماوەی سێ مانگ.

**چالاکی ناوەندی وەرزش و لاوانی بەکرەجۆ**

- لە ٢٠٠٨/٣/٧ لە یاریگەی ئەلبان تیپی ناوەندی بەکرەجۆ لەگەڵ تیپی وەرزشی ئەورۆز لە یارییەکی دۆستانە بەیەک گەیشتن و لەئەنجامدا یارییەکە بەیەکسانی کۆتایی پێی هات بە (٣×٣).

- لە ٢٠٠٨/٣/١٤ لەیاریگەی ئەلبان تیپی ناوەندی بەکرەجۆ لەگەڵ تیپی وەرزشی ئەورۆز لەیارییەکی دۆستانە بەیەک گەیشتن و لەئەنجامدا تیپی ناوەندی بەکرەجۆ یارییەکەی بردەوە بە (٢×١).

- لە ٢٠٠٨/٤/١١ لەیاریگەی کۆسەی چەم تیپی ناوەندی بەکرەجۆ لەگەڵ تیپی وەرزشی کۆسەی چەم

لەیارییەکی دۆستانە بەیەک گەیشتن و لەئەنجامدا تیپی وەرزشی ناوەندی بەکرەجۆ یارییەکەیان بردەوە بە (٣×٢).

- لە ٢٠٠٨/٧/٢٠ لەیاریگەی ئەلبان تیپی ناوەندی بەکرەجۆ لەگەڵ تیپی وەرزشی ئەورۆز لەیارییەکی دۆستانە بەیەک گەیشتن و لەئەنجامدا تیپی ناوەندی بەکرەجۆ یارییەکەی بردەوە بە (٢×١).

- لە ٢٠٠٨/٩/٢٥ بەشداری کردنی ناوەندەکەمان لە خولی مینی باسکێت بۆ دەزگا و یانە وەرزشییەکانی ساری سلێمانی کە یەکێتی باسکەی سلێمانی سازی کردبوو.

- بەشداری کردن لە فێستیڤاڵێک کە یەکێتی باسکە/ لقی سلێمانی سازی کردبوو بۆ یانەکانی سلێمانی.

- لە ٢٠٠٨/٦/١٠ لە شارۆچکەی دەربەندیخان لە هۆڵی سەنتەری گەنجانی دەربەندیخان تیپی تێنسی ناوەندی وەرزش و لاوانی بەکرەجۆ لەگەڵ سەنتەری گەنجانی دەربەندخان لە یارییەکی دۆستانە بەیەک گەیشتن و لەئەنجامدا ناوەندی بەکرەجۆ یاریەکەیان بردەوە بە (٣×٠).

- لە ٢٠٠٨/٣/٢ لە یادی راپەرین و نەورۆزدا ناوەندی وەرزش و لانی بەکرەجۆ خولێکی تۆپی پێی سەر مێز لە سنووری ناوەند لە بەکرەجۆ کردەوە بەبەشداری نزیکەی (٤٠)یاریزان.

- لە ٢٠٠٨/٤/١٥ لە ئاکامی سەردانی ناوەندی وەرزش و لاوانی بەکرەجۆ بۆ قوتابخانەیەکی سنووری ناوەند بە مەبەستی درووستکردنی تیپی شەترەنج ناوەندی بەکرەجۆ توانی تیپێکی لاوان بۆ یاری شەترەنج درووست بکات.

- لە ٢٠٠٨/٤/١٤ ناوەندی بەکرەجۆ هەستا بەسازدانی فێستیڤاڵێک بە بۆنەی جەژنی نەورۆز و رووخاندنی رژێمی بەعس کە تێدا چەند وتار و سروودی نیشتیمانی پێشکەشکرا.

- لە ٢٠٠٨/٦/٢ ناوەندی بەکرەجۆ هەستا بەسازدانی پێشبرکێیەکی ماوە درێژ بۆ(١٠٠) یاریزانی یانە و تیپە میللییەکانی سەر بەسنووری بەکرەجۆ.

**بەڕێوبەرایەتی وەرزش و لاوانی گەرمیان**

- لە ٢٠٠٨/٥/٢٥ پێشبرکێی مەلەوانگە بۆ لاوانی شاری کەلار.

- لە ٢٠٠٨/٥/٢٩ کۆبونەوە لەگەڵ وەرزشکارانی شاری کەلار بە مەبەستی باسکردنی بواری وەرزش و دانانی بەرنامەی وەرزش.

- لە ٢٠٠٨/٦/١ دابەشکردنی جلوبەرگی وەرزشی بەسەر تیپەکانی شاری کەلار.

- لە ٢٠٠٨/٦/١٠ سازدانی پێشبرکێی پاسکیلسواری بۆ شاری کەلار ماوەی (١٢) کم بوو کە تێدا (٤٥) کەس بەشدار بوون.

- لە ٢٠٠٨/٧/١٠ سازدانی خولی هۆشیارکردنەوەی بۆ لاوانی شاری کەلار بۆ ماوەی ٣ رۆژ کە ٦٥ لاو بەشداربوون لەو خولە.

- لە ٢٠٠٨/٧/٩ کردنەوەی خولێکی تۆپی پێ بۆ (١٣) تیپی بەشداربوو کە ژمارەی یاریزانە لاوەکان (٢٦٠) یاریزان بوون.

- لە ٢٠٠٨/٧/٢٢ سازدانی پێشبرکێی پاسکیلسواری بە هاوکاری فەرهەنگخانەی پێباز بۆ لاوانی شاری پێباز کە ماوەکەی (٨) کم بوو کە تێدا (٢٠) یاریزان بەشداربوون.

- لە ٢٠٠٨/٨/١٠ تا ٢٠٠٨/٨/١٢ کردنەوەی خولی تۆپی سەرمێز بۆ لاوانی شاری کەلار کە (٢٠) لاوی

وەرزشکار تێدا بەشدار بوو.

- لە ٢٠٠٨/٨/١٠ تا ٢٠٠٨/٨/١٢ کردنەوەی خولی تۆپی سەرمێز بۆ لاوانی ناحیەی ڕزگاری کە (٣٠) لاوی وەرزشکار تێدا بەشدار بوو.


- لە ٢٠٠٨/٨/١٠ تا ٢٠٠٨/٨/١٢ کردنەوەی خولی تۆپی سەرمێز بۆ لاوانی ناحیەی باوەنوور کە (٢٥) لاوی وەرزشکار تێدا بەشدار بوو.

- لە ٢٠٠٨/٨/١٤ بۆ ٢٠٠٨/٩/٣٠ کردنەوەی خولی وەرزشی هاوینە کە بۆ بەشەکانی تۆپی پێ (بالە- باسکە) بۆ شارەکانی (کەلار- کفری- ڕزگاری- پێباز- سەرقەڵا).

- لە ٢٠٠٨/١١/١٩ لە یادی توندوتیژی ئافرەتاندا، سازکردنی خولێکی فۆستاڵی تۆپی پێ بۆ ئافرەتان کە تێدا (٥) تیپ بەشدار بوون.

- لە ٢٠٠٨/١١/٢٢ لە یادی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان یارییەکی بالە لەنێوان کچانی ناوەندی کەلار و کفری بەڕێوە چوو.

- کردنەوەی خولی بالەی کچانی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان بۆ ساڵی ٢٠٠٨.



**چالاکی وەرزشی**

# چالاکی بەڕێوبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوانی هەولێر

**بە شداری لە خولی نێودەوڵتی تۆپی پێی ئێران**

لەسەر بانگهێشتی بەرێوەبەرایەتی گشتی وەرزشی پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاوا کە داخوازیەکە لەلایەن کونسولگەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەولێر گەیشتە وەزارەتی وەرزش و لاوان. شاندی هەرێمی کوردستان کە پێکهاتبوو لە دوو بەشی چالاکی و پەیوەندی لە رۆژانی ٢٢ تا ٢٠٠٨/٨/٢٩ سەردانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان کرد.

**بەشی چالاکی:**

یانەی وەرزشی بروسک کە پاڵەوانییەتی یانە نایابەکانی تۆپی پێی هەرێمی کوردستانی لە وەرزی ٢٠٠٧-٢٠٠٨ بەدەست هێنابوو بە ناونیشانی هەڵبژاردەی هەرێمی کوردستان بۆ بەشداریکردن لە خولی نێودەوڵەتی تۆپی پێی ئێران لە لایەن وەزارەتی وەرزش و لاوان و یەکێتی تۆپی پێی کوردستان هەڵبژێردرا.

سەرەتا ئەم یانەیە پاش گەیشتنی بۆ سەر سنوور لە لایەن لێپرسراوانی وەرزشی شاری خانە ( پیران شەهر) پێشوازیان لێکرا و راستەوخۆ چونە شاری نەغەدە و لەوێشدا لە لایەن لێپرسراوانی وەرزشی و وەرزشوانان پێشوازیەکی گەرمیان لێکرا و یاریەکی دۆستانەیان لەگەڵ یانەی کاویانی نەغەدە ئەنجام دا و سەرکەوتنێکی باشیان بەدەست هێنا.

دوارۆژ لە خولەکە بەشداریان کرد کە هەڵبژاردەی ئازەربایجانی رۆژئاوای ئێران - تیپی زانکۆی باکۆ بە نوێنەرایەتی کۆماری ئازەربایجان - یانەی ئەرز روم بە نوێنەرایەتی کۆماری تورکیا - و تیپی خودموختاری نەخجەوان بەشداریان کرد. لە ئاکامدا هەڵبژاردەی ئازەربایجانی رۆژئاوای ئێران پلەیەی یەکەم -تیپی هەڵبژاردەی هەرێمی کوردستان ( یانەی بروسک) پلەی دووەم و یانەی ئەرز رومی تورکیا پلەی سێیەمیان بەدەست هێنا.

**پرۆتۆکۆلی هاوکاری وەرزشی**

ئەم پرۆتۆکۆلە بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی ودراوسێیەتی باشی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و هەرێمی کوردستان - عێراق بە رێکەوتنی نێوان بەرێوەبەری گشتی وەرزشی ئازەربایجان رۆژئاوا بەرێز عەلی مەلا ئەحمەدی و بەرێوەبەری گشتی وەزارەتی وەرزش و لاوانی هەرێمی کوردستانی عێراق بەرێز چیایی تیمور عبدال بە هۆگری هەردوو لایەن بۆ پێشخستنی وەرزش بە هاوکاری هەردوو لایەن بابەت بە تەوەرەکانی وەرزشی بە م شێوەیەی خوارەوە لە بەرواری ١٣٨٧/٦/٧ بەرامبەر بە ٢٠٠٨/٨/٢٨ پەسەند کرا و هەردوو لایەن لە شاری ئورومیە واژوویان کرد:

تەوەرەکانی هاوکاری:

١- پەیوەندی نیوان لیپیرسراوان و شارەزایانی بەڕێوەبەرایەتیەگشتیەکانی وەرزشی پارێزگاکانی هەردوو وڵات بۆ گفتوگۆ و ڕێککەوتن و ڕاوێژکاری لەسەر هاوکاری دوو لایەنە.

٢- هاوئاهەنگی پێویست بۆ بەشداری کردن لەو کۆنفرانسە زانستییە وەرزشیانەی کە لە هەردوو

پارێزگاکان بەڕێوە دەچن  و ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکان و ئەزمونەکان و لێکۆڵینەوەکانی زانستی وەرزشی.
٣- ئاڵوگۆڕ کردنی ڕاهێنەران و ناوبژیوانانی یارییە جۆراوجۆرەکان بۆ بەرگوزاری خولی فێرکاری.
٤- ئاڵوگۆڕ کردنی شارەزایانی کارگێری وەرزشی بۆ ڕاهێزانی ئاستی کاربەدەستان و فەرمانبەرانی وەرزشی لە هەردوو لایەن.
٥- گواستنەوەی ئەزموونی وەرزشی سەرکەوتوی ئافرەتانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ هەرێمی کوردستان.
٦- هاوکاری بۆ دابین کردنی کەلوپەل و پێداویستی وەرزشی بەپێی توانا و هاندانی دامەزراندنی یارییە تازەکان و یارییە میللییەکان.
٧- بەرگوزاری ئۆردوگای هاوبەشی فێرکاری ئامادەیی یارییە وەرزشییەکان و بەشداری لە رکابەرەکانی هەردوولایەن.
٨- بەشداری لە فێستیڤاڵە وەرزشییەکان کە بەبۆنەی جۆراوجۆر لە هەردوو پارێزگا بەڕێوە دەچێ.
٩- سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ئەندازیارانی شارەزا بواری وەرزشی و کۆمپانییەکانی خاوەن ئەزمون لەم بوارەدا بۆ دروستکردنی یاریگە و هۆڵی وەرزشی.
١٠- تێکۆشان بۆ بلاوکردنەوەی یاریە تازەکان لە رێگەی یاری پیشاندەری
١١- ئاسانکاری بۆ بەشداری و گواستنەوەی وەرزشوانان هەردوو لایەن لە پێشبرکێیەکانی ناوخۆی یانەکانی وەرزشی.
١٢- دەستنیشانکردنی رێکخەرێک لەنێوان هەردوو لایەن بۆ بەدواچوونی بڕیارەکان پەیوەندییەکان.
١٣- بەرگوزاری یاری دۆستانە و دوو لایەنە لەنێوان تیپە هەڵبژاردەکان و یانەکانی وەرزشی.

**بەڵێنی دوو لایەن:**

١- هەموو خەرجییەکانی خواردن و نووستن و هاتوچۆ لە وڵاتی میواندار لە سنووری هاتنە ژوورەوە تا گەڕانەوە لەئەستۆی میواندار دەبێت.
٢- هەردوو لایەن بۆ ئاسانکاری وەرزشوانان و شاندی وەرزشی بە تایبەت ڤیزا و گومرک هاوکاری خۆیان دەنوێنن.
٣- لە یارییەکاندا پێویست دەکات بەلایەنی کەمەوە ناوبژیوانێک لەگەڵ تیپەکان بەشداری بکات.
٤- پێویستە هەردوو لایەن بەلایەنی کەمەوە یەک مانگ پێش هەر چالاکییەک لایەنەکەی تر ئاگادار بکاتەوە.

ئەم رێککەوتنامەیە لە سێ بەرگە بەسێ زمانی فارسی، عەرەبی و کوردی بە یەک شێوە نووسراوەتەوە کە لەلایەنی یاساییەوە هاوتا دەبن.

**چیایی تیمور عبداڵ**
**بەرێوەبەری گشتی وەرزش و لاوان**
**وەزارەتی وەرزش و لاوانی هەرێمی کوردستان**

**عەلی مەلا ئەحمەدی**
**بەرێوەبەری گشتی وەرزشی**
**پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاوا**

**چالاکی بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی هەولێر**

بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی هەولێر لەدرێژەی کارو چالاکییە وەرزشییەکانی خۆیدا کە تێیدا زیاتر لە هەزار لاوی کوڕ و کچ بەشدارییان تێدا کردووە و بەگیانێکی وەرزشی بەرز بەڕێوە چوو.

سنووری پارێزگای هەولێر (٧) ناوەندی وەرزشی لەخۆ دەگرێت و ناوەندەکانیش بە ئاستێکی بەرزی وەرزشی و گیانی هاوکاری چوونە نێو ڕکابەری و ململانێیەکان و ئاستێکی باشی هونەریشیان پیشانداوە کە بووە هۆی جێگای ڕێزی ئامادەبووانی سەرجەم چالاکییە وەرزشییەکان.

ئەو چالاکییانە بەگشتی ماوەی (٦) مانگیان خایاند و بەپێی یاسا و ڕێنمایە نێودەوڵەتی و ئۆلۆمپییەکان بەڕێوە چوو و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکەشمان ئامادەکاری پێویست سازکرابوو و سەرجەم پێداویستییە وەرزشییەکانیش ئامادەکرابوو لەڕووی دابینکردنی ناوبژیوان و سەرپەرشتیار و ڕاگەیاندن کە ڕۆژانە هەواڵی چالاکییەکانیان دەگواستەوە و خەرجی پێویست تاوەکو یارییەکان بەشێوەیەکی سەرکەوتوو بەڕێوە بچن و وەرشوانانیش بتوانن ئاستێکی بەرز پیشان بدەن.

بایەخی ئەو چالاکییانەی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان لەوەدایە کە قەزا و ناحیەکان دەگرێتەوە، ئەوەش هەنگاوێکی پێویستە بۆ پێشقەبردنی ئاستی وەرزشی لەقەزا و ناحیە کاندا.

**تۆپی پێ:**

لە (٢٠٠٨/٦/٢٤) دەستپێکرد و لە (٢٠٠٨/٨/٩) کۆتایی پێهات کە سەرجەم ناوەندە وەرزشییەکانی سنووری پارێزگای هەولێر تێیدا بەشدار بوون و ژمارەیان (٧) ناوەند بوو بەشێوازی چوون و هاتن بەڕێوەچوو و (٤٢) یاری لەخۆ گرتبوو. ژمارەی بەشداربووان گەیشتە (١٢٦) یاریزانی لاو و تێیدا (١٥٤) گۆڵ تۆمارکراو و گۆڵکاری ئەو خولە یاریزان (خۆگر شەهاب) بوو لە ناوەندی بەحرکە بە(١٥) گۆڵ.

ئەو خولە لەلایەن سەرپەرشتیارانی بەشی وەرزش و ڕاگەیاندن لەبەڕێوەبەرایەتییەکەمان سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو و لەکۆتاییدا لەلایەن بەرپرسانی حکومی حزبی خەڵات بەسەر سەرکەوتووان دابەشکرا.

| ژ | ناوەند | ژ. یاری | بردنەوە | دۆڕان | یەکسان | گۆڵی هەیە | گ لێکراوە | خاڵەکانی | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بەحرکە | 12 | 8 | 2 | 2 | 28 | 15 | 26 | یەکەم |
| 2 | سۆران | 12 | 5 | 4 | 3 | 20 | 18 | 18 | دووەم |
| 3 | شەقڵاوە | 12 | 5 | 6 | 1 | 28 | 23 | 16 | سێیەم |
| 4 | ڕواندز | 12 | 4 | 4 | 4 | 21 | 28 | 16 | چوارەم |
| 5 | مەخمور | 12 | 4 | 5 | 3 | 19 | 21 | 15 | پێنجەم |
| 6 | هەولێر | 12 | 4 | 6 | 2 | 23 | 15 | 14 | شەشەم |
| 7 | عەنکاوە | 12 | 2 | 5 | 5 | 13 | 31 | 11 | حەوتەم |

**تۆپی باڵە:**

لە (٢٠٠٨/٦/٢٥) دەستپێکرد و لە (٢٠٠٨/٨/٢١) کۆتایی پێهات کە سەرجەم ناوەندە وەرزشییەکانی سنووری پارێزگای هەولێر تێیدا بەشدار بوون و ژمارەیان (٧) ناوەند بوو بەشێوازی چوون و هاتن بەڕێوەچوو و (٤٢) یاری لەخۆ گرتبوو. ژمارەی بەشداربووان گەیشتە (١٢٦) یاریزانی لاو. ئەو خولە

لەلایەن سەرپەرشتیارانی بەشی وەرزش و ڕاگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان سەرکەوتووانە بەڕێوە چووو و لەکۆتاییدا لەلایەن بەرپرسانی حکومی حزبی خەڵات بەسەر سەرکەوتووان دابەشکرا. ڕیزبەندی کۆتاییش بەو شێوەیە بوو:

| ژ | ناوەند | ژ. یاری | بردنەوە | دۆڕان | گێمی هەیە | گێمی لێکراوە | خاڵەکانی | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | هەولێر | 12 | 12 | 0 | 36 | 3 | 24 | یەکەم |
| 2 | شەقڵاوە | 12 | 9 | 3 | 28 | 11 | 21 | دووەم |
| 3 | سۆران | 12 | 8 | 4 | 29 | 18 | 20 | سێیەم |
| 4 | بەحرکە | 12 | 5 | 7 | 21 | 28 | 17 | چوارەم |
| 5 | عەنکاوە | 12 | 5 | 7 | 19 | 25 | 17 | پێنجەم |
| 6 | مەخمور | 12 | 3 | 9 | 14 | 29 | 15 | شەشەم |
| 7 | ڕواندز | 12 | 0 | 12 | 6 | 36 | 12 | حەوتەم |

**تۆپی باسکە:**

لە (٢٠٠٨/٦/٣٠) دەستپێکرد و لە (٢٠٠٨/٨/١٤) کۆتایی پێهات کە سەرجەم ناوەندە وەرزشییەکانی سنووری پارێزگای هەولێر تێیدا بەشدار بوون و ژمارەیان (٧) ناوەند بوو بەشێوازی چوون و هاتن بەڕێوەچوو و (٤٢) یاری لەخۆ گرتبوو. ژمارەی بەشداربووان گەیشتە (١٢٦) یاریزانی لاو. ئەو خولە لەلایەن سەرپەرشتیارانی بەشی وەرزش و ڕاگەیاندن لەبەڕێوەبەرایەتییەکەمان سەرکەوتووانە بەڕێوە چووو و لەکۆتاییدا لەلایەن بەرپرسانی حکومی حزبی خەڵات بەسەر سەرکەوتووان دابەشکرا. ڕیزبەندی کۆتاییش بەو شێوەیە بوو:

| ژ | ناوەند | ژ. یاری | بردنەوە | دۆڕان | سکۆری هەیە | س لێکراوە | خاڵەکانی | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | عەنکاوە | 12 | 11 | 1 | 593 | 355 | 23 | یەکەم |
| 2 | هەولێر | 12 | 11 | 1 | 563 | 351 | 23 | دووەم |
| 3 | شەقڵاوە | 12 | 7 | 5 | 425 | 385 | 19 | سێیەم |
| 4 | مەخمور | 12 | 5 | 7 | 404 | 434 | 17 | چوارەم |
| 5 | سۆران | 12 | 4 | 8 | 462 | 437 | 16 | پێنجەم |
| 6 | ڕواندز | 12 | 3 | 9 | 405 | 532 | 15 | شەشەم |
| 7 | بەحرکە | 12 | 1 | 11 | 285 | 545 | 13 | حەوتەم |

**تۆپی دەست:**

لە (٢٠٠٨/٦/٣٤) دەستپێکرد و لە (٢٠٠٨/٨/١٦) کۆتایی پێهات کە سەرجەم ناوەندە وەرزشییەکانی سنووری پارێزگای هەولێر تێیدا بەشدار بوون بەشێوازی چوون و هاتن بەڕێوەچوو و بەشداربووان گەیشتە (٧٠) یاریزانی لاو. ئەو خولە لەلایەن سەرپەرشتیارانی بەشی وەرزش و ڕاگەیاندن لەبەڕێوەبەرایەتییەکەمان سەرکەوتووانە بەڕێوە چوو و لەکۆتاییدا لەلایەن بەرپرسانی حکومی حزبی خەڵات بەسەر سەرکەوتووان دابەشکرا. ڕیزبەندی کۆتاییش بەو شێوەیەی خوارەوە بوو:

| ژ | ناوەند | ژ. یاری | بردنەوە | دۆڕان | یەکسان | گۆڵی هەیە | گ لێکراوە | خاڵەکانی | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | هەولێر | 8 | 7 | 0 | 1 | 167 | 112 | 15 | یەکەم |
| 2 | مەخمور | 8 | 4 | 1 | 3 | 104 | 97 | 11 | دووەم |
| 3 | شەقڵاوە | 8 | 3 | 3 | 2 | 112 | 118 | 8 | سێیەم |
| 4 | سۆران | 8 | 2 | 6 | 0 | 84 | 107 | 4 | چوارەم |
| 5 | ڕواندز | 8 | 1 | 6 | 1 | 99 | 131 | 3 | پێنجەم |

**تۆپی باڵەی تازە پێگەیشتووان بەشێوەی کۆمەڵ:**

لە (٢٣ ـ ٢٠٠٨/٨/٢٦) پاڵەوانێتی تۆپی باڵەی ناوەندە وەرزشییەکانی سنووری پارێزگای هەولێر بەشێوەی کۆمەڵ لە شارۆچکەی ڕواندز ئەنجامدرا، بەبەشداری ناوەندەکانی (هەولێر، مەخمور، ڕواندز، شەقڵاوە) ژمارەی یاریزانەکان گەیشتە (٤٨) ، پاش ململانێیەکی بەهێز لەنێوان ناوەندە وەرزشییەکاندا، ناوەندی هەولێر و ڕواندز گەیشتنە یاری کۆتایی و ئەنجامەکەشی (٢ـ ٠) گێم لە بەرژەوەندی ناوەندی هەولێر تەواو بوو. لەکۆتاییدا لەلایەن بەرپرسانی حکومی حزبی خەڵات بەسەر سەرکەوتووان دابەشکرا. ئەو خولە لەلایەن سەرپەرشتیارانی بەشی وەرزش و ڕاگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان سەرکەوتووانە بەڕێوە چوو. خشتەی ڕیزبەندی کۆتایی بەو شێوەیە بوو:

| ژ | ناوی ناوەند | ژ. یاری | بردنەوە | دۆڕان | گێمی هەیە | گێمی لێکراوە | خاڵەکانی | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | هەولێر | 3 | 3 | 0 | 6 | 1 | 6 | یەکەم |
| 2 | مەخمور | 3 | 2 | 1 | 5 | 2 | 4 | دووەم |
| 3 | ڕواندز | 3 | 1 | 2 | 2 | 4 | 2 | سێیەم |
| 4 | شەقڵاوە | 3 | 0 | 3 | 0 | 6 | 0 | چوارەم |

**تۆپی سەرمێز:**

لە (١٠ ـ ١١/ ٩/ ٢٠٠٨) پاڵەوانێتی تۆپی سەرمێزی ناوەندە وەرزشییەکانی سنووری پارێزگای هەولێر لە هۆڵی زەردی شاری هەولێر بەڕێوەچوو، دوای نیشاندانی ئاستێکی بەرزی هونەری و دوای ڕکابەرێتی لەنێوان یاریزانانی ناوەندەکاندا، ناوەندی عەنکاوە توانی ببێتە پاڵەوانی ئەو خولە و ناوەندی مەخمووریش پلەی دووەمی بەدەستهێنا. لەکۆتاییدا لەلایەن بەرپرسانی حکومی حزبی خەڵات بەسەر سەرکەوتووان دابەشکرا. ئەو خولە لەلایەن سەرپەرشتیارانی بەشی وەرزش و ڕاگەیاندن لەبەڕێوەبەرایەتییەکەمان سەرکەوتووانە بەڕێوە چوو.

**شەترەنج:**

لە (١٤ـ ١٥/ ٩/ ٢٠٠٨) پاڵەوانێتی شەترەنج بۆ ناوەندە وەرزشییەکانی سنووری پارێزگای هەولێر لە هۆڵی شەترەنجی خانزاد لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو، دوای نیشاندانی ئاستێکی بەرزی هونەری و دوای ڕکابەرێتی لەنێوان یاریزانانی ناوەندەکاندا، ناوەندی شەقڵاوە توانی ببێتە پاڵەوانی ئەو خولە و ناوەندی ڕواندزیش پلەی دووەمی بەدەستهێنا. لەکۆتاییدا لەلایەن بەرپرسانی حکومی حزبی خەڵات بەسەر

سەرکەوتووان دابەشکرا. ئەو خولە لەلایەن سەرپەرشتیارانی بەشی وەرزش و ڕاگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان بەهاوکاری یەکێتی ناوەندی شەترەنجی کوردستان سەرکەوتووانە بەڕێوە چوو.

**تایکواندۆ:**

لە (٢٠ ـ ٢٠٠٨/١٠/٢١) پاڵەوانێتی تایکواندۆی ناوەندە وەرزشییەکانی سنووری پارێزگای هەولێر لە هۆڵی زەردی شاری هەولێر ئەنجامدرا و ناوەندەکانی (هەولێر، مەخمور، بەحرکە، شەقڵاوە، سۆران، ڕواندز) بەشدار بوون و ژمارەیان گەیشتە (٤٨) یاریزان، لەکێشەکانی (٢٨، ٣٢، ٣٥، ٤٠، ٤٥، ٥٠، ٥٤، ٥٨) کغم، پاش ململانێیەکی بەهێز لەنێوان ناوەندە وەرزشییەکاندا، ناوەندی شەقڵاوە یەکەم بوو و ناوەندی هەولێریش پلەی دووەمی بەدەستهێنا. لەکۆتاییدا لەلایەن بەرپرسانی حکومی و حزبی خەڵات بەسەر سەرکەوتووان دابەشکرا. ئەو خولە لەلایەن سەرپەرشتیارانی بەشی وەرزش و ڕاگەیاندن لە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان سەرکەوتووانە بەڕێوە چوو بە هاوکاری یەکێتی لقی هەولێری تایکواندۆ.



**بەڕێوەبەری گشتی وەرزش و لاوان لە کاتی دابەشکردنی خەڵاتدا**

**ڕاکردنی درێژ بۆ کچان (کراوە):**

لەڕۆژی (٢٠٠٨/١٠/٢٨) کاتژمێر (١٠)ی بەیانی لە شەقامی تەنیشت شوقەکانی نازستی تا بەردەم پارکی سامی عبدالرحمان ڕاکردنی درێژ بۆ کچان کە ماوەکەی (٥) کیلۆمەتر بوو ئەنجامدراو، بە بەشداری زیاتر لە (٤٠) یاریزانی کچ. دوای ڕکابەری بەهێز لەنێوان بەشداربووان کە یەکەمجارە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان ئەو جۆرە ڕاکردنە کراوەیە ساز دەکات، لەکۆتاییدا لەلایەن بەرپرسانی حکومی حزبی خەڵات بەسەر سەرکەوتووان دابەشکرا. ئەو خولە لەلایەن سەرپەرشتیارانی بەشی وەرزش و ڕاگەیاندن لەبەڕێوەبەرایەتییەکەمان سەرکەوتووانە بەڕێوە چوو. شایانی باسە هەر ناوەندێکی وەرزشی

مانگانه بەپێی ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوان سێ چالاکی ئەنجامداوە، کە دوویان وەرزشی بووەن یەکێکیشیان هونەری، جگە لەمەشقی ڕۆژانەی سەرجەم یارییەکان کە بەشێوازی گرێبەست ڕاهێنەریان بۆ دابینکراوە، جگە لەو خولی ڕاهێنان لەڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەرزش و لاوان کراوەتەوەو ناوەندەکانیش بەشدارییان تێداکردووە.






**چالاکی وەرزشی**

**ناوەندا وەرزش و لاوێن ئامێدی**

- ل ٢٠٠٩/٢/١ یاریەکا هەڤالینی یا ڤولی بولێ دگەل تیپا پەیمانگەها تەکنیکی ل ئامێدیی ئەنجام ( ناوەندا ئامیدیێ ٣ × پەیمانگەها تەکنیکی٢).

- ٢٠٠٩/٢/١٨ بشگداریا ١٢ یاریکەرێن ناوەندا مە دغاردانا درێژ دا ئەوا هاتیە رێکخستن ژلایێ ( ی . ق . ل . د . ک ) ل ئامێدیێ.

- ل ٢٠٠٩/٢/١٩ ئاهەنگەک هاتە رێکخستن ژلایێ دواناوەندیا نهێل و ناڤنجیا گوهەرز هەلکەفتا ١٨ێ شواتێ و ئەم وەک ناوەندا وەرزشی فەرمی هاتینە داخاز کرن و مە دوو دیاری پێشکێشکرن.

- ل ٢٠٠٩/٢/٢٢ لژێر جاڤدێریا بەرێز یاسین روۆف بەرپرسێ (ل . ن) ئامێدیێ قارەمانیا تەپا سەر مێزێ هاتە ڤەکرن بو (کچان و کوران) بشگداریا ١٤ یاریکەرێن کور و ١. یاریکەرێن کچ . دیاری سەر سەرکەفتیا هاتنە بەلاڤەکرن.

- ل ٢٠٠٩/٥/٣ هەلکەفتا روژا دەستبێکرنا سەرهەلدانا کوردستانێ ل باژێرێ رانییێ

- ل ٢٠٠٩/٣/٨ یاریەکا هەڤالینی یا ڤولی بولێ دگەل تیپا کومەلگەها کوانێ ل ئامێدیی ئەنجام (ناوەندا ئامیدیێ ٣ × کومەلگەها کوانێ ١)

- ل ٢٠٠٩/٣/١٤ ژێر جاڤدێریا خانم نجاە شعبان وەرزشڤانا دێرین هەلکەفتا ٨ ی ئاداری روژا ئافرەتێن



وەزیری وەرزش و لاوان لە چالاکییەکی ناوەندەکان

جیهانێ ڤەکرنا قارەمانیا تەپا دەستی بو شەش تیپا هاتە ڤکرن دیماهیێ دیاری هاتنە دابەشکرن لسەر تیپا ئێکێ و دوویێ.

**ناوەندا وەرزش و لاوێن زاخو**

- ٢٠٠٩/٢/١ خولا مەشقکرنا تەپاپێ هاتە ڤەکرن ٢٠ یاریکەر پشکدارن وبەردەوامییی تیدا دکن. بو قارەمانییا پاریزگەها دهوکی و هەریما کوردستانی.

- ٢٠٠٩/٢/١ خولا مەشقکرنا تەپاپی (پیگەهشتیا) هاتە ڤەکرن ٢٠ یاریکەر پشکدارن دڤی خولیدا.

- ل ٢٠٠٩/٣/٨ عە رزە ک تایکواندو و ل ناوەندامە ل بیرەوەریا روژا جیهانی یا ئافرەتان ٢٠ بیست یاریزانان بەشداری تیدا کر وجماوەرک زور ئامادەبون.

- ل ٢٠٠٩/٣/١١ ل ژیرجاڤدیریا ریزدار قائمقامی دەڤەرا زاخو عەرلەک هات کرن ب بلندکرنا ئاسنی بو پیگەهشتی ل ناوەندا مە ١٢ سەنکا بشداری تیدا کر ولدوما هیکێ قائیمقامی خلات ل سەر وان دابەشکرن ول بیرەوریا بیانا ١١ ئاداری سالا ١٩٧١.

- ل ٢٠٠٩/٢/١٧ قارەمانیا تەپا سەرمیزی یا کچا هاتە ڤەکرن وپشکداریا ١٤ یاریکەرین کچ.

- ل ٢٠٠٩/٢/٢٠ پشکداریا ١٠ یانین هەریما کوردستانی قارەمانیا خولیکدانی وب هاریکاریا ناوەندی زاخو هاتە کرن و ئەڤ قارەمانیە بو ماوی سێ روژا هاتە کرن.

- ل ٢٠٠٩/٢/٨ سەرەدانا پاریزگەهی دهوکی بو ناوەندی زاخو ژبو دروستکرنا هولا کا دایخستی ل زاخو.

- ل ٢٠٠٩/٣/٩ ل بیرەوریا هەفتیا بەرەکاری نەبونا توندوتیژیی سمینارک بو هەڤال (ماجد مجبد) هات دانان ل ناوەندا مە لسەر ژن پارستن وب ئامادە بونا جەماوەرەکی ژ کور و کچا و هەمی فەرمانبەر ل ناوەندامە.

- ل ٢٠٠٩/٣/١٨ ياريكا هەڤالينى يا تەپا ڤولى بوليبول بو كچان هاتە كرن دناڤبەرا تيما ناوەندى زاخو دگەل تيما ناوەندى ئاميدى. ل هولا ناوەندى ئاميدى و ئەنجامدا تيما ناوەندى ئاميدى ب سەركەفت ( ٢ × چنە) گيم.
- ل ٢٠٠٩/٣/٧ پشكداريا ١٥ ياريكەرا ولسەر ئاستى پاريزگەها دهوكى قارەمانيا (رفع الاسقال) هاتە كرن و ئەڤ قارەمانيە ب هاريكايا ول هولا ناوەندى زاخو هاتە ئەنجامدان.
- ل ٢٠٠٩/٢/٢ خولا مەشقكرنا تەپا ڤولى بول لاوان هاتە ڤەكرن ١٥ ياريكەر پشكدارن دڤى خوليدا.
- ل ٢٠٠٩/٢/٤ خولا مەشقكرنا تەپاڤولى بولى پيگەهشتيان هاتە ڤەكرن١٤ياريكەر پشكدارن دڤى خوليدا.
- ل ٢٠٠٩ /٢/٥ خولا مەشقكرناتەپا ڤولى بول كچان هاتە ڤەكردن ل ناوەندى زاخو لسەر دەستى راهينەر (هرمز دنحە) و ١٦ ياريكەرين كچ بشدارن دڤى خوليدا.
- ل ٢٠٠٩/٢/٦ خولا مەشقكرنا موسيقى هاتە ڤەكرن ١٢ قوتابى پشكدارن دڤى خوليدا.
- ل ٢٠٠٩/٢/٩ خولا مەشقكرنا تەپا دەستى هاتەڤەكرن و پشكدريا ١٤ ياريزانا.
- ل ٢٠٠٩ /٢/١٠ خولا مەشقكرنا تەپا سەرميزى هاتەڤەكرن ٦ ياريزان پشكدار بوون.
- ل ٢٠٠٩/٢/١٦ لدويف بروگرامى رێڤەبەريا گشتى وەرزش ولاوان خولەكا راهينانا ياباسكت بولى هاتە ڤەكرن. ل هەوليرا پايتەخت وئەڤ خولە پينج روژا هاتە ڤەكەكيشان وراهينەرى ناوەندى زاخو (جەگەرخون) بشكدارى بى دڤى خوليدا.

**ناوەندا وەرزش و لاوێن ئاكرێ**

- ل ٢٠٠٩/١/٥ ڤەكرنا خولا تەپا سەرمێز ب پشكداريا ٣٢ ياريزانا.
-ل ٢٠٠٩ /١/٦ ڤەكرنا خولا مەشقكرنا تەپا پێ ب سەرپەرشتيا راهينەر سەلاح ابراهيم نعمت ب پشكداريا ٤٢ ياريزانا.
- ل ٢٠٠٩/٢/٢ سمينارەک لسەر (پێكهاتا مالا كوردى لسەر دەمێ ئيدريس بارزانى) ل هولا لاوان هاتە پێشكێش كرن.
- ل ٢٠٠٩/٢/٤ ياريەكا هەڤالينيێ بو ياريا تەپاپێ (٧ ياريزانى) دگەل پەروەردا ئاكرێ ل هولا دايخستى.
- ل ٢٠٠٩/٢/٥ ديماهى ئينانا خولا تەپا سەر مێز ياريا ديماهيێ دناڤبەرا ياريزانان (هشيارسەبرى) و (عبيد جميل) هاتە كرن و ياريزان هشيار شيا ببيتە قارەمانێ خولێ و ل ديماهيێ خەلات هاتنە دابەشكرن.
- ل ٢٠٠٩/٢/٢٤ ياريەكا هەڤالينيێ بو ياريا باسكت بولێ دگەل قوتابخانا بختيارى ل ياريگەها قوتابخانا نافبرى هاتە ئەنجامدان.
- ل ٢٠٠٩/٣/١ رازاندنا ياريگەها ئاكرێ ب هەلكەفتا بيرەوەرێن ئادار و نەوروزێ.
- ل ٢٠٠٩/٣/٨ ب هەلكەفتا بيرهاتنا روژا جيهانيا ئافرەتێ ناوەندا مە پيشانگەهەكا فوتوغرافى لدور (خوشى و نەخوشێن ئافرەتێ ل هەموو بوارەكى دا) و لژێر چاڤدێريا خاتون كوردستان موكريانى سكرتێرا ئێكەتيا ئلفرەتێن كوردستانێ ڤەكر.
- ل ٢٠٠٩/٣/٢٠ گەشتەكێ زانستى بو تيما تەپاپێ بو كەلێ و سەرڤەكرنا شينەوارێن ئاكرێ.

# چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی فێرکاری

ئەرکی دیاریکراوی ئەم بەشە راهێزانی لاوان و سەرخستنی ئاستی فەرهەنگییانە. بۆ ئەم ئامانجەش، بەشی فێرکاری چەندین پرۆژەی تایبەتی پیادەکردووە، لێرەدا بەکورتی باسیان دەکەین:

١. بەرنامەی فەرهەنگخانەی لاوان: بریتییە لەخانەیەکی تایبەت بەلاوان تێیدا دەستەیەکی هەڵبژێردراوی خۆبەخش لە کچ و کوڕی دەڤەرێکی تایبەت سەرپەرشتی کاروباری فەرهەنگی خۆیان دەکەن. لە فەرهەنگخانەدا لاوان سەرفرازانە سیاسەتی خۆیان دادەرێژن و پاشان پیادەشی دەکەن. وەزارەت لەڕێی بەشی فێرکارییەوە پشتیوانی دەکات بەڵام دەست لە کاروباریان وەرنادات. ئەزموونێکی تایبەتە و شائامانج لێی پتەوکردنی پێگەی لاوانە لە پرۆسەی بڕیارداندا. لە فەرهەنگخانەدا سیاسەت دەخرێتە خزمەتی لاوانەوە. ئەمڕۆ نزیکەی ٣٠ فەرهەنگخانە لە دەڤەری جیاوازی کوردستاندا ئاوەدانن و ئەم بەرنامەیە لە گەشەدایە.

٢. رادیۆی لاوان: چەمکێکی تایبەتە بە پتەوکردنی ئازادی دەربڕین لەنێو لاواندا. ئەم بەرنامەیە لە پایزی ٢٠٠٦ لە رانیەوە دەستی پێکرد ئەمڕۆ بەهری ٢٠٠٩ - لە حەوت شار و شارۆچەکدا کارایە: رانیە، کەرکووک، مەخموور، چۆمان، دهۆک، شاریا و ئامێدی. رادیۆی لاوان ستۆدیۆیەکی ئازادی لاوان بەکاری دەهێنن بۆ بڵاوکردنەوەی گوتاری خۆیان. لێرەدا جگە لە چێوەی دەستور، بەرژەوەندی میللی و سەروەری تاکەکەس- هیچ سانسۆرێک رێ لە ئازادی دەربڕین ناگرێت.



بنکەی ئاسنگەری چالاکی فەرهەنگخانەکان

٣. پرۆژەی داهێنەرانەی ژینگەپارێز: لە گوندی کەندەکەوەی دەرەوەی شار سلێمانین بەسەرپەرشتی وەستا سەباحی کەندەکەوە پرۆژەی دروستکردنی (خاشۆک) ماشێنی کۆکردنەوەی خاشاک - پیادەکرا. جگە لە دروستکردنی ئەو (خاشۆک)ە هەڵمەتێکی رێک و بەرنامەداری ژینگەپارێزانە لەو دەڤەرە پیادەکراوە بۆ پاراستنی دەوروبەر و راگرتنی خاوێنی ناوچەکە. بەهاوکاری وڵاتێنی کەندەکەوە، هەروەها شارەوانی تاسلووجە ئەم پرۆژەیە بەردەوامە و نەخشی ئەوەندە سەرکەوتووە بکرێتە نموونە.

٤. پرۆژەی بەرهەمهێن: بۆ نموونە بنکەی ئاسنگەری، دروومان. لەم پرۆژانەدا وەستای کارامە لاوانی دەوروبەری خۆی فێری پیشەیەکی دیاریکراو دەکات و پاشان سەرپەرشتی پرۆژەی بەرهەمهێنانیش دەکات. ئاسنگەریی مەخموور و کەرکووک، بنکەی درومانی رزگاری، کەرکووک، شۆڕش نموونەی بەرچاون. لە بنکەی درومانی رزگاریدا ئەمڕۆ- بەهاری ٢٠٠٩ -نزیکەی ٤٠ خانم لەو کارگەیەدا کارا و خاوەن بەرهەمن. لە پرۆژەی بەرهەمهێندا جگە لە بەرهەمی خۆماڵی بۆ خڤتی کوردستان، سوودی ماددی و هەستی سەروەری بۆ تاکەکەس تێدایە.

٥. بەرنامەی راهێزانی لاوان: بەرنامەیەکی گشتگیری فرە رەهەندە، مەبەست لێی بارهێنان و ئامادەکردنی لاوی پێشەنگە لە بواری هەمەجۆردا. لە پایزی ٢٠٠٨ ەوە هەتا ئێستا نێزیکەی ٧٠٠ لاوی سەرانسەری کوردستان بەشداری چەندین خولی جۆراوجۆر بوون. بەشێک لەم خولانە لە لایەن رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبرا بەرێوە و بەشێکیان راستەخۆ لەلایەن بەشی فێرکاریی وەزارەتەوە سەرپەرشتی دەکران. بەهاری ٢٠٠٩ دوازدە مامۆستا و راهێنەری سوێدی بەشداری بەرنامەیەکی دوو هەفتەیی بوون بۆ پێگەیاندنی لاوی پێشەنگ و رێبەری وەزرشی.

٦. پتەوکردنی تۆری پەیوەندی لەنێوان لاوانی کوردستان بەدونیایی هەندەرانەوە. لەم بوارەدا کەسان و سازمانگەلی پسپۆر و دڵسۆز بە تایبەتی لەنێو رەوەندی هەندەراندا - بە سیمینار و وۆرکشۆپ، دەرفەتی گۆڕینەوەی ئەزموون و زانیار خۆش دەکەن. لە دیدار و دانووساندنی وەهادا دەرفەتی فرواندنی هزر و توندکردنی رایەڵی پەیوەندی لەگەڵ جیهاندا ئاواڵەتر دەبێت.



**چالاکی فەرهەنگخانەکان**

٧. دارشتنی نەخشەرێی وەزارەت: بەشی فێرکاریی وەزارەتی وەرزش و لاوان بە فەرمانی وەزیر ڕەشنووسی (نەخشەڕێی لاوان) و (نەخشەڕێی وەرزش)ی دارشت و پاشان بە هاوکاری هەموو لایەنێکی پەیوەندیدار لە کۆنفرانسێکی دوو ڕۆژیدا (١٥ و ١٦) مانگی (٥)ی ساڵی ٢٠٠٨ لە شاری هەولێری پایتەخت ئەم دوو نەخشەڕێیە پاش گفتوگۆ و دەنگدان کرانە پێشنیاری وەزارەتی وەزرش و لاوان بۆ ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ٢٠٠٩/١/٢١ دا نەخشەڕێی وەزارەتی وەک بەشێک لە بەرنامەی کاری حکومەتی هەرێمی کوردستان سەلماند.

گرینگی ئەم دوو نەخشەڕێیە لەم سێ خاڵە دایە:

- شرۆڤەکارییەکی وردە، بە تەکنیکی (بیرۆکە بارانە Brainstorming) کێشەی وەرزش و لاوانی کوردستان دیاری کراون. بە میتۆدێکی ناوداری جیهانی Logical Framework Approach ئەو و هەروەها چارەسەری کێشەکانیش شرۆڤەکراون.
- بەر لە بڕیاردان، هەردوو نەخشەڕێ رادەستی هەموو لایەکی پەیوەندیدار کراوە بۆ کۆکردنەوەی راو سەرنجیان پێکهێنانی رایەکی هاوکۆ دەربارەی هەلومەرجی هەردوو بواری وەرزش و لاوان.
- بەشێوەیەکی دیموکراسیانە لە کۆنفرانسێکی دوو ڕۆژیی کراوەدا یەک بەیەکی خاڵەکانی ئەم دوو نەخشەرێیە و بە ئامادەبوونی هەموو لایەنێکی پەیوەندیدار دەنگیان لەسەر دراوە.

**وتاری وەزیر لە کۆنفرانسی نەخشەڕێی لاوان**

لاوان و گەنجانی هێژا

میوانی بەرێز

سپێدە باش، بەخێرهاتن سەرچاو.

ئەوا دوو ساڵە وەزارەتی وەرزش و لاوان لە خزمەتی ئێوەی هێژادایە، دوو ساڵ ئەزموون کار و هیمەت، هاوکاری و دیدی جیاواز، هەورازونشێو بەڵام ئاراستەی دروست هەموومانی کۆکردۆتەوە.

هەموومان پەرۆشی پێشەرۆژی لاوانی کوردستانین، لاوانی وڵات دەکاتەوە ئێوە: خانمان و پیاوان، شارنشین و گوندنشین، کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، کەسانی خاوەن زاراوە و زمانی تایبەت، پاشخانی فەرهەنگی و دینی تایبەت، ئابووری جیاواز و ...هتد.

لاوان جگە لە تایبەتمەندی، کێشە و خولیای خۆیان هەیە و دەبێت هەموو کاری بۆ بکەین. وەزارەتی وەرزش و لاوان لەم "نەخشەڕێی وەرزش" و نەخشەڕێی لاوان"دا کۆکردۆتەوە و پێشکەشی هەموو لایەنێکی پەیوەندیداری کردووە، لەم کارەدا مەبەستێکی زۆر روونی هەبوو:

١- تۆمارکردنی ئەزموونی کار لە دۆکیومێنتێکی کە لێرەدا بۆ کەسانی دیکەی سبەی کار لەم بوارەدا دەکەن بۆ مێژوو.

٢- کۆکردنەوەی ڕای ئێوەی پەیوەندیدار بۆ رەنگرێژکردنی نەخشەڕێی سبەی ڕۆژ ئەمڕۆ دەبێتە رایەکی هاوکۆی میللی.

٣- ئەم نەخشەرێ هاوکۆکە وەک پێشنیار دەدرێتە کابینەی شەشەم، گەر سەلمێندرا دەبێتە سیاسەتێکی گەلێر public policy و پیادەکردنی دەبێتە ئەرکی هەمووان.

کۆکردنەوەی هێزی لاوان لەپەناو پەسێوی باتوفە و شەنگالەوە هەتا کوچە و کۆڵانی کفری و خانەقین کارێکی ئاسان نیە بەڵام نەکردنی ماڵوێرانی هەژەندە.
ئێمە خاوەن فەرهەنگێکی هەمەڕەنگ و هەمەئاوازین. هونەر لەوە دایە لە بلاّی خانی و جزیری، نالّی و سالم و کوردیەوە ، لە بەدرخان و جەلیزادانەوە رووەو دنیای زانست و هونەری هاوچەرخ ڕێ بکەین دووبەرکی ناکۆکی و دوورە پەرێزی دەردمان دەرمان ناکات ئەم ئەرکە بۆ ئێمەی جەوانی سەردەم جەوانی کوردستانی ئازاد دەستە بەر دەبێت.
فەرهەنگی دێمۆکراسی دیدەگەش و نیگاڕوونە، سنگ فراوانە فەرهەنگی توتالیتاری فاشیستانە هێندە وێرانکار و توندڕەوە بوونی میللەتێکی فرە ملیۆنی وەک کورد ناسەلمێنێت، زمان و زاراوەکانی کوردستانی لێ دەبێتە کێشە، دەست دەخاتە گەروومان زمانمان دەبڕێ و خۆی دەکاتە مێردەزەمەی لێک ترازان پەرتەوازەبوون و دوژمنایەتی.
وەزارەتی وەرزش و لاوان بەرانبەر مێژوو لە هەربوارێکی پەیوەند بەلاوانەوە خۆی بە بەرپرس دەزانێت هەژاری و بێکاری و کزیی ئاستی فێرکاری کۆچی ناقانوونی کێشەی نیشتەجێ بوون و کزیی دیموکراسی بەمیتۆدێکی ناوداری جیهانی شرۆڤە کراون و چارەسەریان بۆ دارێژراوە.
گەر پرۆسەی دیموکراسی لە کوردستان بەهێز بێت و لاوان تێیدا چالاکانە بەشداربن ڕەوتی گۆرانکاریی و پێشڤەچوویان جۆرێکی دیکە دەبێت. لە جڤاتی دیموکراتیدا بڕیاری نادروست کەمتر دەرفەتی بۆ دەرەخسێ. ڕاهێنانی دیموکراسی ئەرکی هەمووانە پێشەرۆژی ئێوە و نیوەی ئێوە و هەموو کوردستان لە دەست ئێوە دایە بەشداریتان دونیا دەگۆڕێت ئێوەن ئەندازیاری سبەی ڕۆژ وەرن ئەمڕۆ لەم کۆنفرانسەدا نەخشەڕێیەک بهێنینە بەرهەم زادەی هزری وردی بەرژەوەندبین و توانای هەمەڕەنگ بێت.
جیاوازی بیروڕا، ناوچە، پاشخانی ئابووری و فەرهەنگی، زاراوە و دین و تیرە لەسیستەمی دێمۆکراتی دا دەبنە هۆی زەنگینی و ڕەنگینی کۆمەڵگە. سیستەمی خۆسەپێنی یەکنەواز نەک هیچ کێشەیەک چارە ناکات بگرە دەبێتە مایەی گرژی و ناکۆکی .
ئێوە نوێنەری ڕێکخراوی هەمە جۆرن ڕێکخراوی حزبیی و نا حزبیی، حکومەتی و نا حکومەتی و هەروەها فەرهەنگخانەکانی وەزارەتی وەرزش و لاوانن، دید و سەرنجی هەموومان بۆ پێشخستنی ئەم نەخشەڕێیە گرینگە. لە وانەیە شێوازی کۆنفرانسی ئەمڕۆمان کەمێک لاواز بێ لەوەی پێی ڕاهاتووین، گەر هەموو هاوکاربین چوست و کاریگەرە. ماوەیەکە هەمووتان کار لەسەر ئەم دۆکیۆمێنتە دەکەن و ئەمڕۆ ڕۆژی ئەنجام گیری و بڕیارە.
تەنها بۆ ئەوەی ئێوە ئازادانەتر کاری خۆتان بکەن من ماوەیەک بەجێتان دەهێڵم و پاشان دێمەوە لاتان و بەیەکەوە کۆتا بەم مانیفێستە گرنگە دێنین.
سەرکەوتووبن.

# چالاكی فەرهەنگخانەكان

**فەرهەنگخانەی كۆیە**

- لە ٢٠٠٧/١٢/٢٦ دەست كرا بەكردنەوەی خولیكی تۆپی پی بۆ ١٦ گرووپی زانكۆی كۆیە كە ماوەی چوار مانگی خایاند.

- لە ٢٠٠٨/٢/١٣ كردنەوەی پێشانگەیەكی شێوەكاری بۆ ٢ شێوەكار هەوراز رفیق و هاوكار فریاد لە هۆڵی ئەندازیاری زانكۆی كۆیە بەئامادەبوونی سەرۆكی زانكۆیی كۆیە لەلایەن گەنجییكی كوڕ و كچێكی عاشق پێشانگەكە كرایەوە.

- لە ٢٠٠٨/٢/١٤ سازدانی فێستیڤاڵی ڤالانتاین لە كۆیە بە هاوكاری (كۆمپانیای زۆزگ و سەنتەری رۆشنگەری حاجی قادر و بنەماڵەی سید برایم زانكۆی كۆیە و بنكەی ئەدەبی و روناكبیری گەلاویژ ) كە ماوەی دوو رۆژی خایاند و فێستیڤاڵەكە بریتی بوو لە (سازدانی كۆنسێرتی مۆسقا و گۆرانی بۆ گرووپی نالی.

- لە ٢٠٠٨/٢/١٤ دابەشكردنی (٧٠٠) گوڵ بەسەر گەنجانی كۆیە.

- لە ٢٠٠٨/٣/١ كردنەوەی خولی كۆمپیوتەر بۆ ١٧ مامۆستای بنەڕەتی لەسەر پرۆگرامی كۆمپیوتەر بۆ ماوەی مانگێک.

- لە ٢٠٠٨/٤/٤ بەشداری فێستیڤاڵی لاوان تایبەت بە كەمكردنەوەی تەمەنی پەرلەمانتاری بۆ پشگیری لە گەنجانی تەمەن ٢٥ ساڵ بەرەو پەرلەمان لە پاركی ئازادی سلێمانی كە بەپێشانگەی شێوەكاری و رادیۆی گەنجان و پێشانگەی كاری بەردی لەخۆ گرتبو.

- لە ٢٠٠٨/٥/٢١ كۆكردنەوەی ٢٥ گەنجی كوڕ و كچ لە فەرهەنگخانە و ناو نووسكردنیان بۆ ماوەی ٤ كاتژمێر راهێنانیان لەسەر چۆنیەتی چاودێری كردن لە رۆژی هەڵبژاردنی پارێزگەكان بەهاوكاری



چالاكی فەرهەنگخانەكان

ڕێکخراوی PAO کە تایبەت بوون بە فەرهەنگخانە.
- لە ٢٠٠٨/٧/٤ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی کۆمەڵەی گەشەپێدانی خەڵک لە هەولێر لەسەر دەرەنجامی پرۆژەکانیان بۆ گەنج.
- لە ٢٠٠٧/١٠/٢٨ بەشداری کردن بە شانۆییەک لە فێستیڤاڵی کەمکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانتاری لە ٣٠ساڵ بۆ ٢٥ ساڵ کە لەلایەن ڕێکخراوی تواناسازی لاوان و RIIی لە پارکی (سامی عبدالرحمان ) ئەنجامدرا.
- لە ٢٠٠٧/١١/٢٥ بەشداری کردن لە بەرنامەی گەنجینەی کەناڵی ئاسمانی کوردستان، ئەو بەرنامەیە تایبەت بوو بەتوندوتیژی دژی ژنان.
- لە ٢٠٠٧/٩/٠١٢ بەشداریکردن لە کردنەوەی فەهەنگخانەی سلێمانی.
- لە ٢٠٠٨/١/١٠ ئەنجامدانی دیدارێکی تەلەفزیۆنی لەسەر پەیوەندی کچ و دایک لە کۆمەڵگەیی کوردی لە T.V کۆیە.
- ئەنجامدانی کۆڕێکی تایبەت بۆ خاتوو (تیشکە حەمید میرخان) توێژەری کۆمەڵایەتی لە هۆڵی نەجیبەخان لە (٩)ی مارس لەژێر ناوی (ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن سەبارەت بەکێشەی ئافرەتان وەک مەلیک و وەزیر کار دەکەن).
- لە ٢١تا ٢٠٠٩/٦/٢٣ بەشداری کردن لە وۆرک شۆپێک کە لە هەولێر بەرێوە چوو لەسەر ڕۆڵی گەنج و کاریگەری لە کۆمەڵگەدا و هەروەها دروسکردنی تۆربەندی گەنج و چۆنیەتی دروستکردنی.
- لە ٢٠٠٨/٨/٤ کردنەوەی خولی لەش ڕێکی کچان بە بەشداری (٨) کچ.
- سازدانی سێ بەرنامەی ڕادیۆ لە ڕادیۆیی دیموکراسی لەسەر ژن و پێگەی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بۆ خاتو سەمیرە محەمەد لە هەفتەی ژنپارێزیدا.
- لە ٢٠٠٨/١١/٢١ نمایشکردنی شانۆگەری کچێکی وەنەوشەیی لە دەرهێنان و نواندنی فرمێسک مستەفا.
- لە ٢١-٢٢-٢٠٠٨/١١/٢٣ کردنەوەی پێشانگەی کتێب.
- لە ٢٠٠٩/١١/٢٣ بەشداری کردن لە بەرنامەی ڕادیۆی نەوا لەسەر توندوتیژی ئافرەتان.
- لە ٢٠٠٨/١٠/٢٥ لە ڕۆژی ئینگەپارێزیدا ١٠٠ سەبەتەی خاشاکی فەرهەنگخانەی مەخمور بەسەر شەقامەکانی کۆیە دابەشکرا.
- لە ٢٠٠٩/٢/١٤ سازدانی ڕۆژی ڤالانتاین و دابەشکردنی گوڵ بەسەر لاوانی کۆیە و سازدانی کۆڕێکی شیعری بۆ شاعیرانی لاو ڕێدار سابیر و ئازاد کەریم.
- ٢٠٠٩/٤/١٨ سازدانی کۆڕێک بۆ پرۆفیسۆر دکتۆر دلاوەر عەلائەدین لە زانکۆی کۆیە.

**فەرهەنگخانەی چۆمان**

- لە ٢٠٠٨/١/١ سازدانی ئاهەنگی سەری ساڵ لە ئەم ئاهەنگە بەهەماهەنگی تەواوی ئەندامانی گروپی پێگەی باڵەکایەتی بوو کە بەشێکی گرنگ و چالاکی فەرهەنگخانەی چۆمان.
- لە ٢٠٠٨/١/١٠ ڕادیۆی لاوانی چۆمان لەسەر شەپۆلی ٨٨.٥٥ کەوتە پەخش ڕادیۆی لاوانی چۆمان هەر وەک ڕادیۆی لاوانی ڕانیە، کەرکووک و مەخموور مۆدێلێکی هاوچەرخی تایبەتە بەفەرهەنگخانەکانی وەزارەتی وەرزش و لاوان.

- له ٢٠٠٨/٢/١٤ نمایشکردنی فیلمی کوردی هیوا که له وڵاتی سوید بەرهەمهێنراوە.
- له ٢٠٠٨/٢/٢٥ دانانی ٢٠ بیست سەبەتەی خاشاک له لەناو چۆمان بەدرێژایی نێو شاری چۆمان و هەردوو پردی سەر چۆمی چۆمان بەهاوئاهەنگی بنکەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و بەپێی نەخشەی شارەوانی، بە بەشداری ئەندازیاری شارەوانی.
- له ٢٠٠٨/٥/٢٥ هاوکاری کردنی سام دێیگەر- پەیامنێری رۆژنامەی (Christians Science Monitor)ی ئەمریکی کاتێک بۆ سەردانی ئەم دەڤەرە هاتبوونە چۆمان.
- له ٣/١ تاوەکو ٣/٥ ٢٠٠٨ سێ ئامادەکاری بۆ ساڵیادی کرانەوەی خانەی فەرهەنگی چۆمان کرا بەهەڵواسینی سەرجەم کاروچالاکییەکان بەشێوەی وێنە و دۆکیومێنتی نووسراو کە خۆیان لە ٣٥ چالاکی جۆربەجۆردا بینیەوە.
- له ٢٠٠٨/٣/٦ ساڵیادی خانەی فەرهەنگی چۆمان رێورەسمی یادکردنەوەکە راستەخۆ لە رادیۆی لاوانی چۆمانەوە پەخش دەکرا.
- دابەشکردنی خەڵاتی رێزلێنان چەپکە گوڵی رێزلێنان بۆ سەرجەم ئەو بەرێزانەی کە لە ماوەی یەک ساڵەی تەمەنی دەزگاکەدا دڵخوازانە کاریان کردووە هەروەها جلوبەرگی وەرزشی بەسەر ١٠ تیپی لاوان دابەشکران رێورەسمەکە بە ئاهەنگی هەڵپەرکێ کۆتای پێهات.
- هەشتی مارس رۆژی جیهانی ئافرەتان لە رۆژی جیهانی خانماندا بەرنامەیەکی تایبەت لە رادیۆی لاوانی چۆمان و خانمان سازکرا کە تیایدا ئامادەکار و پێشکەشکار (روناک یونس) بەتێروتەسەلی باسی رۆڵی خانمانی لە مێژوودا و هەروەها لە پێشکەوتن و بەمەدەنی بوونی کۆمەڵگەدا کرد. ئەم پرۆگرامە تایبەتە ٣ کاتژمێری خایاند.



**چالاکی فەرهەنگخانەکان**

**فەرهەنگخانەی حاجیاوا**

فەرهەنگخانەی حاجیاوا لە بەرواری ٢٠٠٧/١٢/١٠ لەسەر دەستی ژمارەیەک لەگەنجی کارامە و گورجی ئەمشارە دامەزراوە بە پاڵپشتی وەزارەتی وەرزش و لاوان ئیشکردن لە فەرهەنگخانە خۆبەخشانەیە و هەروەها دیاری کردنی ئەو بوارانەی کاری تێدا دەکرێت بە ویست و ئارەزووی گەنجەکانە بۆ خۆیان بریاردەرن و جێبەجێکارن بوارەکانیش ژنپارێزی، ژینگەپارێزی، فەرهەنگی و سەخڵمییە.

فەرهەنگخانەی حاجیاوە لەو ماوە کورتەی دەست بەکاربوونی توانی ببێتە وێردی سەر زوبانی لاوانی ئەو دەڤەرە بە چالاکییە بەردەوامەکانی کە بریتی بوون لە کردنەوەی وۆرک شۆپ، کۆڕی رۆشنبیری، کردنەوەی خولی کۆمپیوتەر و زمانی ئینگلیزی، ئیشکردن بۆ ژینگەپارێزی گوتنەوەی وانەی ژینگەی و تەندروستی لە خوێندنگە و قوتابخانەکان ئەوجا کردنەوەی خولی دوو چەرخەسواری بۆ ئارەزوومەندانی ئەو شارە تابتوانن سەرکەوتوانی ئەم خولە بەشداری پێشبرکێیەکانی دووچەرخەسواری لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی کوردستان بکەن. کارکردن بۆ پێشکەشکردنی فیلم و کورتە فیلم لە رێگای داتاشۆ هەفتانە یان مانگانە و لەگەڵ بەردەوامبوونی خولەکان بە شێوازی باشتر و فراوانتر بۆ خزمەت کردنی خانمان و لاوانی ئەم شارە.

- لە ٢٠٠٨/١/١ سازدانی ئاهەنگێک بە بۆنەی ساڵی نوێ.
- کردنەوەی خولێکی کۆمپیوتەر بۆ بەرنامەی مایکرۆ سۆفت وۆرد و ویندۆز لە ٢٠٠٧/١٢/٣١ تا ٢٠٠٨/١/١ بەردەوام بوو کە تێیدا ٢٣ قوتابی سوودمەندبوون.
- لە ٢٠٠٨/١/٣١ سازدانی کۆڕێکی رۆشنبیری بۆ شاعیر و رۆژنامەنووس سەدیق عەلی لەژێر ناونیشانی (چۆنیەتی خۆ رۆشنبیرکردنی گەنج)
- لە ٢٠٠٨/٢/١٥ سازدانی کۆڕێک بۆ بەرێوەبەری هاتووچۆیی حاجیاوا (ملازم مەریوان) لەژێر ناونیشانی وشیاری هاتوچۆ.
- لە ٢٠٠٨/٢/٢٩ سازدانی کۆڕێک بۆ بەرێز (لوقمان) بەرپرسی مافی مرۆڤ لە رانیە لەژێر ناونیشانی (مافی مرۆڤ و نەتەوەیەکگرتووەکان)
- لە ٢٠٠٨/٢/٢٢ کۆڕێکی تر سازدرا بۆ بەرێز (حسین اغا) لەژێر ناونیشانی (مافی ئافرەت لە ئاینی ئیسلام).
- لە ٢٠٠٨/٣/٥ دانانی ٢٠ سەبەتەی خاشاک بۆ ناو بازاری حاجیاوا بەهاوکاری شارەوانی حاجیاوا.
- لە ٢٠٠٨/٣/١٠ فەرهەنگخانەی حاجیاوا ١٩ سەبەتەی خاشاکی بۆ قوتابخانەی سەرسیانی سەرەتایی دانا لەگەڵ وتنەوەی چەند وانەیەکی ژینگەیی و تەندروستی بۆ هەریەک لە پۆلەکان.
- لە ٢٠٠٨/٣/٢٥ خولێکی تری کۆمپیوتەر کرایەوە بۆ هەردوو بەرنامەی (مایکرۆسۆفت وۆرد و مایکرۆسۆفت ئیکسڵ) کە تێدا ٢٥ کەس سوودمەندبوون.
- لە ٢٠٠٨/٣/١٦ بۆ بەرز راگرتنی ئەو رۆژە فەرهەنگخانە شانۆگەری (فرمێسکێک بۆ هەڵەبجە) نمایش کرد.
- لە ٢٠٠٨/٣/٢٠ فەرهەنگخانە ئاگری نەورۆز لەسەر شاخی ماکۆک کردەوە.
- لە ٢٠٠٨/٤/٢ کۆڕێک بۆ مامۆستا (زارا) سازدرا لەژێر ناونیشانی توندوتیژی دژ بە ئافرەت.

- لە گرنگترین کارەکانی فەرهەنگخانە هەفتەی ژینگە بوو کە لە ٥ تا ٤/٨ بەردەوام بوو کە تێدا چەند بابەت و کۆڕ و سیمیناری تایبەت بەژینگەپارێزی سازدرا لەگەڵ تەرخانکردنی  رۆژێک بۆ پاکسازی گشتی لە شارۆچکە حاجیاوا.

- بلاّوکردنەوەی پۆستەر دەربارەی ژینگەپارێزی و دیاردەی زەقی دژ بە ژینگە، سازدانی سیمینارێک بۆ پسپۆڕی ژینگە (عەبدول سەمەد محەمەد) دەربارەی چەمکی ژینگەپارێزی پاش نیوەڕۆی هەمان رۆژ لەتەلەفزیۆنی ئازادیەوە بەرنامەیەکی تایبەتیمان بە ژینگە پارێزی پێشکەش کرد.

- سیمینارێک بۆ (مستەفا موارادی) بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر هەروەها پسپۆری ژینگە  (عەبدولسەمەد محەمەد) دەربارەی کۆکردنەوەی پۆلینی خاشاک لە شارەکاندا لێرەدا چۆنیەتی بەکارهێنانی خاشاکدان لە ئەڵمانیا و ئاوەڕۆی کۆریا بەر لەوەی برژێتە رووبارەکانەوە بەفیلم  باسکرا .

- لە ٢٠٠٨/٥/٨ فەرهەنگخانەی هاوکاری رێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنی CDO کرد کە بەهاوکاری رێکخراوی NDI ئەمریکی بۆ سازدانی وۆرک شۆپێک دەربارەی بەشداری سیاسی ژنان و گەنجان.

- لە ٢٠٠٨/٦/٩ تا ٢٠٠٨/٧/٩ خولێک بۆ زمانی ئینگلیزی و خولێک بۆ کۆمپیوتەر کرایەوە کە زیاتر لە ٦٠ فێرخواز بەشدار بوون.

- لە ٢٠٠٨/٦/١٠ سازادانی کۆڕێکی کراوە بۆ کۆمەڵێک لە رۆشنبیران و زانایانی ئاینی لەبارەی زۆربوونی رێژەی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری.

- لە ٢٠٠٨/٦/٢٨ فەرهەنگخانەی حاجیاوا کۆڕێکی کراوە بۆ زیاتر لە٣٥ مامۆستای ئاینی سازکرد دەربارەی رێژەی کوشتنی ئافرەتان لە ناوچەکەمان و لە کۆتایدا ئیدانەی کەسانەیان کرد کە توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بەکاردەهێنن بەناوی ئیسلام.

- لە ٢٠٠٨/٨/١٠ ئەم خولانە کراوەتەوە (مایکرۆسۆفت وۆرد، ئیکسڵ) چۆنیەتی فۆرماتکردنەوەی کۆمپیوتەر کە تا ٢٠٠٨/٩/٢ بەردەوام بوو.

- لە ٢٠٠٨/٨/١٦ فەرهەنگخانە کۆڕێکی کراوەی بۆ هەموو رێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنانی دەڤەرەکەمان سازکرد لەبارەی زۆربوونی رێژەی توندوتیژی.

- لە ٢٠٠٨/١٠/٢٥ فەرهەنگخانە بەهاوکاری شارەوانی دەستی کرد بە هەڵمەتی چاندنی نەمام لە حاجیاوا.

- لە ٢٠٠٨/١١/١٩ لە یەکەم رۆژی هەڵمەتی ژنپارێزی فەرهەنگخانە لەگەڵ کۆمەڵێک لە زانایانی ئاینی کۆبوەوە دەربارەی کوشتنی ژنان و بە هەموو شێوەیەک ژن کوشتن حەرام کراوە لە ٢٠٠٨/١١/٢٣ هەر لە هەفتەی ژنپارێزی کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە بۆ سێ لاوی دەڤەرەکەمان سازدرا.

- لە کۆتایی ساڵدا فەرهەنگخانەی حاجیاوا چالاکانە بەشداری (بەرنامەی راهێزانی لاوان)ی کرد کە بەرنامەیەکی هاوبەشی وەزارەتی وەرزش و لاوان لەگەڵ ٤ رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ پێگەیاندنی ٢٠٠ لاوی پێشەنگ لە چەندین بواری هەمە جۆردا.

**فەرهەنگخانەی ژاراوە**

لە هاوینی ٢٠٠٧ ەوە فەرهەنگخانەی ژاراوە دامەزراوە هۆڵی کتێبخانە، کۆمپیوتەری تێدایە کە بە بەردەوامی لاوان سەردانمان دەکەن لە ماوەی ساڵی رابردوودا چەندین چالاکی جۆراوجۆرمان هەبووە لەدەڤەرەکەماندا، لەوانە:

- خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین بۆ بۆمبارانکردنی ناوچە سنوورییەکانی ژاراوە و دەروبەری لە لایەن ئێرانەوە.
- هەڵمەتی پاکسازی بۆ ناوچەکە و دابینکردنی سەتڵی خاشاک بۆ شارۆچکەکەمان.
- کردنەوەی خولی کۆمپیوتەر بۆ لاوەکانی ژاراوە کە تێیدا ١٤ قوتابی بەشداربوون و ماوەی خولەکە ١٢ رۆژ بوو.
- کردنەوەی خولێکی تێنس بۆ ١٦ لاو، خولەکە هەفتەیەکی خایاند.
- سازدانی وۆرکشۆپێک بۆ خاتوو چۆمان هەردی لەژێر ناونیشانی هونەری نووسینی شیعر.
- سازدانی کۆڕێکی رۆشنبیری بۆ مامۆستا هیوا قادر لەژێر ناونیشانی خۆ بەرۆشنبیرکردن.
- بەشداری کردن لە مەراسیمی خەڵاتی ژنپارێزی.
- نۆژەنکردنەوەی هۆڵی فێرگەی دواناوەندی لە ژاراوە، بەمەبەستی بەکارهێنانی وەک شانۆ، تاقیگە.
- کردنەوەی خولێکی شەترەنج بە بەشداری ٢٠ یاریزان .

**فەرهەنگخانەی مەخموور**

دانانی رادیۆی لاوانی مەخموور لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨وە رۆژانە نزیکەی ١٣ سەعات بەرنامەی هەمەرەنگ پەخش دەکات ئەم رادیۆیەش وەک هەموو رادیۆکانی وەزارەتی وەرزش و لاوان دڵخواز (خۆبەخش)انە و ئازادانە لەلایەن لاوانی ئەو دەڤەرە دەبرێت بەڕێوە.

رادیۆی لاوانی مەخموور لەسەر شەپۆلی ٩٠.٠ FM رۆژانە لە سەعات ٨-١٣ و پاشان١٤-٢١ پەخشی هەیە.

**فەرهەنگخانەی هەڵەبجە**

فەرهەنگخانەی هەڵەبجە بریتیە لە:

١. هۆڵی داتاکاری.
٢. هۆڵی وەرزش / ئاسنبازی.
٣. هۆڵی مافور چنین.
٤. هۆڵی خولی جۆراوجۆر.
٥. کارەبازێ (جەنێتەر) ی ٥٠ کەیڤی

چالاکییەکانی خانەی فێرکاری لاوانی هەڵەبجە

- لە ٢٠٠٨/١١/٢٥ هەڵمەتی پاککردنەوەی شاری هەڵەبجە و ناشتنی ١٠٠٠ نەمام لە رۆژی ژینگەی جیهانیدا بەهاوکاری شارەوانی هەڵەبجە.
- لە ٢٠٠٨/١١/١٥ سازدانی خولێکی داتاکاری بۆ نزیکەی ٢٠ لە کچان و لەکوڕانی شاری هەڵەبجە.
- سازدانی کۆبونەوەیەکی فراوان لەگەڵ رێکخراوی PDAنەرویژی سەبارەت بە چالاکییە هەمەجۆرەکانی بواری لاوان لە دەڤەری هەڵەبجە.
- لە ٢٠٠٨/١١/١٠ کردنەوەی هۆڵی وەرزشی لە فەرهەنگخانەی هەڵەبجە خانمان.
- لە ٢٠٠٨/١١/٢٠ لە هەفتەی ژنپارێزیدا سازدانی پێشبرکێیەکی ٢ کلم بۆ کچانی هەڵەبجە و دابەشکردنی خەڵات.

- له ٢٠٠٨/١١/٢٣ پێشانگایەکی شێوەکاری بۆ خاتوو ئامینە بەنمایشی ٢٥ تابلۆی هەمەرەنگ کە گوزارشیان لە چەوساندنەوە و رەوشی ژنان دەکرد لە کوردستاندا.
- لە ٢٠٠٧/١١/١٤ خانەی فێرکاری هەڵەبجە هەڵمەتێکی پاککردنەوەی شاری هەڵەبجە بۆ جاری دووەم دەستی پێکردەوە بە هاوکاری قوتابخانەکانی ناوەندی هەڵەبجەی کچان قوتابخانە سەرەتاییەکان بەسەدەها کوڕ و کچی لاوی ئەو شارە بەدەستکێش و کیسەی خاشاکەوە کەوتنە پاککردنەوەی شاری هەڵەبجە.

**فەرهەنگخانەی کەرکووک**

- لە ٢٣ و ٢٠٠٨/١١/٢٤ بە هاوکاری رێکخراوی سۆڵیدارێتی و رێکخراوی کۆمەک و سەنتەری گەنجانی کەرکووک دوو وۆرک شۆپ هاتنە ئەنجام بۆ ٤١ لاوی شاری کەرکووک رۆژی یەکەم ٣٢ بەشداربوو و رۆژی دووەم ١٩ بەشدار بوو و تایبەت بوون بە مافی مرۆڤ بەتایبەتی مافی خانمان و ئەرک و رۆڵی خانمان لەنێو جفاتی کوردیدا بەتایبەت لەشاری کەرکووک.
- لە رێکەوتی ٢٠٠٨/١١/٢٥ بەهاوکاری هەمان ئەو رێکخراوانەی سەرەوە باس کران ماراسۆنێک سازکرا بۆ ٤٢ لاوی شاری کەرکووک بۆ دەروازەی شاری کەرکووک لەهەردوو زایەند و لەناوچەی چیمەنی شاری کەرکووک بۆ دەروازەی شاری کەرکووک.
- لە ٢١ ساڵیادی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە بۆ بەرز راگرتنی ئەم یادە هەردوو فەرهەنگخانەی کەرکووک و هەڵەبجە چالاکییەکی هاوبەشیان نواند وبریتی بوو لە نمایش کردنی فیلمێکی دیکیومێنتی لەم فیلمەدا چەند دیمەنێکی هەڵەبجەی ساڵانی ١٩٨٨ بەراورد دەکرێت بە ئەم رۆژگارەی ٢٠٠٩ مەبەست پێشاندانی رەوتی گەشەی هەڵەبجەیە لەماوەی ئەم ٢١ ساڵە.



خولی ڕاهێزانی لاوان

- له ٥/٤/٢٠٠٨ تا١١/١١/٢٠٠٨ له پێنج خولی تایبەت نزیکەی ٣٩ خانمی چەند ناوچەیەکی شاری کەرکووک فێری هونەری درومان کران ئەمە وەک هەنگاوی یەکەمی ئەم پرۆگرامە تایبەتە کۆتای پێهات و هەنگاوی دووەم خستنە کاری ئەم خانمانەیە لە چەمەرەی بەرنامەیەکی دیکە چەند هونەرێکی دیکەی وەک چنین و رستن و چەند کارێکی دەستی دیکە و بەتەواوبوونی ئەم قۆناغە پرۆگرامی سێیەم و کۆتایی دەست پێدەکات وەک وێنای ئێمە بۆ خانمانی شاری کەرکووک ئەم قۆناغە گرنگترین قۆناغە و بەدروستکردنی کارگەیەکی تایبەت بەو کارانەی سەرەوە لەخۆ دەگرێت و شوێنێک دەبێت بۆ رەخساندنی دەرفەتی کار و بازاڕێک بۆ فرۆشتنی بەرهەمیان ئەمە لەلایەک و لەلایەکی دیکە وەرگرتنی بەرهەمی ئەو خانمانەی ناتوانن خۆیان بیبەنە ئەم کارگەیە، لە ماڵەکانی خۆیان ئەم کارە ئەنجام دەدەن لە رێگەی ئەم کارگەیەوە بتوانن کارو بەرهەمەکانیان بگەیێنن بە بازاڕەکانی کوردستان.

**فەرهەنگخانەی قەڵادزێ**

- له ٢٣-٧-٢٠٠٨ کۆڕێک لەژێر ناوونیشانی (کۆمەڵگەی کوردی لەسایەی بەهای دادپەروەریدا) بۆ بەڕێز رووناکبیری شاری سلێمانی (فاروق ئەحمەد) سازکرا.
- له ٣٠-٧-٢٠٠٨ کۆڕێک بۆ بەڕێز مامۆستای دەروونناسی (بەختیار ئەحمەد) بوو لەژێر ناونیشانی (کۆمەڵگەی کوردی لەنێوان هەر دوو چەمکی شەرم وشەرمۆکیدا).
- له ٣-٨-٢٠٠٨ کۆڕێکی نوکتە ئامێز بۆ بەڕێز (خالید ناشناڵ).
- له ٦-٨-٢٠٠٨ کۆڕێک بۆ بەڕێز (نیگار حەمە عەلی) چالاکوانی بواری مافەکانی ئافرەتان لەژێر ناونیشانی (غیابی ئافرەت لە پرۆسەی سیاسی کوردیدا).
- له ٢٠-٨-٢٠٠٨ کۆڕێک بۆ بەڕێز (هاوکار محەمەد) لەژێر ناونیشانی (دەق لەژێر ساباتی کلاسیزم و رۆمانسیزم)دا
- له ٥-٧-٢٠٠٨ ئێوارە دیالۆگێک لەژێر ناونیشانی (گەنج لەبەردەم پرۆسەی لاوازی خوێندنەوەدا).
- له ١٢-٧-٢٠٠٨ ئێوارە دیالۆگێک لەژێر ناونیشانی (گەنج و بەهای ئینتما بۆ دەسەڵات).
- له ١٩-٧-٢٠٠٨ ئێوارە دیالۆگێک لەژێر ناونیشانی(ئاین و سیاسەت).
- له ٢٦-٧-٢٠٠٨ ئێوارە دیالۆگێک لەسەر بەشی دووەمی (ئاین و سیاسەت).
- له ٢-٨-٢٠٠٨ ئێوارە دیالۆگێک لەژێر ناونیشانی (گەنج لەبەر دەم پرۆسەی هاوسەرگیریدا).
- له ٩-٨-٢٠٠٨ ئێوارە دیالۆگێک لەژێر ناونیشانی (دەسەڵاتی کوردی و گرفتەکانی شەقامی کوردی) و دیالۆگ بە ئامادەبوونی بەرپرسی ناوچەی قەڵادزێی پارتی دیموکراتی کوردستان.
- له ١٦-٨-٢٠٠٨ ئێوارە دیالۆگێک لەژێر ناونیشانی(دیموکراسیەتی کۆمەڵگەی کوردی) و دیالۆگ بەئامادەبوونی بەرپرسی بەشی رووناکبیری مەڵبەندی ٢٤ یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو.
- له ٢٣-٨-٢٠٠٨ ئێوارە دیالۆگێک لەژێر ناونیشانی (ئیسلام و بەهای ئازادی) و دیالۆگ بەئامادەبوونی نوێنەری کۆمەڵەی ئیسلامی کوردستان.
- له ١٥-٧-٢٠٠٨ بۆ ٣٠-٧-٢٠٠٨ کردنەوەی خولێکی کۆمپیوتەر بۆ هەردوو سیستەمی ویندۆز و بەرنامەی وۆرد.
- له ٢٠-٨-٢٠٠٨ تاکو ٣٠-٨-٢٠٠٨ کردنەوەی خولێکی خۆشنووسین.

- له ١٨-٨-٢٠٠٨ تاكو ٢٨-٨-٢٠٠٨ كردنەوەی خولێكی كۆمپیوتەر بۆ هەردوو بەرنامەی میدیا ستۆدیۆ و فۆتۆشۆپ.
- له ١٥-٨-٢٠٠٨ تاكو ٢٢-٨-٢٠٠٨ كردنەوەی خولێكی شەترەنج.
- له ١٢-٨-٢٠٠٨ كردنەوەی ماراسۆنێك بۆ ٤٤ گەنجی شاری قەڵادزێ بۆ ڕاكردنی ماوەی ٦ كیلۆمەتر.
- له ١٥-٨-٢٠٠٨ ئامادەكردنی پێشبڕكێیەكی كتێب خوێندنەوە و ڕاپۆرت نووسین بۆ ٣ كتێب لەسەر یەكێك لەبوارەكانی فكر و فەلسەفە و سیاسەت و دەروونناسی و مێژوو و ئاین و دەستی پێكرد و بۆ ماوەی یەک مانگ بەردەوام بوو.
- له ٢٠٠٧/٩/١ پرۆژەی (بەرەو زانكۆ) له شاری سلێمانی، هۆڵەكانی پرۆفیسۆر (كەمال خۆشناو)، كەوتە كار. ئەم پرۆژەیە بیرۆكە و بەرهەمی خوێندكار (هەڵگورد سالح) بوو، بە پشتیوانی وەزارەتی وەرزش و لاوان و فەرهەنگخانەی سلێمانی و بەسەرپەرشتی سەرۆكایەتی زانكۆی سلێمانی بۆ ماوەی ١٣ ڕۆژ پیادە كرا. بەشداربووانی ئەم پرۆژەیە خوێندكارانی دەرچووی قۆناغی شەشەمی ئامادەیین، كە چاوەڕوانی دەرچوونی ئەنجامی وەرگرتنیان دەكەن لە زانكۆ و پەیمانگاكان، ژمارەی بەشداربووان ١٢٠ خوێندكاربوو.
- له ٢٠٠٨/١٠/١٠ سازدانی وۆركشۆپێک بە هاوكاری سەنتەری گەشەپێدانی چالاكی لاوان لەژێر ناونیشانی (مادده هۆشبەركان و زیانەكانی) بۆ سەرجەم كۆمەڵگەكانی مەدەنی لە سنوورەكەدا.
- ناشتنی ٦٠٠ نەمام لە باخچە و شوێنە گشتییەكانی قەزای هەڵەبجەی تازە بە هاوكاری شارەوانی شارەزوور.
- له ٢٠٠٨/١٠/٢٥ دابەشكردنی ٤٠٠ نەمام بەسەر خوێندنگا و ماڵەكاندا.




**ڕاگەیاندنی بەرنامەی ڕاهێزانی لاوان**

- له ٢٠٠٨/١٠/٣١ سازدانی وۆرکشۆپێک به هاوکاری ڕێکخراوی CSI لەژێر ناونیشانی (یاساکانی هەڵبژاردن) بۆ سەرجەم ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە سنوورەکەدا.
- له ٢٠٠٨/١١/١ تاکو ٢٠٠٨/١١/١٥ کردنەوەی دوو خولی داتاکاری بۆ بەرنامەکانی ئینتەرنێت، مایکرۆسۆفت وۆرد بۆ سەرجەم فێرخوازانی سنوورەکە.
- له ٢٠٠٨/١١/١٩ هەڵمەتی هەڵواسینی پۆستەر لە سەرجەم فەرمانگە و شوێنە گشتیەکانی قەزای شارەزوور دەستی پێکرد دەربارەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بوو.
- کردنەوەی خولێکی ئارایشت بە بەشداری ٢٥ خانم سنورەکە و دەوروبەری بە سەر پەرشتی مامۆستای پسپۆر لە بوارەکەدا و ماوەی ٣ مانگ دەخایەنێت.
- کردنەوەی خولی بەرگدرووی بۆ ٢٠ خانمی سنورەکە کە ماوەی مانگێکی خایاند. /
- هەڵمەتی دانانی سەتڵی خۆڵ و خاشاک لە دوو باخچەی قەزای شارەزوور کە سەرجەمیان لەلایەن خانمانەوە دانران
- له ٢٠٠٨/١١/٢٢ کردنەوەی دوو خولی کۆمپیوتەر بۆ بەرنامەکانی (مایکرۆسۆفت، ۆرد، ئێکسل).
- له ٢٠٠٨/١١/٢٠ کردنەوەی دوو خولی کۆمپیوتەر تایبەت بۆ منداڵانی تەمەن (١٠تا١٢)ساڵ بۆ پرۆگرامەکانی (ویندۆز، مایکرۆسۆفت، وۆرد).

**فەرهەنگخانەی شارەزوور**

- له ٢٠٠٨/٧/١ تا٢٠٠٨/٧/١٥ کردنەوەی خولی داتاکاری بۆ خانمان بەشداری ١٨ خانمی دەڤەری شارەزوور بابەتی خولەکە وۆرد و ئۆفیس بەگشتی.
- له ٢٠٠٨/٧/١٠ تا ٢٠٠٨/٧/٢٥ کردنەوەی خولی داتاکاری تێکەڵ بۆ کوڕان کچان، بابەتی خولەکە (وۆرد، ئێکسل، ئۆفیس) بەگشتی.
- له ٢٠٠٨/٧/١٠ تاکو ٢٠٠٨/٧/٢٠ کردنەوەی خولی زمانی ئینگلیزی بۆ زیاتر ٢٠ بەشداربووی کور و کچ.
- له ٢٠٠٨/٧/٦/تا٢٠٠٨/٧/٢٠ کردنەوەی خولێکی پێشبڕکیی تۆپی سەرمێز بۆ لاوانی دەڤەری شارەزوور.
- له ٢٠٠٨/٧/٦ تا٢٠٠٨/٧/٢٠ کردنەوەی خولێکی پێشبڕکیی شەترەنج بۆ ١٠ لاوی دەڤەری شارەزوور.
- دابەشکردنی جلوبەرگی وەرزشی بەسەر تیپە میلییەکانی (شێروانە، کازیوە، پیرانی خانەنشینکراوەکان) وەکو ڕێز لە توانی وەرزشی و ساخڵەمی گەنجانی دەڤەرەکە و هاندانیان بۆ پێشکەوتنی بواری وەرزشی.
- له ٢٠٠٨/٨/١٣ تا ٢٠٠٨/٨/١٩ سازدانی پێشانگای کتێب بۆ زیاتر لە ٨٠٠٠ کتێبی هەمەجۆر، لە فەرهەنگخانەی شارەزوور، لەم پێشانگایەدا زیاتر لە ١٣٠٠ بابەتی هەمەجۆری لەخۆی گرتبوو، ئەم پێشانگایە بە هاوکاری زۆربەی دەزگا و چاپخانەکانی کوردستان بەرێوەچوو، وەکو(دەزگای ئاراس، موکریان، سەردەم، چاپخانەی چوارچرا، چاپخانەی ڕێنما، دەزگای سمۆرەی منداڵان، دەزگای وەرگێران، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، دەزگای یارا، دەزگای تیشک، نێوەندی ئارام، چاپخانەی شڤان).
- له ٢٠٠٨/١/١٥ تا ٢٠٠٨/٢/١٠ کردنەوەی خولێکی بەرگدووری بە بەشداری ٣٠ خانم کە تیایدا بڕوانامەی سەرکەوتووی درایە خانمانی سەرکەوتوو لە خولەکەدا.

- له ٢٠٠٧/١/١٧ تا ٢٠٠٨/٢/٩ كردنه‌وی دوو خولی كۆمپیوته‌ر بۆ پرۆگرامی (مایكرۆسۆفت وۆرد) به به‌شداری ٦٠ كوڕ و كچی لاوی شاره‌زوور، كه تیادا بڕوانامه درایه سه‌رجه‌م سه‌ركه‌وتووانی خوله‌كه.
- له ٢٠٠٨/١/٢٠تا ٢٠٠٨/٢/٢٠ كردنه‌وه‌ی خولێكی زمانی ئینگلیزی به به‌شداری ٣٠ جه‌وانی ئه‌م ده‌ڤه‌ره.
- له ٢٠٠٨/٢/١٨ كردنه‌وه‌ی وۆركشۆپێكی یه‌ک ڕۆژه به هاوكاری (به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی مافی مرۆڤ له شاره‌زوور) به‌هه‌ماهه‌نگی (به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی نه‌هێشتنی توندوتیژی دژی ژنان)ی وه‌زاره‌تی ناوه‌خۆ بۆ سه‌رجه‌م دام ودەزگا حكومی و حزبی و ڕێكخراوه‌كانی كۆمه‌ڵگه‌ی مه‌ده‌نی.
- له ٢٠٠٨/٢/١٩ سازدانی سیمینارێک بۆ ڕێكخراوی (كۆنكۆردیان) سه‌باره‌ت به‌جاڕی گه‌ردوونی مافی مرۆڤ.
- نمایشكردنی فیلمی سینه‌مایی هه‌فتانه، فیلمه‌كان باس له كێشه كۆمه‌لایه‌تییه‌كان و سه‌رجه‌م فیلمه‌كان خواستێكی زۆری لاوانی له‌سه‌ره، جێگه‌ی ده‌ستخۆشی سه‌رجه‌م ئاماده‌بووانه.

**فه‌رهه‌نگخانه‌ی دهۆک**

ڕۆژی هه‌ینی ٢٠٠٩/١/٢٣ شاندێكی وه‌زاره‌تی وه‌رزش و لاوان سه‌ردانی ده‌ڤه‌ری دهۆكیان كرد به‌مه‌به‌ستی به‌سه‌ركردنه‌وه‌ی فه‌رهه‌نگخانه‌كان و ده‌ستپێكی كار بۆ پیاده‌كردنی نه‌خشه‌ڕێی لاوان. جێی ئاماژه‌یه نه‌خشه‌ڕێی لاوان له‌به‌هاری ٢٠٠٨ دا له‌لایه‌ن وه‌زاره‌ته‌وه دارێژرا، پاش پرس و ڕا به لایه‌نه‌كانی په‌یوه‌ندیدار، له مانگی ٥/ ٢٠٠٨ له كۆنفرانسێكی به‌رفراواندا كۆكرایه‌وه و ئه‌وجا ڕۆژی ٢٠٠٩/١/٢١ هاته سه‌لماندن و بڕیاردرا ببێته به‌شێک له‌به‌رنامه‌ی كاری حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان له‌م سه‌ردانه‌دا بڕیاردرا (بۆردی فه‌رهه‌نگخانه‌ی دهۆک) وه‌ک یه‌كه‌م هه‌نگاو به‌ره‌و پێكهێنانی بۆردێكی سه‌رانسه‌ری بۆ هه‌موو فه‌رهه‌نگخانه‌كان كه خاڵێكی نه‌خشه‌ڕێیه- له نوێنه‌رانی فه‌رهه‌نگخانه‌ی دهۆک ( شاریا، ئامێدی، باتوفه) بێته دامه‌زراندن. ئه‌ركی ئه‌م بۆرده دووخاڵه

١. هاوئاهانگی و ڕێكخستنی كاروباری نێو خۆی فه‌رهه‌نگخانه‌كانی ده‌ڤه‌ری دهۆک.
٢. پته‌وكردنی په‌یوه‌ندییه له ده‌ڤه‌ری دهۆک له‌گه‌ڵ لایه‌ن و ده‌زگای په‌یوه‌ندار بۆ پیاده‌كردنی نه‌خشه‌ڕێ.

خاڵی دووه‌می ئه‌م سه‌ردانه دیدار بوو و له‌گه‌ڵ لاوانی به‌شدار له(به‌رنامه‌ی ڕاهێزانی لاوان) دا. ئه‌م به‌رنامه‌ی له پاییزی ٢٠٠٨ كه‌وته كار بۆ ئاماده كردن و بارهێنانی نیزیكه‌ی ٢٠٠ لاوی پێشه‌نگ له چه‌ندین وبوار و چه‌ندین ده‌ڤه‌ردا له‌م جفینه‌دا به‌شدار بووانی به‌رنامه ڕاوێژیان ده‌رباره‌ی شاخاڵی كاروباری خۆیان كردوو بڕیاردرا هه‌تا ڕۆژی ٢٠٠٨/٢/١٥ هه‌ر ته‌وه‌رێک ڕاپۆرتی كاری خۆی ئاماده‌بكات. پاشان كاروباری فه‌رهه‌نگخانه‌ی لاوان و ڕادیۆی لاوانی دهۆک له‌گه‌ڵ ستافی فه‌رهه‌نگخانه‌ی كه‌ی دهۆک به‌سه‌ركرایه‌وه.ئه‌م ڕادیۆیه له‌٢٠٠٨/٩/١ ڕۆژانه له ٢ ی پاشنیوڕۆوه هه‌تا ٩ شه‌و له‌شه‌پۆلی ١٠٥ FM په‌خش ده‌كات. به‌رنامه‌ی كاری نیوه‌ی یه‌كه‌می ساڵی ٢٠٠٩ تاوتوێكرا. به‌مه‌به‌ستی كاركردن له كێشه‌ی یه‌كه‌می نه‌خشه‌ڕێ كه( هه‌ژاری و بێكارییه) بڕیاردرا له‌ماوه‌ی یه‌ک مانگدا هۆڵی ئاسنبازی وه‌ک پرۆژه‌یه‌كی به‌رهه‌م هێن- له‌سه‌ر مۆدێلی هۆڵی ئاسنبازی ره‌حیماوه‌ی فه‌رهه‌نگخانه‌ی كه‌ركوک- بێته دامه‌زراندن. جێی خۆیه‌تی ڕوونی بكه‌ینه‌وه كه‌به‌شی هه‌ره زۆری ئامێره‌كانی ئه‌م هۆڵه له‌كارگه‌ی ئاسنگه‌ری لاوانی كه‌ركوک سه‌ربه‌فه‌رهه‌نگخانه‌ی كه‌ركوک، دروست كراون.هه‌نگاوی دووه‌می فه‌رهه‌نگخانه‌ی دهۆک له‌م مانگه‌دا دروستكردنی بنكه‌یه‌كی ئاسنگه‌ری و دارتاشی لاوانه.كه‌ل و په‌لی ئه‌م دوو كارگه‌یه ئاماده‌یه

ماوەتەوە ڕێکخستنی جێ و پێکهاتن لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەم بنکەیە مەرجی فەرهەنگخانە ئەوەیە لەتەک بەرهەمهێناندا بنکەیەکی فێرکاری بێت بۆ لاوانی ئارەزوومەند. بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندی بەوەستایەکی ئاسنگەری لاو گیراو هەنگاوی یەکەم دەدا شەو سەردانی فەرهەنگخانەی شاریا کراو لەوێش باس لەکاروباری لاوان و بەرنامەی کار هاتە پێش. فەرهەنگخانەی شاریا خاوەنی رادیۆی خۆیەتی . رۆژانە لەسەر شەپۆلی ١٠٦ FM لە سێ پاش نیوەڕۆ هەتا ٩ شەو پەخشی هەیە. شاریا کۆمەڵگەیەکی یەزیدی نشینە و ئەم رادیۆیە سەکۆیەکی ئازادە بۆ لاوانی یەزیدی کوردستان کە لێوەی گەشە بە فەرهەنگی دێرینی خۆیان بدەن و پێگەی خۆیان لەسەر پرۆسەی دیموکراتیدا پتەو بکەن. لە کۆتای ئەم سەردانەدا پەیامنێری رۆژنامەی(ئەڤرۆ) دیدارێکی دەربارەی نەخشەڕێی و ئەو بڕیارە مێژووکردەی ئەنجومەنی وەزیران پەسەند کردنی نەخشە ڕێی تۆمار کرد . پاشان بەرنامەی (دەمژمێرەکا ئازاد) لە ( رادیۆی دهۆک) دا بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کرا.

**فەرهەنگخانەی شاریا**

ژ بزاڤ و چالاکیێن فەرهەنگخانا شاریا د حەفتایا بەرهەنگاری توندوتیژیێ دژی ئافرەتێ ل کۆمەڵگەها شاریا رابون بگێرانا ئەڤان بزاف و چلاکیا.

- دوو خەڵکێن تایبەت یێن(پسیار و خەلات) هاتنە پێشکەش کرن ژ لایێ رادیویا دەنگێ لاوان یا فەرهەنگخانا شاریا و پسیارێن ڤان هەردوو خەلەکا لدور ئافرەتێ بوون.
- خولەکا تایبەت بو تیمێن ئافرەتالکومەڵگەها شاریا یا باسکە کو چار ٤ تیما بەژداری تێدا کریە.
- بەرنامەکی تایبەت لسەر بەرهەنگاری توندو تیژییێ دژی ئافرەتییێ و دڤی بەرنامیدا بەرپرسا ئێکەتیا ئافرەتا ل دهوکێهاتە مهڤان کرن ئامینا زکری.



**چالاکی فەرهەنگخانەکان**

- ورک شوبەکە تایبەت هاتە گێرا ژلایێ پارێزەر عەیشان ل سەر بەرهەنگاری توند و تیژییێ دژی ئافرەتیێ و تێدا ٤٠ کور و کچ تێدا بەشداربون.
- خولەکا تایبەت بو تیمێن ئافرەتا لکومەڵگەها شاریا یا باسکە کو چار ٤ تیما بەشداری تێدا کریە.
- کردنەوەی رادیوییێ شاریا ل رۆژا ٢٠٠٨/٩/١١ دەست ب پەخشێ ییێ تێست کرن بۆ ماوێ ٦ دەم ژمێراد رۆژێدا، وب ئزنەها خودێ دێ ل ڤان هەیڤێن دێ دەست ب ەبخشێ رادیوییێ ییێ فەرمی کەین. تانوکە ٨ گەنج وەک کامەندێن رادیوییێ یێن خو بەخش کاردکەن درادیوێدا و ئارمانج ژ دامەزراندنا رادیوییێ چارەسەریا کێشێن لاوان بکەت بشێوەکی ئاستێ نشتیمانی و دیار کرنا تایبەت مەندیا ئێزدیاتییێ دچارچوڤێ کوردەوارییێدا ژ بو ئاڤاکرنا لاوەکی دئایندەدا رولێ خو ببینیت ژ بۆ ئاڤاکرنا دەولەتا کوردستانێ.

**فەرهەنگخانەی ڕێبەندان**

- ساز کردنی ڕێوەسمێک بۆ ڕێزگرتن لەیادی ٦٢ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان ڕۆژی سێشەممە فەرهەنگخانەی ڕێبەندان لە کەمپی باریکە.
- کردنەوەی خولێکی درێژخایەنی زمانی ئینگلیزی بۆ زیاتر لە(٨٠) لە کوڕان و کچانی ئۆردوگای ئاوارەکانی کوردانی ڕۆژهەڵات لە باریکە.

**فەرهەنگخانەی شوان**

- سازکردنی وۆرک شۆپێک بە هاوکاری ڕێکخراوی CDA بۆ ٢٠ فەرمانبەری فەرمانگەکانی ناحیەی شوان تایبەت بەمافی مرۆڤ و جێندەر و دیمۆکراسی بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ.

**فەرهەنگخانەی سیدەکان**

ڕاپۆرتی دەستپێکی کار

ئێمە وەک فەرهەنگخانەی سیدەکان بەرنامەی ڕاهێنانی لاوانمان سازکرد لە سنووری سیدەکان ئەم خولە لە ٥ شوێنی جیاواز هاتە ئەنجام و تەوەرەکانی ئەم بەرنامەیە بریتی بوو لە:

- لاوی سەرکردە
- ئالوودەبوون بە مادەی هۆشبەر
- سامانی میللی
- ڕۆڵی لاوان لە کرانەوەی کۆمەڵگە
- هۆشیاری کۆمەڵایەتی
- ژینگەپارێزی
- خۆ پاراستن لە نەخۆشیە باوەکان

ئەم تەوەرانە لە لایەن شارەزایانەوە ڕۆژانە وانەکان دەوترانەوە هەر یەک لەم خولانە (٣ ) ڕوژی خایاند ماوەی گشت خولەکان (١٥ )ڕۆژ بوو ئەمانەی خوارەوە شوێنی ئەنجام دانی خولەکەیە.

**چالاکی یەکەم**

١. خولی یەکەم لەناو سەنتەری شارۆچکە بە بەشداربوونی ٣٠ لاو (١٠کور و ٢٠ کچ).
٢. خولی دووەم لەسنووری گوندی کەژەک بەشداری ٢٣ لاو (١٥ کور و ٨ کچ).

٣. خولی سێیەم لەناو سەنتەری شارۆچکە بە بەشداری ٢٧ لاو (١٣ کور و ١٤ کچ).
٤. خولی چوارەم لەگوندی شیوان بە بەشداری ٢٠لاو(١٠کور و ١٠کچ).
٥. خولی پێنجەم لە گوندی ماوەتاوە بە بەشداری ٢٧لاو (١٣کور و ١٤کچ).

**چالاکی دووەم:**

- لە ٢٠٠٩/٣/١٢ ڕۆژی پێنج شەممە هەڵمەتی پاکردنەوەی شارمان بە ئامادەبوونی نوێنەری گشت دەزگاکان و ٦٠ کوڕ و کچ شارۆچکەکەمان پیادەکرد.
- لە ٢٠٠٩/٣/١٢ هەڵمەتی پاککردنەوەی شار کاتژمێر ٦:٣٠ ئێوارە لەلایەن کوردستان تیڤییەوە پەخشکرا.
- لە ٢٠٠٩/٣/١٥ بەرنامەی ڕاهێنانی لاوان کاتژمێر ١١:٣٠ شەو لەلایەن کوردستان تیڤییەوە پەخش کرا.

**فەرهەنگخانەی چەمچەماڵ**

- کردنەوەی خولی فێربوونی زمانی ئینگلیزی بۆ لاوانی دەڤەرەکە.
- کردنەوەی خولی فێربوونی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر کە زیاتر لە ٥٠ کەس بەشداری خولەکەیان کردووە.
- گفتوگۆی گەنجان چالاکی بەگروپی گەنجان لە چەمچەماڵ دەستی پێکردماوەی ووڕکشۆپەکە (٦) ڕۆژی خایەند و لەلایەن ڕێکخراوی PDA کۆمەڵەی گەشەپێدانی خەڵک بەهاوکاری ڕێکخراوی NPA ئەنجامدرا.
- ووڕکشۆپی ناتوندوتیژی لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا بەهاوکاری ڕێکخراوی سۆڵدارێتی خوێندکاران سەنتەری چەمچەماڵ سازکرا.
- خولی فەرمانبەرانی کوشتوکاڵ دەستی پێکرد ماوەی خولەکە (٥) ڕۆژ بوو بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوە و ڕێنمایی کوشتوکاڵی گەرمیان بۆ فەرمانبەرانی سنووری چەمچەماڵی سازکرد لەبوارەکانی سامانی ئاژەڵ و بەروبوومی کێڵگەیی و ڕێنمایی کوشتوکاڵی.
- دانانی ٣٠ سەبەتەی خاشاکی دەستکردی فەرهەنگخانەی مەخموور لەناو شاری چەمچەماڵدا.
- دابینکردنی ٢٥ سەبەتەی خاشاک بۆ ٤ خوێندنگە و ٢ پەیمانگە و دادگەی چەمچەماڵ.
- بەشداری لەهەڵمەتی ژینگەپارێزی وەزارەتی وەرزش و لاوان بۆ پاککردنەوەی شاری چەمچەماڵ.

دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی هەتاو لەناحیەی تەکیە بە هاوبەشی لەلایەن فەرهەنگخانەی چەمچەماڵ و ڕێکخراوی نڤار بەکڕینی کتێبی جۆراوجۆر و ٣ ڕەفەی کتێب.

**فەرهەنگخانەی حاجیاوا- ڕاپۆرتی ٢٠٠٨**

فەرهەنگخانەی حاجیاوا لە ڕێکەوتی ٢٠٠٧/١٢/١٠ لەسەر دەستی ژمارەیەک لەگەنجی کارامە و گورجی ئەمشارە دامەزراوە بەپاڵپشتی وەزارەتی وەرزش و لاوان ئیشکردن لە فەرهەنگخانە خۆبەخشانەیە، هەروەها دیاری کردنی ئەو بوارانەی کاری تێدا دەکرێت بەویست و ئارەزووی گەنجەکانە بۆ خۆیان بڕیاردەرن و جێبەجێکارن بوارەکانیش ژنپارێزی، ژینگەپارێزی، فەرهەنگی و سەخڵمییە.

فەرهەنگخانەی حاجیاوە لەو ماوە کورتەی دەست بەکاربوونی توانی ببێتە وێردی سەر زووبانی لاوانی ئەو دەڤەرە بەچالاکییە بەردەوامەکانی کە بریتی بوون لە: کردنەوەی ووڕک شۆپ، کۆڕی ڕۆشنبیری، کردنەوەی خولی کۆمپیوتەر و زمانی ئینگلیزی، ئیشکردن بۆ ژینگە پارێزی گوتنەوەی وانەی ژینگەی

و تەندروستی لە خوێندنگە و قوتابخانەکان ئەوجا کردنەوەی خولی دوو چەرخەسواری بۆ ئارەزوومەندانی ئەو ئەو شارە تابتوانن سەرکەوتوانی ئەم خولە بەشداری پیشبرکیەکانی دووچەرخەسواری لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی کوردستان بکەن. کارکرد بۆ پێشکەشکردنی فیلم و کورتە فیلم لە ڕێگای داتاشۆ هەفتانە یان مانگانە و لەگەڵ بەردەوام بوونی خولەکان بە شێوازی باشتر و فراوانتر بۆ خزمەت کردنی خانمان و لاوانی ئەم شارە.



ڕێپێوانی کارمەندانی وەزارەتی وەرزش و لاوان سەبارەت بە بڕیارێکی پەرلەمانی عێراق

# پوختەی کاروچالاکییەکانی وەزارەتی وەرزش و لاوان لە هەردوو بواری وەرزش و لاوان دا

# لاوان

وەزارەتی وەرزش و لاوان لە ٧-٥-٢٠٠٦ لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا. بە دیدێکی دیمۆکرات و مرۆڤدۆست، مێژووناس و ئایەندەخواز، فەرهەنگدۆست و بەرژەوەندپارێز ئەم وەزارەتە کەوتە کار. پاش پرسوڕا بە لاوانی دەڤەری جیاواز، گفتوگۆ و ڕاوێژ لەگەڵ فەرمانگە حکومەتی، سازمانی لاوانی جۆراوجۆر، سیمای سەربە دونیای هزر و ئەدەب ستراتیژی بەرایی وەزارەت هاتە دارِشتن، وێنای وەزارەت دەڵێ:

وێنای دوورەدەستی وەزارەت لە بواری لاواندا ئافراندنی جڤاتێکە لاوان تێیدا:

١- ئازاد، ئاشتیخواز و دیموکرات، دەرفەتدار و داهێنەر، باسەواد و بافەرهەنگ، دەسترۆ و بەشدارن.

٢- دۆزی ئەرک و مافی کەسەکی و میللی، زایەند (جەندەر)، ژینگە و کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت هۆشیارانە بگرنە ئەستۆ.

وێنای وەها بەرز پێویستی بە بیری ورد و کاری بێوچانە. بەرەو مەبەستی گەش، وەزارەتی وەرزش و لاوان شارێی پرۆژەکانی خۆی دارِشت:

١- دارِشتنی نەخشەڕێی وەزارەت: بەشی فێرکاریی وەزارەتی وەرزش و لاوان بە فەرمانی وەزیر ڕەشنووسی «نەخشەڕێی لاوان» و «نەخشەڕێی وەرزش» ی دارِشت و پاشان بە هاوکاریی هەموو لایەنیکی پەیوەندیدار لە کۆنفەرانسێکی دوو ڕۆژیدا ١٥-١٦ ی مانگی ٥ ی ساڵی ٢٠٠٨ لە شاری هەولێری پایتەخت ئەم دوو نەخشەڕێیە پاش گفتوگۆ و دەنگدان کرانە پێشنیازی وەزارەتی وەرزش و لاوان بۆ ئەنجومەنی وەزیران. ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ٢١-١-٢٠٠٩ دا نەخشەڕێی وەزارەتی وەک بەشێک لە بەرنامەی کاری حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە ٢٠٠٩/٣/١٨ دووبارە جەختی لەسەر کرایەوە.

گرنگیی ئەم دوو نەخشەڕێیە لەم سێ خاڵەدایە:

شرۆڤەکارییەکی وردە، بە تەکنیکی «بیرۆکەبارانە Brainstorming » کێشەی وەرزش و لاوانی کوردستان دیاریکراون. بە مێتودێکی ناوداری جیهانیی Logical Framework Approach - LFA ئەو کێشانە و هەروەها چارەسەری کێشەکانیش شرۆڤە کراون.

بەر لە بڕیاردان، هەردوو نەخشەڕێ ڕادەستی هەموو لایەنێکی پەیوەندیدار کراوە بۆ کۆ کردنەوەی ڕا و سەرنجیان و پێکهێنانی ڕایەکی هاوکۆ دەربارەی هەلومەرجی هەردوو بواری وەرزش و لاوان بە شێوەیەکی دیموکراسییانە لە کۆنفرانسێکی دوو ڕۆژی کراوەدا یەک بە یەکی خاڵەکانی ئەم دوو نەخشەڕێیە و بە ئامادەبوونی هەموو لایەنێکی پەیوەندیدار دەنگیان لەسەر دراوە.

٢- پێشنیازی دەزگەی حکومەتیی وەک:
«بۆردی لاوانی کوردستان»
«بۆردی پیادەکاری نەخشەڕێ»
«پارێزەری لاوان»
«پارێزەری خانمان»
هەروەها بۆردی ناحکومەتیی وەک:
«بۆردی هاوئاهەنگیی لاوان»
«بۆردی فەرهەنگخانەی لاوان»
لە لایەن وەزارەتی وەرزش و لاوانەوە و سەلماندنی ئەم پێشنیازە لە لایەن دەزگە و سازمانی پەیوەندیدارەوە هەنگاوێکی جیددیە بەرەو گواستنەوەی دۆزی لاوان لە بەستێنی سیاسەتەوە بۆ بەستێنێکی دەستووری دامەزراوەیی حکومەتی.
خواست و پێگەی لاوان لە دروشمی سیاسییەوە دەگوێزرێنەوە بۆ بواری ڕامانی گەش و کاری ڕۆژانەی درەخشان.
٣- «کۆمیتەی هاوبەشی لاوان»: لەسەر داوای وەزارەتی وەرزش و لاوان، کۆمیتەیەکی حکومەتی لە ١٣ وەزارەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەسەر کردنەوەی دۆزی لاوان بە فەرمانی ژمارە ١٤٠٩٠ ی ڕێکەوتی ٢٠٠٦/١٢/١٣ بڕیاری دا هاتە دامەزراندن.
٤- «فەرهەنگخانەی لاوان»: بۆ پتەو کردنی پێگەی لاوان لە ڕەوتی دیمۆکراتیدا. بۆ فرەواندنی بەشداریی لاوان لە پرۆسەی بڕیاردا. سیاسەت بخرێتە خزمەتی لاوانەوە. لاو توانا و سەرفراز سیاسەتی خۆی دادەڕێژێ و پیادەشی دەکات. ئەمڕۆ نێزیکەی ٣٠ فەرهەنگخانە لە دەڤەری جیاوازی کوردستاندا ئاوەدانن و ئەم بەرنامەیە لە گەشەدایە. لاوی کوردستان لە لە فەرهەنگخانەدا بەشدار و چارەسازە.
حکومەتی هەرێمی کوردستان / وەزارەتی وەرزش و لاون لەم بوارەدا دەرفەتسازە.
٥- «ڕادیۆی لاوان»: چەمکێکی تایبەتە بەپتەوکردنی ئازادیی دەربڕین لە نێو لاواندا. ئەم بەرنامەیە لە پاییزی ٢٠٠٦ ـەوە لە ڕانیەوە دەستی پێ کرد، تا ئەمڕۆ ٢٠٠٩ لە هەفت شار و شارۆچکەدا کارایە: ڕانیە، کەرکووک، مەخموور، چۆمان، دهۆک، شاریا و ئامێدی و بڕیارە بەم نزیکانە لە شێخانیش دابمەزرێت. ڕادیۆی لاوان ستۆدیۆیەکی ئازادە لاوان بەکاری دەهێنن بۆ بڵاوکردنەوەی گوتاری خۆیان. لێرەدا جگە لە چێوەی دەستوور، بەرژەوەندی میللی و سەروەریی تاکەکەس - هیچ سانسۆرێک ڕێ لە ئازادیی دەربڕین ناگرێت.
٦- پرۆژەی داهێنەرانەی ژینگەپارێز: لە گوندی کەندەکەوەی دەرەوەی شاری سولەیمانی، بە سەرپەرشتی وەستا سەباحی کەندەکەوە پرۆژەی دروست کردنی «خاشۆک» - ماشێنی کۆ کردنەوەی خاشاک - پیادە کرا. جگە لە دروست کردنی ئەو «خاشۆک»ـە، هەڵمەتێکی ڕێک و بەرنامەداری ژینگە پارێزانە لەو دەڤەرە پیادە کراوە بۆ پاراستنی دەوروبەر و ڕاگرتنی خاوێنی ناوچەکە. بە هاوکاریی وەڵاتیانی کەندەکەوە و هەروەها شارەوانی تاسلووجە ئەم پرۆژەیە بەردەوامە و نەخشی ئەوەندە سەرکەوتووە بکرێتە نموونە.
٧- کەمپێنی میللی ژینگە پارێزی:

له ٢٠٠٦ ـەوە هەموو پاییزێک بە هاوکاری و هاوئاهەنگیی هەموو لایەنێکی پەیوەندیدار، بە بەشداریی چالاکانەی فەرهەنگخانە و ڕێکخراوی دیکەی جڤاتی کوردستان، کەمپێنێکی میللی بۆ هوشیاریی ژینگەپارێزی و خاوێن کردنەوە کوردستان دەست پێ دەکات.

٨- کەمپێنی میللی ژنپارێزی: ٢٥ نۆڤەمبەر ساڵڕۆژی ژنپارێزیی جیهانییە. وەزارەتی وەرزش و لاوان بۆ داکۆکی لە مافی خانمان، بۆ پتەو کردنی فەرهەنگی ڕێز گرتنی یەکدی و پاراستنی ئازادیی تاکەکەس لە کوردستاندا، بە ڕێوڕەسمێکی شایەستە ئەو یادە دەکاتە و لەو ڕۆژەدا باشترین بەرهەمی ژناپارێزانە خەڵات دەکات.

٩- پرۆژی بەرهەمهێن: بۆ نموونە بنکەی ئاسنگەری و دروومان. لەم پرۆژانەدا وەستای کارامە لاوانی دەوروبەری خۆی فێری پیشەیەکی دیاریکراو دەکات و پاشان سەرپەرشتیی پرۆژەی بەرهەمهێنانیش دەکات. ئاسنگەریی مەخموور و کەرکووک، بنکەی درووماني ڕزگاری، کەرکووک، شۆڕش نموونەی بەرچاون. لە بنکەی درووماني ڕزگاریدا ئەمڕۆ – بەهاری ٢٠٠٩ – نیزیکەی ٤٠ خانم لەو کارگەیەدا کارا و خاوەن بەرهەمن. لە پرۆژەی بەرهەمهێنندا جگە لە بەرهەمی خۆماڵی بۆ جڤاتی کوردستان، سوودی ماددی و هەستی سەروەریی بۆ تاکەکەس تێدایە.

١٠- بەرنامەی ڕاهێزانی لاوان: بەرنامەیەکی گشتگیری فرەڕەهەندە، مەبەست لێی بار هێنان و ئامادەکردنی لاوی پێشەنگە لە بواری هەمەجۆردا. لە پاییزی ٢٠٠٨ـەوە هەتا ئێستا نێزیکەی ٧٠٠ لاوی سەرانسەری کوردستان بەشداری چەندین خولی جۆراوجۆر بوون. بەشێک لەم خالانە لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبرا بەڕێوە و بەشێکیان ڕاستەوخۆ لەلایەن بەشی فێرکاریی وەزارەتەوە سەرپەرشتی دەکران. بەهاری ٢٠٠٩ ، دوازدە مامۆستا و ڕاهێنەری سوێدی بەشداری بەرنامەیەکی دوو هەفتەیی بوون بۆ پێگەیاندنی لاوی و پێشەنگ و ڕێبەری وەرزشی.

١١- پتەوکردنی تۆڕی پەیوەندی لەنێوان لاوانی کوردستان بە دنیای هەندەرانەوە. لەم بورەدا کەسان و سازمانگەلی پسپۆر و دڵسۆز – بەتایبەتیی لە نێو ڕەوەندی هەندەراندا – بە سەمینار و وۆرکشۆپ، دەرفەتی گۆڕینەوەی ئەزموون و زانیار خۆش دەکەن. لە دیدار و دانوستاندی وەهادا دەرفەتی فرەواندنی هزر و توندکردنی ڕایەڵی پەیوەندی لەگەڵ جیهاندا ئاواڵەتر دەبێت.

١٢- خەڵاتی لاوی ساڵ و ڕۆژنامەنووسی ساڵ: وەزارەتی وەرزش و لاوان ساڵانە بۆ پتر هاندانی لاوان و دەرخستنی توانا و بەهرەکانیان، ساڵانە دوو خەڵاتی جیاواز بەسەر لاوی ساڵ و ڕۆژنامەنووسی ساڵ دابەش دەکات لەبواری جیاجیادا.

١٣- سەردانی کۆریای باشوور: تیمێکی ٢٠ کەسی لە نوێنەرانی ڕێکخراوی پەیوەندیدار بە لاوانەوە سەردانێکی دوو هەفتەیی کۆریای باشووریيان کرد. ئەم پرۆژەیە بە هاوکاری تیپی زەیتون ئەنجام درا.

١٤- شرۆڤەی ماددەی ٥٥ی دەستور لە ڕوانگەی لاوانەوە: پشتیوانی لە سێ سازمانی کۆمەڵگەی مەدەنی کوردستان. ڕێکخراوی تواناسازی لاوان و ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤی کورد و ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی بەمەبەستی ڕێکخستنی کۆنفرانسێکی بەرفراوان بۆ شرۆڤەی ماددەی ٥٥ دەستوری کوردستان لە ڕوانگەی لاوانەوە.

١٥- بەهێزکردنی توانای ڕۆژنامەنووسی وەرزشی لاو: بۆ سەرخستنی توانا و بەهرەی ڕۆژنامەنووسی لاو، وەزارەتی وەرزش و لاوان لە ڕۆژانی ١ تاوەکو ١٣-٧-٢٠٠٧ سێ خولی ڕۆژنامەنووسی لە هەر سێ شاری هەولێر، سلێمانی و دهۆک بۆ ڕۆژنامەنووسان سازکرد.

١٦- بەشدارکردن لە فێستیڤاڵی میوزیکی گەلان: وەزارەتی وەرزش و لاوان بۆ ناساندنی هونەری کوردی تیپی ژێداری کوردی لە ٤-٧-٢٠٠٧ نارد بۆ بەشداری لە فێستیڤاڵی میوزیکی گەلان لە ڤییەننای پایتەختی نەمسا ئەم تیپە توانی پلەی دووەم لەسەر ئاستی فێستیڤاڵەکە بەدەست بهێنێت.

١٧- فێستیڤاڵی هونەری شێوەکاری لاوان: بۆ بەرزراگرتنی ڕۆژی جیهانی لاوان و بۆ زیاتر بایەخدان بە هونەری شێوەکاری لاوان، وەزارەتی وەرزش و لاوان ڕۆژی ١٣-٨-٢٠٠٧ بۆ یەکەمین جار لە فێستیڤاڵەکی قەشەنگدا بەبەشداری ١٠٣ لاوی شێوەکاری کوردستان گەورەترین فێستیڤاڵی شێوەکاری بۆ لاوان لە شاری سلێمانی سازکرد.

١٨- گەشتی لاوی ساڵ و ڕۆژنامەنووسی ساڵ: بۆ زیاتر تیکەڵبوونی لاوان بە فەرهەنگی وەڵاتان، وەزارەتی وەرزش و لاوان بۆ دوو ساڵ لەسەر یەک چەندین ڕۆژنامەنووسی ساڵ و لاوی ساڵی لە بواری جیاجیا بردە بەیروتی پایتەختی لوبنان بۆ ئاشنایەتیان بە فەرهەنگ ئەم وڵاتە.

١٩- واژووکردنی یاداشتنامەی لێک تێگەیشتن: گرنگیدان بە لاو و وەرزشوانان خاڵی گرنگی ئەم یاداشتنامەیە کە لەنێوان وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی لاوان و وەرزشی حکومەتی عێراقی فیدراڵ لە ١٩-٢-٢٠٠٩ واژوو کرا بۆ ئەوەی تواناکان لەنێوان هەردوولادا بگۆڕێتەوە.

٢٠- پرۆژەی ڕووپێوی لاوان: پرۆژەیەکی گرنگی نێوان وەزارەتی وەرزش و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی لاوان و وەرزشی عێراقی فیدراڵە، لە کوردستان بەهاوکاریی دەستەی گشتیی ئاماری هەرێم کە سەر بە وەزارەتی پلاندانانە لە ١٢-٤-٢٠٠٩ ئەنجام درا. ئامانج لەم ڕووپێوە تۆژینەوەیە لە ڕەوشی لاوان. داتا و فاکتی دەرئەنجامی ئەم ڕووپێوە دەبێتە بنەمایەکی دیکەی پتەو بۆ دەوڵەمەندکردنی نەخشەڕێی لاوان.

# وەرزش

کارە سەرەکییەکانی وەرزشی وەزارەتی وەرزش و لاوان لە سەرەتای دامەزراندنییەوە ٧-٥-٢٠٠٦تا وەکو ئێستا

– پێکهێنانی یەکەمین کۆنفرانسی وەرزشی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٧ .

– داڕشتنی نەخشەڕێی وەرزش و دەستنیشانکردنی وێنای وەزارەت:

وەرزش بۆ هەمووان بێت: بۆ خانمان، کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت، کەسانی خاوەن تەمەنی جیاواز، هەژاران و خەڵکی خاوەن پاشخانی ئابووری و فەرهەنگیی هەمەجۆر، ڕکابەری و پیشەیی.

وەرزش بزاڤێکی دیموکرات بێت ئامرازێک بێت بۆ گەشەکردنی سەرجەم جڤاتی کوردستان:

ساخلەمیی لەش و دەروون، ئابووری و ناساندنی کوردستان بە جیهان.

ئامرازێک بێت بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی نێوخۆ

ئامرازێک بێت بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی کوردستان و جیهانی

سەرچاوەیەکی دارایی بێت بۆ کوردستان

–کۆنفرانسی نەخشەڕێی وەرزش، هەولێر ١٥-٥-٢٠٠٨ بە بەشداربوونی هەموو لایەنێکی پەیوەندیداری وەرزشی کوردستان.

–ئەنجامدانی کۆنفرانسی وەرزشی نێودەوڵەتی لە وێلز بە هاوکاری ئەنجومەنی وەرزشی وێڵز ٩-٢٠٠٨/١٢/١٠.

– پەیوەندی نێودەوڵەتی و بەشداری تیپی هەڵبژاردەی کوردستان لە دووەمین پێشبڕکێی تۆپی پێی جامی ڤیڤا و هەروەها بەشداری نوێنەری هەرێمی کوردستان (یانەی بروسک) لە پێشبڕکێی نێودەوڵەتی تۆپی پێ لە ئێران.

–پێکهێنانی بۆردێکی راوێژکاری تەندروستی وەرزشی و لاوان.

–بەنووسراوێکی فەرمی داوا لە وەزارەتی شارەوانی کراوە بۆ دروستکردنی ڕێگەی تەندروستی لە شارەکان، وەزارەتی شارەوانیش لە ماستەر پلانی خۆی جێگیری کردووە.

–ئەنجامدانی کۆنفرانسی وەرزشی نێودەوڵەتی لە هەولێر ٢٧-٢٠٠٩/٤/٢٨ لەژێر دروشمی وەرزشی هەرێم و بەشداری نێودەوڵەتی و ئامادەبوونی هێژا سەرۆکی هەرێم.

–پەیوەندی نێودەوڵەتی و واژووکردنی پرۆتکۆلی وەرزشی لەگەڵ:

پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا – ئێران.

ئەنجومەنی وەرزشی وێڵز.

یەکێتی ئیسلامی وەرزشی ئافرەتان.

پرۆتکۆلی لێکگەیشتین لەگەڵ وەزارەتی لاوان و وەرزش حکومەتی فیدڕاڵی عێراق.

– دابینکردنی بودجە بۆ ٥٣ پرۆژەی ژێرخانی وەرزشی لەسەر ئاستی هەرێم.
–یەکگرتنەوەی دوو لایەنی وەرزشی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت و پێکهێنانی لیژنەی پارالۆمپی کوردستان.
– هەڵسەنگاندنی یانەکانی وەرزشی ساڵی ٢٠٠٧.
– رووپێوی ژێرخانی وەرزشی هەرێمی کوردستان.
– دارشتنی رێنمایی دامەزراندنی یانەی وەرزشی.
– دارشتنی یاسای یانەی وەرزشی.
– مەشق و راهێنانی لاوان لەبواری وەرزش لە ناوەندەکانی وەرزش و لاوانی پارێزگەکانی هەرێم.
– ئەنجامدانی پێشبرکێی ناوەندییەکانی وەرزش و لاوان.
– ئەنجامدانی فێستیڤاڵی وەرزشی پارێزگەی گەرمیان.
– یارمەتی دارایی یانەکانی وەرزشی بۆ بەشداری لە پێشبرکێیەکانی وەرزشی.
– فێستیڤاڵی وەرزشوانی ساڵ ٢٠٠٧.
– فێستیڤاڵی رۆژنامەنووسانی وەرزشی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨.
– ئەنجامدانی خولی رێبەرانی وەرزشی ٢٠٠٩ بە بەشداری ١٧٠ وەرزشوان.
– هاوکاری بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی هۆشیاری مین لەگەڵ رێکخراوی گیانی تۆپی پێ جیهانی.
– کردنەوەی خولی تەندروستی وەرزشی.
– پەیوەندییەکی چاکی وەرزشی لە ئاستی نێونەتەوەیی کراوە.
– هاندانی کەرتی تایبەت بۆ بەشداری لە چالاکی وەرزشی بەتایبەت ژێرخانی وەرزشی.
– دامەزراندنی یانەی تایبەتی وەرزشی وەک ئەسپسواری – شاخەوانی – فرۆکەوانی – ئافرەتان – خاوەنپێداویستی تایبەت و ...
– ئەنجامدانی خولی وەرزشی بۆ راهێنەرانی وەرزش.
– ئەنجامدانی خولی نێودەوڵەتی تۆپی سەرمێزی بۆ راهێنەرانی لێژنەی پارالۆمپی.
–هاوکاری بۆ دروستکردنی فیلمی گەشتی شاهۆ قادر (پاڵەوانی خاوەن پێداویستی تایبەت) لە ئیبراهیم خەلیلەوە بۆ هەڵەبجە.
– ئەنجامدانی خولی وەرزشی ئینەباندی ( تۆپی سەرزەوی).
– پێشنیازکردنی «رۆژی وەرزشی کوردستان» بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران.

# ئەنجامە وەرزشییە بەدەستهاتووەكانی یانەكانی كوردستان لە ساڵی ٢٠٠٨ـ ٢٠٠٩

## * چالاکی یەکێتییە ناوەندییە وەرزشییەکان و ئەنجامی بەدەستهاتووی یانەکانی کوردستان

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| تۆپی پێ | خولی یانە نایابەکانی کوردستان | 16 یانە | 672 یاریزان | بروسك پلەی یەکەم<br>سیروانی نوێ پلەی دووەم<br>هەندرێن پلەی سێیەم | 7 مانگ |
| | خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان | 20 یانە | 600 یاریزان | شێروانە پلەی یەکەم<br>خاك پلەی دووەم | 3 مانگ |
| | خولی یانە پلە دووەکان و پلە سێیەکان | 93 یانە | 2790 یاریزان | | 4 مانگ |
| | خولی یانە پلە نایابەکان بۆ لاوان | 16 یانە | 480 یاریزان | هەولێر پلەی یەکەم<br>سلێمانی پلەی دووەم<br>نەورۆز پلەی سێیەم | 4 مانگ |
| | خولی پلە یانە نایابەکان بۆ تازە پێگەیشتووان | 16 یانە | 480 یاریزان | نەورۆز پلەی یەکەم<br>زاخۆ پلەی دووەم<br>هەولێر پلەی سێیەم | 4 مانگ |
| تۆپی باسکە | خولی یانەپلە نایابەکانی کوڕان | 10 یانە | 160 یاریزان | سەنحاریب پلەی یەکەم<br>دهۆك پلەی دووەم<br>ئاراس پلەی سێیەم | 5 مانگ |
| | خولی یانە پلە نایابەکانی کچان | 10 یانە | 160 یاریزان | سەنحاریب پلەی یەکەم<br>ئەکاد پلەی دووەم<br>سلێمانی پلەی سێیەم | 5 مانگ |
| تۆپی دەست | خولی یانەپلە نایابەکانی کوڕان | 14 یانە | 208 یاریزان | سلێمانی پلەی یەکەم<br>هەولێر پلەی دووەم<br>سیروانی نوێ پلەی سێیەم | 4 مانگ |
| | خولی یانە پلە نایابەکانی کچان | 10 یانە | 160 یاریزان | ئافرەتانی کەرکوك پلەی یەکەم<br>ئافرەتانی هەولێر پلەی دووەم<br>قەڵا پلەی سێیەم | 1 مانگ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| تۆپی باڵە | خولی یانە پلە نایابەکانی کوڕان | 12 یانە | 192 یاریزان | پێشمەرگەی سلێمانی پلەی یەکەم<br>هەولێر پلەی دووەم<br>شەقلاوە پلەی سێیەم | 4 مانگ |
| | خولی یانە پلە نایابەکانی کچان | 10 یانە | 120 یاریزان | ئەکاد پلەی یەکەم<br>برایەتی پلەی دووەم<br>سنحاریب پلەی سێیەم | 2 مانگ |
| پایسکلسواری | خولی یانەکانی کوردستان - کوڕان | 13 یانە | 65 یاریزان | هەولێر پلەی یەکەم<br>کۆیە پلەی دووەم<br>سۆلاف پلەی سێیەم | 3 رۆژ |
| | خولی یانەکانی کوردستان- کچان | 4 یانە | 20 یاریزان | برایەتی پلەی یەکەم<br>ئافرەتانی کەرکوك پلەی دووەم<br>ۆلاف پلەی سێیەم | 3 رۆژ |
| کاراتێ | خولی یانەکانی کوردستان - کوڕان<br>خولی یانەکانی کوردستان - کچان | 21 یانە | 105 یاریزان | پێشمەرگەی سلێمانی پلەی یەکەم<br>سەید سادق پلەی دووەم<br>ئارارات پلەی سێیەم | 2 رۆژ |
| تێنسی سەرزەوی | خولی یانەکانی کوردستان - کوڕان | 12 یانە | 36 یاریزان | ئارارت پلەی یەکەم<br>پێشمەرگەی سلێمانی پلەی دووەم<br>قەڵا پلەی سێیەم | 5 رۆژ |
| | خولی یانەکانی کوردستان - کچان | 5 یانە | 12 یاریزان | دهۆك پلەی یەکەم<br>ئافرەتانی دهۆك پلەی دووەم<br>سلێمانی پلەی سێیەم | 5 رۆژ |
| جۆدۆ | خولی یانەکانی کوردستان بۆ لاوان | 9 یانە | 50 یاریزان | سەورە پلەی یەکەم<br>سۆلاڤی نوێ پلەی دووەم<br>سێمێل پلەی سێیەم | |
| شەترەنج | خولی یانەکانی کوردستان - کوڕان | 13 یانە | 165 یاریزان | پێشمەرگەی سلێمانی پلەی یەکەم<br>برایەتی پلەی دووەم<br>شەترەنجی خانزاد پلەی سێیەم | 3 رۆژ |
| | خولی یانەکانی کوردستان - کچان | 5 یانە | 25 یاریزان | شەترەنجی خانزاد پلەی یەکەم<br>گارە پلەی دووەم<br>شێخان پلەی سێیەم | 3 رۆژ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| بەرزکردنەوەی قورسایی | خولی یانەکانی کوردستان - بەچکەشێران | 6 یانە | 22 یاریزان | هەولێر پلەی یەکەم<br>ئالتون کۆپری پلەی دووەم<br>زاخۆ پلەی سێیەم | 3 رۆژ |
| هێزی لەش | خولی یانەکانی کوردستان | 6 یانە | 12 یاریزان | تورکمان پلەی یەکەم<br>پێشکەوتن پلەی دووەم<br>سۆلاف پلەی سێیەم | 2 رۆژ |
| بلیارد | خولی یانەکانی کوردستان | 20 یانە | 40 یاریزان | تأخی پلەی یەکەم<br>ئاسۆ پلەی دووەم<br>پێشکەوتن پلەی سێیەم | 2 رۆژ |
| زۆرانبازی | خولی یانەکانی کوردستان | 12 یانە | 36 یاریزان | زاخۆ پلەی یەکەم<br>سەورە پلەی دووەم | 2 رۆژ |
| تێنسی سەرمێز | خولی یانەکانی کوردستان/ کوڕان و کچان | 12 یانە | 36 یاریزان | سلێمانی پلەی یەکەم<br>پێشمەرگەی سلێمانی پلەی دووەم<br>برایەتی پلەی سێیەم | 3 رۆژ |
| لەشجوانی | خولی یانەکانی کوردستان | 12 یانە | 24 یاریزان | ئارارات پلەی یەکەم<br>سلێمانی پلەی دووەم<br>سیروانی نوێ پلەی سێیەم | |
| مەلەوانی | خولی یانەکانی کوردستان - کوڕان | 13 یانە | 100 یاریزان | هەندرێن پلەی یەکەم<br>هەڵۆ پلەی دووەم | 3 رۆژ |
| | خولی یانەکانی کوردستان - کچان | | | ئارارات پلەی یەکەم<br>دوکان پلەی دووەم | 3 رۆژ |
| کیک بۆکسینگ | پاڵەوانیەتی پلە یەك | 14 یانە | 145 یاریزان | شەقلاوە پلەی یەکەم<br>کاروان پلەی دووەم<br>دهۆك پلەی سێیەم | 3 رۆژ |
| مشتەکۆلە | پاڵەوانیەتی پلە یەك کوردستان | 10 یانە | 105 یاریزان | کەیوان پلەی یەکەم<br>پێرس پلەی دووەم<br>سەورە پلەی سێیەم | 3 رۆژ |
| شمشێربازی | پاڵەوانیەتی یانەکانی کوردستان | 13 یانە | 65 یاریزان | سلێمانی پلەی یەکەم<br>تأخی پلەی دووەم<br>قەڵا پلەی سێیەم | 4 رۆژ |
| تیروکەوان | پاڵەوانیەتی پلە یەك کوردستان -کوڕان | 8 یانە | 35 یاریزان | سلێمانی پلەی یەکەم<br>کلدان پلەی دووەم<br>پێشمەرگەی سلێمانی پلەی سێیەم | 4 رۆژ |
| | پاڵەوانیەتی پلە یەك کوردستان - کچان | 3 یانە | 12 یاریزان | سلێمانی پلەی یەکەم<br>پێشمەرگەی سلێمانی پلەی دووەم<br>سیروانی نوێ پلەی سێیەم | 4 رۆژ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| سوارچاکی | پاڵەوانیەتی یانەکانی کوردستان | 3 یانە | 15 یاریزان | هەولێر پلەی یەکەم<br>سلێمانی پلەی دووەم<br>رانیە پلەی سێیەم | 2 رۆژ |
| گۆرەپان و مەیدان | پاڵەوانیەتی پلە یەك کوردستان | 14 یانە | 152 یاریزان | دهۆك پلەی یەکەم<br>پێشمەرگەی سلێمانی پلەی دووەم<br>سیروانی نوێ پلەی سێیەم | 3 رۆژ |
| | پاڵەوانیەتی پلە یەك کوردستان - کچان | 8 یانە | 84 یاریزان | پێشمەرگەی سلێمانی پلەی یەکەم<br>قەلاّ پلەی دووەم<br>سیروانی نوێ پلەی سێیەم | 3 رۆژ |
| جومناستیك | پاڵەوانیەتی پلە یەك کوردستان | 24 یانە | 168 یاریزان | ئاشور پلەی یەکەم<br>قەلاّ پلەی دووەم<br>خاك پلەی سێیەم | 3 رۆژ |
| | پاڵەوانیەتی پلە یەکی کوردستان - کچان | 6 یانە | 42 یاریزان | سۆلاڤی نوێ پلەی یەکەم<br>تأخی پلەی دووەم<br>سۆلاڤ پلەی سێیەم | 3 رۆژ |
| نیشانەشکێنی | پاڵەوانیەتی پلە یەك کوردستان | 12 یانە | 61 یاریزان | سلێمانی پلەی یەکەم<br>پێشکەوتن پلەی دووەم<br>قەلاّ پلەی سێیەم | 3 رۆژ |
| | پاڵەوانییەتی پلە یەك کوردستان - کچان | 7 یانە | 32 یاریزان | پێشکەوتن پلەی یەکەم<br>بروسك پلەی دووەم<br>تۆبزاوە پلەی سێیەم | 3 رۆژ |
| یارییە سیانییەکان | پاڵەوانیەتی پلە یەك کوردستان | 18 یانە | 42 یاریزان | سۆلاف پلەی یەکەم<br>زاخۆ پلەی دووەم<br>کۆیری پلەی سێیەم | |
| | پاڵەوانیەتی پلە یەك کوردستان - کچان | 2 یانە | 6 یاریزان | ئارارات پلەی یەکەم<br>ئالاّ پلەی دووەم | |
| سەوڵ لێدان | پاڵەوانیەتی یانەکانی کوردستان | 5 یانە | 18 یاریزان | دوکان پلەی یەکەم<br>کۆیری پلەی دووەم<br>تەقتەق پلەی سێیەم | |
| کۆنگفۆ | پاڵەوانیەتی یانەکانی کوردستان | 20 یانە | 165 یاریزان | پێشکەوتن پلەی یەکەم<br>چوارقورنە پلەی دووەم<br>جیهان پلەی سێیەم | 4 رۆژ |
| تۆپی ریشە | پاڵەوانیەتی یانەکانی کوردستان | 13 یانە | 52 یاریزان | ئەکاد (کوران) پلەی یەکەم<br>ئەکاد (کچان) پلەی دووەم | 2 رۆژ |